# کەوتنی ئاسمانەکان

جەبار جەمال غەریب

پێشکەشە، بە دایکم...

کە بە دوو چاوی شینەوە تا ئێستا ژیانم پێ دەبەخشێ.

1

دەشێ کۆترێک دەنووک لە گومبەزی ئاسمان بدات و کونی بکات، بەڵام بەرنامەکەی ئەوی پێ هەڵناوەشێتەوە، کۆتر لە بەرنامەکەدا نەبوو. بە دەستی چەپ قەفەزە تەلەکەی هەڵگرتبوو، بە دەستی ڕاست جارێکی دیکە لە پشتێنەکەی دڵنیا بۆوە. کاری ئەو دوو کوڕە کاری برا بۆ برایە، کاری دڵ بۆ دڵ و دۆست بۆ دۆست و ئیماندار بۆ ئیماندارە. ئەو دوو پیاوە فریشتە سپییە، کە هیچ شتێکیان لە مرۆڤی ئەو سەردەمە ناچێ، دیاریی خودا بوون بە تایبەتی بۆ ئەو نێردرابوون. بێباک هەنگاوی دەنا، هەرگیز ئەوەندە ئاسوودە و لەشسووک هەنگاوی نەناوە. کزەبایەک لە ڕووە زەردەکەی دەدا و هەتاوێکی وەک زێڕ دەکەوێتە بەرپێی. ئەو نایانبینێ. ئەو، ئەو شۆڕەبییەشی نەدی بە ئاستەم خۆی لە شانی خشاند و بۆی تریقایەوە. ئەو هیچ نابینێ، جا بۆ کەس ببینێ؟ ئەو گەزگەز باڵا دەکات و دەفڕێت. دەفڕێت و هەر تاوێکی دیکە سواری پشتی ئەو پارچە هەورە دەبێت خۆی داوەتە بەر خۆر و نزا دەکات. ئەو کەس نابینێ، ئەو تەنها عاشقی ناوی خودایە. تۆزێکی دیکە، هەروا چەند خولەکێکی دیکە، زۆر لەو هەورە ئیماندارە زووتر بە ئاسمانەکاندا دەچێت و دەگاتە بەر قاپی پەروەردگار. لەو جەستە پیس و گوناهکار و بۆگەنە ڕزگاری دەبێ و بە ڕووحێکی پاکەوە دەگاتە بەر دەرگای خودا. ئەو وەک ئێستا لە بەرچاویەتی، لە دەرگا نادات، چاوەڕێ دەکات. چەند خۆشە هەزار ساڵ لەبەر قاپی خودا چاوەڕێ بێت. گەشتەکەی خۆشەویستیی هاتەوە بەرچاو، گەشتە تاقانەکەی دنیا بۆ قووڵایی ئاسمانەکان. لەبەر خۆیەوە گوتی:

– میعراجنامە. چ گەشتێکی پیرۆز، چ کتێبێکی ڕووناک! فڕین بۆ حەوت نهۆمی ئاسمان. دەیانجار گوێی لە میعراجنامە گرتبوو. بە دەنگە بۆڕەکەی سەید کەریمی دەست شیفا. بە دەنگی فەقێ موحسینی سەرتەبەق. ئەوەی هەرگیز لە بیری ناچێتەوە دەنگی خاتوو زولێخای دووڕوو بوو. خاتوو زولێخا نیوەی ژنانی شار و تەواوی خەڵکی کانێسکانی لە دەوری خۆی کۆدەکردەوە و بە دەنگە نەحلەتییەکەی گەشتەکەی پێغەمبەری نازداری بۆ دەخوێندنەوە. زەینەڵ، تۆ بڵێ ئاسۆ، تاکە نێرینە بوو لەناو ژنەکان دادەنیشت و گوێی لە دەنگی زولێخا دەگرت.

زولێخا کراسێکی ئاودامانی ڕەش ڕەشی لەبەر دەکرد و پارچە پەڕۆیەکی لە ناوچاوانی دەبەست. تا دەنگی بەسۆزتر بایە، دەموچاوی سوورتر دەبۆوە. زەینەڵ ئاوی دەگێڕا و منداڵانی گەڕەکی دوور دەخستنەوە. تا گەورەتر دەبوو ئەرکەکانی زیادی دەکرد. گرنگترین ئەرکیشی دوای ئەرکەکانی سەرزەوی، گەشتکردن بوو، گەشتکردن لەگەڵ دەنگی

زولێخا بۆ ئاسمانەکان. ژنەکان بە یەک نەوا و بەکۆمەڵ زکریان دەکرد و دەپاڕانەوە و لە خۆیان دەدا. دەنگی زولێخا هێمنی دەکردنەوە و چاویان دادەخست و دەیانویست بە دیداری ڕەسووڵ شاد بن.

زەینەڵ جارێکی دیکە پشتێنەکەی توونـد دەکـاتەوە، دەسـت لە سینگ و لە کەلەکەی خۆی دەکـوتێ و دڵنیا دەبێت و دەڕوانێتە کۆترەکانی ناو قەفەزە تەلەکە، کۆترەکان گەردنی یەکتر دەخورێنن و ئەو لەبەر خۆیەوە دەڵێت:

- بە نەحلەت بی زولێخا.

هەموو جارێ زولێخا پێش ئەوەی دەست بۆ جامە ئاوەکەی دەستی زەینەڵ بەرێ، بێگومان ئەو کاتە کوریژگەیەک بوو و ئاوی دەگێڕا، دەیگوت:

- دەستنوێژەکەم مەشکێنە سەرشین.

زەینەڵ ئەودەم نەیدەزانی، بەڵام ئێستا دەزانێ دەسـتنوێژەکەی زولێخا بەچی دەشکێ. هەرکە زولێخا ئـاوەکەی دەخواردەوە، دوای هەناسەیەکی قووڵ لە زاری پێغەمبەرەوە دەیگوت:

ژنانم ئەدی لەناو ئاگردا

بەرگی قەتران و زنجیر لەملدا.

هـاوارێک وەک هەڵمی مـردن لەسەر ژنەکـان هەڵدەسـتا، بە دەسـتە قەڵەوەکـانیان وەک کـوتک لە سنگی خۆیان دەدا و هاواریان دەکرد "ڕووڕەش خۆمان" زینەڵ دەترسا، بەناو هاوار و گریانی ژنەکاندا کە نەک ماڵەکە، هەموو گەڕەکەکەی گرتبۆوە، خۆی هەڵدەدایە باوەشی دایکی، پێش ئەوەی ئارامی و نەرمیی باوەشی دایکی بڕژێنە ناوی، ژنە ئەسـتوور و قەبەکەی مەحمـوودە کەوحیز پاڵێکی پێوە نا و گوتی:

- هەستە برۆ دەرێ هێندەی نێرەکەرێک دەبیت.

ئێستا زینەڵ لەو بەیانییە تـازەدا، کە دڵی لای پشـتێنەکەیەتی و دەسـتی بە قەفەزی کۆتـرەکانەوەیە، چـاوی لە پەنـایەکی ئارامتر و شیرینترە لە باوەشی دایکی. پەنایەک بۆ ئەبەد تێیدا دەحەسێتەوە و هەرگیز دەریناکات و فرێی ناداتە دەرێ. پەنایەک خیانەتی لێناکات و نایخەڵەتێنێ. ئەویش پەنای خودایە. لەو خۆشنوودییە چاوە مات و کەمبریقەکانی پڕ بوون لە ئاو، جارێکی دیکە ڕوانییە هەورە لۆکەی تاقی ئاسمان و گوتی:

- مەڕۆ تاوێکی دیکە دێم لەگەڵت.

زولێخا هەمـوو شـتێکی خـانـمانە بـوو، هەمـوو شـتێکی ئیمانـدارانە بـوو، جـلە ئەسـتوور و پـانـوپۆڕەکەی، لەچـکە نێوچاوانگرەکەی، دەستکێشەکانی، تەنها دەنگی، دەنگی ژنێکی هەبوو شێتی پیاو بێت. ئەو دەنگە پیاویش شێت دەکات. دەنگی ژنێک هەمـوو تەمەنی لە چاوەڕوانیی پیاودا بـردبێتەسەر. هەمـوو تەمەنی لە چاوەڕوانیی ژوان و سەرجێدا بێت. ئەو دەنگە هەر لەو کاتەوە، هەر لەو منداڵییەوە تا ئەمڕۆ کە بەرەو شەهادەت دەچێ، شەڕی ئیمانی بەرز و شاخئاسای نـاخی زەینەڵ دەکـات. دەنگی زولێخا لەو دەنگانە بـوو کە نێرینەی کەمەندکێش دەکـرد، بەڵام نێرینە نەیانـدەتوانی لێی نزیک ببنەوە، چونکە هەر لە دوورەوە کەمەریان دەشکا و ئەژنۆیان شل دەبوو.

جارێ زەینەڵ نەگەیشتبووە لای دەرگاکە، کە زولێخا بە هەمان دەنگی ژنانەی لەناو سەدای گریاندا گوتی:

- جەرگ و هەناوی خۆیان لە دەمدا

ئەیانخوارد لەگەڵ بڵێسە و تەمدا.

زولێخا بە دەنگێکی وەک هەڵم و ئاگر هاواری کرد:

– بگرین. بگرین ئێوە ژنـانـن لەنـاو بڵێسەدا، هەی بەدبەختینە! هـاواری ژنەکـان، لەخۆدان و زریکەیان، بەرز دەبۆوە و ماڵەکەی دەکردە ڕۆژی حەشر، تەنها سەربان و دیوارەکانی پێنەدەڕووخا، بەڵام دیوارەکانی دڵ و ڕووحی زەینەڵیان وێران کرد و کۆشکی ژیانی فانیی ئەو دنیایەیان لە ڕەگەوە هەڵقەند.

چەند کوڕێکی گەنج، لە تەمەنی ئامادەییدا، بە جلی قوتابخانەوە، بێئەوەی ئەو ببینن، سەرنجی کۆترەکانی دەستیان دا، هەریەکەیان بە چەنـد خەت و نەخشێک سەری خۆی تـاشیبوو، پێدەکەنین و گـاڵتەیان دەکرد. زەینەڵ نەیدەزانی بـاسی چی دەکەن. ئەوەی لای ڕاستیان کە لە هەموویان کەڵەگەتتر بوو، گوتی:

– وا مەڵێ، من بەوە خوام نامێنێ.

زەینەڵ سەدجار گوتی ئەستەخفیروڵڵا، ئەستەخفیروڵڵا.

دوو کچی باڵاناوەنجی کە توونـد سەری خۆیان پێچابوو، تا سەروقژیان بشارنەوە، بەڵام مەمکیان ئەوەندە عەیارانە و حەیابەرانە پاڵیان بە جلە ڕەشەکانیانەوە دەنا، ئەوەندە نەبوو دوگمە و زنجیرە توونـد و قایمەکانی بەرۆکیان بتەقێنن. زەینەڵ سەری بە لایەکی دیکەدا سووڕاند و بە قورگی پڕگریانەوە گوتی:

– خودایە پەنام بدە.

پاسێک وەستا، پۆلەکچێک دابەزین، چالاک و عەیار، بە هەنگاوی درێژ بەرەو دەرگای قوتابخانەکەیان دوور کەوتنەوە. ئەوانەی تەنـوورەی کـورتیان لەبەر بـوو، شـلکەڕانیان دەردەکەوت. زەینەڵ، تۆ بڵێ ئـاسۆ، وەک بە سـواری بـوراق چـووبێتە تـاقی ئـاسـمان و ئەو کـچە فـاحیشانە لە ئـاگـردا ببینێ، دووپشکی وەک ئێستر و مـاری وەک حـوشـتران بە دوایانەوە بن، دەیویست ببێتە هەزار پارچە، هەر پارچەیە و لەناو دڵی یەکێکیاندا بتەقێنێتەوە. تەنها ئەوەندەی بۆ کرا، سەر بەرز بکاتەوە و بڕوانێتە ئەو پارچە هەورە لۆکەی تاقی ئاسمان و بڵێ:

– پەلە مەکە، من لەگەڵت دێم.

زەینەڵ شـاری وەک کوفر و بەڵا و تـاوانێک دەدیت کە کەوتۆتە سەرشـانی. ڕقێکی قووڵی لە مرۆڤەکان بوو، کە وەک میکرۆب و ڤایرۆس بە دەمارەکانی شاردا بڵاو بوونەوە. لە دڵەوە هاواری کرد.

– تۆ بۆچی دەژیت مرۆڤی گەندەو تاوانکار؟

– تۆ بۆچی دەژیت مرۆڤی گوناهکار و دۆڕاو؟

ئەو هاوارە تەنها لە دڵی خۆیدا دەنگی دابۆوە. ئەو سەبری کردبوو، سەبری کردبوو، دەستی بە ئیمانەوە گرتبوو.

دەیویست لە ناوەندی شەقامەکەدا، دەستەکانی بڵاو بکاتەوە و گوێ بە بەرنامەکەی خەیبەر نەدات و هاوار بکات:

– ئەی دووڕوو، ئەی نەحلەتی، ئەی گومڕا، ئەی دۆڕاو!

ئەو ژیانە کـورت و بێمانـایەت بۆ چییە؟ ئەو خـانـووە گەورانەت بۆ چییە؟ سەیارە و کەیفی چی؟ خـوێندن و گەوادیت لەچی؟

دەیویست سنگی یەکەیەکەیان بگرێت و بڵێ:

– بۆ کوێ؟ ئەوەتا دووپشک و مار چاوەڕێتە. ئەوەتا قامچی و ئاگر و دۆزەخ چاوەڕێتە. هەی بێباکی کەللەپووتینە!

به پێچەوانەی ناخیەوە، بە ڕوویەکی وەک ماست هێمن، دەڕوانێتە هەتاوی زەرد و کزی بەیانی و دەنگی ئەمیرەکەی دێتە گوێ:

– شەهیدی خودا، هەولێر بۆگەنی کردووە. دەبێ وەکو برینێک کێمەکەی سەری لابەرین. ئەو نەخۆشە و هاوار دەکات. تەنها تۆ و ئیماندارەکانی هاوڕێت ئەو هاواری زوڵم و خەتایە دەبیستن. تۆ دەبێ دکتۆرێکی دڵڕەق بی و بەوپەڕی بێڕەحمی، کێمەکەی سەری ببڕیت. تۆ دکتۆری خودای، دەبێ دنیا لەو مرۆڤە کێمانە پاک بکەیتەوە.

زەینەڵ وەک نوورێک بە شەقامدا دێتەخوار، ئەو زانا و خەڵک نەزان. ئەو بەرەکەت و خۆشەویستی، خەڵکی ڕق و تووڕەیی. ئەو ئیماندار و خاوەن باوەڕ، خەڵکی گومڕا و سەرگەردان.

ویقەویق و هۆڕنی ماشێن، خۆ فڕێدانی سەرباز و تەپەتەپی ڕاکردن. شاور و فیکەی پۆلیسی هاتوچۆ. زەینەڵ بە لاچاو دەڕوانێ "ئەی ئەوە خۆ دەورم گیراوە!"

گومان دەکات "ئەو سەربازانە بەرەوڕووی من دێن!"

" ئەوانەی پشتمەوە هاوار لە من دەکەن!"

لە دڵەوە دەڵێ:

– چ هەڵەیەکم کردووە؟ کێ هەواڵی منی گەیاندووە؟

بەخۆ هاتەوە:

– نا، هاوڕێ ئیماندارەکانم هەرگیز کاری وا ناکەن.

– خودا کاری من ناداتە دەست ئەو مەلعوونانە.

سەربازەکان بە پەشوکاوی بە لایدا تێدەپەڕن. کەس سەیری ئەو ناکات. ئەوان سەرقاڵی بەرپرسەکەیانن. زەینەڵ دەست بۆ پشتێنەکەی دەباتەوە. چەند منداڵ و هەرزەکار بە لایدا تێدەپەڕن، سەیری کۆترەکانی دەستی دەکەن. ئاڵووالا خۆیان گۆڕیوە. گوێیی لێیە یەکێکیان دەڵێ:

– هەموو پیاوە گەورەکان دێنە قوتابخانەکەمان، ئەمڕۆ ڕۆژی ئالایە.

هەموو ئەو هاتوهاوارە ترسیان نەخستبووە دڵی زەینەڵەوە، تەنها وشەی ئالا و قوتابخانە تاساندی. دیسانەوە ئەویش هەر پەیوەندیی بە زولێخاوە هەیە. بێدەنگ، بەڵام لە دڵەوە گوتیەوە:

– بەنەحلەت بی زولێخا.

**

زولێخا دەستی زەینەڵی گرتبوو، لە بەردەرگا بانگی دایکی زەینەڵی کرد:

– پێناسەکەیم بدەیە ئەڵماس خان. بێ پێناسە نابێ.

کە پێناسەکەی وەرگرت و ناوەکەی خوێندەوە "ئاسۆ فوئاد فازیل"

ئەو جار بە پێکەنینەوە گوتی:

– سەد قات لە ناوەکەی خۆی خۆشترە "زەینەڵ".

ئەلماس خان هەر لە پەنجەرەکەوە گوتی:

- بۆ کوێی دەبەی؟ قوتابخانە کەڵکی چیی هەیە؟ کوڕی ئەم وڵاتە هەر بۆ ناو ئاگرە.

زولێخا وەستا. تۆزێک تاس بردیەوە. ڕاست دەکات. کوڕی ئەم وڵاتە هەر بۆ ناو ئاگرە. هیچی نەگوت. بۆ دەبوو شتێک بڵێ. ئاخر ئەویش بەردێک کەوتبووە ناو هەناوی. دەستی زەینەڵی گرت تۆ بڵێی ئاسۆ. لە قوتابخانەکەی قامیشان ناویان تۆمار کرد.

بەڕێوەبەرەکە پرسیی:

- باوکی چی دەکات؟

زولێخا گوتی:

- هیچ.

زەینەڵ ئەو پرسیارەی بەلاوە سەیر بوو، بۆ دەبێ باوکی هەبێت؟ هەبوونی باوک چۆنە؟ دەشێ خۆش بێت؟ ئەویش لەزەتێکە، بەڵام کوا؟ ئەویش دەیزانی. ئەویش پرسیبووی. لە وەڵامەکان نەگەیشتبوو. پێش ئەوەی بەڕێوەبەرەکە پرسیاری زیاتر بکات، زولێخا گوتی:

- سێ ساڵە ونە. دەڵێن ئەسیرە. نازانین.

ئەو وشەیە تەنها بۆ ئەو سەربازانە بەکار دێت کە دەکەونە دەستی سوپای ئێران. بەڕێوەبەرەکە گوتی:

- چاوی دوژمن کوێر بێت.

زولێخاش برینێک لە دڵی بوو، برینێک بەتاڵ و سارد. برینێک بە کوێربوونی دوژمن چاک نابێتەوە.

تۆپێکی خڕ، لەسەر مێزەکەی بەڕێوەبەر، تۆپ نا، کە بەشی زۆری شینە لە شێوەی تۆپدا، سەرنجی زەینەڵ، تۆ لە ئێستاوە بڵێی ئاسۆی ڕاکێشا.

زولێخا چووبووە دەرێ. درەنگتر زانیی ئاسۆ هێشتا سەیری تۆپە شینەکە دەکات. ئاوڕی دایەوە و بانگی کرد. بەڕێوەبەرەکە کە کەس نەیدەزانی لەودیو مێزەکەیەوە دەستی بە کوێیەوەیەتی، لەبەر خۆیەوە گوتی:

- قوربانی ئەو دەنگەت بم. جەرگت سووتاندم.

تا لە دەرگاکەوە ون بوون، تەماشای کردن. باڵایەکی بەرز، سمت و ڕانێکی پڕ و دیسانەوە بەرز. حەوشەی مەکتەبەکە لەگەڵ هەنگاوەکانی دەلەرییەوە. دەشێ ئەو قوتابخانە لەڕ و نابووتەش بە هاتنی زولێخاوە شانازی بکات وەک قوتابخانەی فەیسەڵییە بە هاتنی مەلیکەوە.

دیسانەوە بەڕێوەبەرەکە گوتی:

- من حەز دەکەم هەتیو بم. هەتیو بم و حەوت پشتم پێکەوە بمرن، بەس تۆ دەستم بگری.

زولێخاش بریندار بوو، برینێک بەتاڵ و سارد. برینێک بە مردنی سەد پشتی هیچکەس سارێژ نەدەبوو.

ئەو ڕۆژەی کە ئاسۆی ناونووس کرد لە قوتابخانە، نەیبردەوە ماڵێ. بردی بۆ سەر عەرەبانەکانی لای مزگەوتی گەورە. هەر لە بن دیوارەکەوە نزای کرد، ورتەورتێکی کرد و دەستی بە سەری ئاسۆدا هێنا. ئاسۆ چاوە خڕە بچووکەکانی هەڵنەبڕی، بەڵام بە فووەکەی خەریکبوو گوێ قیتە سوورە تەنکەکانی بسووتێن. کراسێک و پانتۆڵێک و جووتێک کالەی کۆنەی، بەڵام هەر تازەی بۆ کڕی. کالەکانی بە باوەشەوە بوو کە نزیک ماڵێ بوونەوە. دەستی خۆی

لە دەستی زولێخا ڕاپوسکاند و هەڵات. هەڵات بۆلای ئاسکۆڵی خوشکی کە لەبەر دەرگا وەستابوو. هەر لە دوورەوە هــاواری کــرد: "بــزانە چییان بۆ کڕیوم." پێش ئەوەی دەنگی بــگاتە ئــاسکۆڵ، دەنــگ و جیرەی ئیستۆپی تەکسییەک هەموانی ڕاچڵەکاند. زولێخا بە ڕاکردنەوە هاواری کرد:

- غەوس، غەوس ئاگاداری بە.

کابرای شوفێر دابەزیبوو، ئاسۆ لەناو تەپوتۆزەکە هەستابۆوە، کابرا گوتی:

- خوا جەرگت بەرداتەوە وەک جەرگی منت بەردایەوە.

زولێخا گەیشتبووە لایان. ئاسکۆڵ دەســتی ئاسۆی بــرای گرتبوو، هێشتا کالەکانی بەدەســتەوە بــوون. دایکی بە قژی ئاڵۆزکاوەوە هەڵاتبووە دەرێ. کابرا ڕوانییە زولێخا، تەلیسم گرتی، بە هەردووک دەست ڕوومەتەکانی ئاسۆی گرت و هێواش ماچی کرد. وەختێک چاوی لەسەر زولێخا بوو، گوتی:

- تۆ ئاڵتوونی ناو قوڕی.

ئــاسۆ نــازانێ، خۆی لەبیریەتی، یان ئەوەنــدەیان بۆ گێڕاوەتەوە بە بــزمــارە و مێخ وشەکــانیان لە مێشکی هەڵقەنــدووە. دیسانەوە نازانێ یەکەم ڕۆژی قوتابخانەی بوو، یان سەدەم ڕۆژ. ئەوەندە دەزانێ بەیانییەک هەموو قوتابییەکانیان ڕیز کردبوون. زۆریان لەسەر نینۆکی درێژ و دەستی چڵکن و پێنەبوونی دەسرە، لێدانیان خواردبوو. ئەو خۆشبەخت بوو، چــونکە بەڕێوەبەرەکە دەیناسییەوە، بە خەیاڵی کــوڵمەکــانی زولێخا، دەســتێکی بە ڕوومەتە بێگیانەکــانی ئەودا دەهێنا و دەیگوت: "تۆ دەڵێی گوڵی."

ئەو ڕۆژە، ئەو سەدەم ڕۆژە، لەگەڵ پێنج قــوتــابیی دیکەدا هێنایانــنە نــاوەنــدی گۆڕەپــانەکە، بەڕێوەبەر یەکی دەســتە قەڵەمێکی ڕەنگیی دانێ و گوتی:

- باوکی ئەو قوتابییانە لەپێناو پاراستنی شەرەفی ئێمە چوونە شەڕ. چوون و چیرۆکی ئازایەتییان نووسییەوە.

قوتابییەکەی تەنیشت ئاسۆ، چاوەکانی پڕبوون لە فرمێسک. دوو دڵۆپەی گەورە بە ڕوومەتیدا هاتنە خوارێ و لەسەر لێوە لەرزۆکەکانی وەستان، ئەو زۆر نەبوو تەرمی باوکیان بۆ هێنابوونەوە.

لەو کاتەدا تیپێکی یەکپۆش بەرەو ناوەندی گۆڕەپانەکە هاتن.

مۆسیقایەکی سەربــــازییانەیان یەکڕیتم لێدەدا. ئەوانیش هەروەک سەبــــاز بە یەکــــنەوا دەڕۆیشتن. لای دارێکی درێژ وەستان کە دواتر زانیی پێی دەڵێن داری ئاڵا. سێ کەسیان جیا بوونەوە و ئەوەی ناوەندیان پەتێکی سووری درێژی هێواش ڕاکێشا. پارچە پەڕۆیەکی سێ ڕەنگ وردەوردە بەرزبۆوە، تا گەیشتە لوتکەی دارەکە و با شەکاندییەوە، هەر سێ قوتابییەکە سڵاوێکی سەربازییان کرد و قوتابییەکانی دیکە سروودێکی ناڕێکیان دەست پێکرد. تەواو لەو کاتەدا کەسێکی دیکە، کە جلی سەربازیی لەبەردا بوو، تا ئەو کاتە ئاسۆ چاوی پێنەکەوتبوو، لەناکاو چەند تەقەیەکی کرد و هەموو قوتابییەکان سەرەڕای ئەوەی زانییان ڕووەو ئاسمانە، شڵەژان. ئاسۆ ڕاچەنی و پەشۆکا. بێئەوەی ئاگای لێبێت، میز بە پانتۆڵە تازەکەیدا هاتە خوارێ. کالە تازەکانی تەڕ کرد و جۆگەلەی بەرەو داری ئاڵاکە بەست. لەو ڕۆژەوە هەمــوو قــوتــابییەکــان ئــاسۆیان نــاسی. ئــاسۆ میزکەر. ئەوەی میزەکەی ئەوەنــدە درێژ بــوو گەیشتە داری ئــاڵاکە. قوتابییەکان هەموو پێکەنین، قاقای پێکەنین و هاواری دەیان قوتابی و مامۆستا. دەنگی سروودی سڵاوی نیشتمانی و تەقە، زراوی ئاسۆ، تۆ بڵێی زەینەڵیان برد. دەستە قەڵەمەکەی لێکەوتە خوارێ. ترسا بکەوێتە ناو میزەکە. داهاتەوە هەڵی گرتەوە. بۆنێکی لێهەستا. زانیی ناتوانێ هەستێتەوە لە جێگای خۆی دانیشت. زەردایێک تێکەڵ میزەکە بوو. بەڕێوەبەر هەر هێندەی پێکرا بڵێ:

- دوو دوو، هەر پۆلە و بۆ ژوورەکەی خۆی.

کەس یارمەتیی ئەو پاڵەوانە بچووکەی وڵاتی نەدا. بەڕێوەبەریش پشتی تێکردبوو. قەڵەمە ڕەنگاوڕەنگە جوانەکان، سەرنجی ئاسۆیان بردبوو. ئەو نەدەپەرژایە سەر لینجاوی ناوڕانی و قسەی قۆڕی قوتابییەکان.

زولێخا لەوسەری گۆڕەپانەکەوە دەرکەوت. مامۆستاکان هەموویان هاتبوونە بەر دەرگای پۆلەکان. ئەو گوێی بە کەس نەدا، دەستی ئاسۆی گرت، هەڵیستاندەوە و بە لەنگینەوە بردیە لای تاقە بەلوعەی قوتابخانەکە. لە بەردەمی ئاودەستە پڕبووەکان، شتیەوە. دەستی بە سمت و قوونیدا هێنا. گونەکانی خاوێن کردنەوە. بردیەوە ماڵێ. ئاسۆ نەیپرسی:

"ئەی بۆ ئەڵماسی دایکی نەهاتووە؟" ئێستاش هەر نەیپرسی. ئەوەتا زولێخا هەموو شتێک ڕێک دەخات. زولێخاش برینێک لە دڵی بوو، برینێک بەتاڵ و سارد. ئاڵای پڕ شکۆ، ئاڵای بەرز و شەکاوە چ بەدبەختی و سەرشۆڕییەکی بۆ ئاسۆ هێنا! یەکەم لاپەڕەی خوێندن و زانستی ڕەش کرد، بۆگەنی بە تەواوی کتێبەکانی ژیانیدا وەرکرد.

**

هەر ئەو ڕۆژە بوو، کە گەیشتەوە ماڵێ ئاسۆ خۆپیسکردنی لەبیر چۆوە. دراوسێ ڕژابوونە حەوشەکەیان. هەموو قسەیان دەکرد. ژنی بەتەمەن و سەرە، ئافرەتی کامڵ، گەورەکچ و تازە هەڵتۆقیو. چەند پیاوێکیش، سەیدکەریم و حەمەعەلی سەوزەفرۆش، کوڕە سەرچەور و گەنجەکان. هەموو شڵەژابوون. هەموو قسەیان دەکرد، بەڵام شادبوون. شڵەژانێکی زەردکراو بە خۆشی. خۆشییەکی وەک ژەهری مار. چ باسە؟ ئەو هەموو خەڵکە لێرە چی دەکەن؟ ژنە ئەستوور و قەبەکەی مەحمودا کەوحیز، توباخان، گوتی:

– دەبێ خێر بکەین. ئەڵماس، ئەڵماس خان تۆ خێرت لەسەرە.

ئەڵماس خان، دایکی ئاسۆ، لەناو ئاپۆڕەی ژنەکاندا دانیشتبوو، نەک دانیشتبوو، کەوتبوو، یان پان ببۆوە. نامەیەکی بە دەستەوە بوو، جارجار ماچی دەکرد و دەیلاواندەوە و فرمێسک وەک باران بە چاوەکانیدا دەهاتە خوارێ. دەموچاوی سوور سوور و تەڕتەڕ بوو، ئاسکۆڵ سەری بە ڕانی دایکی کردبوو. کەس گوێی نەدایە ئاسۆ، هەروا لە پەنایەک وەستا. ئەویش گریا، بۆ دایکی گریا، کە لە بن دەست و پێی ئەو خەڵکەدا ون بووە. ژنێک بە زولێخای گوت:

– فوئاد، مێردەکەی ئەڵماس نامەی هاتووە.

لەگەڵ ئەو قسەیە ئەڵماس خان سەری بەرز کردەوە و بێدەنگ دەیان فرمێسکی حۆقەیی بە زنجیرە، بە ڕوومەتیدا هاتنە خوار و بەربوونەوە سەر ڕوومەت و قژە خورمایییەکەی ئاسکۆڵ.

ئاسکۆڵ جلی قوتابخانەی لەبەر بوو، بەڵام جارێ نەڕۆیشتبوو. ئەو هەمیشە زووتر خۆی دەگۆڕی. ئەڵماس خان کە ناوی فوئادی بیست، بە هاوارێکی نووساو و تاساوەوە گوتی:

– فوئاد بەقوربانی ناوەکەت، بەقوربانی نامەکەشت بم.

نامەکەی خستبووە ناو سینگی، تەواو سەردڵی، بە قسەی ئاسۆ نییە، ئەڵماس هێشتا گەنج بوو، ئەو هێشتا سی ساڵ بوو، یان نا. تەنها سێزدە، چواردە ساڵ لە زولێخا بە تەمەنتر بوو، بەڵام زولێخا ئەوەندە عەیار بوو پێت وابوو چوار جار ژیانی خەتم کردووە. باڵابەرز و شەنگییەکەشی ئەوی تەواو کردبووە ژنێکی کامڵ. ئاسکۆڵ سەری بەرز کردەوە و پرسیی:

– دایە، ئەی باوکم کەی دێتەوە؟ ئەوە نامەشی هات.

ئەڵماس فرمێسکەکانی ئاسکۆڵی سڕییەوە، گوتی:

– دێتەوە، بەختی تۆ، بەختی ئەو منداڵە (دەستی بۆ ئاسۆ ڕاداشت) خودایە فوئادمان بۆ بنێرەوە.

بەڵام فوئاد لە کوێیە؟

-2-

سێ ساڵ و دوو مانگ بەر لەو بەیانییەی زولێخا ئاسۆی لە قوتابخانە هێنایەوە، تەواو سێ ساڵ و دوو مانگ و دوانزە ڕۆژ، بەرلەوەی یەکەم نـامەی بـگات، فـوئـاد، فـوئـادی حـاجی فـازیلی کـونـج، بە کـراس و پـانتۆڵێکی ڕەشەوە، کە قەمسەڵەیەکی سەربازیی بەسەردا لەبەر کردبوو، هەر لەبەر ئەو دەرگایە، سەد دیناری دایە ئەڵماس و گوتی:

- ئەلە گیان ئاگات لە خۆت بێت، زوو دەگەڕێمەوە.

ئـاسکۆڵ داوێنی کراسەکەی دایکیی گرتبوو، دەیویست بگریەت. ئـاسۆ، تۆ بلێی زەینەڵ، تەمەنی تەنـها سێ سـاڵ بـوو. هەنگاوێک دوور لەوانەوە، بە پێخواسی وەستابوو. فوئاد لە باوەشی کرد و ماچی کرد و گوتی:

- ئاگات لەو ئاڵتوونەش بێت، با هێناویەتی.

ئاسۆ گریا، زۆر بەکوڵ گریا. فوئاد دوور کەوتبۆوە، بەڵام گوێی لێبوو، ئەڵماس گوتی:

- بەسە، ئەوەندە مەگریە، جەرگت ڕەش کردم.

فـوئـاد چـووە مـزگەوتی گەورە. چـووە ژووری حەوزەکە. جـلەکـانی داکەنـد، خۆی فڕێ دایە نـاو ئـاوە سـاردەکەوە. چۆقەچۆقی ددانەکـانی خۆی گوێ لێبوو. سێ جـار خۆی نـوقـم کـرد. بسمیلای کـرد و شەهـادەی هێنا. ئەو بەیانییە کە بەئـاگـا هـات لاقی کەوتـبووە سەر ڕانی ئەڵماس. تەنـها ژێرکـراسی لەبەر بـوو. ژێرکـراسێکی ئەسـتوور، مەمکی ڕاسـتی کەوتبووە سەر قۆڵی فوئاد و مەمکی چەپیشی بە چاوێکی خەواڵووی پڕ کلەوە تەماشای دەکرد. دەستی گەیاندە سەر گۆی مەمکی، بەئاستەم و بەنەرمی، ئەڵماس وەک لە خەودا بێ، هەناسەیەکی قووڵی دا و گوتی:

- ئاهـ.

فوئـاد ئـاگـری گـرت. شـوێنێکی لەشی سـووتـا. لە چەنـد چـرکەیەکدا هەردووکیان، وەک دێو و درنـده لە یەکتر ڕاسـت بـوونەوە. دوو هەنـاسـە وەک دوو گێژەڵووکە بەیەکیانـدا دا. وەک ئەوەی عەقڵیان نـا، جەسـتەیان هەسـتی کـردبێ کە لە یەکتر ئـاوا دەبـن، ئـاوابـوونێکی دووردرێژ. ئـاوابـوونێکی تـاریک و پڕنهێنی. بەتـانییەکەی سەریان وەک ئـاگـری لەبـن کـرابێتەوە، هاڵاوی لەبـن دەهـاتەدەر. تەنـگەنەفەسی، هەنـاسـەبڕکێی دووردرێژ و نەبڕاوە. فـوئـاد هەردوو دەسـتی بـردبـووە بـن سمتی ژنەکەی. دەسـتی بەرەوسەرتـر بـرد و گێڕانی. تـووکە نەرمەکـانی بەری تەڕ بـبوون. فـوئـاد خۆی گرتبوو. تەواوی ماسولکەکانی لەشی لەوپەڕی گرژیدا وەستاندبوو. بە گرژی وەستاندبوونی، تا ئەوەندەی دەکرێت لەناو یەکتردا درێژ ببنەوە. ئەڵماس بە عادەتی کوردانەی گوتی:

- خێرابە تا منداڵەکان هەڵنەستاون.

ئـاسۆ خۆی سـووڕانـد، دەسـتی کەوتە سەر پشـتی ئـاسکۆڵ، ئـاسکۆڵ دەسـتەکـانی خڕ کـردنەوە. فـوئـاد وەک پڵێنگێکی بریندار، یان وەک وێنەی پڵێنگی سەر بەتانییەکە و خاو کەوتبووە سەر سنگی ئەڵماس. شل و قورس.

ساردیی ئاوەکە خەیاڵەکانی فوئادی نەدەشێواند، سێ جاری دیکەشی خۆی قم کرد. لە حەوزەکە هاتە دەرێ. هەر بە دەست، هەر بە لەپی دەستی ئاوی لە سنگ و ڕان و قۆڵەکانی سڕییەوە، جلەکانی لەبەر کردەوە، چووە ناو مەزاری کـاکە ئەحـمەدی شێخ. دوو ڕکـاعەت نـوێژی کـرد. دووی دیکەشی کـرد بۆ سەفەرەکەی. سەددڵ بـوو. دوو ڕکـاعەتی دیکەشی کرد بۆ سەلامەتیی منداڵەکانی. چووە تەنیشت مەرقەدەکە، کەوتە سەر ئەژنۆ. توووند شیشەکانی گرت. سەری

شۆڕ کردەوە، تا ناوچاوانی کەوتە سەر گۆڕەکە و هەستی بە ساردیی گۆڕەکە کرد. ویستی دەروونی بە یەک تاکە وشە هەڵڕێژێ. قوڵپی گریانی هات. حەزی کرد هاوار بکات. ژوورێکی کپ، گۆڕێکی کپتر، کپی و بێدەنگیی پیاوچاکان. هاوارەکەی خواردەوە چاوی نووقاندن. لە قووڵایی قووڵایی دڵیەوە گوتی: خودایە.. خودایە..

هەستی کرد هەموو داواکارییەکانی گوت.

– یا شێخ، شێخی گەورە، لەو شەڕە بمانپارێزە.

هێزێک، سارد، لە ئاسنەکانی قەفەزی مەرقەدەکەوە چووە ناو ڕێڕەوی خوێنی، بە هەموو دەمارەکانیدا بڵاو بۆوە. لە هەموو دەمارەکانەوە بەرەو دڵی، بەرەو ناخی دڵی. ئێستا دڵی کۆگای بەستەڵەک و سەهۆڵە. جێگای هەزاران ئومێدی مردووە. تا بەردەرگا ڕۆیشت و گەڕایەوە، جارێکی دیکە ئاسنەکانی ماچ کردەوە. ناوچاوانی خستەوە سەر کێلەکە. هێزی دایە خۆی و چووە ئەودیو دەرگاکە، وەک گێژەڵووکەیەک بەرەو مەزارەکەی بگێڕێتەوە قورس هەنگاوی دەنا. نا، دەبێ بڕوات.

گەیشتەوە بەردەرگــای مــزگەوتەکە. خەریکبوو لەنــاو ئەو خەڵکەدا خۆی لێ ون بێت. مێروولەئــاســا کەوتــوونە نــاو یەکتری. هاواری تەماتە و باینجان، خەیار و هەنار، کە هەموو هاواری ژیانە و ئەو بەرەو مەرگ دەڕوات. دەیان ژن، ژنی ڕەشــپۆش و دەمــوچــاو و سەر بەتەم. پێش ئەوەی بڕواتە گەراج، پێش ئەوەی بڕواتەوە بەرەکــانی شەڕ، دەبێ بچێتە لای ئەحـمەدی تەجنید. دڵی نییە بڕواتە گەراج و بەرەوسەر ملی نـا. گەیشتە لای نەخۆشـخانەکە، چـووە زانکۆی کۆن. زانکۆ نەماوە، لەباتی خوێندن و وانە، دەستەدەستە خەڵک دەنێرنە بەرەکانی شەڕ. ئێستا زانکۆ بۆتە نووسینگە و تۆماری سەرباز و کۆکردنەوەی سوپا.

هەر لە خوارەوە دانیشت و ئەحـمەدی تەجنید بۆ خۆی هـات. بەخۆی و بـاڵایەکی بەرز و لار و ڕەقەڵە و تەجنیدییەوە، هاتە لای. فوئاد ڕاستەوڕاست گوتی:

– تۆ بۆ من لە جێگای فازیل کونجی باوکمی. نامەوێ، تۆ هەموو کەسمی، نامەوێ بچمەوە سەربازی. فەوجەکەمان لە پێشەوەیە. زۆریش نا، بەڵام لە پێشەوەین، یان چارێکم بکە، یان ڕادەکەم. ئەحمەدی تەجنید دەترسا کەسێک گوێی لەو قسانە بێ. گوتی:

– هێواش. دەتەوێ چی بکەیت؟ ڕادەکەیت؟ دەچیتە شاخ؟ دەتەوێ ژن و منداڵەکانت بگرن؟

فوئاد هێواشتر گوتی:

– نا، من بۆ ئەوە هاتووم چارێکم بکەی. نامەوێ بچمەوە سەربازی. نامەوێ کەس بمکوژێ، ناتوانم لە منداڵەکانم دوور بم. ناشمەوێ کەس بکوژم. نا، من باوەڕم بە چەکداری نییە، باوەڕم بەوەش نییە بچمە شاخ و شەڕی براکوژی بکەم. دەمەوێ کاغەزێکی بچووکم بۆ بنووسی، مۆرێکی تەجنیدی پێوەی نێی، هەر ئەوەندەی کەس نەمگرێ.

ئەحمەدی تەجنید هێواشتر، ڕوونتر گوتی:

– خۆ مـن سەدام حوسێن نیم تۆ لە سەربـازی ببەخشم، بەڵام لەبەر خـاتری حـاجی فـازیلی بـاوکت، شـتێکت پێدەڵێم. مـوالیدەکەی تۆ سـاڵی پەنـجاوپێنجە. دوو سـایدین، واتـا دوو بڕیار دەتـانگرێتەوە، لەو مـاوەیەدا بەر لێبوردن دەکەون. مانگێک دوو مانگی دیکەیە لە سەربازی ڕزگارتان دەبێت، ئارام بگرە.

فوئـاد بەو قسە ئـاسـوودە بـوو، ئـا، تۆزێک هێمن بۆوە. گەڕایەوە مـزگەوتی گەورە، جـانـتاکەی کە هەر بیجامەیەک و خاولییەک و مووسی ڕیشتاشینی تێدابوو، لە ژووری حەوزەکە دانابوو، هەڵیگرت و یەکڕاست بۆ گەراج.

سێ سـاڵ و دوو مـانـگ و دوانـزە ڕۆژ بەسەر ئەو بەیانییەدا تێپەڕیوە. هەزارو سەدو شەسـت و هەشـت ڕۆژە (ئەوە بەپێی لێکدانەوەی ئەڵماس کە ئەو سـاڵەی تێیدا ڕۆیشتبوو، مـانگی شـوبـات بیست و نۆ ڕۆژ بـوو) فـوئـاد بـاوەشی لە

ئەڵماس نەداوە. هەزارو سەدو شەست و هەشت ڕۆژە نەهاتۆتەوە بەر دەرگا، چایەکی لەو ماڵەدا نەخواردۆتەوە و منداڵەکانی لەباوەش نەکردووە. گەرمای هاوین تێپەڕی و هەواڵێکی نەبوو. گەڵای هەموو درەختەکانی ئەو شارە یەکەیەکە وەرین و گەڕانەوە ناو خاک، ئەو دەنگی نەبوو. لەگەڵ کۆچی باڵندەکان نەهاتەوە. پەرەسێلکەکان هەواڵێکی ئەویان پێنەبوو. هەورەکان هاتن و لەسەر شار خێوەتیان هەڵدا، وەک هیچ نەبووبێ ڕژانە سەر زەوی، ئەو هەر نەهاتەوە. بەفر هێمن و لەسەرخۆ دەنکەدەنکە باری و بەو دەنکە وردانە لەسەریەک کەڵەکە بوو، کێوێک بەفر کۆڵانەکانی داپۆشی، ئەو هەر ونە. بەفر ڕۆیشت و لە شوێنی ئەو هەزاران گوڵ، چەکەرەی گیا سەریان هەڵدا، دەشتودەر پڕبوو لە باڵندە و پەپوولە، پەرەسێلکەکان بە قاووقیژ و تەهلیلەوە هاتنەوە، ئەو خەبەری نییە. هەتا مێروولەکان باڵیان گرت و فڕین، بەڵام فوئاد دیار نییە. منداڵەکان هەزار و ئەوەندە ڕۆژە گەورە بوون. جلەکانی ئەو جەژنە بۆی کڕیبوون کە دڵیان نەهات لەبەری بکەنەوە، ئیدی بۆ بەریان نابێتەوە و بچووک بوونەوە. پێڵاوەکانیان دەبێ سێ ڕەقەم گەورەتر بێت. جیرانە کۆنەکان باریان کرد و جیرانی تازە هاتوون، کە بە ڕەنگ و ناوی فوئاد ئاشنا نین، ئەو هەواڵێکی نییە. لە دوای ئەو هەموو شەوە تەنهاییە. ئەو هەموو خەونە ناخۆش و ئومێدە زەردانە. نامەیەکی هاتووە. نامەش وەک ئاو وایە، بیکەیتە ژێر پووشەوە ئومێدی سەوزبوونی لێدەکرێت. نامەیەک هەناسە دەدات و دەڵێ من فوئادم. فوئادی حاجی فازیلی کونج.

فوئاد کونجی سەرشەقامی. ئەڵماس چاوی دەکەوێتە سەر زولێخا، بانگی دەکات:

- وەرە زولێخا وەرە. وەرە ئەوەتا فوئاد، ئەوەتا نامەی ناردووە.

زولێخا دەگریا، ناشگریا. چاوە گەورەکانی دوو ئەوەندەی جاران فراوان دەبن و پڕپڕ دەبن لە فرمێسک. وەک ئاو کەوتبێتە سەر ئاوێنە، سارد، قووڵیش.

نامەکە وەردەگرێت، نا وەریناگرێت. لە بەرۆکی ئەڵماسی دەردەکێشێ لە سەرەوە چەند ژمارەیەک، دواتر بەروارەکەی سێزدەی هەشتی هەزارو نۆسەدو هەشتاوشەش.

بۆ خێزانی ئازیزم ئەڵماس گیان

من فوئادم. لە زیندانی گورگانم لە ئێران. باشم. سەلامەتم. هیچ ئەندامێکی جەستەم لەدەست نەداوە و برینداریش نەبووم. هەزار جار چاوی ئاسکۆڵەکەم ماچ دەکەم، هی ئاسۆش. هیوادارم ئێوەش باش و سەلامەت بن. چاوەڕێی هەواڵ و نامەتانم.

فوئاد فازیل سوڵتان

ئێران- گورگان

ئاسۆ هەر لەوێ. لە پەنا کۆڵەکەکە وەستابوو، جارێ شەرمی خۆپیسکردنەکەی بەتەواوی نەڕەوییبۆوە. لەو گریان و قەرەباڵغییەش ترسابوو. ژنەکەی مەحموودە کەوحیز بەوپەڕی لوتف و سۆزەوە ڕوانییە ئاسۆ و گوتی:

- یادت بەخێر کاک فوئاد. چەند پیاوێکی باش بوو، لەو دوورە، لەناو ئەو هەموو عەزاب و دەردە، ئەو کوڕەشی هەر لەبیرە.

ژنەکەی تەنیشتی گوتی:

- کوڕی خۆیەتی.

ئەڵماس سەری بەرز کــردەوە، چــاوی بە ئــاسۆ کەوت، دڵی بۆی بــوو بە ئــاو. ئــاسۆی خۆی فڕێ دایە بــاوەشی. ئـاسکۆڵیش چـووبـووە ژێربـاڵی دایکی. هەرسێکیان بێدەنـگ لە دڵەوە گـریان. ئـاسۆ دەیویست بـگریەت و هەرگیز ژێر نەبێتەوە. هەموو هاوسێکان هەستانەپێ. هەموویان گریانیان لە ئاوکی مابوو. بڵاوەیان کرد. ئەڵماس و منداڵەکانی هەر لەوێ. لە هەیوانەکە. چـاو لە دەرگـا دانیشتن. تـاریکی داهـات و ئەوان نەجـووڵان. ئـاگریان بۆ نەکرایەوە و ئـاویان بۆ نەخورایەوە.

شەو هێواش و قــورس بە پێڵاوی ڕەش و پــانەوە، بە سەریانــدا تێدەپەڕی. دەرگــای حەوشەیان دانەخســت. ئەوان چاوەڕێ بوون، ئاخر جارێک هەواڵێکی خۆش بەو دەرگایەدا هاتبووە ژوورێ. ئەو ڕۆژە داخێک کەوتە دڵی ئاسۆوە، بەردێکی سێگۆشەی ورد کەوتە ناو پێڵاوەکانی. مێروولەیەک ئەوەندەی دەنکەخۆڵێک کەوتە ناو سەری (ئەویش کوڕی خۆیەتی!) ئەو قسە قورس و هیچە، گریانێکی خستبووە بن زمانی. ماتییەکی خستبووە ناو چاوەکانی. ئەڵماس خان بانگی کرد. شەو درەنگ کاتێک ئاسکۆڵ هەر لە هەیوانەکە خەوی لێکەوتبوو، بانگی ئاسۆی کرد و تووند لە باوەشی کرد، لە ناخی دڵەوە گوتی "تۆش کوڕی منی!" ئاسۆ هەستی بە لێدانی دڵی دایکی دەکرد. هەر لەسەر ڕیتمی لێدانی دڵی گوتی "تۆش دیاریی فوئادی!" ئاسۆ گریا، ئەو ڕووبارە فرمێسکە چۆن لەو چاوە بچووکانەوە دێت؟ ئەڵماس لە چیدا ڕاستی نەکرد؟ ئاسۆ نەیدەزانی. لە دوای ئەو نامەوە، خەریکە وەک جاران فوئادیشی خۆش نەوێت.

فوئـاد بە عەشـق و عەشـقبازی ڕایهێنا. هەڵیخەڵەتـاند و گیرۆدەی کـرد، یەکەم بەڵێنی ئەوەبـوو "هەرگیز جێت نـاهێڵم!" درۆی کـرد. بەوەفـا نەبـوو بۆ بەڵێنەکەی. جـا وەفـا کەنگێ کـاری پیاوانە؟ پیاو خـاوەنی دەمیەتی، بەڵام دڵی نـا، بەڵام عەقڵیان نا.

ئاسۆش دەیزانی، ئێستا ئەڵماس وەک جاران سەیری فوئاد ناکات. هەمیشە دەیگوت:

- ڕۆیشت و نەگبەتیی بۆمن بەجێ هێشت.

زۆرجار زولێخا پێی دەگوت:

- نەگبەتە ئەویش گیرۆدەیە.

ئەڵماس دەبــوو هەم بــژێوییان پەیدا بـکات و هەم خۆی بــپارێزێ. پــاراســتنی بێوەژنێک، یان ژنێکی مێرد ون، وەک پاراستنی ئاو وایە لە چاوی هەتاو. وەک پاراستنی بۆنە لە لووتی سەگ. ئەو دەیدیت، پیاوانی بەویقاری گەڕەکەکەی، کە بۆ دڵنەوایی ونبوونی مێردەکەی دێن، دەستیان لەسەر سەری منداڵەکانە و چاویان لە مەمکی ئەوە. تەنها ژنێک کە بیەوێ خۆی بپارێزێ، دەزانێ مەمکەکانی چ بەڵایەکیان بۆ ئەو نـاوەتەوە. جوانی لەو زەلکاوەدا چ دەردیسەرییەکە بۆ خاوەنەکەی.

ئەڵماس لە گەنجییەوە خۆی لە کوڕانی گەڕەکەکەی دزیبۆوە. هەمیشە ئەو قسەیەی دایکی لەبیر بوو.

"خۆشەویستی بەدبەختییە بۆ کچ."

یان دەیگوت:

"هیچ دڕندەیەک نییە وەک خۆشەویستی دڵی کچ وێران کات."

ئەو قسە گاڵتەکانیشی دەربـارەی خۆشەویستی هەر بەڕاست دەزانی. کـاتێک مـامۆسـتایەکیان، بێگومـان لە سەردەمی خوێندندا، پرسیبووی "چ مردنێک ئازاربەخشە؟ مەبەستم بە ئازارترە؟"

ئاواش ڕوونی کردبۆوە، مردن بە شمشێر؟ یان ژەهرخواردوو کردن؟مردن بە نەخۆشی؟ یان گوللەباران کردن؟

مامۆستای مێژوو لە باسی مردنی ناپلیۆندا ئەو پرسیارەی کرد. قوتابییەک کە لە هەموویان گەورەتر بوو، بە مەکر و گاڵتەوە، گوتبووی "مردن بە خۆشەویستی لە هەموویان ئازاربەخشترە." هەموو دەیانزانی ئەو کچە حەزی لەو مامۆستایە کردووە و ئەویش هەر لەو ساڵەدا هێنای. قوتابییەکانیش لە ئاخ و ئۆفەکانی ڕزگاریان بوو.

ئەڵماس کوڕانی گەنجی گەڕەکەکەی خۆشیانی دەدی چۆن دوای دەکەون. قسەی وەک هەنگوین و دڵی وەک نێرگزی خۆیانیان هەڵدەدایە بەرپێی. ئازادی بەیانی خاڵدار، کوڕە چاوشینەکەی مامۆستا شاهۆ، وەلی قژدرێژی عەلی نانەوا. ئا، ڕاستە دڵی ئەڵماسیش وەک چۆلەکە بۆ لایان دەفڕی. لەگەڵیان دەدوا و ماچی دەکردن، دەسبازیی لەگەڵ دەکردن و لە باوەشی دەکردن. دەستی دەخستە ناو قژیان و سەری دەخستە سەر سنگیان و تێر تێریش هەڵیدەگلۆفین. دوگمەیەکی سوخمەکەشی بۆ دەکردنەوە، بەڵام تەنها و تەنها لە خەونیدا. جارجار لە خەیاڵی خۆیدا. دەنا لە ترسی قسەکانی دایکی و دڵڕەقیی خۆی، هەرگیز سەریشی بۆ هەڵنەبڕین.

تا تووشی فوئاد بوو. فوئاد نە هاوسێیان، نە هاوڕێی قوتابخانە، نە خزمیان و نە کوڕی گەڕەکیش بوو. فوئاد وەک تەیرێک لە ئاسمانەوە هات و ئەڵماسی وەک دەنکە گەنمێک هەڵگرتەوە و ڕۆیشت.

فوئاد شوفێر بوو، شوفێری دەرەوەی شار، لە سلێمانییەوە بۆ کەرکووک هەندێ جاریش بۆ بەغدا. ئاخر چی شوفێرێکی ڕێگای بەغدا و کەرکووکی هێنایە سەر ڕێگای ئەو؟ ڕێکەوت، ڕێکەوت فوئادی فڕێ دایە ناو بەختی ئەو. خۆ پێشی خۆش بوو، ئێستاش پێی خۆشە، بەڵام ئاخ ئەو هەموو نەگبەتییە.

-3-

ئەو کاتە ماڵیان لە ڕزگاری بوو. بۆ ئەڵماس ڕزگاری ژیان بوو. دەرگا بە دەرگای دەناسی. هەموو ماڵەکانی گەڕەک ماڵی خۆی بوون. هەر ماڵەو چەند کەسن، چەندیان کوڕ و چەندیان کچن، تەمەنیان، هاتوچۆیان کار و پیشەیان، هەتا خەون و خەیاڵی یەکتریشیان دەزانی. ئاخ ڕزگاری ئەو کاتە چەند خۆش بوو. بەپێ دەچوونە سەر گردەکەی ڕیعایە. لەوێ سەیرانیان دەکرد. کەس دەرگای دانەدەخست، هەموویان یەک ماڵ بوون. هەر ئەو بوو حەزی لە کەس نەدەکرد. دەنا هەموو کچەکان دەنکی خۆیان هەبوو. هەموو کچەکانی ڕزگاری عاشق بوون، ئەوەندەی کچەکانی ڕزگاری بە پەرچەم هەڵدانەوە و زەردەخەنە و ئیشارەت، نامەیان بۆ دەزگیرانەکانیان ناردووە، هەموو بەریدی سلێمانی ئەوەندە نامەی نەگەیاندووە. ئەڵماس دەیزانی کچەکانی هاوڕێی دڵیان چەند ڕووناکە. تەنها عەشق، عەشق و بەس، دڵ ڕووناک دەکاتەوە. عەشق بەجۆرێک دڵ ڕووناک دەکاتەوە کە سەد گڵۆپی هەزارواتی ئاوا ژوورێکیان پێ ڕووناک ناکرێتەوە. کە دایکی ئەڵماس دەهاتە ناو قسەکانەوە، بە کچەکانی دەگوت:

– ئا، وایە. عەشق دڵ ڕووناک دەکاتەوە. بەجۆرێک ڕووناکی دەکاتەوە کە هەر گڵۆپەکانی عەشق کوژانەوە، هەموو دیوارەکانی دڵ بەسەریەکدا دەتەپن. ئاگادار بن. ئێوە ناسکن، بەرگەی ئەو تەپینە ناگرن.

ئەڵماسیش بۆ تەواوکردنی قسەکەی دایکی بە هاوڕێکانی دەگوت:

– ئێوە وەک کەروێشک بەر شەوارەی ڕووناکیی عەشق کەوتوون. لەبەر ڕووناکی کەروێشک چاوی نابینێ و ئێوە دڵتان.

ئەڵماس قسەیەکی دیکەی هەبوو، هەرگیز نەیدرکاند، ئەویش ئەوەبوو، "دەشێ گڵۆپەکانی عەشق بکوژێنەوە و ماڵی دڵ وێران بێت، بەڵام ئەوە کۆتایی دنیا نییە. هەزاران خانووی داتەپیووی ڕووخاو نۆژەن کرانەوە و هەزاران دڵی غەمگین شاد کرانەوە." ئەوەی هەمیشە دەیگوتەوە، ئەوە بوو کەروێشک گەر چاوی بە ڕووناکی بکەوێت ئیدی، هیچ نابینێ. کچیش هەروایە، کە ڕووناکیی عەشق بەر دڵی کەوت، ئیدی هیچ نابینێ. ئەڵماس نەیدەویست دڵی بەر ئەو ڕووناکییە بەهێز و سووتێنەرە بکەوێت. گەرچی زۆریشی حەز لێبوو. بەتایبەتی حەزی لە کوڕە قژزەردەکەی نێرگسی سستەر بوو. پێی دەگوت، فەراولە. نا ئەو حەزی لە عەشقبازی نەبوو. ئەوە تەنها هەستێک بوو. ئەوەشی بە درۆ دەزانی عەشق دێت و زرم زرم لە دیواری دڵت دەدات، کە بیکەیتەوە وەک ڕۆستەمی زاڵ گورزێکی لێدەدات و دیوار و بناغەی دەڕووخێنێ و وێرانی دەکات. کە ئەو ڕۆژەش کوڕە فەراولەکەش بەلایاندا تێپەڕی، نەشمیل و ئاڵای هاوڕێی، لە ژێرەوە سەیری ئەویان کرد. گوتی:

– عەشق و خۆشەویستی وەک میکیاج و برۆکردن وایە، دەتوانی نەیکەی.

نەشمیل زۆرزانانە گوتی:

– ئا ڕاست دەکەی، وەک دەرپێ وایە دەتوانی لەپێی نەکەی.

ئاڵا گوتی:

– ئەڵماس نەک عەشق، دەرپێش لەپێ ناکا.

ئەویش پێکەنی و گوتی:

– من سێ سێ دەرپێ لەپێ دەکەم.

نەشمیل بە گۆرانییەوە گوتی:

- باوەڕ بە سمتی مەکەن حەوت دەرپێی لەپێدایە.

لەو کاتەدا فەراولە لەوسەری کۆڵان دەرکەوتەوە.

هەردووکیان گوتیان ئەوە هاتەوە. ئەڵماس دڵی تووند لێی دەدا، بەڵام لە سینگیدا نا، لەناو سێ دەرپێکەیدا.

نـا ئەڵماس حەزی لە کەس نەکـرد. بەڵێنی بە کەس نەدا. ئەو زراوی لەو تـاریکی و وێرانییەی دڵ چـووبـوو کە دوای کوژانەوەی ئەو هەمـوو گڵۆپە هەزاروات‌ییەی تێیدا هەڵدەکرێ، داگیری دەکات. ئەوەش هەرگیز نەبـووە خۆشبەختی بۆ ئەڵماس. ئەو هەرچەنـــدە دڵێکی ڕوونـــاکی بەخۆیەوە نەدی، بەڵام دڵێکی وێرانی دیت. ئەو نەیزانی دڵە هەرە مـــاتەم و غەمگینەکان، ئەو دڵانەن، کە دەتەپن و وێران دەبن پێش ئەوەی هەرگیز ڕووناککردنەوەیەک بە خۆیانەوە ببینن.

فوئاد هات، بەبێ گورزی ڕۆستەمی زاڵ و گڵۆپی هەزارواتی. بەبێ نامە و ئیشارەت و دڵداری، هات و سلفێکی لە دڵی دا و بـردی. ئەوەش هەر لە سەرەتـای پـاییز بـوو. بەهۆی هەڵاتنیان بۆ ئێران و هـاتـنەوە دوای نسکۆی شۆڕش، دوو ساڵ لە خوێندن دابڕا. سەرەتای پاییز بوو. دایکی ئەڵماس لە ماڵی خاڵی گەڕابۆوە، ماڵی خاڵی لە گردی شێخ محێدین بوو، ڕاست لە پشت کارگەی سەهۆڵەکە. لە بەردەم مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە، ئەو کاک فوئادە لە دایکی دابوو. بە تەکسییەکەی لێی دابـوو، فڕێی دابـووە سەر شۆسـتەکە. دایکی دەسـتی شـکا و بۆیان هەڵبەسـتەوە، چـاکیش بۆوە، بەڵام جەنـابی کـاک فـوئـاد وازی نەهێنا. هەمـوو ڕۆژێک بە خۆی و خـورمـا و لیمۆ و پـرتەقـاڵ و هەنـاری بـاعـقووبەوە دەگەیشتە ماڵیان.

ئەڵماس تەنها ئەوەندەی بە فوئاد گوت:

- نامەوێ بۆم ببیە گڵۆپی هەزارواتی. ناشمەوێ ببیە فەراولە. نا، نامەوێ. تەنها دەمەوێ بەجێم نەهێڵی.

فوئادیش بۆ یەکەمجار دەستی گرت و گوتی:

- پەیمان بێت، تا ڕووح بەجێم نەهێڵێ، من تۆ بەجێ نەهێڵم. بۆیە هەمیشە دەیگوت:

- بەڵام کوا، کوا وەفاکەت؟ هەی بێوەفا.

کە زولێخاش دەیگوت:

- کوا بێوەفایە؟ ئەو گیراوە، ئەو زیندانییە.

ئەڵماس گوتی:

- ئەوەش هەر بەجێهێشتنە، کـوا لێرەیە؟ مێردی دوور، وەک پشکۆی بێتینی بـن خۆڵەمێشە. گەرمـت نـاکـاتەوە، بەڵام دەتسووتێنێ.

زولێخا ڕووی وەرگێڕا، ئاخر ئەویش برینێک لە دڵی بوو، برینێک بە تاڵ و سارد، قووڵیش.

سەردەمی زێڕینی ئەڵماس، سەردەمی کچیەتی بوو. جا هەروایە کچانی سلێمانی پاشای ماڵن، ڕەنگی پەردە و بەرگی دۆشەک و تـــابلۆی دیوار، ئەوان دیاریی دەکەن. خـــواردن بە دڵی ئەوان لێدەنـــرێ. سەیران دەبێ لەگەڵ کەیفی ئەوان بگونجێ. تەنـها هـاوڕێ کـچەکـانی خۆی دەتـوانـن بێ پـرس بێن بۆ مـاڵ و بمێننەوە. سەردەمی زێڕینی ژیانی ئەڵماس، سەردەمی کچیەتی بـوو. لەشی ئەوەنـدەی پەڕی بـاڵندەیەک سـووک بـوو. دەهـاتەوە مـاڵ و کتێبەکـانی فڕێ دەدایە ئەوسەری ژوور، دەستی لە ملی دایکی دەکرد و ئەو ماچی دەکرد. دەیگوت:

- بۆت بمرم ئەڵماسەکەم.

ئەویش فریشتانە پێدەکەنی و شفتەیەکی گەرمی هەڵدەگرت و بە ڕووتی دەیخوارد.

تـاجی ئەو پـاشـایەتییەی کچیەتی، گەوهەر و ئەڵماس نەبـوو. زێڕ و یاقـووت نەبـوو. تـاجی ئەو پـاشـایەتییە، کڵاوێکی گـرانـبەهـا و زێڕ و مـرواریڕێژ نەبـوو. ئەو تـاجە پەردەیەک بـوو، کە کەس نەیدیبوو، پەردەیەک بـوو لە قـووڵایی مەملەکەتی هەر کچێکدا شاردراوەتەوە. کەسیش هەرگیز باسی ئەو پەردەیە ناکات. ناوی ئەو تاجە نەگریسە بە دەمی کەسـدا نـایە. کەس بـاسی نـرخ و بەهـاکەشی نـاکـات. کـچان دەزانـن شـتێکی گـرنگیان پێیە. دەزانـن لە لەشی ئەوانـدا گەوهەرێکی پیرۆز شاردراوەتەوە، بەڵام بۆ کەس باسی ناکەن؟ تا نەشکێ، کەس نایبینێ. پیاوان بیانکوژێ، ناوی ئەو تاجە لای کچەکانیان ناهێنن. سەریان ببڕێ و بیانخەیە ناو مەنجەنیقەوە، لەو تاجە نادوێن.

هەر ئەوەندەی کچێک ئەو تاجەی لێکەوت و شکا، دەنگی شکانی ئەو تاجە نهێنییە، لە هەموو دەنگێک بەرزترە. قیامەتی ڕاســتەقینە لەگەڵ شــکانی ئەو تــاجە و ئەو دەنــگە هەڵدەســتێ. دنیا وێران دەبێت، دنیای ئەو کــچە، مەمــلەکەتی پاشایەتییەکەی وێران دەبێت. ئەو کاتە کچ دەزانێ ئەو تاجە چەند گرینگ بووە کە لە پاشایەتی دەکەوێت. وەکو هەموو پاشاکانی دنیا. کە کچ لە تەختی پاشایەتی دێتە خوارێ، نابێتە وەزیر و شالیار. نا، دەبێتە زبڵ و فڕێ دەدرێت.

ئەڵماس تا ئەمڕۆش، کە مێردی کردووە و منداڵی هەیە. هاوڕێکانی دوور کەوتوونەوە و هەر یەکە و بە لایەکدا چوون، تاجەکەشی لەسەر نەماوە، بە خەیاڵی ئەو پاشایەتییەوە ژیان دەگوزەرێنێ.

فوئادیش شتێکی زۆر گرنگی نەبوو ئەڵماس سەرسام بکات. هەمیشە نیوە زەردەخەنەیەکی هەبوو کە لێی جوان بوو، کە زۆریش زەردەخەنەکە بکرابایەوە، دەدانە گەڕەکانی دەردەکەوتن و لێوە باریکەکەی تا بن کونەلووتی هەڵدەکشا و چاوە بچووکەکانی دیار نەدەمـان. کە زەردەکەشی نەمـابا، ئیدی مۆن و نەگریس دەبوو. بەڵام بـاش بـوو فـوئـاد ئەو زەردەخەنەی هەمیشە بە ڕووەوە بوو.

سەرەتـای پـاییز بـوو، فـوئـاد لە دایکی ئەڵماسی دا و فڕێی دایە سەر شۆسـتەکە و دەسـتی شکاند. هەر ئەو سـاڵە و لە بەهـاردا هەمـوو شـتێک تەواو ببوو. ئەڵماس لە پێشی تەکسییە خـاوێنەکەی فوئـاد دادەنیشت و سەیری شـاری دەکرد. ئەو سەردەمەش خۆش بـوو. هەم تـاجی پـاشـایەتییەکەی پێمابـوو، هەم ڕێگای نەدابـوو خۆشەویستی دڵی وێران کـات. ئەگەر ئێواران زوو فوئـاد هـاتبایەوە، ئەوە ئەڵماس خۆی دەگۆڕی، عەزیە شینە ژەنگارەکەی لەبەر دەکرد، ئـا ڕەنگێکی پیرۆزەیی کـاڵ. قـایشێکی بـاریک و ڕەش و جـووتە پێڵاوێکی نیوەبەرز و هەم ڕەش، کە پـاشـایەتییەکەی شکۆدارتـر دەکرد.

قژێکی ڕەشی ڕەونەقداریشی بەردەدایەوە. لە پێشەوەی تەکسییەکەی فوئاد، کە کورسییەکەی وەک کورسی پاشـاکان تۆزێک بۆ ئەو گەورە بوو، دادەنیشت. وەک یەکەمجار بێت بە شەقامی سالمدا سەرکەوێت، یادی ئەو ڕۆژانەی کە هەر دوێنێ بـوو، بەپێ لەگەڵ نەشمیل و ئـاڵا و پەخـشانی دڵیدا دەچـوونە ئـامـادەیی فریشتە و زۆرجـاریش ئێواران هەمـوو چواربـاخیان دەتەقـاندەوە. کوڕە چـواربـاخیەکان لەژێر لێوەوە بە یەکتریان دەگـوت "ڕزگـارییەکـان هـاتـن." کـچەکـانی ڕزگـاری هەرچەند زوو گیرۆدەی دڵداری دەبوون، بەڵام نەدەترسـان و هەریەکەیان چەقۆیەکی ئەبووئەڵقەی تیمساحی لە جەنـتاکەیدا بـوو. تەنـها ئـاڵایان شێتی کـوڕێکی چـواربـاخی بـبوو. ئەو خـوێڕییەش ئەوی خۆش دەویست، بەڵام نیوئەوەندەی کۆترەکانی نـا. جـا نـاوەکەی چەند نـاخۆش بـوو؛ عەدەی ڕەعنا دۆم. ئەڵماس نەیدەتوانی هەروا زوو ئەو شتانە بۆ فوئاد باس بکات.

فوئاد زووزوو دەیگوت:

- من سەرشەقامیم.

وەک سەرشەقام دوورگەیەک بێت لە جاوە.

به شەقامی مەولەویدا تا سەرشەقام دەڕۆیشتن. فوئاد تەنها لەبەر ئەوە حەزی لێبوو تا لەبەر سینەما دڵشاد سڵاو لە یەک دوو هاوڕێی کۆنی خۆی بکات و پێش ئەوەی بشگاتە خانەقای مەولانا خالید دوو هۆڕن بۆ دووکاندارەکەی سەر سووچەکە لێبدات کە خاڵۆزای بوو، تەنها بۆ ئەوەی خۆی بە ئەڵماسەوە بابدا.

لە دووەم یان سێیەم جاری پیاسەیاندا، ئەڵماس حەزی لێبوو بەپێ بە تووی مەلیکدا سەرکەون. ئەڵماس لێی پرسی:

- سەرشەقامییەکان حەزیان لە پیاسەی تووی مەلیک نییە؟

فوئاد گوتی:

- مەگەر بۆ نەگبەتی، دەنا سەرشەقام پێنج ئەوەندەی تووی مەلیک خۆشە.

ئەڵماس بە تەوسەوە گوتی:

- ناوبانگیشی زۆرە لە شەڕە گەڕەکدا، دەڵێن بە چوارباخییەکان ناوێرن.

فوئاد لە ژێرەوە پێکەنی. نزیکترین هاوڕێکانی ئەو چوارباخییانە بوون کە بە منداڵی سەریان شکاندووە. هەر بە پێکەنینەوە گوتی:

- هیچم پێ ناگوترێ من تازە دڵم شەهیدی ڕزگارییە.

فوئاد چووە شەقامە تەسکەکەی سابوونکەران و بەرانبەر حەمامی سابوونکەران لە کۆڵانێک تەکسییەکەی ڕاگرت. هاتنە خوارێ و ڕوانییانە کۆڵانە تەنگەکانی گەڕەکی گاوران و فوئاد گوتی:

- نەک ترومبێل عەرەبانەشیان پێوە ناچێ.

شۆڕ بوونەوە، خالید زامدار ئەو ڕۆژە هۆنراوەیەکی پیرەمێردی لەسەر دیوارەکە نووسیبوو، باسی خۆفرۆش و ڕووڕەشی دەکرد کە ئەڵماس ئێستا بیری نەماوە. هەموو کەس دەیزانی زامدار لە ڕێگای ئەو هۆنراوانەوە توانج لە حکومەت دەدات. فوئاد گوتی:

- ئەو پیاوە سەری خۆی دەخوا.

کە گەیشتنە بەردەرکی سەرا، ئەڵماس دوودڵ بوو. زۆر حەزی دەکرد بەرەو ئۆرزدی سەربکەوێت. لە دوکانە ڕازاوەکانی بڕوانێت و شەربەتێکی مێووژ لە مێووژی مام زۆراب بخواتەوە، بەڵام کوا دەرەقەتی ئەو هەوا فێنک و بانگکردنە گەرمەی شەقامی تووی مەلیکی دەگرت.

فوئاد وەک ئەرکێک دوای دەکەوت. وەک کەسێک حەزی لە ئەرکەکەی بێت. ئەڵماس دەیگوت:

- با بچینە سەرەوە دواتر دێینەوە بۆ لای ئۆرزدی.

فێنکی ئێوارە، تووی مەلیک بەهەشت بوو. سەدان، یان هەزاران کچ و کوڕی سەرگەرم و عاشق و چاوحیز و دەست بزۆز دەڕژانە ناوی. بە دەم پێکەنین و نیگاوە، لوقمەقازی و برمەیان لە دوکانەکان دەخوارد.

هەر ئەو ڕۆژە لە گەڕانەوەدا، لەبەردەم وێنەگری عومەر، فەراولە، کوڕەکەی نێرگزی سستەر، بە ڕیشێکی تەنک و قژێکی خاوەوە وەستا بوو. ئەڵماس سەرەتا ڕاچڵەکی، دواتریش بۆ ڕەواندنەوەی ترسەکەی، بە یەکجاری ویستی قسەی لەگەڵ بکات، بەڵام ئەو خۆی بە سەیرکردنی وێنەکانی ناو جامخانەکەوە خەریک کرد.

ئەڵماس ئەو عەزیە پیرۆزەییەی هەڵگرتبوو، قایشە ڕەشە باریکەکەش کە هەر تۆزێک لە قایشی سەعات ئەستوورتر بوو، پێڵاوەکانیشی. ئەوە سێ ساڵە ئەو جۆرە پێڵاوانەی لەپێ نەکردووە. ئەو شێتی ئەو پێڵاوە نیوەبەرز، یان نیوە کەعبانە بوو.

ئەو پێی وابوو پێڵاوی پاژنەبەرز، یان کەعبی تەواو بۆ ئەو ژنانە باشە کە بالآیان لە سەدو شەست سانتیمەتر کەمترە، بەڵام کە ژنێک بالآی سەدو شەست و سێ سانتیمەتر بێت و نیوەکەعبێکیش پێنج سانتیمەتر بەرزی کاتەوە، ئەوە سەدو شەست و هەشت، ئەوە بالآی ژنی تەواوە، وەک خۆی. ئێستا نا، ئێستا نەعل و ماکسییەک بۆتە میراتی مێردە ونەکەی.

دوای دوو ڕۆژ لە گەیشتنی نامەکەی فوئاد، زولێخا پاپووچێکی جوانی بۆ ئەڵماس کڕی، پێی گوت:

– دەبێ جلەکانت، دەبێ خۆت بگۆڕی. لەو ماتەم و شیوەنەت واز بێنی. ئەوە نامەشی هات.

– نامەی سەرسەرم، شکور دەڵێ سەلامەتە، بەڵام نامە بە ژنێکی تەنها چی؟ بە منداڵەکانی چی؟ ئەوان باوکیان دەوێت.

زولێخا گوتی:

– تۆ هەر ڕەشپۆش بە، تۆ خۆت بکوژە. بەو چی؟ ئیدی دەبێ ژیانت بگۆڕی.

زولێخا لە خانوویەکی یەک هۆدەیی، ڕووبەڕووی ماڵی ئەڵماس لەگەڵ دایکە نەخۆشەکەی دەژیا. باوەپیارەیەکی دێوەزمەی هەبوو، کە جارجار دەهات و سەری دەدان، گوایە کاتی خۆی دەستی بۆ زولێخاش بردووە. دایکیشی لەو کاتەوە بە نەحلەتی کردووە، کەچی ئەو هەر تەڵاقی نەداوە و لە کۆڵ نابێتەوە.

لەو سالآنەی شەڕدا ئەو دوو ژنە، زولێخا و ئەڵماس، هەرووکیان گۆڕان. برینی دڵیان هەر لەوێ، لە بەردەم دەرگای ئاودەستەکە لەبن بەردێک دانابوو. دوعا و پاڕانەوە کاریان بوو، ژنانیان کۆ دەکردەوە و زیکریان دەکرد. هەم ژیانیان دەست دەکەوت و هەم خودایان ڕازی دەکرد. زۆر شتیان وەک یەک بوو، تەنها تەمەنیان جیاواز بوو، ئەڵماس نزیکەی سێزدە ساڵ لەو گەورەتر بوو.

ژنەکان هەموو هاوخەمی یەکتر بوون. لە هاوخەمیدا تەواو لە یەکتر دەچوون، یان باشتر لە خەمباریدا. مەلوولی و تەمی ژیان لە سەروچاویان نیشتبوو. خەم، خەمی دووری و خەمی شەڕ، خەمی تەنهایی، ژن ڕادەوەشێنێ، وەک ئەو شلکەدارانەی ڕەشەبا لێیان دەدا تاکە کوڵوکێکیان پێوە نامێنێ. ڕەشپۆشی و خۆپێچانەوەشیان. ئا، گریانیشیان. نا هەر تەواو وەک یەکتر بوون. دوعا و پاڕانەوەیان ترسان و تۆقینیان. هاوار و قیژەیان. ئا، تەواو وەک یەک بوون.

زولێخا، ئا زولێخاش دڵی بریندار بوو. برینێکی بەتاڵ و سارد، قووڵیش. ژنەکانی کۆدەکردەوە، هەفتەی جارێک، یان دووجار، جارێک بۆ زیکر و دەف، جارێک بۆ خوێندنەوەی میعراجنامە و کتێبەکانی دیکە. بە یەک نەزم دەگریان، بە یەک نەزم دەپاڕانەوە، بە یەک نەزم سەریان دەسووڕاند و بە یەک نەزمی مرۆڤکوژانە قژیان ڕادەوەشاند. هەناسە و ناڵەی (هەی) تا حەوت تەبەقەی ئاسمان ڕانەدەوەستا. کوڕانی گەڕەک، هی گەڕەکەکانی ئەمدیو و ئەودیویش دەهاتن:

– بۆ کوێ؟

– ماڵەکەی کانێسکان.

– دیسان زکرە؟

– زکر و حەی ئەڵڵایە.

ئەو کوڕانە لە پەنا دیوار و کۆڵان و ماڵە نزیکەکان خۆیان مات دەدا. دەنگی زولێخا نەک ئەو دیوارە کۆن و پەرپووت و قەڵشیوانەی ماڵە کۆنەکانی کانێسکان، دەنگی زولێخا دیواری ئاسن و قورقوشمیشی دەتواندەوە. هەر بە هەمان

شێوە تەبەقەکانی ئاسمانی دەبڕی، کە یەکەمیان دووکەڵ و دووەمیان ئاسن و سێیەمیان مس و چوارەمیان زیو و پێنجەمیان زێڕی سوور و شەشەمیان یاقووتی سەوز و حەوتەمیان دوڕی سپییە،، کە دەیگوت، بە سەداوە دەیگوت:

- هەندێ ژنم دیت.. وەک بگریەت، قووڵ هەناسەی دەخواردەوە، دواتر دەیگوت:

- جەرگ و هەناوی خۆیان لە دەمدا،

ئەیانخوارد لەگەڵ بڵێسە و تەمدا

کە دەنگی گریانی ژنە دەروێشەکان بەرز دەبۆوە، ئاسمانی کانێسکان پڕ دەبوو لە کۆتر و فڕۆکە جەنگییەکان دوور دەکەوتنەوە و دڵی کوڕەکانی شار پڕدەبوو لە خوێن. ئەوانیش لە پەنا دیوار و کەلێنی کۆڵانەکان دەگریان و ئاهیان هەڵدەکێشا، بەڵام کە هەڵدەستان بە یەکتریان دەگوت:

- چییە خۆت تەڕ کردووە؟

- تۆش ئەوە پێتدا دێتە خوارێ.

مەریوانی گێژووێژ دەیگوت:

- جا کێ بە دەنگی ئەو ژنە خۆی تەڕ ناکات؟ دیوارەکانیش ئەوەندە ئاویان هاتۆتەوە خەریکە بتلیسێنەوە.

هەموو کانێسکان زولێخایان دەناسی. کەس نەبوو لە سلێمانی زولێخای دەروێش نەناسێ. یەکەمجار دوای گریان و پەشیمانی زەکیەخانی تاهیری دەرمان یەکەم کەس بوو لەناو ژنەکاندا، هەستاو چووە بەردەم زولێخا و دەستی گرت و دەستی ماچ کرد. ماچی کرد و لە چاوە دەرپەڕیوەکانی ڕێژنەیەک فرمێسکی پەشیمانی و خەتا و ژنبوونی ڕۆکردە ناو کۆشی. زولێخا دەستی دادە زەکیەی ماچ کردەوە و باوەشی پێدا کرد. دادە زەکیە هەستی بە سنگی کرد، وەک کارەبای کەوتبێتە سەر، یان ماسییەک لەسەر سنگی خۆی ڕاوەشێنێ. زولێخا جووڵا، لە باوەشی دادە زەکیەدا جووڵا و قردێلەکەی سەری کردەوە. قژە درێژ و خاو و ڕەش و قورسەکەی بڵاو بۆوە هەموو ژنەکان هەستانە پێ. قژیان کردەوە، یەکەمجار زولێخا هاواری کرد:

- حەی...

دادە زەکیە بە دەنگی پڕ گریان و لێوی تەڕەوە، گوتیەوە..

- حەی...

ژنەکان تێکڕا هاواریان کرد

- حەی...

یەکەمجار بۆ لای ڕاست، جا لای چەپ.. وەک هەزاران کۆتر لەسەر سەریان هەڵفڕێ، کۆتری کلک و باڵ درێژ. هەزاران کۆتری، ڕەش و زەرد و خورمایی بە ڕەنگی قژیان. جەنگ چەند قورستربایە، زکری ئەوان قورستر و قژیان درێژتر و دەنگیان غەمگینتر دەبوو.

نامەکەی فوئاد گڕوتینێکی تازەی دابوو بە کۆڕی زکرەکان. وێنە و وشەکانی نامەکە شوێنی غەریبی فوئادیان گرتبۆوە، ڕۆژەکان تێدەپەڕین و چاوی ئەڵماس ماتتر دەبوو. ئاسۆ، تۆ بڵێ زەینەڵ گەورە دەبوو، گەورەبوونی هەتیوێک، گەورەبوونێکی نامرادانە. تەنها زولێخا ڕۆژبەرۆژ ژنیەتی زیاتر تەنگی پێهەڵدەچنی.

سێ ساڵ بەسەر نامەی یەکەمدا تێپەڕی، نامەی دووەم نەهات. ڕۆژێک کە زکرێکی خەستیان کردبوو، دەبوو کەسێک لە دەرگا بدات. لێشیان دا، ئاسۆ دەرگای کردەوە. پیاوێکی کەڵەگەتی ڕیش تۆپی سوور و سپی پرسیی:

- دایکت لەماڵە؟

ئاسۆ بانگی دایکی کرد. ئەڵماس خان هات و فەرمووی لە پیاوە کرد. هاتە ژووری، لە هەیوان دانیشت، گوتی:

- من ماڵم لەودیوی ئێوەیە. باش دەتانناسم. کاک فوئادیشم دەناسی. خەبەری تازەی نییە؟

- سێ ساڵە نامەی نەهاتووە.

دواتر ئەڵماس خان گوتی:

- مامۆستا مەلا شەفیق چۆن ناتانناسم؟ بەخێر بێن.

مەلا بە پێکەنینەوە گوتی:

- مەلا شەفیقە کۆڵە.

- کۆڵی تاجی پاشایەتییە لە سەربازی و مردن ڕزگارت دەکات.

هەردووکیان پێکەنین. مەلا گوتی:

- بەو زکرە کارێکی باش دەکەن. ئەو کچەش دەنگی گونجاوە. هەم بۆ خۆی خێرە و هەم بۆ خەڵکەکە.

ئەڵماس پرسیی:

- مەبەستت کێیە؟

- ئەو کچە ڕووسوورە، ئەوەی زکرتان بۆ دەخوێنێتەوە.

- زولێخا.

- ئا، ناوەکەشی پیرۆزە. جا بۆ ئەوە هاتووم چاوم پێی بکەوێت و دەست خۆشیی لێبکەم.

چەند جاری دیکە هاتەوە، دانیشت و قسەی کرد. لە سێیەم جاردا مەلا شەفیق زولێخای دیت و پێی گوت:

- ئەوە دەنگی تۆیە، وامزانی ژنێکی..

زولێخا گوتی:

- پێشتر یەکترمان دیوە. لە بەردەم مزگەوتی دوودەرگا.

- من هەر لەوێم. نەمدەزانی ئەو دەنگە هی ئەو کەسەیە. خوا جەزات بداتەوە. چ هێزێک لە دەنگتدایە.

زولێخا تۆزێک سڵەمییەوە. مەلا ڕوونتر:

- من تەنها بۆ ئەوە هاتووم. دەنگی تۆ خۆشە. زکری تۆ جوانە، بەڵام دەنگی تۆ بۆ زکر نابێت.

ئەڵماس سەرسامتر، کە مەلا هەستی بەم سەرسامییەیان کرد، گوتی:

– بۆ خـودا پێتان دەڵێم. ڕاسـتە زکـر دەکەن. بـاسی خـوداو قیامەت و دۆزەخ دەکەن. دەنـگتان دەگـاتە مـاڵی ئێمەش. لە کۆڵانەکانیش گوێیان لێیە. پیاو نییە بەرگەی ئەو دەنگە بگرێت. نوێژێکی عەسرانم بەرناکەوێت.

ئەڵماس پرسیی:

– ئاخر بۆ؟ ئەوە چ پەیوەندیی بە ئێمەوە هەیە؟

– یەکەم ئەوە دەنگی ژنە. دووەم گـوتـم بەهێزە دڵ دەڕووخێنێ. سێیەم ئەو دەنـگە ئەگەر لە دۆزەخیشەوە بێت، پیاوە دوای دەکەوێت، پیاو کەرە.

زولێخا وەڵامی نەدایەوە، ڕاسـت ڕۆیشت. مەلا هێمن و ئـارام دانیشبوو. خەیاڵاوی دەسـتی لە ڕیشی نـابـوو. لەسەرخۆ گوتی:

– بۆ ڕزگارکردنی ئەو کچە، بۆ بژێویی ژیانی، بۆ دنیای دیشم، من دەمەوێت ئەو کچە بخوازم.

ئەڵماس سەرسام و تاساو، ئەو گوتییەوە:

– من دەمەوێت ئەو ژنە بخوازم.

ئەڵماس نەیتوانیبوو کەس لە ماڵەکەی دەربکات. لەجیاتی دەرکردن گوتی:

– تۆ ژن و منداڵت هەیە.

– لە پێناوی خودا، ئەوانیش دەبێ قبوڵی بکەن.

ئەڵماس گوتی:

– ئەگەر ئەو نەیەوێت؟

مەلا بەوپەڕی باوەڕبەخۆبوونەوە گوتی:

– ئەو دەیەوێت. دەنگی، سەداو ئاوازی، بانگت دەکا، بانگی پیاو دەکات.

– نا، مامۆستا نا، ئەو بانگی پیاو ناکات. ئەو ڕقی لە پیاوە، ئەو بە بۆنی پیاو تێکدەچێ.

– نـا، خـوشـکم نـا، ئەو تەحەمـولی حەزی خۆی نـاکـات. ئەو وەک مـنداڵێک وایە بیەوێت دڵۆپێک کە لە دڵیدایە، پـانی بکاتەوە. حەزی ژن بۆ پیاو ئەو دێوەیە بەو پێیە منداڵانەی ئەو ژنە پان نابێتەوە.

ئەڵماس چووە ژوورێ، مەلا ئەوەی لەبیرچووبۆوە کە ئەویش مێردی ونە و لە ڕیزی بێ مێردانە. مەلا هەستا و ڕووی لە دەرگای داخراوی ئەڵماس کرد:

– پێی بڵێ. من دێمەوە بۆ جوابەکەی.

مەلا تۆزێک دوور کەوتەوە و گەڕایەوە، دەمی بە درزی دەرگاکەوە نا و گوتی:

– ئەوەش بـــزانە. تۆ بۆ خێر وادەکەی. خێرەکەتـــان شەڕە. عەقڵی پیاو و گەنجی ئەو ســـلێمانییەتـــان تێک داوە. پیاو کەمەری شلە لە میزی منداڵ شلترە.

مەلا ڕۆیشت. زولێخا وەک ئاگای لە هەموو شتێک بێت، لەگەڵ ونبوونی مەلا هاتەوە ژووریّ، بانگی ئەڵماسی کرد، ئاسکۆڵ لە مەکتەب بوو. ئاسۆ، تۆ بڵێ زەینەڵ لە ژوورەکەی دیکە بوو. ئەویش گەورە ببوو بە هەموو شتێکی دەزانی. هەر ئاوا درکێک، درکێک و تیژ بە دڵیدا چووبوو.

پێش ئەوەی ئەڵماس دەرگەی ژوورەکەی خۆی لێبکاتەوە، زولێخا پرسیی:

– ئەو سەگە چیی دەویست؟

ئەڵماس دەرگاکەی کردەوە، سیحربازانە سەیرێکی زولێخای کرد:

– تۆ، بۆ تۆ هاتبوو. داخوازیی تۆی دەکرد.

زولێخا نەرمتر. پێکەنینێکی عەیارانە کەوتە سەر ڕوخساری و گوتی:

– داخوازی! خۆ خراپیش نییە.

-4-

ئاسۆ گەورە بووە، ئا، گەورە و تەواو. لە ژوورە بچووکەکە دەنوێت و ئەڵماس و ئاسکۆڵ بەیەکەوە دەخەون. هەر لەو ژوورەی کە لێی دادەنیشتن و نانیشیان لێدەخوارد. ئاسۆ عەرەبانەیەکی سێتایی هەیە. باوەپیارەکەی زولێخا بۆی پەیدا کردووە. زولێخا لە زکری خۆی ناکەوێت. لە ناوەندی ژنەکان ڕادەوەستێ. بە باڵایەکی بەرز و قژێکی ڕەشی قورسی درێژەوە، حەی ئەڵڵا دەکـــات. ژنەکـــان وەک بـــازنە لە دەوری دەئـــاڵێن. ڕیزی یەکەمیان دەفی لێواربەئەڵقەیان پەیدا کردووە، بە نەوای خۆڕاوەشـاندنی ئەوان لێی دەدەن. لەگەڵ هەموو حەی ئەڵڵایەکدا زولێخا تا کەمەر دادێتەوە، قژی وەک قامچی بە زەوییەکە دەکەوێت. وەک ئەوەی بیەوێت زەوی قامچیکاری بکات و لە تاوان پاکی بکاتەوە. هەناسەی تووند و بەنرکە دەدات. ئاسۆ پێی وایە ئەو هەناسانە بەر دیواری ئاسن کەون، کون کونی دەکەن. تێپەڕینی ساڵەکان، کارێکیان بەسەر زولێخاوە نییە، جگە لەوەی بەهەیبەتتر و توندتر و بەڕەونەقتری دەکەن.

گەورەبوونی ئاسۆ تەنها سمێڵ بۆرکردن و تووکە حەرامە و دەنگە بۆڕەکەی نەبوو. ئەوانە هەموو ڕوویان دابوو، بەڵکو بەجێشیان هێشتبوو. زیپکەکانی دەموچاوی هەم زوو بڵاودەبوونەوە، هەم زۆرجار جێگاشیان لەسەر ڕوخساری جێ دەهێشت. نەک تەنـــها ئەوانە، جەســـتەی وردەوردە گۆڕابـــوو. گۆڕانێک خۆشی هەســـتی پێنەکـــردبـــوو. هەمـــوو سەرەکانی لەشی ئەوەندەی دەکرێ، گەورەببوون، بە سەری لووتیشیەوە کە شاردنەوەی ببوو بە ئەرک.

ئەو نیوەڕۆی هاوینەش ئاسۆ لەبەر گەرما هاتبۆوە ماڵ و عەرەبانەکەی لە حەوشە ڕاگرتبوو. ئەو دەیویست لەو بێ کارەباییە و لەو گەرمایەدا بخەوێ. ئا، نیوەخەویش ببوو، کە گوێی لە دەنگی زولێخا بوو. کە سەری بەرز کردەوە، لە پەنـــجەرە بـــچووکە نـــزمەکەی ژوورەکەیەوە ڕوانیی. دیتی زولێخا لە حەوشە، لەبەر بەلـــوعەی حەوزە بـــچووکەکە دەستنوێژ دەشوا. ئەو تا ئەژنۆکانی خۆی هەڵکردبوو. ئا، تا ئەژنۆکانی، ئاو و دوعای بەسەر ئەو گۆشتە پتەو و لووسەدا دەخوێند، کە نەک دوعا، ئاویشیان لەسەر نەدەگیرسایەوە. دەستی بە لاق و بەلەکیدا دەهێنا.

ئاسۆ نەیزانی کێ چووە ناو خوێنییەوە. نا نەیزانی. هەزار، ئا تەواو هەزار خێو و جنۆکە و شەیتانی بچووک بچووک. ئـا زۆر بـچووک، هەر هێندەی ئەو ژن و پیاوانەی بە سیحر بـچووک دەکـرێنەوە، هەر هێندەی کەڵەمـووسـتێک، بەڵام هەزار لەو شەیتانە بچووکانە هەر لە چاویەوە چوونە ناو هەموو لەشی. یەکەمجار چوونە ناو خوێنی، ناو مۆخ و کەللەسەری، ناو سییەکانی، ناو دڵی، ناو هەموو ماسولکەکانی، ڕۆیشتن تا چوونە ناو جووتە گونی. خوێنی لەشی وەک سەدان کانیاو تەقییەوە، ئەو شەیتانە بچووکانە لە چرکەیەکدا زاوزێیان کرد. هەر هێندەی زانی شتێک، بەشێک لە

لەشی وەک ئاسنی سوورەوەکراو بەدەستیەوەیەتی، خێراخێرا دێ و دەچێ، خەریکە گۆمی خوێنی دڵی لەگەڵی قوڵپ دەدات و هـا، ئێستا نـا، چـرکەیەکی دیکە دەفرێت. لەپڕ، لەپڕ و بـروسـکەئـاسـا، بـروسـکەئـاسـا و گـوللـەئـاسـا ڕێژنەیەک گوللەی سپی لەناو دەستیەوە، کە دەشێ هەر هەمان ئەو شەیتانە حەرامزادانە بن لە چاویەوە هاتنە ناو خوێنی، ئا، لەو شتەی نـاو دەسـتیەوە، نـا نەیزانی لە کـوێیەوە، دەرپەڕی و بەر ڕووکـاری شـووشـەی پەنـجـەرەکە کەوتـن. تەرمی ئەو هەموو خێو و شەیتانانە، کە بەرگەی گەرمیی جەستەی ئەویان نەگرتبوو، تۆپەڵ تۆپەڵ بەر پەنجەرەکە کەوتن و پێیدا شۆڕ بـوونەوە، تەرمەکـان هێشتا هەنـاسە و گەرمیی ژیانیان لێهەڵدەسـتا. ئـاسۆ هەر خێرا گۆرەوییەکـانی داکەنـد و پەنجەرەکەی پێ سڕییەوە. لەو کاتەدا زولێخا هەستایە پێ و بێئەوەی چاوی لە پەنجەرەکە بێت، گوتی:

– ئاسۆ ئەوە لە ماڵی؟

ئاسۆ کە هێشتا کاسی بۆنی تەرمی خێوەکان بوو، وەڵامی پێنەدرایەوە. گوێی لێبوو لەگەڵ ئەڵماس قسە دەکات:

– بۆچی خۆت پێی ناڵێی؟

ئەڵماس هێواشتر دەڵێ:

– نا، تۆ پێی بڵێ. قسە لە تۆ وەردەگرێ.

ئـاسۆ خەوی لێکەوتـبوو، خەوێک وەک تـارایەکی ڕەشی هەزار چین کەوتـبووە سەری. دەیزانی خەوتـووە، دەشیزانی دەبێ هەستێ. دەبێ هەستێ و بچێتەوە بازاڕ. جەستەی شل ببوو، بە قسەی نەدەکرد. هیچ هەوڵێکیشی نەدەدا. تا ئەو قسەی هـاتەوە مێشک "تۆ پێی بڵێ" چی، بە کێ بڵێ؟ دەبێ چاویان لێبووبێ، کە ئەو هەموو شەیتانە بچووکە هێرشیان کردە سەری. خۆ ئەو کاتە ئاسۆ هیچی نەدەدی. تەنها بەلەک و لاقە سپییەکانی زولێخا نەبێ. زولێخا بەنیازە چیی پێ بڵێ؟ چۆن بـتوانێ تەمـاشـای کـاتەوە؟ هەسـتـا، ئێوارەکەی درەنـگ کـردبـوو. گۆرەوییەکـانی کە تەرمی خێوەکـانی پێوە وشک بووبۆوە، توونـد لەناو دەستی گرت. بەرەو عەرەبانەکە چوو، تا بیباتە دەرێ و بڕوات و لە چاوان ون بێت.

گوێی لە زولێخا بوو:

– ئاسۆ مەڕۆ، تازە درەنگ بووە.

ئاسۆ ڕاوەستا، گۆرەوییەکانی لێکەوتنە خوارێ. زولێخا گەیشتبووە لای. گۆرەوییەکانی هەڵگرتەوە، گوتی:

– چ بۆن تەگەیەکیان لێدێت! با من بیانشۆم.

ئاسۆ لە شەرمان چووە حەمامەکە. واچاکە خۆی بشوا. لەشی قورس و چەور بوو. گوێی لێبوو زولێخا دەڵێ:

– دەڵێی سەد ساڵە نەشۆراون. سەگ پێیاندا ڕشاوەتەوە.

ئاسۆ بێدەنگ خۆی دەشوشت. کەفی لە سەروچاوی خۆی دەدا. دەنگی زولێخا لە حەمـامەکە دەنگی دەدایەوە، دەسـتە نەرمەکانی، ئـاو و گۆرەوییەکـانی نـاودەستی. هەمـوو دنیای لێدەبـووە لاقەکـانی زولێخا. خـودایە چ نیعمەتێکن. ڕێژنەی گولله سپییەکان وەک تەرمی هەزاران خێو و جنۆکە تێکەڵ کەف و ئاو دەبوو. لە جیاتی گەرووی ژیان، بە زێرابەکەدا شۆڕ دەبـوونەوە. خۆی بە ئـاوەکەوە خەریک کـرد. ئـاو بەتـایبەتی لە حەمـامـدا نـزیکترین هـاوڕێیە لە گەنجێکەوە. ئەو ئـاوەی ئێستا ئەو بەخۆیدا دەکـات، دەبێ بەسەر چەنـدان کەسی دیکەدا ڕژابێ. هەر هەمـان ئـاوە کە زولێخا بەخۆیدا دەکات. ئاو چەند بێشەرمە دەچێتە هەموو جێیەکەوە.

کە هاتە دەرێ، دنیا تەواو تاریک ببوو. دایکی گوتی:

– بۆ هێندەت پێچوو؟ زولێخا چەندت لەسەر ڕاوەستا.

ئاسۆ تەماشایەکی دایکی کرد، هیچی وەڵام نەدایەوە. دیسانەوە گوتی:

- دەیویست دوو قسەت لەگەڵ بکات.

ئاسۆ تۆزێک تووڕە، ئاخر کەوتبووە تەمەنی ئەو گەنجانەوە لەگەڵ هەموو قسەیەک، تۆزێک تووڕە دەبن، یان هەر قسە ناکەن، گوتی:

- من هیچ قسەیەکم لەگەڵ ئەو نییە.

دایکی بەوپەڕی دوودڵی گوتی:

- ئەو هەیەتی. پێت بڵێ باشترە.

ئاسۆ تۆزێک پەشۆکا، زیاتریش ترسا. لە خۆی پرسی: چی؟ دەبێ لەودیو پەنجەرەکەوە نەیدیبێت؟ کە پرسیاری ئەو ڕەوە جنۆکەی لێبکات، کە وەک ڕێژنەی بارانێکی گەرم بە پەنجەرەکە کەوتن، چی وەڵام بداتەوە؟

بۆ یەکەمجار گوتی:

- بەنەحلەت بی، بەنەحلەت بی زولێخا.

کە ڕاستیت دەوێت، ئەوەش قسەی خۆی نییە. قسەی مەلا شەفیقە کۆڵەی مزگەوتی دوودەرگایە. ئەودیو دیوی گەڕەکی شێخان و شێخ مستەفا و هەموو کانێسکان هەموو ئەوە دەزانن. مەلا شەفیق هەر ژن ببینێ دەڵێت:

- بەنەحلەت بی زولێخا.

مەلا شەفیق هەموو ساڵێ سێ چوار جار دەهات. ئەوانیش بە هاتن و قسەکانی ڕاهاتوون. ئەڵماس کورسییەکی نایلۆنی ڕێ ڕێی شینی بۆ لە هەیوانەکە دادەنا. ئەوانە شەش کورسی بوون وەختی خۆی کە تازە مێردی بە فوئاد کردبوو لە کەرکووکەوە هێنابوونی. مەلا هەمیشە دەیگوت:

- دەنگی خۆشە، زکری جوانە، بەڵام ئەو دەنگە بۆ زکر نابێ.

ئەڵماس وەڵامی نەدەدایەوە. ئەویش تۆزێک دادەنیشت و جگەرەیەکی زەلی دەکێشا. پێش ئەوەی بڕوات، دەچووە بەردەمی ئەو ژوورەی ئەڵماس خۆی تێدا بە کارێکەوە خەریک کردبوو، دەیگوت:

- من دەمەوێت ئەو کچە بخوازم.

ئەڵماس، وەک یەکەمجاری بێ گوێی لەو قسەیە بێت، دەیگوت:

- بۆ داخوازی هاتووی، خۆ خراپیش نالێ.

کە زولێخاش دەهات و بۆی دووکەڵی جگەرەکەی دەکرد، دەیگوت:

- پێناچێ ئەو پیاوە ئەوەندە بۆ من بێتەوە، دەشێ نیازێکی دیکەی هەبێت.

ئەڵماس بە چاوێکی مۆنەوە دەیڕوانییە زولێخا و دەیگوت:

- ئەو قسانە لە تۆ ناوەشێتەوە.

زولێخا برینێک لە دڵی بوو، برینێک بە تاڵ و سارد، قووڵیش.

***

مەلا لە بـــن هەورەبـــانەکەی مـــاڵی خۆیانەوە گــوێ ڕادەگــرێ. ئەو هەمـــوو گەنـــج و هەرزەکـــار و پیاوە کـــامڵ و سەرسەرییانەش دەبینێ. لەبـن دیوار و کەلاوە و ئەمـلاوئەولا خۆیان مـات داوە. لەگەڵ دەنگی زولێخا، لەگەڵ زکـر و هەنـاسەبڕکەکـانیدا، هـاوار و دۆزەخ و ئـاگرەکەی، بە هەزاران جنۆکە و خێو و دێو، ڕێژنەی گـولـلەی سـپی، سـپی و دووکەڵی، بەدار و دیوار دەکەون و کـــاروانی ئەو هەزاران خێو و درنـــجە بەرەو ئـــاســـمانی تەنـــک و بۆش ڕێچکە دەبەستن. مەلا کۆڵە هاوار دەکات و دەڵێ:

– شەیتان، شەیتان ماڵی کاول کردین.

تا ئەو ڕۆژەی مەلا شەفیق لە ناوەندی زکر و تەهلیلەی ئەواندا لەسەربانەوە هاواری کرد:

– شەیتان، شەیتان شارەکەی داگیر کردین. خەڵکینە وریابن شەیتان نەچێتە دڵتانەوە.

خەڵک بە سەرســـامی و دوودڵییەوە دەیانڕوانییە ئەو مەلا پڕ عیلم و زانســـت و نـــوورە، بۆی دڵگران بـــوون، تـــا ئەو ڕۆژەی دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆوە کە مەلا شەفیق بۆ ئەوەی خۆی بە یەکـــجاری لە دەوڵەت و لە سەربـــازی بـــدزێتەوە، خۆی شێت کردووە و بە کزی و خوداپەرستییەوە دەڵێت "شەیتان شاری داگیر کردووە."

مەلاش هەردوو پیاوی مەعـقولی گەڕەکی دیبایە، ڕێگای پێدەگـرتـن و وانەی خـودانـاسیی دادەدان. ئەو ڕۆژە ئـاسۆش ئاگای لێبوو کە جەلال سووژن کە بە جەلالی هەلاجیش دەناسرا، لەگەڵ کوڕەکەی گرتبوو، پێی دەگوتن:

– ئێوە نـابینن، ئێوە گـوێتان نییە. چۆن ئەو گەڕەکە مـوبـارەکەی ئێمە بۆتە مەکۆی کۆبـوونەوەی شەیتان و فـاسـقان. نـابینن لەجیاتی نوێژ و بەرەکەت لە سەربـانی مـاڵەکانمانەوە خێو و جنۆکە بۆ ئـاسمان دەنێرین. خۆ ئێوە هـاوسێیانن، شەیتان چۆتە ناو لەشی ئەو زولێخایەوە، ئەویش نازانێ بۆتە سەربازی شەیتان. تەنها بە شـووکردن ڕزگاری دەبێت، پێی بڵێن با شوو بکات. داخوازیکەری هەیە.

کوڕەکەی جەلال سووژن یەکسەر گوتی:

– داخوازی، خۆ خراپیش نییە.

مەلا زانیی ئەوە قسەی زولێخایە و هەر بۆ خۆی بڵاوی کردۆتەوە، بۆیە گوتی:

– هەی بەنەحلەت بی زولێخا.

***

هەر ئەو ئێوارەیە، ئـا، هەر ئەو ئێوارەیەی ئـاسۆ نیوەی ئـاوی کـانێسکانی بەخۆدا کـرد، خۆی گۆڕی و ویستی بێدەنـگ بچێتە دەرێ و تـا نیوەشەو نەیەتەوە. خۆی لە ڕووشـکانەوە و پـرسیارەکـانی زولێخا و ئەو قـسانەی دایکی دەیگوت دەبێ ئەو پێت بڵێ بـدزێتەوە. هەرکە گەیشتە بەر دەرگـای حەوشە و دەرگـای کـردەوە، دیتی دایکی و زولێخا پێکەوە وەسـتاون، زانیی، هەر بە ڕەنـگ و ڕووخـساریانـدا زانیی بـاسی ئەو دەکەن. دایکی ڕەنگێکی زەردی کـاڵی خەمگینانە چـووبـووە سەر چـاوەکـانی کە نـاشیرنیش نەبـوو. دایکی هەروا بۆ خۆی خەمـبار و دڵشکاو دیاربـوو. ڕۆژبەڕۆژ درزەکـانی دڵی فـراوانـتر دەبـوون. دەبـوونە قەڵش و لەبەریەکـچوون. نـامەکەی بـاوکیشی کە نـزیکەی دە سـاڵ بەسەر گەیشتنیدا تێپەڕیوە کـاریگەریی نەمـابـوو. ئـاسۆ حەقی ئەوەی دەدایە لەسەر کـارەکەی، کـارە نـابەجێیەکەی ئەمڕۆی سەزەنشتی بکات. دایکی قسەی نەکرد، نا هیچی نەگوت بە دوو چاوی پەرۆش و پڕئاو و تا قیامەت قووڵەوە تەماشای ئاسۆی کرد. زولێخا زانیی ئیدی ئەڵماس بەرگە ناگرێ، گوتی:

– تۆ بڕۆوە ژووری، من قسەی لەگەڵ دەکەم.

لەگەڵ ئەو قسەیە دەستی ئاسۆی گرت. ئاسۆ وەک دەیان کچی ڕووت خۆیان لێخشاندبێ، هەموو ئازای بەدەنی هەستا پێ.

زولێخا پرسیی:

– ئەوە چیت بەسەر هاتووە؟ بۆ وا گۆڕاوی، هەی بێوەفا.. ئاخر زولێخا ڕاستی دەکرد دەیان جار دەستی ئاسۆی گرتبوو، لە باوەشی کردبوو، سەری خستبووە ناو باوەشی، ئەویش بەسەر سینگیدا گریابوو. دەیانجار جلی لێگۆڕیبوو. درێژەی دایە:

– وەرە، وەرە ئەم ئێوارەیە لە ماڵی ئێمە، پێکەوە نان دەخۆین.

دایکی ئاسۆ بانگی زولێخای کرد و بە سرتەوە پێی گوت:

– ئاگات لێی بێ. یەکسەر پێی مەڵێ. ناسکە. من دەیناسم، تۆش، دڵی وەک شووشە ناسکە. ئەگەر زانیت بۆت ناکرێ، یان ئامادە نییە جارێکی دیکە، شەوێکی دیکە پێی بڵێ.

چوونە ژووری، تاکە هۆدەکەی ماڵی زولێخا، نانیان خوارد و قاپەکان هەڵگیرانەوە، چا تێکرا و تێکرایەوە. ئاسۆ بە پارێزەوە دەیڕوانییە زولێخا، کە هەر بەو چاوەوە تەماشای نەکردووە، زولێخا وەک لەگەڵ کوڕ، یان مێردی خۆی دانیشتبێ شەرمی نەدەکرد، قژی بەردابۆوە، لەچکەکەی لە ملی کردبۆوە، ملوانکەیەکی شینی دەنک وردی لە مل بوو، ئاسۆ ڕوانییە گەردنی، وەک گۆرانیبێژ دەڵێت "یەکپارچە مەڕمەڕی ڕووتە" بەڵام تەواوی نەکرد. زولێخا گوتی:

– ئەو ملوانکەیە لە منداڵییەوە لە ملمە. دایکم بۆ چاوەزار لە ملی کردووم.

ئاسۆ چاوی لادا. سمتی لە ژێر کراسی خزدا، بەلەکی، مەمکی پیاوکوژی. ئاسۆ هەر چاوی لادەدا و سوورتر دەبۆوە. دواجار گوتی:

– دەستتان خۆش بێت دەبێ بڕۆم.

زولێخا گوتی "نا" بە تیلەی چاو تەماشایەکی دایکە پەککەوتەکەی کرد کە لەوێ لە سووچێک ڕاکشابوو. بە ئیشارەتی لێو گوتی "با بخەوێ". ئاسۆ خۆی بۆ ئەوە ئامادە نەکردبوو. دەیویست بە هەردوو دەست بە سنگی ئاسماندا بکێشێ و هەرچی خەوە هەڵیڕێژێتە ناو چاوەکانی دایکی زولێخا. خودایە ئەمڕۆ چی لە ئاسۆ قەوماوە ئاوا شەیتان چۆتە ناو دڵیەوە. ئەوەش دەبێ بزانین کە ئاسۆ لەناکاو و هەر ئەمڕۆ نەگۆڕا. زۆریش نییە گۆڕاوە، دەشێ زۆریش بێت. چەند مانگ پێشتر، ئا دوو مانگ پێشتر، ئەو ڕۆژەی کە ئاسکۆڵی خوشکی گەڕایەوە ماڵ و بە دەنگێکی شاد و پڕشەوقەوە هاواری کرد "یەکەم بووم" ئاسۆ بەرەوڕووی چوو، ئەویش یەکسەر خۆی فڕێ دایە باوەشی و توووند یەکتریان ماچ کرد، زولێخا ئەو ڕۆژە بە ئاسۆی گوت:

– ئەو کچە ئەوەندە لە باوەش مەکە ڕوومەتیت سوور کردەوە.

ئاسۆ قسەی نەکرد، بەڵام پەشۆکا، چ ماچێک بوو لە دەمی هاتە دەرێ، بۆ دەڵێ "ئەو کچە"، ئەو کچە ئاسکۆڵی خوشکی خۆی نییە؟ دواتر هەر ئەو ڕۆژە کە باسی ماچ و سووربوونەوەی کرد، قسەکانی مەلا شەفیقە کۆڵەی بیرکەوتەوە کە ئێستا بە مەلا شێتەش بانگی دەکەن. "ئەو ژنە نابێ دەنگی ئەوەندە بەرز کاتەوە پیاو شێت دەکا، ئاخر پیاو کەرە."

هەر ئەو ڕۆژە و ڕۆژەکانی دواتریش سەدان شەیتانی نێری پڕ شەهوەت و هەوەس لە سنگی ئاسۆیان دابوو. هەزاران شەیتان و هەریەکەیان سەرنجی ئاسۆیان بۆ شتێکی زولێخا ڕادەکێشا کەچی شتەکانی زولێخا تەواو نەدەبوون.

خەو چووبووە چاوەکانی دایکی زولێخا. زولێخا بەرانبەر ئاسۆ دانیشتبوو، شەیتانییەک بە ڕووخساریەوە دیار بوو، شەیتانییەک کە دەکرا ژیانی ئاسۆ وێران بکا، یان هەڵیگێڕێتەوە.

زولێخا هێواش دەستی خستە سەر ئەژنۆی ئاسۆ. ڕاستە دەستەکانی پیاوکوژانە بوو، کەچی بە پێچەوانەوە ئاسۆ سارد بۆوە، چونکە هیچ هەوەسبازییەکی لە چاوەکانیدا نەدی. خەمخۆرانە گوتی:

– ئاسۆ من خۆم بە نزیکترین کەسی تۆ دەزانم. خۆشت دەزانی. بۆیە بڕیارم دا خۆم قسەت لەگەڵ بکەم. من ڕاستییەکانی تۆ دەزانم.

ئاسۆ پەشۆکاو گوتی:

– گەر باسی ئەمڕۆ دەکەی، من لە خەودا بووم ئاگام لە هیچ نەبووە.

– ئا باسی ئەمڕۆ دەکەم، ئەمڕۆی تۆ.

– من نەبووم شەیتان بوو.

زولێخا ڕاڕا بوو، بۆچی پێی بڵێ، بۆچی ئەو کوڕە بتاسێ؟ با بۆ ئەبەد بەردێک لەسەر ئەو بابەتە دانێ. بۆچی ژیانی ئەو کوڕە هەڵگێڕێتەوە. بۆچی پارچەپارچەی بکات. دەشێ وتەیەک، تەنها قسەیەک بۆ هەمیشە ڕێڕەوی ژیانمان بە لایەکی دیکەدا بەرێت. دەشێ وشەیەک کە لە بنی بیرێکدا عاسێ بووە، بە جۆرێک کاریگەریی هەبێ هەرگیز نەچینەوە سەر وێنەکەی خۆمان. هەرگیز نەبینەوە بەوەی کە هەبووین. ئەڵماس دەیەوێ پێی بڵێی، ئاسکۆڵ دەڵێ دەبێ بزانێ، ئەو گوتی: ئەگەر پێی نەڵێی من ناتوانم لەوماڵەدا بژیم. هەتا دنیا دنیایە ناکرێ بە دەمامکەوە لەگەڵ یەکتر بژین.

ئاسۆ چاوەکانی بەردابوونەوە، بێگومان چاوە بچووکەکانی. ڕووخسارە بچووکەکەی کەوتبووە سەریەک. زولێخا هێواش هەر بە نەفەسی منداڵی دەستی خستە سەر ڕوومەتی و گوتی:

– باسی ئەمڕۆی تۆ ناکەم بە تەنها- باسی دوێنێت، باسی داهاتووت، باسی هەموو ژیانت. ئەو ڕۆژەی بردمی بۆ قوتابخانە. تۆ دەبێ بزانی، تۆ دەبێ خۆت بناسی.

ئاسۆ سارد و تاساو گوتی

– خۆم بناسم؟

– خۆت، ئەڵماس، ئاسکۆڵ، فوئاد، هەموو کەسەکانی خۆت بناسی. کەسانی دیکەش.

– کەسانی دیکەش!؟

زولێخا گوتی:

– کە تۆیان هێنا بۆ ئەم گەڕەکە، من تەمەنم دە ساڵ، یان یازدە ساڵ بوو.

تۆش تەنها ساڵێک، ساڵ و نیوێک دەبووی.

ئەو دارەی ئاسۆی لەسەر وەستابوو، لەقی. بە پرتاو وەک فریای خۆگرتنەوە بکەوێت، پرسیی:

– کە ماڵمان هاتە ئێرە؟ ئەو کاتەی ئێمە هاتینە ئەم گەڕەکە؟

زولێخا، تاڕادەیەک دڵڕەقانە، ئەو دڵڕەقییەی هەر کەسێک حەز دەکات بەرانبەر کەسە نزیکەکانی پیشانی بدات. گوتی:

– نا، کە تۆیان هێنایە ئێرە، ماڵی ئەڵماس هەر لێرە بوو. جارێ فوئاد نەچووبووە سەربازی.

ئاسۆ پرسیی:

- ئەی دایکم؟ دایکم لە کوێ بوو؟

زولێخا کە ڕقەکەی کاری خۆی کردبوو. بەوپەڕی غەمباری و خەمخۆرییەوە گوتی:

- دایکت! من دایکت ناناسم.

- ئەوکات نەتدەناسی؟

زولێخا گوتی:

- تۆ دەبێ هەموو شتێک بزانی. من نە ئەو کات و نە ئێستاش دایکی تۆ نانانسم.

ئاسۆ گوتی:

- چۆن ئەڵماس ناناسی. ئەی هەموو ڕۆژێک پێکەوە نین؟

زولێخا هەردوو دەستی ئاسۆی گرت و بە دوو چاوە زەرد زەردە کاڵەکانی قووڵ ڕوانییە ناو چاوە بچووک و ڕەشەکانی ئاسۆ و گوتی:

- ئەوەیە کە دەمەوێت پێت بڵێم. ئەوەیە کە دەبێ تێبگەی. کە فوئاد تۆی هێنایەوە. ئەو ڕۆژەی کە تۆی هێنایەوە، ماندوو، پەشۆکاو، ڕەنگ زەرد، چەند پەڵەیەک بە کراسەکەیەوە بوو کە نەمزانی خوێنە، یان شتێکی دیکە. تۆی بە باوەشەوە بوو، دەتگوت تۆی لە دۆزەخ ڕزگار کردووە، تۆ بەدلەیەکی بەدەست چنراوی شینت لەبەر بوو، چەند پیتێکی بە ڕەنگی سوور لەسەر چنرابوو، بەدلەکەی تۆش خوێنی پێوە بوو.

ئاسۆ سەری کاس بوو، نەدەکرا لە بەدلەکە بپرسێ. دەیویست بپرسێ واتە ئەڵماس دایکی من نییە؟ من کوڕی ئەو ماڵە نیم؟ فوئاد منی دۆزیوەتەوە؟

زولێخا گوتی:

- کە فوئاد تۆی هێنایەوە، من و ئەڵماس لەبەر دەرگا بووین. ئێمە لەو کاتەوە هاوسێ و یەک ماڵین. سەرسام و حەیران سەیری فوئاد و منداڵەکەی باوەشیمان کرد کە تۆ بووی، من خۆشم ویستی، ئەو چاوە بچووکە ڕووتە ڕەشانەتم خۆش ویست، هەر لەو کاتەوە. ئەڵماس بە ترس و نیگەرانییەوە پرسیی "ئەو منداڵە چییە؟ فوئاد ئەو منداڵەت لە کوێ هێناوە؟

وەک گلۆپێکیان لەناو دەموچاوی ئاسۆ کوژاندبێتەوە ڕەش داگەڕا. بە گومانەوە پرسیی:

- تۆ ئەو حیکایەتەت لە کوێ هێناوە؟ باوکم منی لە کوێ هەڵگرتۆتەوە؟ بۆچی ئێستا دەزانم؟

- زولێخا گوتی:

- ئەڵماس سەرەتا هاتنی تۆی پێ خۆش نەبوو، دەیویست خۆی کوڕێکی ببێ. دواتر خۆشی ویستی، وەک ئاسکۆڵ تۆشی بە خۆشەویستییەوە بەخێو کرد. تۆ دەبێ زۆر شتی دیکەش بزانی.

- دەبێ چیی دیکە بزانم؟

- ڕاستییەکان. تۆ دەبێ ڕاستییەکانی ژیانت بزانی. فوئاد ئەو کاتە سەرباز بوو. ئەڵماس چەند جار لێی پرسی، ئەو هەر ئەوەندەی گوت "جارێ برسییەتی شتێکی بدەنێ." نەیدەتوانی قسە بکات. دواتر زانیمان، هەرچەند شتێکی زۆریش نەبوو کە بیزانین. تەنها ئەوەندە، ئەو ڕۆژەی کە تۆی تێدا هێنایەوە، ئەو لە بەغدا گەڕابۆوە، بە قسەی خۆی پێش

ئەوەی بــگاتە کەرکووک، بەسەر وەرگەڕانی تــرومبێلێکدا دەچێ. تــرومبێلەکە لە ڕێگا لای داوە، وەرگەڕاوە و چەنــد تەقلەی لێداوە و کەوتۆتە سەرپشت. ژن و پیاوێک لە سەیارەکەدا دەبن کە من نازانم دایک و بابی تۆ بوون یان نا، فــوئــادیش ئەوەی بەدڵنیاییەوە نەگــوت. هەر ئەوەنــدەی گــوت پۆلیس و ئەمــبولانــس هــاتــوون، ژن و پیاوەکەیان هەڵگرتۆتەوە و سواری ئەمبولانسەکەیان کردوون و بردوویانن بۆ کەرکووک. بە قسەی خۆی سەیارەکە کرۆنە بووە، ئەو تاوێک لەوێ وەستاوە، لە دووری کرۆنە وەرگەڕاوەکە، بەتانییەکی بچووکی سوور دەبینێ کە لە قوڕ هەڵکێشراوە. کە دەچێ دەبینێ مــنداڵێک لەولای بەتــانییەکە کەوتــووە. ئەو مــنداڵە تۆ بــووی، جــا تۆ ئێستا گەورە بــووی، دەتــوانی بەرگەی ڕابردووی خۆت بگری. ئەو منداڵە تۆ بووی. هاوسێ کۆنەکان ئەوە دەزانن. ئاسکۆڵیش.

ئاسۆ، تۆ بڵێ زەینەڵ باوەڕی نەدەکرد. نەیدەویست باوەڕ بکات.

بۆیە ڕووی کردە زولێخا و گوتی:

– مەلا شەفیقە شێت دەڵێت جادوویەک لە بن سەرتە. بەو قسانە دەتەوێ چیم لەبیر بەرەییەوە؟

– من جادوو لە تۆ ناکەم. ئەوە پیاوە نەگریسەکانن هەروا حەز دەکەن جادوو بیانگرێ. تەنها من نە، هەموو خەڵکی گەڕەک، کۆنەکــانیان، ئەوە دەزانــن کە فــوئــاد تۆی هێناوەتەوە، بەڵام وەک کــوڕی خۆیان خۆشیان ویستی. ئــاسکۆڵ نزیکەی سێ ساڵ لەتۆ گەورەترە. دەشێ زۆر شتی ئەو ڕۆژەی بیر مابێت.

ئاسۆ بۆ یەکەمجار و بێ ترس و دەکرێ بێ مەبەستیش، هەردوو دەستی زولێخای گرت و پرسیی:

– ئەی ژن و پیاوەکە؟ ئەوانەی سەیارەکەیان وەرگەڕابوو چییان لێهات؟ دایک و بابم بوون؟

زولێخا بۆ ئەو گەنجە سەرگەردانە تواوبۆوە. لە بــاوەشی کــرد. سەری ئــاسۆ کەوتبووە سەر مەمکەکانی. مەمک لەبن گڵیشدا بێت هەنــاسەی پیاو تــووند دەکــات. جــا ئەو مەمــکانەش کە پــازدە ســانتیمەتر لە سنگی بەرزتــر بــوون و دەیان پیاویان شێت و شوور کردبوو، تەنها ئاسۆ دەتوانێ وەسفی ئەو مەمکانە بکات کە نایکات. زولێخا گوتی:

– من نازانم. فوئاد دەیگوت. هەندێ جار دەیگوت چوومە کەرکووک، ماڵ بە ماڵ، نەخۆشخانە بە نەخۆشخانە گەڕام، نەمزانی ئەو ژن و پیاوەیان بۆ کوێ برد. جارێکیش گوتی چوومە گۆڕستانێک نەیگوت "کام گۆڕستان" گوڕی دایکیم دۆزیوەتەوە، دواتریش گوتی دڵنیا نەبووم دەشێ ئەو نەبووبێ. هەمــوو جاریش لە کۆتاییەکەیدا دەیگوت، من چوزانــم دەشێ هەر بۆ کەرکــووکیشیان نەبــردبــن. زۆرجــاریش دەیگوت دەســتم شکێ نەچــوومە مــزگەوتەکــان، دەبێ زوو زانیبێتیان مردوون و بردوویانن بۆ مزگەوتێک تا بیانشۆن و کەسوکاریان بدۆزنەوە.

زولێخا باسی ئەوەی نەکرد کە دەشێ لەو شەڕی ئێرانە، لەسەر سنوور، لە شــارێکی وێران دوای ئەوەی کەســوکــاری کوژراوە، فوئاد دڵی بۆی سووتاوە و هێناویەتیەوە. ئەوکات ئەو گومانەش هەبوو.

ئاسۆ بە قوڵپی گریانەوە، کە هەموو سینگ و کۆشی زولێخای تەڕ کردبوو گوتی:

– واتا مردوون. واتا باوک و دایکی من مردوون و من نەمزانیوە؟ واتا من هەتیو و و بێکەس و فڕیدراوم، تا ئێستا ئەو ماڵە بەخێو منیان بەخێو کردووە.

زولێخا دەستی بە سەروچاوی ئاسۆدا هێنا. پەنجەی دەخستە ناو قژیەوە. بەرگەی هەنسکەکانی دەگرت. ئەو ڕۆژەش زانیی کە جەســتە گــوێ بە شین و شــادی نــادات. هەرکە سەری لــووتی ئــاسۆ بە مەمکی دەکەوت خــوێنی هەمــوو جەستەی هێرشیان دێنا و خەریکبوو لە گۆی مەمکەکانیەوە دەرپەڕن. بەحەسرەتەوە وەڵامی دایەوە:

– من نــازانــم. من نــازانــم مــردوون، یان مــاون. دەیان کەس بە سەیارە وەرگەڕاون و بریندار بوون و دەست و لاقیان پەڕیووە و خەڵکی وایانــزانیوە مــردوون، کەچی دواتــر چــاک بــوونەتەوە. مــن دەمــویست دایکی تۆ ببینم، یان گۆڕەکەی

بدۆزمەوە، بزانم باوکت کێیە؟ خزمێک کەسێکت بناسم. فوئاد هەمیشە دەیگوت کاری ئێوە نییە من بۆ خۆم دەیاندۆزمەوە.

- بەڵام کەس نەگەڕا؟

- ئەڵماسیش پەلەی بوو خاڵێکت، مامێکت، کەسێکت بدۆزێتەوە. دەیویست بۆ سۆراغی کەسوکارت لەگەڵی بچێ، فوئاد هەمیشە دەیگوت بۆ خۆم، بۆ خۆم کەسوکاری دەدۆزمەوە، ئێوە خەمتان نەبێت تا بەسەردا گیرا. بۆ خۆشمان دواتر هەندێ هەوڵمان دا. پرسیمان، ژن و پیاوێک لەو ڕێگای کەرکووکە بە کرۆنەیەک وەرگەڕابن. هیچ، هیچ ئەنجامی نەبوو.

***

ئاسۆ، تۆ بڵێ زەینەڵ، باوکێکی ونیشی نەمابوو. باوکێک لە دوورەوە لە دووری دوورەوە یادی بکات. هەر لەو دوورەوە بچێتە باوەشی. ئاسۆ مافی ئەو خەیاڵەشی نەمابوو. نامەیەکی بێت و دێڕێکی بۆ ئەو تێدابێت. تەنهاییەکی بەتاڵ. بەتاڵ و ترسێنەر، ترسێنەر و بێ ناوونیشان نیشتە سەر ڕووخساری. هەر کەسێک تەنها جارێک هەستی بە تەنهایی تەواو کردبێ هەرگیز ئاواتی بۆ ناخوازێ. تەنهایی شاعیرانە و تەنهایی ڕاستەقینە زۆر لە یەکتر جیاوازن. تەنهایی شاعیرانە پیاسەکردنە لەناو بەفردا، تەنهایی ڕاستەقینە ڕەقبوونەوەیە لەناو بەستەڵەکدا. لەو تەنهاییەدا شەکەت و ماندوو. قورسترین ماندووبوون، قورسترین هێزلێبڕان و شەکەتی هی تەنهاییە. هەر لەوێ ڕاکشا. ڕاکشا و شەیتانێک بەناوی ژیانەوە سواری سینگی بوو. کە بەیانی خەبەری بۆوە، خۆی دیت، ڕاستیی خۆی دیت. بە باڵا بچووک و قژە بژەکەیەوە. بە چاوی کونەسوژن و لووتە قنجەکەیەوە، لە بەردەم دەروازەی گەورە و ئەستوور و تاخوا حەزکا چڵکنی دنیا وەستاوە. بچووک و بچووک هەر چەند دەکا، ئەو ئاسنە خڕەی پێ بەرز ناکرێتەوە تا پێی لە دەرگای گەورەی دنیا بدات. ئاخر ئاسۆ نازانێ هەرچەند هەوڵ بدات ناتوانێ لە دەرگای دنیا بدا. ئەو مرۆڤە بێ ناوونیشانانە دەبێ وەک مشک و جرج لە کونێکی پۆخڵەوە بێنە ناو دنیا، نەک لە دەروازەی کراوەوە.

ئەڵماس و ئاسکۆڵ ئەو شەوە نەنووستن. هەزار دڵ و هەر هەزار شکاو، لە دەرگای ماڵی زولێخا کە ڕووبەڕووی ماڵی خۆیان بوو ڕامان. هیچ نەبوو، دەنگێک لەو ماڵەوە نەهات. ئاسکۆڵ گوتی:

- دەبوو بۆ خۆت پێی بڵێی. ئەو لە ئێمە نزیکترە. ئەو هی ئێمەیە، دڵی بۆ تۆ کراوەتەوە.

ئەڵماس کە لێوەکانی دەلەرزین گوتی:

- من ناتوانم. ناتوانم بڵێم تۆ کوڕی من نیت، ئاخ فوئاد، ئاخ زاڵم.

ئاسکۆڵ بە نیگەرانییەوە گوتی:

- ئەی بۆ لە منداڵییەوە بە منت گوت. پێتنەگوتبام با هەر وەک برایەک سەیرم کردبا.

ئەڵماس گوتی:

- نازانم، نازانم بۆ پێمگوتی. بۆ خۆشت گەورەتر بووی، شەیتان بووی. نەمتوانی ئەو نهێنییە لە دڵمدا ڕاگرم. پێمگوتی، خۆ نەمگوت برۆ عاشقی بە، برۆ خۆشت بوێ. من دوژمنی خۆشەویستیم. دوژمنی خۆشەویستیی کچانم. نەحلەت لەو کچانەی کوڕیان خۆش دەوێت. خۆشەویستی لەو زیندانەی باوکت خراپترە کە نازانین ئێستا لە کوێیە؟

ئاسکۆڵ گوتی:

- نا دایە نا. تف لە خۆشەویستی مەکە. ئەی تۆش ژن نیت؟ ژنان و کچان بە خۆشەویستییەوە دەژین بۆ نابێ ئەوان دڵیان هەبێ؟

ئەڵماس لەوپەڕی دڵیەوە گوتی:

– نا، نابێ. نابێ دڵیان هەبێت. من ژن نیم. من سەگم، سەگ. خۆزگە منیشیان بردبا بۆ سەربازی و گوللەیەکی شیعە مەزهەب پێکابامی.

ئاسکۆڵ گوتی:

– من خۆشم نەدەویست، هاوڕێ کچەکانم لە دینیان دەرکردم. هەر ڕۆژەی کچێکیان باسی دەکرد و نامەی دەدامێ بیدەمێ. نامەکانی ئەوانم دەخوێندەوە و نەمدەدایە ئاسۆ. خۆم لە چاوی دەدزییەوە و سەیریم نەدەکرد تا ڕۆژێکی زستان، سێ ساڵ لەوەوبەر، لە باوەشی کردم و توووند ماچی کردم و گوتی: تۆ لە هەموو هاوڕێکانت جوانتری. ئەو نەیدەزانی، بەڵام من دەمزانی ئەو ماچانە چ تامێکیان هەیە. ماچی برا بۆ خوشک بێ خوێیە، بەڵام ماچی پیاو بۆ ژن ترش و مزر و پڕ تامە. ئەویش شتێکی دەزانی، دەیزانی لەو ماڵەدا دەرزییەک هەیە، کە زۆر پاڵ بداتەوە، بە پشتیدا دەچێ.

ئەڵماس گریا و گوتی:

– تف لە ماچی سوێر و شیرین و مزر. ئەو ماچە بێتام و خوێیەی تۆ باسی دەکەی، ماچی وەفا و دڵسۆزییە، گەرمترین و شیرینترین ماچە، تۆ هەرگیز بە چاوی برا کەست ماچ نەکردووە. خەتای من بوو. بە منداڵی هەروا بە گاڵتە دەمگوت ئەو برایەتم لە قەرەجەکان کڕیوەتەوە. نەمزانی ئەوەندە شەیتانی.

***

جارێ دنیا هەر تاریک بوو، کە هەردووکیان دووبارە هاتنەوە بەردەرگا. بەرانبەر دەرگای ماڵی زولێخا دانیشتن. ئاسۆ زۆر درەنگ وەک منداڵێک هاتە دەرێ و لێوی دەلەرزین. وەستا و ڕوانییە ئاسکۆڵ و ئەڵماس. ڕووی لە ئەڵماس کرد و گوتی:

– دەبوو هەر بە منداڵی فڕێم بدەی. دەبوو ئەو ڕۆژەی هێنایانمەوە، فڕێم بدەیە ناو ئاودەستەوە. کەسێک بە زۆر لە دنیادا جێگای بۆ ناکرێتەوە.

ئاسکۆڵ وەک فیشەکێک بەر دڵی کەوتبێ تاسا، ئەو بەردەوام بوو:

– دەبوو پێم بڵێی، دەبوو زووتر پێم بڵێی، کە من بێکەسم، کە ئێوە خێرتان پێ کردووم و جێگاتان کردوومەوە، دەبوو بزانم باب و دایکم مردوون. دەبوو پێم بڵێی کە من پاشماوەی مردنم. کە من لە دۆزەخەوە هاتووم.

ئەڵماس هیچی نەگوت. لافاوی فرمێسک بە دەموچاویدا هاتە خوارێ. بەرەوڕووی چوو، باوەشی بۆ کردەوە.. باوەشی بۆ کردەوە، پێش ئەوەی ئاسۆ بگاتە باوەشی، ئەو بە دەستی کراوەوە کەوتە سەر ئەژنۆ. ئاسۆ ویستی هەڵیستێنێتەوە، ئەویش کەوتە سەر ئەژنۆ، دەستی ئەڵماسی گرت. هەزار جار ماچی کرد. ئەڵماس بە دەنگەوە گریا و سەری خستە سەر شانی کوڕەکە.

ئاسکۆڵ دەستی هەردووکیان گرتبوو، گوتی:

– بەسە دایە بەسە، هیچ نەبووە، ئێمە هەر کەسوکاری یەکترین ئاسۆ هیچی لێنەهاتووە، ئەوەتا لە باوەشتە.

ئاسۆ گوتی:

– ئاسۆ کەوتۆتە بەر نەعلەتەی دێو، بەر نەعلەتەی ڕۆژگار کەوتووە، ئاسۆ مردووە. مردووە و براوەتەوە، ئەوەی ماوەتەوە کوڕێکی نەفرەتلێکراوە.

ئاسکۆڵ گوتی:

– نا، نا، تۆ ئێستا خۆتی. ئێستا ناو و دەنگی خۆت هەیە. سەد ئەوەندەی جاران لە دڵمەوە نزیکی.

–5–

بۆ یەکەمجار ئەو سێ مەخلوقە لە دڵەوە باوەشیان لێک دا. باوەشیان لێک دا و بەسەر یەکدا گریان. شەش دەست لە بەژنی یەکتر ئاڵان. سێ سەر کەوتنە سەر شانی یەکتر. هەناسە و هەنکەی سێ دڵ بەر یەکتری کەوتن. سێ دڵی شکاو پارچەکانیان تێکەڵ بوون. هەر لەبەر دەرگا، لەناو کۆڵانە تەسکەکەی کانێسکان بەسەر یەکدا کەوتبوون. جگە لەبەر دەرگا، جگە لە کۆلان، جگە لەسەر قەبران کورد هەرگیز شوێنێکی ئارامتری نەبووە بۆ ئەوەی لەوپەڕی پەرێشانیدا یەکتری تێدا لە باوەش بکەن.

کە زولێخا هاتە دەرێ، تەنها شوێنی ئەژنۆکان، شوێنی گرمۆڵەبوون، چەند هەناسەیەکی پەرت و شتێک لە ئاسوودەیی، ئاسوودەییەکی نهێنی و بێبەهای لەژێر وردە بەرد و گڵ و خۆڵەکەدا دۆزییەوە. ئەو کاتەی زولێخا هاتە دەرێ ئاسۆ، تۆ بڵێ زەینەڵ گەیشتبووە ناو بازاڕ، لە چاخانەیەکی چۆڵ، لە سووچێکی تاریک دانیشتبوو. دنیا سەختر، بەڵام ڕوونتر بوو لە بەرچاوی، دڵۆپە ئاوی گەرمی دەدی دەکەوتە سەر گۆشتە مردووی دەستی چاچییەکە. وایە، دڵی ئەو وڵاتە دڵێکی کرێکارە، کرێکاری کارسەخت. دەبێ توێ توێ بمرێ، بمرێ و هەست و هۆشی تێدا نەمێنێ تا بەرگەی تێزاب و ئاوی گەرمی ڕۆژگار بگرێ. خەمەکەی وەک تۆپێکی مسی خڕ، خڕ و لووس، لە تەپڵی سەریەوە کەوتبووە ناوی. قووڵ قووڵ ڕۆیشتبوو. لە تەپڵی سەریەوە لەناکاو قورس هاتبوو، لە مۆخیەوە، لە گەردنیەوە، لە زمان و گەردنیەوە، لە دڵ و سییەکانیەوە، هەموو شتێکی لەگەڵ خۆی بردبوو، بردبووی و قووڵتر لە ئاسۆ هەر بە قورسیی خۆیەوە ڕۆیشتبوو. ئاسۆ ئاسوودەتر، نەک ئاسوودەتر، بێدەسەڵاتی و دەربەستییەک کە بۆنی ئاسوودەیی، یان بۆنی مردنێکی ئاسوودەی لێبێ. لە کوێوە دەکرێ بچیە ناو ئەو تۆپە مسە خڕ و لووسە!. با تا دەتوانێ بە قووڵی بڕوات و هەرچی دەیەوێ لەگەڵ خۆی بیبات.

بۆنی تەنهایی ناو چاخانەکە فڕێی دایە دەرێ. بە بەردەرکی سەردا تێپەڕی، چووە ناو قەیسەریی شووشە، گوزەری کوتاڵفرۆشان. سەوزەفرۆشەکانی ئەودیوی عارفەلچە، لای قەسابەکان، بە هێڵە مارپێچەکاندا سووڕایەوە. بۆنی مرۆڤیش ترسێنەرە، بێزارکەر و ترشاوە. تاکە ئارامی ئەوە بوو، چاوەڕێ نەبوو، هەرگیز کەسێک بە ئاستەم، بە چوار پەنجە لە سەرشانی بدات و بڵێ:

– چیت لێقەوماوە؟

بڵێ:

– بۆ ئەوەندە گۆڕاوی.

بڵێ:

– خەریکبوو نەتناسمەوە هێندە پیر بووی.

نا چاوەڕێ نەبوو، بۆیە ئاسوودەتر، بەڵام بێبەهاتر بەناو قەیسەرییەکاندا دەڕۆیی. گەیشتبووە کوێ؟ بۆنێک کە ئەو پێیوابوو هی ئیسپرتۆیە ڕایکێشا، نا ئیسپرتۆ نا، دوکانی مەیفرۆشییە. ئەو زۆر ئاسوودەیە تەنها تۆزێک مێشک لە سەریدا ماوە کە هەراسانی کردووە، ئا، بوتڵێک عارەق کە نازانێ چییە و ناوی چییە دەکرێت. دەڕوات، بۆ کوێ؟ خۆی لە سەیوان دەبینێتەوە. لەو شارەدا هیچ شوێنێک ئەوەندەی سەیوان غەریبەکان نالاوێنێتەوە، هیچ شوێنێ ئەوەندەی

ئەو گۆڕە میوانــپەروەرانەی سەیوان تەنــهاکــان نــالاوێنێتەوە. گۆڕەکــان یەک لەسەریەک بە گــردەکەدا هەڵچنراون. گۆڕەکان کە ئیدی بۆنی ئینسان نــادەن. وەک ســنووقە بەتــاڵی سێو، یەک لەدوای یەکــتر دانــراون. شــان بە شــانی یەکترەوە، لاق و پێ لە ڕیزی یەکتر، بەڵام هیچ، گۆڕی هیچ و بەتاڵ، بەتاڵ و ئێسقانی بۆش.. بۆ ساتێک وەستا، وەک ئەوەی کونێک، یان ئاڵقەیەک، ئاوا شتێکی لە توپە مسە خڕەکە بەر دەدان، یان دەست کەوتبێ و پێیدا بچێتە ژووری. کونەکە هەر ئەوەندەیە دایک و بابی، ئا هەردووکیان دەشێ ئاوا وەک ئەو ژن و پیاوانەی ئەو سەر قەبرانە، شان بەشان و لاق بەلاق ڕاکشابن، بەڵام ئەوان بە جەستەیەکی پڕ خوێن و ئێسقانی شکاو و ئومێدێکی ونەوە ڕاکشاون. دەشێ پێش ئەوەی گیانیان دەرچووبێ، لە وەختی وەرگەڕان و تەقڵەلێداندا، یان ئەو کاتەی کەوتوونەتە ناو چاڵەکە، فورسەتی ئەوە مابێ دایکی بپرسێ "منداڵەکە، منداڵەکەم، کوڕەکەم کەوتە کوێ؟" دایکی ئاگای لە برینی خۆی نەبووە، پرسیویەتی "کوڕەکەم کوا، فوئاد کوا کوڕەکەم؟"

لە ناوی فوئاد سڵەمییەوە، هیچ ناوێکی دیکەی بۆ باوکی جگە لە ناوی فوئاد بە خەیاڵدا نەهات. بەسەر گۆڕ و تەواوی گۆڕستانەکە و دار ئەرخەوانە پیرەکان و گومەزە درز بردووەکاندا هاواری کرد:

– خۆ فوئاد باوکی من نییە. کوا ناوی باوکی من فوئادە؟

کێلێکی ڕزیو و گڕن گڕنی لەباوەش کرد و بەسەریدا گریا و گوتی:

– خودایە کەسێک کە ناوێکی نەبێ، ناوی دایکی چۆن بدۆزێتەوە! دواتر گاڵتەی بە ناوی خۆی کرد:

– پف پف ئاسۆ، تاریکی و مردن. من ئاسۆی ونبوونم.

بەو دەنگ و هاوارکردنە تەواوی چۆلەکە و تەیرەکان هەڵفڕین. سەگێکی باریک و ڕەش لەو سەر لە پەنا کێلێکی شکاو سەری دەرهێنا. ئاسۆ چاوی بۆ تەریکترین و تەنـهاترین و خەمـناکترین گۆڕ گێڕا، گۆڕێک وەک خۆی. دۆزییەوە. دار ئەرخەوانێکی پیر و وشک پرچی ڕەقوتەقی بە سەردا شۆڕکردبۆوە. لە پەنای دانیشت. شووشە عارەقەکەی دەرهێنا و سەرەکەی کردەوە قومێکی پڕ بە دەمی لێدا، قوڕگی ئاگری گرت و دووکەڵ لە چاویەوە هاتە دەرێ. گەڵایەکی پان، تەڕ کە دەشێ ئەو سەگە ڕەش و باریکە پێی هەڵمیزتبێ، هەڵگرتەوە و ئەوەندەی دەکرێ جووی، گەڵایەک و گەڵایەکی دیکە کە با هێنابوونی. ئارام بۆوە. قومێک و قومێک و قومێکی دیکە، بەڵام بچووک ڕووی لە گۆڕەکە کرد:

– دەبێ تۆش خۆت لە کەسێک نەشاردبێتەوە؟

بە تەوسەوە گوتی:

– ئەوە چ ئارامییەکتان لە گۆڕدا دەست دەکەوێ، وەختێک دڵێک بۆ فلیقانەوە جێ دەهێڵن؟

– تۆش ڕۆیشتی و ناوێک، ناونیشانێکت جێ نەهێشت.

گوتی کە ڕووی لە کەس نەبوو:

– چ دایکێکی دڵڕەقی، چ دڵڕەقی!! دەڕۆیت و منداڵێکی شیرەخۆرە فڕێ دەدەیتە ناو گۆلاوێک لە خوێن.

– کەرکووک، ئاوازی دڵی من، شوێن و قیبلەی من ئێستا کەرکووکە.

– قیبلەی من لەناو خوێن، لەناو ئاگرە.

– من بەو دڵە بچووکەمەوە، بەو پێیە بچووکانەمەوە. بەو سینگە بێهێز و ساوایەمەوە بۆ کێتان جێ هێشتم؟

لەگەڵ هەمــوو قــومێکدا دەیان پــرسیار، دەیان دەردە دڵ و خەم. گۆڕەکە لەوە حەزینتر بــوو، لەوە تەنــهاتــر بــوو. لەوە بێدەنگتر بوو قسەیەک بکات، یان وەڵامێک بداتەوە. باڵندە و دار و کێلەکان چاوەڕێن، من چاوەڕێم گۆڕەکە شتێک بڵێ، بەڵام ئاسۆ نا، ئاسۆ هیچ چاوەڕوانییەکی لەو گۆڕە نییە.

– عارەقەکەی تەواو کرد و گۆڕەکە بەئاگا نەهات. چاوی لێڵ بوو، لە پشت دارەکانەوە. لەناو لقوپۆپی درەختەکان و لە پشت کێل و قەفەزی قەبرەکانەوە، ژنێک چاوشـارکێی لەگەڵدا دەکرد، ژنێک بۆی پێدەکەنی و بـانگی دەکرد. بەپیریەوە دەهـات و دەستی بۆ ڕادەکێشا. ژنێک بـای بـای بۆدەکرد، ژنێک بۆی دەگریا. بەڵام هەمـوو ژنەکان کە دەگەیشتنە لای، شێوەی ئەڵماسیان وەردەگـــرت. ئەو هێواش سەری دەســــووڕانـــد و دەیگوت "خۆ تۆ دایکی مـــن نیت." "تۆ دایکی ئاسکۆڵی." "دەزانم، دەمێکە دەزانم، دەمێکە دەزانم من دیتراوە و دۆزراوەم و بارم بە سەرتانەوە." ژنە دەڕەنجا و زیز دەبوو. وێنەکە دەڕەوییەوە.

ئـاسۆ، تۆ بڵێ زەینەڵ، عـارەقەکەی تەواو کـردبـوو، ڕشـابـووشەوە، دە جـاریش ڕشـابۆوە. کەوتـبووە سەر گۆڕەکە، گۆڕێکی گڵی بە ئـاســتەم دیار، لێوە لەرزەی بــوو، هەم داهێزابــوو، هەم هەنــاوی تەپیبوو. هەم گــریان و دڵشکان و هەتیوی و بێکەسی وردوردیان کـردبـوو. چەنـد جـار لێوی خۆی گەســتبوو. لە هەمــوو لایەکەوە لێوی تەقیبوو. لەو حاڵەتی مـردنە، هەر لەسەر ئەو گۆڕە دەسـتێک، نەرمـتر لە دەسـتی ئەڵماس. بە ئـاسـتەم بە سەری کەوت. هێواشـتر لە جووڵەی ژنەی پشت کێلەکان دەیلاواندەوە. ئاسۆش خۆی دایە دەست دڵنەوایی. خۆی شل کرد و تەسلیمی لاوانەوە بوو. نەرم گریا، نەرم فرمێسکی ڕشت. تائێستا دەرگای ڕەحمەت دانەخراوە و دەستێک هەیە بیلاوێنێتەوە. بە گریانەکە چاوی ڕوون بۆوە و دڵی گەش بۆوە. سەری بۆ لای لاوانەوەکەوە سووڕاند، سەگە ڕەشە باریکەکە بۆنی پێوە دەکرد و پشتە مل و لاملی لە ڕشانەوەکە بۆ دەسڕییەوە. ئاسۆ وەک ئاشنایەک گوتی:

– بۆنی چیم پێوە دەکەی جارێ نەمردووم.

ئێوارەیەکی درەنگ، ئاسۆ شووشەیەکی بەتاڵ و بۆگەنێکی زۆری بۆ ئەو گۆڕە بەجێ هێشت، کە بە درێژایی ئەو ڕۆژە بێزاری کردبوو. کە گەیشتەوە گەڕەکی شێخان، لە تاریکیدا ڕێبوارەکانی نەدەناسییەوە. چەندی بکرابا ڕێگاکەی خۆی دوورتر دەکردەوە. کانێسکان و کۆڵانەکانی شێخ مستەفا، کۆڵانەکەی خۆیان. وەک ئـاسۆ دەیگوت ئەوەندەش بێکەس نەبـوو. سێ ژن، سێ دڵی خەمخۆر و گەرم، لەبەر دەرگـای خۆیان چـاوەڕێی بـوون. ئـاسۆ هەسـتی بەو شەش دەستە نەکرد لە ملی ئاڵان. ئەو فرمێسکە گەورانەی نەدیت لە شەش چاوی فراوان و ژنانەوە بارینە سەر ڕوومەت و لاملی، وەک تەرمێک دارمایە باوەشیان. زولێخا گوتی:

– ئەو بەستەزمانە ئەمڕۆ لە چ دۆزەخێک بووە؟

ئەڵماس بە سینگی خۆیدا دا و گوتی:

– چ دەردێکتان تووشی ئەو کورە کرد.

ئاسکۆڵ لەو تەنکبوونەوە و لەو پوانەی ڕووی تاسا:

– چ ڕۆژێکی درێژ بوو ئەمڕۆ، چ سەخت!

بردیانە ژوورێ، دەست و چاویان بۆ شت، بە یارمەتیی ئەڵماس جلەکانی گۆڕی. لە ژوورەکەی خۆی ڕاکشا. بێهۆش و بێحاڵ. بێ قسە و بێدەنگ ژوورەکەی ئەوەندەی دیکە تەنهای کرد.

هەر ئەو شەوە، درەنگتر، زۆر درەنگتر ئـاسکۆڵ هـاتە پشت سەری گڵۆپێکی زەردتـری لە شەوەکە پێکرد. دانیشت و بەستەیەک کاغەزی لە گیرفانی دەرهێنان.

گوتی:

– ئەوانە نـامەی ئەو کـچانەن کە هەریەکەیان و ڕۆژێک بەدزییەوە داویەتیە مـن تـا بـتدەمێ، بەڵام مـن شـاردمـنەوە و نەمدایە تۆ؟

هەر بۆ خۆی پرسیی "بۆچی شاردمنەوە؟"

– چـونـکە حەز نـاکەم کەس خۆشی بـوێی، چـونـکە حەز نـاکەم کەس دڵت داگیر بـکات. هەیانە دە ڕۆژ پێشتر بۆی نـووسیووی، هەیانە شەش مـانـگ، یان سـاڵێک لەوەوبەر، هەشیانە دوو سـاڵ و سێ سـاڵ. یەکەم نـامە پێنج سـاڵ لەوەوبەر بۆت نووسراوە و من تائێستا هەڵمگرتووە.

ئاسۆ، تۆ بڵێی زەینەڵ نووستبوو، بێهۆش بوو، کوژرابوو، بەو قسانە هیچ گۆڕانێک بەسەر دەموچاویدا نەدەهات.

ئەوەتا پەخشان لە سەری سەرەوە نووسیویەتی "دڵ ماڵی خۆتە بیبە" گێلاسی درۆزن بۆی نووسیبووی "کەسی تێدا نییە ئەو شـارە بێ تۆ" نەرمینی مەکـربـاز دەڵێت "دڵم نـادەم بە کەس، خۆم لە کەس خەسـار نـاکەم، تەنـها تۆ هەمـوو شتێکت لێداگیر کردووم" ئاسکۆڵ دەستی بە نێوچاوانی ئاسۆدا هێنا، تۆزێک یاریی بە قژی کرد، سینگی ڕاوەشاند و گوتی:

– ئاسۆ بپرسە، بپرسە بۆچی ئەو نامانەم شاردۆتەوە؟

ئاسۆ لە ناکاو چاوی کردەوە، چاوێکی بەتاڵ و بێمانا و شووشەیی. بێئەوەی سەیری هیچ شوێنێک بکات دایخستەوە. ئاسکۆڵ گوتی:

– بپرسە، بپرسە بۆچی ئەو نامانەم نەداوەتە دەستت؟

ئاسۆ هەوڵی دا چاوی بکاتەوە نەیتوانی. ئاسکۆڵ هەستابووە پێ، پێش ئەوەی بچێتە دەرێ گوتی:

– چونکە خۆشم دەوێی، چونکە ناتدەم بە کەسی دیکە.

*

بەیانییەکەی کە ئاسۆ خەبەری بۆوە، سـووک و ئـارام تـوێژاڵێکی لە خەم و قین فڕێ دابـوو. کە ئـاوڕی دایەوە، هەمـوو ئەو نامانەی دیت شەو ئاسکۆڵ لەوێی بەجێ هێشتبوون. سەرسام بوو، شەوی هاتەوە یاد. دەموچاوی ئاسکۆڵ. قسە و هەڕەشەکانی. دوا قسەی "ناتدەم بە کەسی دیکە".

جیا لە جـاران بە شەرمەوە هـاتە دەرێ. ئەڵماس نـانی بەیانیی ئـامـادە کـردبـوو. پێکەوە نـانیان خـوارد. ئەو سەری هەڵنەبڕی و قسەیەکی نەکرد. ئەڵماس گوتی:

– هەر کەس بیت، لە هەر کوێ هاتبیت، خودا بۆ منی ناردووی، دڵ و دیدەی منی.

هەستا پێ بڕواتە سەر کارەکەی، دەستی لە ملی ئەڵماس کرد و گوتی:

– تۆ ڕەنجت لەگەڵ من داوە. هەرگیز جێت ناهێڵم.

ساڵەکانی برسیەتی دەستی پێکردبوو. ئەم وڵاتە زۆر نەهـامەتیی دیبوو، شەڕ، کوشـتن، گیران و تێهەڵدان، بۆردمـان و ئـاوارەبـوون. سەرکـوتـکردن و بێدادی، بەڵام نـان هەر هەبـووە، سـاڵانی نەوەدەکـان بـرسیەتی بەوپەڕی دڕنـدەیی و دڵڕەقییەوە ڕووی لەو وڵاتە کـردبوو. دەیان کەس مـاڵەکانی خۆیان فرۆشـت و خـانـووی خۆیان ڕەهـن کـرد. چیرۆکە جەرگبڕەکانی برسیەتی ئاسۆ و ئەڵماسیان ترساندبوو. کرێکارێک خۆی و سێ منداڵ و ژنەکەی دەرمانخوارد کردووە. یەکێک گۆشتی کەری تۆپیوی بۆ منداڵەکانی بردۆتەوە. بێوەژنێک کچەکەی خۆی فرۆشتووە.

ئـاسۆ دەبێ کـار بـکا، عەرەبـانەکەی کەڵکی نەمـاوە. ئێستا ڕۆژ، ڕۆژی کۆنەفـرۆشییە. ئەوەش چەنـد هەفـتەیەک بـوو کەوتبووە کەللەی، پێش ئەوەی بڕوات، ئەڵماس گوتی:

– زۆر گوێ مەدە ئاسکۆڵ، بە ئارەزووی خۆت بکە.

هەر لە دارەسووتاوەکە کونجێکی پەیدا کرد. هەموو شتێکی دەکڕی و هەموو شتێکی دەفرۆشت. برسیەتی، دیسانەوە بـرسیەتی دەسـتی ڕۆچـووبـووە نـاو مـاڵ و کەلـوپەلی تـایبەت و یادگـاریی کۆن و فەرش و تـابلۆی سەر دیواریش. برسیەتی دەستی چووبووە ناو ناخی مرۆڤەکان. هەموو شتێک دەفرۆشرا. هەموو کەلوپەلی ناوماڵ، ئەوەی دەیان ساڵ بـوو کۆدەکرایەوە، ڕژابـوونە نـاو بـازاڕ و مەیدان و سەر شۆسـتەکـان و شـوێنە گشـتییەکـان. فەرش بۆ نـان و ئـارد دەفرۆشـرا. سەلاجە و مەکینەی قیمە و مەکینەی درووومـان بۆ دکتۆر و نەخۆشی و دەرمـان. قـاپ و قـاچـاغی کۆن بۆ خـورمـای بەربـانـگ و جـلی جەژن و شەکـروچـا. لەگەڵ کەلـوپەلەکـانی قـوولایی ژوورەکـان، خۆشەویستی و ژیانی ڕابـردوو، ئولـفەت و وەفـاش لە دڵی مـاڵەکـانەوە فڕێ درانە نـاو کۆلانەکـان و کوڕانی گەڕەک دەسـتیان چـووە خـوێنی یەکتر و ورگی یەکتریان پڕکرد لە فیشەک. تاکە بەشداری ئاسۆ لەو شەڕانەدا، گریانێکی بەکوڵ بوو، بۆ ئەو هاوڕێ و دۆســتانەی مــنداڵی و گەڕەکەکەیان کە بە ڕەنگی جیاواز و گــولــلەی جیاوازەوە دەکــوژران و کــراسێکی ڕەش و مەینەتییەکی قورستریان بۆ دایک و ژنەکانیان جێ دەهێشت.

لەو ڕۆژانەدا ئـاسۆ لە تۆزی فەڕش و بەتـانی و جـاجمی کۆنـدا نـوقـم بـبوو. لێفە و دۆشەکی وایان دەهێنا دەیکڕین و دەیفرۆشتنەوە کە تەنها شەوی زاوایەتی بەکاریان هێنابوون. لێفەی وایان دەهێنا بۆ فرۆشتن کە هێشتا گەرمای لەشی منداڵەکانیانی پێوە مابوو.

ئەڵماس پێی دەگوت "پشوویەک بە خۆت بدە لە تۆزدا خنکاوی" ئـاسکۆڵ دەیگوت "نـا هەر لەبەر مـن نـایەتەوە" "حەز نـاکـات بمبینێ" ئـاسۆ پێویستی بە کـات بـوو بیر لەو خۆشەویستییە قـورسە بکاتەوە، خۆشەویستیی کەسێک تـا دوێنێ خوشکی بووە.

دوای حەوت ڕۆژ لە مردنی دایکی، زولێخا جاجم و بەتـانی و دۆشەکە بۆگەنەکەی دایکیی هەڵگرت و بردیە لای ئـاسۆ تا بیانفرۆشێ. پێش ئەوەی بڕوات بە ئاسۆی گوت:

– من بۆ فرۆشتنی ئەوانە نەهاتووم، هاتووم پێت بڵێم تا ئەبەد ناتوانی خۆت لە ئاسکۆڵ بدزییەوە.

ئاسۆ پرسیی:

– ئەوە قسەی خۆیەتی؟

– قسەی هەموومانە.

ئاسۆ دیسانەوە پرسیی:

– ئەی قسەی خەڵک؟

زولێخا گوتی:

– خەڵک بۆ؟ دنیا دەزانێ تۆ کوڕی ئەو ماڵە نیت. بە گەورەیی هـاتوویە نـاویان. فوئـاد تۆی لە مـردن ڕزگـار کردووە. هەمـوان ئەوەیان پێ سەیرە کە تۆ لەگەڵ ژن و کچێکی تەنـهادا دەژیت. جـا کە ئەوەش بـزانـن کـچەکە چەنـدی خۆش دەوێی، ئەوە خراپتر.

– منیش بۆیە ئاوا کەم دێمەوە.

زولێخا سەیری چاوەکانی ئاسۆی کرد و گوتی:

- سەیری چاوەکانم بکە، تۆش ئاسکۆڵت خۆش دەوێ. بە قسەی بکە. لە منداڵییەوە دەزانێ ئێوە خوشک و برا نین. ڕۆژبەڕۆژ چاوەڕێی گەورەبوونی تۆی کردووە. خۆشی دەوێ، هەر لەبەر تۆش ڕووی بە کەس نەداوە. ناشی دات.

- ئەی دایە ئەڵماس؟

- ئەڵماسی بەستەزمان چی بڵێت؟ لەو هەژارییە نە دەتوانێ ژن بۆ تۆ بێنێ و نە ئاسکۆڵ بەشوو بدات. ئەو پێی خۆشە بۆ یەک بن. پێی خۆشە هەر لەگەڵ ئەودا بن و منداڵتان ببینێ.

ئاسۆ مەبەستی بوو بپرسێ، بپرسێ ئەی تۆ، ئەی تۆ دەڵێی چی؟ یەکەم ژن گەرمیی لەشی خۆی دابووە ئاسۆ زولێخا بوو. فریشتەئاسا دەستی بە سەریدا هێنابوو،. یەکەم ژن کە قسەی خەڵکی دەربارە بیستبوو هەر زولێخا بوو. یەکەم ژن کە گوێی لێبوو ئەو هەموو کوڕ و کاڵە، پیاوە کامڵە، کە باسی دەکەن ئاو، نەک بە دەمیاندا بە هەموو لەشیاندا دێتە خوارێ هەر زولێخا بوو. هەر ئەویش ڕەوە شەیتانەکانی هێنا بووە سەر. یەکەم کەس شووشەی پەنجەرەکەی پێ گوڵە ڕێژ کردبوو هەر زولێخا بوو. ئاسۆ دەیویست پێی بڵێ ئەی تۆ؟ تۆ دەتەوێ من ژن بێنم؟ تۆ دەتەوێ من ئاسکۆڵ بێنم؟ بیرکردنەوەکەی ئاسۆ درێژەی کێشابوو. مەیدانی دارەسووتاوەکەیان جێ هێشتبوو. گەیشتبوونە سەر شەستییەکە، ئەوێ چۆڵتر بوو. زولێخاش دەیویست لەو دوودڵییە ڕزگاری بێت. دەیویست لەو کوڕە ڕووتەڵەیەی خەریکبوو بچێتە دڵیەوە، ڕزگاری بێت. ڕزگاری بێت و لە کۆڵی بێتەوە. هێجگار واش نا، دەیویست ئەو کوڕە بێناونیشانەی چۆتە دڵیەوە، دڵە بریندار و سەرگەردانەکەی کردۆتەوە و چۆتە ناوی، لەبیر بکات و ژنی بۆ بێنێ. زولێخا دەیزانی ئەو ناتوانێ مێرد بکات، بە کوڕێکیش سێزدە چواردە ساڵ لە خۆی بچووکتر. بەرگەی ئەو دڵە درەی ئاسکۆڵیشی نەدەگرت. ئاخر دڵی زولێخاش بریندار بوو، برینێک بەتاڵ و سارد، قووڵیش.

ڕووی تێکرد و گوتی:

- ئاسۆ تۆ پێم بڵێ. ڕاست و ڕەوان پێم بڵێ. ئاسکۆڵت خۆش ناوێ؟

- تۆ دەزانی.

- من چی دەزانم، خۆ من لە دڵی تۆدا نیم.

زولێخا ڕاستی نەدەکرد لە دڵی ئەودا بوو. لە ناخی دڵیدا بوو. ئەوەشی دەزانی کوڕان لە تەمەنی ئاسۆدا تا تەمەنی بیست و چوار ساڵیش، بە ئاسانی ژن دێنن. بە ئاسانی کچێک هەڵدەبژێرن. بەبێ کێشە و ماندووبوون عاشق دەبن، عاشق و شێت و کەر دەبن. نەک هەر عاشق دەبن، بۆ هەموو قژدرێژێک بۆ هەموو پوز و بەلەکێکی سپی خۆیان دەفرۆشن. ئەو دەیزانی گەنجی ئەو سلێمانییە لەسەر لا مەمکی کچێک سەد چەقۆ لە یەکتر دەدەن. لە دڵەوە گوتی:

- منیش پێم باشە. ئاسکۆڵ کچێکی جوان و دڵفڕێنە. نیوەی کوڕانی گەڕەک عاشقی بوون. خۆشت باشتر دەزانی.

- چۆن من باشتر دەزانم؟

زولێخا گوتی:

- دڵت، هەست و سۆزت. خۆشت مەشارەوە، وەرە لای من بژی، وەک هاوسێیەک سەیری ئاسکۆڵ کە. بزانە چۆن بۆی شێت دەبی.

ئاسۆ خۆی نەشاردبۆوە. کاسبیی دەکرد و هەر پارەیەکی دەست دەکەوت دەیکردە دەستی ئەڵماسەوە، بەڵام هەموو ڕۆژێ نەدەچۆوە. زۆر شەویش هەر لەو بازاڕە و لەسەر بەتانی و لێفە کەڵەکەکراوەکان دەنووست. بۆ خۆشووشتن، جل گۆڕین بە ڕۆژ دەچۆوە.

ئەو جارە چووە ماڵی زولێخا. وەک پیاوێکی تازە لە گەڕەک دەرکەوت. بووە جیرانی ماڵی ئاسکۆڵ. ئاسکۆڵ نامەی بۆ دەنارد و ئەو سڵاوی لێدەکرد. بە دزییەوە یەکتریان دەدی. زۆر خۆش بوو، ئەو یارییە زۆر خۆش بوو.

لە سێیەم ژوانیاندا لە ماڵی زولێخا، ئاسۆ نەیزانی چۆن هەردووکیان کراسیان لەبەر نەماوە. چۆن سینگی ڕووتیان کەوتۆتە سەر سینگی یەکتر. چۆن مووەکانی سینگی بەو بەفرە سپی و تورت و بەتەوژمە ئاگری گرتووە. لێویان دەکەوتە سەریەک و چاویان دەنووقاند. لووتیان لە ڕوومەتی یەکتر دەخشاند. دڵیان بە یەک دەسپارد. هەر لە دوای ئەو ژوانە کە ئاسکۆڵ ڕۆیشتەوە و زولێخا هاتەوە، زولێخا دەستی لە دۆشەکەڵەکەی تەنیشت ئاسۆ دا، لەبەرخۆیەوە گوتی "چەند تەڕە دەڵێی کەوتۆتە ناو دەریاوە" لە ئاسۆی پرسی:

– ئەوە ئاسکۆڵ لەسەر ئەو دۆشەکەڵەیە دانیشتبوو؟

هەرچەند ئاسۆ نەیدەزانی تەڕبوونی دۆشەکەڵەی ژێر ژن مانای چییە، بەڵام دەیزانی پەیوەندیی بەوەوە هەیە. بۆیە شەرمی کرد و ڕووی کردە لایەکی دیکە، لەدڵی خۆیدا گوتی:

– بەنەحلەت بی زولێخا.

ئاسکۆڵ خۆشحاڵ بوو. ئاسکۆڵ دەفڕی و وەک فریشتەیەکی بچووکی خاوەن دووباڵ، باڵێکی خۆشەویستی و ئەوی دیکەشی هەر خۆشەویستی، باڵێکی ئاسۆ و ئەوی دیکەشی هەر ئاسۆ، لەو گۆرانییەوە دەفڕییە سەر ئەو گۆرانی. سووک وەک پەڕی پەڕەسێلکەیەک دەهات و دەچوو. هەموو دەیانزانی، دەستە خوشکەکانی، دایکی، هاوسێکانیان و خزمی دوور و نزیکیش دەیانزانی کە ئەو هەرگیز ئاسۆی بە برای خۆی نەزانیوە. بە منداڵی یاریی دەکرد و لە وەختی فامکردنەوەشدا پێی دەگوت سەرەڕۆ و قەرەج، لە هەرزەکارییاندا ناوی لێنابوو زیبکاوی و دەنگ بۆڕ، هەر لەو کاتەشدا بوو، یان چەند ساڵێک دواتر خۆشەویست و گیرۆدەی بوو. ئەو ئاسوودە بوو ڕۆژێک بە کاکە و برا بانگی نەکردبوو، هەمیشە ئەوەی بەبیر هەموان دێنایەوە کە ئەو بەبیری دێ کە باوکی هێناویەتیەوە، یان دۆزیویەتیەوە و لە مردن ڕزگاری کردووە. بۆیە کە ژوانیان دەبوو، ئاسکۆڵ ئازایانەتر، وەحشیانەتر، توندتر، نەک لە باوەشی دەکرد، نا، هێرشی بۆ دەبرد و هەوڵی دەدا بۆ هەمیشە لەناو خۆیدا بیشارێتەوە، یان بە یەکجاری تەواوی بکات و قووتی بدات.

ئاسکۆڵ لەو ماوە کورتەی ژیانیدا کە قسەی دەکرد: دەیگوت:

– ئەو ماوەیە خۆشترین کاتمان بوو. ئەو ژوان و خۆدزینەوانە زۆر کورت بوون، زۆر، تەنها ساڵێک، کەمتریشی خایاند. هەمیشە هۆنراوە، یان قسە بەناوبانگەکەی خۆی بۆ زولێخا دووبارە دەکردەوە: "ئاسۆی خەڵک بەیانیان و ئاسۆی من شەوانە دەردەکەوێت" زولێخا باوەپیارەکەی خۆی و چەند هاوسێیەکی کۆنیانی ناردە لای ئەڵماس، داوای ئاسکۆڵیان بۆ ئاسۆ کرد. لوقمە سوور و زەردەکانی تۆفیقی حەڵواچی و برمەی ئامەی جۆلایان دابەش کرد. ئاسکۆڵ دەیگوت "ئەو لوقمانە بە تامی خۆشەویستی ڕەنگاوڕەنگ بوون". "لوقمی سەوز و سوور، برمەی پڕ گوێز و بادام هەرگیز تامیان لەبن زمانمدا نابڕێتەوە". ئەوە خۆشترین شیرینی بوو تا ئەو ڕۆژە لە گەڕەکەکەیان دابەش کرابێت. ڕووناکی ئەحمەد کودەری کە هەم یەکێک بوو لە زکرکەرەکانی زولێخا و هەم باشترین بەرگدرووی گەڕەک بوو، کراسێکی سپیی ئاوداماانی بەدیاری بۆ ئاسکۆڵ درووی. کەمەرەکەی تەسک و سوخمەکەی توونەند و پڕ بە سەنگی ئاسکۆڵ و خوارەکەی فش و پەڕپەڕ و بێ قۆڵ. چوون لە ستۆدیۆ یادگار وێنەیەکی ڕەنگاوڕەنگیان بە جلی بووکێنییەوە گرت. ئاسۆ، تۆ بڵێ زەینەڵ، لەو وێنەیەدا دەستەجلێکی کوردیی ڕەشی لەبەرە. وێنەکەیان، کە هەردووکیان خەیاڵاوی و عاشقانە و سەرمەست وەستاون، نەک وەستاو، ئاسکۆڵ لەسەر ستوڵێکی تۆزێک بەرز دانیشتووە، نەک دانیشتووە، بەڵکو خۆی بە ئاستەم داداوەتە سەر، ئاسۆش لە تەنیشتیەوە وەستاوە دەستی خستۆتە سەرشانی و پەنجەکانی تا سەرسنگە ڕووتەکەی هاتووە.

وێنەگرەکە ئەو وێنەیەی چوو بووە دڵەوە، لە جامخانەکەیدا هەڵیواسی. هەر جارێک ئەڵماس بە بەردەم ئەو جامخانەیەدا تێپەڕێ دەڵێت:

“فوئاد وەرە تەماشا کچەکەت کە بۆتە شاژن”

هەندێ جاریش دەڵێ “چ زاویەکت بۆ هێناوەتەوە”

ئەو وێنەیە تـا ئەمڕۆ کە مـن ئەو دێڕانەی تێدا دەنـووسـم، هەر لە جـامـخـانەکەدایە، سێیەم وێنە لە دەسـتـە چەپ. بەڵام فوئاد لە کوێیە؟

-6 -

فـوئـاد دەزانێ لە ئێرانە، دەزانێ لە قـووڵایی ئێرانە. نـاوی زیندانەکە و نـاوچەکەشی دەزانی، بەڵام کەوتۆتە کـوێی ئەو وڵاتە پـان و پۆرە، چەنـد دوورە، ڕۆژهەڵات، یان ڕۆژئـاوایە نـازانێ. لای فـوئـاد سەنـتەری دنیا سەرشەقـامە، ئەو شارەزای هیچ شوێنێک نابێت کە نەزانێ چەند لە سەرشەقامەوە دوورە، کە نەزانێ دەکەوێتە کوێی سەرشاقامەوە. ئەو ئێستا هیچ نییە، سەربازێکە و بەس، ئەویش سەربازێکی نابەدڵ، دیلیش.

سێ کەس بـوون کە گیران. خەڵکی دیکەش، سەربـاز و ئەفسەری دیکەش زۆر بەدیل گیرابـوون. ئەوان ئەو سێ کەسە پێکەوە بـوون. ئەو لەگەڵ ئەو دوو کەسەی دیکە هیچ شـتێکی هـاوبەشی نەبـوو. ڕەنگیان و زمـانیان، بیرکـردنەوە و خەونیان هەمـووی جیاواز بـوو. تەنـها بەرگێکی سەربـازیی خـاکی و پۆسـتاڵێکی ڕەش و خـودەیەکی بۆری داڵ نیشان پێکەوەی دەبەستنەوە. شتێکی دیکەشیان لەنێواندا بوو، هاوڕێ بوون، هاوڕێی شەڕ و دیلیەتی و ناڕەحەتی بوون. هەر کە زانیبوویان پشتیان گیراوە، سوپا تانکەکەی پشتیانەوە کە پارێزگاریی لێدەکردن شکاوە. لیواکەی خۆشیان شیرازەی تێک چـووە و پەرشـوبڵاو بـوون. چەکەکـانیان فڕێ دابـوو، بە کەڵکوەرگـرتـن لە تـاریکیی شەو خۆیان لە چـاڵێکدا شاردبۆوە. چاوەڕێی هەڵێکیان کردبوو. لەگەڵ گەردی بەیانی دەبابەیەکی ئێرانییان دیبوو، لەسەر گردەکەی پێشیانەوە، تەنها سەد مەتر لێیانەوە دوور بوو. لوولەکەی بەناو دوکەڵ و تەپوتۆزدا دەبینرا. بە دۆشکەش تەقەی لەو سەربازانە دەکرد کە ڕووناکی ئاشکرای کردبوون، یان ڕایاندەکرد کە هێشتا پێیانـوابـوو دەتوانـن دەربـازبـن. دەبابەکە بەسەر ئەواندا تەقەی دەکرد، سەربازە هەڵاتووەکان یەکەیەکە دەکەوتن. فوئاد نەجووڵا، برادەرەکانیشی چاویان لەو کردبوو. نووری کە دەرچووی کۆلێژی هونەرە جوانەکان بوو، شێوەکار بوو، توووند دەستی فوئادی گرت و گوتی:

- تۆ کوردی، تۆ شەڕت زۆر دیوە. بڵێ چی بکەین؟

فوئاد بە چاو هێمنی کردەوە و پێی گوت “تەنها ئارام بیت” دوای چەند خولەکێک ئەفسەرێک لە دەبابەکە هاتە خوارێ. دیاربوو دەمێکە فوئاد و دوو برادەرەکەیان دیوە و چاودێرییان کردوون. چەکێکی ئۆتۆماتیکی بەرەوڕوویان ڕاگرت و بەرەوڕوویان هـات. کەسی سێیەمیان نـوهـاد، شیعەیەکی حیلاوی لەدایکبووی تـوێریج بـوو، هەمـوو دەیانـزانی نـوهـاد عەشقی ئێرانە، پێشتر چەندان جار داوای لە فوئاد کردبوو لەگەڵ خۆی بیباتە کوردستان و لەوێشەوە بۆ ئێران. فوئاد بەڵێنیشی پێدابوو، بەڵام هەلیان دەست نەکەوتبوو، زۆرجار ویستبووی لە شـوێنی جیاوازەوە خۆی تەسلیم بە سـوپای ئێران کـات، کەچی ئەو هەلەی بۆ هەڵنەکەوتبوو. کە نـوهـاد ئەفسەرە ئێرانییەکەی دیت و نـووسـراوی سەر دەبـابەکەی خوێندەوە “یاحوسەین” ئاگای لە ئامۆژگارییەکەی فوئـاد نەمـا، هەسـتاپێ تـا دڵخۆشیی خۆی نیشان دا، جارێکی دیکە نـووسـراوی سەر دەبـابەکەی بەدەنـگەوە خـوێندەوە “یا حـوس...” ئەفـسـەرەکە لە خۆشەویستیی ئەو نەگەیشتبوو لە هەستانەوە و هـاوارەکەی ترسـا. ڕیزێک گوللەی پێوەنا، نوهـاد کەوت. خۆیان لەگەڵ زەوییەکە جووت کرد. نەجووڵان، تەنها نوهـاد هەندێ لینگەفرتەی کرد. هـاوارێکیش. فوئاد بۆنی خوێنی نوهـادی کرد، بۆنی زۆر شتی دیکەی نوهـادی کردبوو. بۆنی خوێنی دیکەش دەهات. هی نوهـاد زۆر تازە و نزیک و دۆسـتانە بوو. خوێنی تـازە گەردێکیشی لەگەڵە، بێگومـان بۆنەکەی، لە گەردی هەڵاڵە قـورسـتر، لە بۆنی بۆیاغەکـانی نـووریش بێزارکەرتـر. فـوئـاد دەیزانی “دوژمنی

خوێنیی یەکتر، ئینسان هەموویان". ئەو خوێنەی بە قارەمانیەتیی هەموان دەڕژێت و بە کەس کۆناکرێتەوە. ئەفسەرەکە ڕێژنەیەکی دیکەی گوللەی بە سەر ئەواندا بۆ دوور نارد. ئەوان سەرباز بوون، دەیانزانی ئەو گوللانەی لە هەوادا دەتەقنەوە، بەر کەس ناکەون و ئەوانە شـریخەیان دێ، بەر بەرد دەکەون و ئەوانەی تەپەیەکی خنکێنەریشیان هەیە، بەر کەسێک کەوتوون. هەتا ئەو گوللانەی بەر سەر دەکەون، یان بەر سنگ و ڕان و سمت دەکەون، دەناسرێنەوە. ئەفسەرەکە فەرمانێکی پێکردن "ئەوان دەستیان خستە سەر سەریان" سەربازێکی دیکەش دوو دیلی پێش خۆی دابوو. بوونە پێنج دیل. ئێرانییەکان چەکە فڕێدراوەکانیان هەڵدەگرتنەوە، دەیانڕوانییە مەخزەنەکانیان، بزانن ئەو سەربازە دیلانە تەقەیان کردووە، واتا لە ناچاری تەسلیم بوون و گوللەیان پێنەماوە. مەخزەنی بەتاڵ واتە شەڕکردن. شەڕ و بەرگری و کوشتن. سزای مەخزەنی بەتاڵ دەگەیشتە کوشتن. ئەفسەرەکە یەکەیەکە لوولەی چەکەکەی بەرانبەر چاویان ڕاگرت. فوئاد دەستی لەسەر سەری بوو. سەیری ئەفسەرەکەی دەکرد. ئەفسەرەکە گوتی "سرتو بنداز" شتێکی دیکەشی گوت، فوئاد هەر ئەوەندە تێگەیی "سەرت داخە" فوئاد نەیتوانی سەری شۆڕ بکات و چاوی داگرێ یان داخا. ئەفسەرەکە توندتر فەرمانی پێکرد. فوئاد سەیری ناو لوولەی چەکەکەی دەکرد. جارێکی دیکە توندتر. دیسانەوە فوئاد نەیتوانی چاو لە لوولەی چەکەکە بترووکێنێ. دەیزانی ئەو ئەفسەرە ڕەشتاڵە چاوسوورە دەیکوژێ. ئەوانیش زۆریان لێکوژرابوو. کەلاشینکۆفەکەی فوئادیش کەوتبووە دەستی ئێرانییەکان. مەخزەنەکەی ئەویش خوێنی لەبەر دەڕۆیی و نرکەی دەهات. ئەفسەرەکە زانیبووی ئەو سەگە بەزیوە شەڕکەرانە فیشەکیان پێنەماوە، ناچاربوون، بۆیە خۆیان تەسلیم کردووە. فوئاد دەبوو سزای شەڕ و تەقەکردن و کوشتنی سەربازانی ئێرانی وەرگرێ. سزای سەرسەختی و کەللەڕەقی و بێباکییەکەشی. ئەو هێشتا دەیڕوانییە ناو لوولەی چەکەکە، تاریک بوو. خۆری لاری بەیانی بریسکەیەکی تێدا دروست کردبوو، بەڵام هێشتا قووڵ و تاریک بوو. فوئاد چاوەڕێ بوو، ئێستا بریسکەیەک، گڕێک لەناوڕا دێتە دەرێ و مێشکی دەپژێنێ. مێشکێکی سپی سپی دەکەوێتە ناو خوێنەسوورەکە. زۆرجاری دیبوو مێشک دەپژێت و لەناو دەریاچەیەک لە خوێندا هەر سپی دەچێتەوە. لەگەڵ بریسکەی ناو لوولەکە خوێنی فیچقە دەکات، دەشێ سەروچاوی ئەفسەرەکەش سوور بکات.

ئەفسەرەکە بە زیادی زانی جارێکی دیکە قسەی خۆی لە فوئاد خەسار بکات. دەستی سەر پەلاپیتکەی جووڵاند، پەنجەی توند کرد. فوئاد چاوی نەترووکاند، ئەو پەنجەی پێداهێنا، ئەو چاوی پڕە لە تۆزی بیابان، خوێنی پڕ لە بێکەسی. نیگای پڕ لە فەرامۆشی. پڕ لە بەتاڵی و بێدەربەستی. فوئاد دڵی لای کەس نییە. بیری کەس ناکات. ئەوەندە لە خۆی دوورکەوتۆتەوە کە کەس نەبینێ. چاو ناترووکێنێ. چرک.. گوللە، گوللەی ساردوسڕ. ئەو گوللەیەی لە کارگەوە بۆ فوئاد دروست کراوە. کەسێک کە هێشتا بۆنی سابوونی ڕیشتاشین لە ڕیشی هاتبوو، کەسێک قاوەی بەیانیی خواردبۆوە، هەر ئەو کەسە هاتبووە کارگەکەی و کاری کردبوو، ئەو گوللەی دروست کردبوو. ژمارەی لەسەر دانابوو، حەقی خۆی وەرگرتبوو. کرێی ماندووبوونی خۆی وەرگرتبوو. کە دەشێ هەر بەو پارەیە گوڵێکی وەک خوێنی فوئاد سووری بۆ دەزگیرانەکەی کڕیبێ. ئا ئەویش بە دروستکردنی ئەو گوللەوە ماندوو بووە و مافی خۆی وەرگرتووە، چەند کەسی دیکەش کاریان کردووە، تا ئەو گوللە لووس و سارد و خاڵ سوورەیان بۆ فوئاد دروست کردووە. ئەو دەوڵەتەش کە ئەو گوللەی کڕیوە، بزانە چەند خەڵکی برسی کردووە، فێڵی لێکردوون و درۆی بۆ کردوون. تا پارەی گل داوەتەوە و داویەتیە گوللە. ئەدی ئەو ئەفسەرە ڕەشتاڵە خۆ هەروا لە بیابان وەک دڕکوداڵ لە بیابان هەڵنەتۆقیوە. بابی ڕەنجی فەرهادی داوە تا ژنی هێناوە. تا چۆتە پەردەوە، تا ژنەی ڕازی کردووە. ژنانی ئەو ئێرانە چەندیان دوعا کردووە منداڵ بچێتە ڕەحمی دایکی. چەند پاڕاونەتەوە کوڕ بێت. کوڕیان ببێت و سەری بنەماڵەکەیان بەرز کاتەوە. جا کە ئەو ئەفسەرە لەدایک بووە، لەگەڵ هەر نەخۆشییەکدا ئیمامزادە بە ئیمامزادە گێڕاویانە تا چاک بێتەوە. بۆ خۆشی هەوڵی داوە. دەیان شەو خەو نەچۆتە چاوی تا دەرسەکانی لەبەر کردووە و نمرەی هێناوە. جا چیی نەکردووە تا بۆتە ئەفسەر. ئێستا جەنابی ئەفسەر ئامادەیە، گوللە کڕاوە، کابرا گوڵی بۆ دەزگیرانەکەی کڕیوە، فوئادی کوردی نەگبەتیش کە لە هەر چوار سووچی دنیا بە نەفرەت کراوە و نرخی تەپاڵەیەکی نییە، چاو داناخات. خۆ فوئادیش کوردە وەک هەر کوردێک نازانێ شیعە و سوننە چییە، نازانێ عێراق و ئێران چییە. ئەو دەربەستی ئەو شەڕە نەگریسەش نییە تا ئازایەتیی خۆی لە پێناودا بنوێنێ و خۆی بەخت بکا. فوئاد تەنها ئەوەندەیە کە سەرشەقامییە، ئەو سەرشەقامییانە دڵیان دادەخەن و چاویان داناخەن. ژیانیان دادەنێن و سەریان شۆڕ ناکەن. ئێ فوئاد سەرشەقامییە و چەندان جار چەقۆی تەرحی لە خۆی داوە. نا، ڕێک دەڕوانێتە ناو لوولەی چەکەکەی کابرای ئەفسەر،

کەچی ئەو گوللەخیانەتکارە، کە ژوانی لەگەڵ ناوچاوانی فوئاد هەیە و کچێکی ناسکۆڵەی ئەورووپایی یان ڕووسی بە دەستە ناسکەکانی گوڵی پارەکەی لە دەزگیرانەکەی وەرگرتووە، خیانەت دەکات و مان دەگریٚ، ئاخر ئەو گوللە ژوانی لەگەڵ فوئاد هەیە، لەگەڵ فوئاد نا، لەگەڵ ناوچاوانی.

ئەفسەرەکە دەست بە پەلاپیتکەدا دێنێتەوە. چرک ناتەقیٚ. دیسانەوە چرک، نا ناتەقیٚ، ئەفسەرەکە ئارامە. ئەو ئێرانییانە خوێنسارد و ئارامن. شەش کەس بکوژرێت ئەو هێمنتر لە جاران قاوە دەخواتەوە.

هەر بە هێمنیی خۆیەوە دەڵێت:

- قوربانی ناوی مەولام، قوربانی ناوی حوسێن بی. نایەویٚ بتکوژم.

جا خۆ فوئاد حوسێنی خۆش دەوێت. وێنەیەکی بابی حوسێنی بە ئاوێنەی پێشەوەی تەکسییەکەیەوە هەڵواسیوە، پێی دەگوت شێری خودا، ئیمامی عەلی لای فوئاد شێری خودا بوو، نزای بۆ دەکرد، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەی جارانەوە دوعای نەکرد. لەبەر کەسیش نەپاڕاوەتەوە. لە دڵی خۆشیدا هەر ئاوا سارد سارد، بیٚ خوێن و زەرد چاوی بڕیبووە لوولەکە، گوللەکە بێتە دەریٚ، نا، نەهات. گوللەکە نەگەیشت. ناوچاوانی فوئاد هەر ئاوا ساف و قۆقز و تەنها مایەوە. ئەو گوللە خیانەتی کرد، کە نەهات و ژوانەکەی تێک دا، بەڵام خیانەتێکی شیرین. شیرینترین خیانەت کە تائێستا ڕووی دابیٚ. ئەفسەرەکە دەچێتەوە سەر دەبابەکە. ڕێگایەکیان نیشان دەدات دەڵیٚ:

- بێرەدا.

- فوئاد نوهادی بیر دەکەوێتەوە. ئاوڕ دەداتەوە، خامۆشە. دووبارە ئەفسەرەکە هەر لەسەر دەبابەکەوە چەکەکەی ڕادەکێشیٚ. هاوار دەکات: خێرا، بێرەدا.

فوئاد لە دڵی خۆیدا دەڵیٚ "نوهاد ناتوانیٚ هەستیٚ" ئەفسەرەکە قسەیەک لەگەڵ سەربازی ناو دەبابەکە دەکا. ئەو لوولەی دۆشکەکەی بۆ لای فوئاد و هاوڕێکانی دەسووڕێنیٚ. ئێستا ئەوان پێنج دیلن بە نوهادەوە، چواریان دەجووڵێن. نوهاد ناجوڵیٚ و دەنگی لێوەنایە. دەبیٚ نەمردبیٚ؟ فوئاد هەست دەکات نوهاد جووڵەیەکی کرد. وەک ئەوەی بڵیٚ جێم مەهێڵن. هەر چواریان دەڕۆن، با ئەو لەویٚ بیٚ، خوێنەکەشی تازەیە سەگ و گورگ زوو بۆنی دەکەن. ئەو دوو سوپایە چەند لە یەکتر دەترسن، ئەوەندەش لە سەگ و گورگەکانی بیابان. ئێستا ئەوان تەنها گۆشتی مرۆڤ دەخۆن. جارێکی دیکە نوهاد دەجووڵیٚ، وەک ئەوەی هەوڵ بدات هەستیٚ. ناتوانیٚ. دایکی نوهاد هەوڵ دەدات، دایکی نوهاد بە پێخواسی بەو بیابانەدا ڕادەکات. فوئاد بیرکردنەوەی خۆی دادەخات. هەرچواریان دەڕۆن. دەچنە سەر ئەو ڕێگایەی کابرای ئەفسەر نیشانی دابوون. دەبابەکە بەدوایاندا، سەربازەکەش ئەوەی کە دوو دیلە هاوڕێکەی هێنابووە لایان. لوولەی دۆشکەکەیان لەسەرە. دەنگی تەقە دێت. دەبابەکە ڕێژنەیەک گوللە دەهاویٚ. خوێنی فوئاد، دڵی فوئاد هێواش و سارد لێدەدات. عەلاوی ڕەزاق کە تازە بەرچاوی غەنی کەوتبوو ناسیبوویەوە، قەڵەو و کەتە. نانەوای لیواکەیان بوو. عەلاوی دەکەوێت بە گوللەی دەبابەکە نا، دەکەوێت و ناڵەی دێت. نا گوللەکان بۆ دوورترن دەیەوێت هەستێتەوە. هەوڵ دەدات، نیوە هەڵدەستیٚ. ناتوانیٚ سەربازە ئێرانییەکە پێلاقەیەک بە پشتەقوونیدا دەدات. جنێوێکیش. عەللاوی خۆی پیٚ ناگیرێتەوە. بە گردەکەدا گلۆر دەبێتەوە. دەبابەکە لوولەکەی دەسووڕێنیٚ و دەیەویٚ تەقەی لێبکات. نیشانەی لێدەگریٚ. فریا ناکەوێت، چۆن فریا بکەوێت. گوللە کوا ئەوەندە بەدەستوبردە. عەللاوی لە لێواری گردەکە، بەسەر ئەڵغامدا دەکەوێت. زرم، زرم، زرم، لە هەموو تلبوونەوەیەکدا. پارچە پارچە بەناو تۆز و دوکەڵدا بەرز دەبێتەوە. عەللاوی لەوەتەی هەیە خەونێکی هەبوو کە دڵنیا بوو، لەبەر ئەو جەستە قەڵەوەی نایەتەدی. ئەویش فڕین بوو بەناو هەوادا، یان بازدان بوو بەسەر ئەو تەنافە بەرز و باریکانەی یارییەکانی ئۆلۆمپیادا. ئەو دەیزانی ئەوە هەر خەونە، ئەوەتا هاتۆتەدی، لە هەوادا دەفڕێت، بەڵام بە پارچەپارچەکراوی. چەند شۆڕتر دەبێتەوە ئەڵغامی زیاتر دەتەقێتەوە. هەموویان لەو شریخە و زرمە لەناکاوانە دەتاسێن و خۆیان بە عەرزەکەوە تەخت دەکەن. دنیا دەبێتەوە دوکەڵ و تەپوتۆز، وەک بەردبارانیان بکەن. دیسانەوە بۆن، بۆنی خوێنی تازە. تەنها سەریان بەرزکردەوە، چاویان کردەوە، وردەوردە تۆزەکە نیشتەوە. دنیا ڕوون بۆوە، بەڵام عەللاوی دیار نەبوو. فوئاد چاوەکانی ئەوەندەی دیکە بچووک کردەوە، جوان ڕوانیی، دەستێکی لە مەچەک پچڕاو، پارچەیەک لە لاقی، پارچەیەک لە پانتۆڵەکەی دیت، گرمۆڵەیەکیش، فوئاد هەر توانیی بڵێت

"حەیف دایکیشی نایناسێتەوە" چاوی زۆر لەوە بچووکتر بوو بە فرمێسک تەڕ بێت. هەر لەوێ، هەر بە ڕاکشانەوە، لە دڵی خۆیدا یادی کردەوە. کە عەلـلاوی هەواڵێکی لە دەزگیرانە بەغدادییەکەیەوە بۆ دەهات، یان هەر ڕۆژێک بەدزییەوە بەو تەلەفۆنانەی فەرماندەی سوپاکەی کە هەمیشە بڕیاری کوشتن و بڕینی پێدا دەهات و دەچوو، قسەیەکی لەگەڵ کردبا، هەر بە تەندووری نانکردنەکەی، مریشکی بۆ هەموان سوور دەکردەوە. دیسانەوە فوئاد گوتی "حەیف".

بـوونەوە سێ دیل. پێشتر سێ بـوون، نـووری و نـوهـاد و فـوئـاد. نـوهـاد کەوتە بەر دەسـترێژی خۆشەویستەکەی. دڵدارەکەی کوشتبووی، ئەو دڵدارەی ساڵانێک بوو نوهاد دەیویست بچێتە باوەشی. ڕۆژانێک نوهاد بۆ فوئادی باس کردبوو، ئاخر ئەو سەربازە شیعانە تەنها لە کوردەکان نەدەترسان و قسەی دڵی خۆیان بۆ دەکردن. هەر لەو ڕۆژەی سوپاکەیان، یان لیواکەیان لەبەرەکانی شەڕ نزیک ببۆوە، ئەو دەیویست خۆی تەسلیم بکات. هەرگیز ئەو هەلەی دەست نەکەوت. ئەو لەپێناوی حوسێندا هەموو ئێران و فارس و ڕیش و دەموچاوە وشک و بیابانئاساکەی ئایەتوڵلاکانیشی خۆش دەویست. هەمیشە بە نوهادی دەگوت:

- کوردەکانیش ئیمامی عەلییان خۆش دەوێ، بۆیە دەیانخەمە سەر سەرم.

ئەمڕۆ بەیانی کە کەوتنە ناو گەمارۆی ئێرانییەکانەوە و گیران، چاوەڕێی نەکرد، باشیش لە ئەفسەرە ئێرانییەکە حاڵی نەبوو کە گوتی "نەجووڵێن و سەر شۆڕ بکەن" ئەو یەکسەر کە گوێی لە دەنگ و ئاوازی فارسی بوو، هەستا و بەرەو ئەوان تەکانی دا. هەسـتان و لێدانی یەک بـوو. کەوت و بۆنی خـوێنە تـازەکەی پێش ئەوەی بگاتە سەر خۆڵەکە، بەنـاو هەوادا بڵاو بۆوە و گەیشتە لـووتی فـوئـاد. ئەویان بەجێ هێشت، بە کـوژراوی یان بە بـریـنداری دیارییەک بـوو بۆ سەگەکانی بیابان. سەربازێکی دیکە دوو دیلی پەڕاگەندەی هێنابوو. هەر ئی فەوجەکەی ئەوان بوو. یەکێکیان عەلـلاوی کە بە گردەکەدا گلۆر بۆوە، دووەمیان محەمەد عەبدولزەهرە.

ئێستا هەرسێکیان، هەرسێک دیلەکە، فوئاد و نووری و مـحەمەد عەبدولـزەهـرە بە گردەکەدا دەیانڕوانی. دەیانڕوانی و باوەڕیان نەدەکرد ئەو پارچە گرمۆڵانەی بەجێماون، هی عەلـلاوی بن.

ئەفسەرەکە لە دەبابەکە هاتە خوارێ. ڕوانییە لێژایی گردەکە، ئەو شوێنەی عەلـلاویی پێدا گلۆر بۆوە. چەند گوللەیەکی بە لاشەی بەجێماوی عەلـلاوییەوە نـا. دیلەکـان قـوربـانییەکی دیکەیان دا و ژمـارەیان بـووەوە سێ، دیسانەوە ڕووی چەکەکەی تێکردن و گوتی:

- بە ئیشارەتیش تێیگەیاندن. ئازادن، بڕۆن. خوار گردەکە سنووری خۆتانە بڕۆن، خێرا بڕۆن. ئێوە سەربەستن. لەناو دەمی ئەو ئەفـسـەرەدا ئـازادی چەنـد جـوان مـانـای مـردنی دەدا، شۆڕبـوونەوە بە گـردەکەدا سەربەسـتی بـوو، سەربەسـتییەک بە نـرخی مـردن. خۆ ئەو ئەفـسـەرەش خـراپی نەدەگـوت، سەربـازێکی دیل و سەربـازێکی مـردوو، جیاوازییەکی زۆری نییە. بەڵام بۆ فوئاد نا، ئەو بەناچاری بۆ شەڕیان هێناوە و ئێستاش بەزۆر بەدیلیان گرتووە.

محەمەد عەبدولزەهرە ڕوانییە ئەفسەرەکە وەک بڵێ "بەڕاستتە؟" یان بڵێ "من گرەو لەسەر ئازادی یان مردن دەکەم"

ئەویش تێگەیشت، هەر بە زمانی خۆیان گوتی:

- بڕۆ، بڕۆ، ئازادی، بەڵام بەغاردان.

عەبدولزەهرە چاوەڕێی نەکرد، وەک ئەسپ غاری دا. هەنگاوی یەکەم، هەنگاوی دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم. لە ناوەندی گردەکەیە، ئەفسەرەکە بەجۆرێک لە پەشیمانی ڕوانییە شوفێری دەبابەکە، ئەو بێدەنگ لوولەی دۆشکەکەی بۆ لای عەبـدولـزەهـرە سـووڕانـد، نەویتر، نەویتر، نەویتر و نەویتر. ئەفسەرەکە نەیتوانی چیدی ئـارام بێت. فـوئـاد هەنـگاوەکـانی دەژمـارد، نۆ، دە، یازدە، ئەفـسەرەکە دەسـتی داگـرت، ڕیزێک گـولـلە بەر شـوێن پێکانی کەوتـن. ئەو ئـاوڕی نەدایەوە. دەنگی دۆشکەی سەر دەبابەکە هات، فوئاد چاوی داخست، حەزی نەکرد پژانی کەللەسەری عەبدولزەهرە ببینێ. بۆنی پژانی خـوێن نەهـات. چـاوی کـردەوە، گوللەکـان ئـاوی جۆگەلەکەیان پژاندبوو. ئەو بەردەوام بـوو، سـنوور ئەوبەری ئـــاوەکەیە، پێی دانـــا، هێزی کۆکـــردەوە و بـــازی دا، وەک چۆلەکەیەک فڕی. ئەوە فڕینە نەک ئەوەی عەلـــلاوی. وەک

جومبازەکان بە سەر ئاوەکەدا فڕی. ئەوەندەی نەمابوو فوئاد پێبکەنێ، هەر تۆزێکی مابوو، پێش ئەوەی گوێی لە دەنگی تەقینەوە بێ، پێیەکی بە پێڵاوەوە بەرەو ئاسمان بەرز دەبۆوە.

فوئاد چاوی لێبوو، عەبدولـزەهـرە نەیدەویست بکەوێت. حاشـا لەو پێڵاوەش، چەند هەنگاوێکیش لە جۆگەلەکە دوور کەوتبۆوە، بەڵام نا، کەوت. سینگەخشکەی بوو، ئەفسەرەکە جارێکی دیکە ڕووی لە نووری و فوئاد کردەوە، فەرمانی پێکردن:

– ئازادن.

دووەم جار هاواری کرد و تورە بوو. نووری جووڵا. خۆی ڕاپوسکاند، ویستی غار دا، فوئاد توونـد مەچەکی گرت. ئەفسەرەکە لـوولەکەی ئاراسـتەی فـوئاد کـردەوە. ئەو قـوولتر ڕوانییە نـاو لـوولەکە، بەڵام خۆ هەمـان گـوللەی جـاری پێشوو نییە ژوانی هەبێت و نەیەت. ئەوەیان دێت و نـاوچـاوانی فـوئـاد کـون دەکـات. ئەو ئەفـسەرە نـایەوێ پیاوێک بە سەربەرزییەوە بکوژێ، بۆیە دیسانەوە گوتی:

– چاوت داخە و سەرت شۆڕکە.

فوئاد بۆ یەکەمجار وەک داوای لێبوردن لە ئەڵماس بکات، گوتی:

– ناتوانم.

ئەفسەرەکە پرسیی:

– کوردی؟

ئەو بۆ نیشانەی بەڵێ، سەری شۆڕ کـرد و چـاوی دانەوانـد. ئـاخـر ئەو سەرشەقامییانە کە کـاتی خۆی شەلاتی بـوون، تەنها کە لێیان بپرسی "کوردی؟" بە سەر وەڵام دەدەنەوە. سەر دادەنەوێن و چاو دادەخەن، شەرمنانە و ڕەزامەندانە.

***

پۆسـتاڵ و نیتاقەکـانیان پێ داکەنـدن. خـودە و بێریشیان لە سەر نەمـابـوو. پێش خۆیان دان. بێگومـان بە پێخواسی. ڕێگاکە، ڕێگا نەبـوو، بەردەڵانێک بـوو. هەمـوو بەردێک دڕکێکی وەک مـووسی لە بـن هـاتبووەدەر. خـوێن، خـوێنی پێ برینـدارەکانیان، دەچۆڕایەوە سەر بەردەکان، ئاخ بۆ پێڵاوەکانی عەبدولزەهرە، لەباتی تەقڵە لە ئاسمان، دەبوو ئێستا ئەو دڕکانە پان بکاتەوە. فوئـاد دەیزانی مـحەمەد عەبدولـزەهـرە خەڵکی شـارۆچکەکەی عەبدولکەریمە، سەرۆکە سەربازە کۆنەکەی عیراق، ئەو وڵاتە سەرۆکەکـانی بۆ ڕیسوایی و کـوشـتن بەرز دەکـاتەوە. عەبـدولـزەهـرە سەرکـردەیەکی سەربازی نەبوو تا دەست بە سەر وڵاتدا بگرێت، ئەو سەعاتساز بوو، ئەو شارەزاییەشی لە بابیەوە بۆ مابۆوە. نەک هەر ئەوە، ببووە بازرگانێکی گەورەی کاتژمێر، دەیان مارکە و جۆری جیاوازی کاتژمێری هێنایە وڵاتەوە، بەڵام زەمەن فیڵی لێکرد، بەشی لەو کاتانەدا نەبوو کە کاتژمێرەکانی لەوەودوا دەیانژمێرێ. تەنها فوئاد دەیزانی بۆچی کات و ژیانی خۆی دایە دەست ئەڵغامەکان. عەبدولزەهرە هەر لە ناوەندییەوە حەزی لە کچێکی هاوسێیان کردبوو. داواشی کردبوو، دابوویانێ. لە دوای ئەو داواکردنە، ڕۆژێک دەچێتە ماڵیان، دەبینێ تەنهایە، ماچێک و ماچێکی دیکەشی کردبوو. ماچی کچ تێربوونی نییە، ماچێک برسیترت دەکات بۆ ماچێکی دیکە. لە باوەشی کردبوو. توونـد ڕایگوشیبوو. کچە هەموو قۆپچەکانی کراسەکەی پچڕابوون. فوئاد باوەڕی بە پچڕانی قۆپچەکان کردبوو. دەیزانی ئەو کچە عارەبانە هەر وان، نەک قۆپچەی بێهێز و ناسکی کراس، هەر بە تەکانێک، هەر بە تەکانێکی مەمکیان قۆپچەی پاڵتۆش دەچڕێنن. تا ئێرە، تا مەمک و سینگی ڕووت بۆ دەزگیرانێک خراپ نییە. ئەو محەمەد عەبدولزەهرە خواگرتووە، هەر ئەوەندەی مەمکەکانی بە ڕووتی دەکەونە سەرسنگی، ئەو مەمـــکە شێدارانە، هەر بۆ خۆی دەیگوت، کچی عەرەب نییە مەمکی شێدار نەبێ. مەمکیان کانیی شەونم و ئەو شتانەیە. ئەو نەگبەتە هەر ئەوەندەی مەمکەکانی بەر سنگی دەکەوێت، کچە پاڵ دەخات. خوا دەزانێ، کچەش هەر لە خوای ویستووە. کە کچیش پاڵکەوت، تەنوورە لە بیانووە بگاتە کەمەری. یەکەمجار کچە

دەست دەبات، تووند دەست دەخاتە سەر قاپی جەهەنەم. ئا جەهەنەم هەر بۆ گەرمییەکەی. عەبدولزەهرە، کە ئەو کـاتە بە مۆڵەت لە سەربــازی چــووبۆوە، دەڵێت: "دەســتت لابە، یەک تۆز، بە ئـاســتەم، هەر لەسەر دەرپێوە" دەیەوێت ڕازی نەبێت، بەڵام خۆ ئەو کـچەش بە دەسـت خۆی نییە. دەسـتی پڕ دەبێت لە ئـاو. وەختێک بەئـاگـا دێنەوە، هەردووکیان لەسەر پشت ڕاکشاون، بۆنی لینجاوی سەرپێستی یەکتر دەکەن. کچە دەگریەت، بە نازەوە دوو مست بە توونـدی لە سنگی عەبدولزەهرە دەدات:

- بۆ واتکرد، ئێستا چی بکەم. ئەی ئەو شەوە چی دەکەی؟

ئەو دەڵێ:

- هیچ مەکە، ئەو شەوەش وا دەکەین.

محەمەد عەبدولزەهرە هەم وەک پیاوێک و هەم وەک سەربازێک نەیدەزانی کە هەنگاو دەنێ چەند گوڵ، چەند لاسکەگیا لەژێر پێی پان دەکاتەوە. مانگێک یان کەمتر پێش ئەوەی بەدیل بگیرێن، فوئاد گوێی لێبوو عەبدولزەهرە بە تەلەفۆن بە دەزگیرانەکەی دەڵێت:

- دەگەڕێمەوە، ئەگەر بۆ یەک ڕۆژیش بێت دەگەڕێمەوە. هەر بێمەوە نیوەشەویش بێت دەتگوازمەوە.

دواتر محەمەد زانیبووی ئەو ڕۆژە چەند گوڵ و گیای پلیشاندۆتەوە. زانیبووی دەزگیرانەکەی دووگیانە. هەموو لەشی کەوتــبووە سەرئـــاو. لە شەرمی دەنگی دەزگیرانەکەی، لە شەرمی ئەو هەمـــوو ئەفــسەر و سەربـــازەی گــوێیان لە تەلەفۆنەکەی بـوو. بەڵێنی دابـوویە، لە یەکەم هەلـدا دەگەڕێمەوە. ئەگەر بۆ شەوێکیش بێ، ئەگەر نیوەشەویش بـگاتەوە مـاڵێ "دەتـگوازمەوە" ئەو پێی گـوتبوو، "سەرم بەرانـبەر بـابـم هەڵنایە" ئەو بە دەزگیرانەکەی گـوتبوو "نـاهێڵم چیدیکە شەرمەزاری بەردەم برا و پور و ئامۆزا و باوکت بی" بە ڕوویەکی تەڵغەوە، فوئاد بەنیگا لە نووری پرسیبوو" دەبێ مـحەمەد بگاتەوە لای دەزگیرانەکەی" نـووری ڕووخساری هەمـووی تۆز بـوو. زمـانی تۆزاویتر. فرمێسکێک کە تـاکە پرسە و تاکە شتی تەڕی ڕووخساری بوو، لەو سەرەوە، لە چاویەوە هاتە خوارێ. ئەوەندەی دەکرێ، تۆز و خۆڵی لە خۆی لوول دا، قورس، بەربۆوە سەر پێیە ڕووتە بە خوێنەکانی. لە پشت زنجیرە گردەکە، بە دیوی ئێراندا، ژمارەیەکی زۆر لە دەبـابە و سەیارەی سەربـازیی ئێرانی دەرکەوتـن. دەشێ یەکەم مەنـزڵی بەرەکـانی شەڕیان بێ. هـاتـووچۆی سەرباز و جەنجاڵی زۆر. پێش ئەوەی تێکەڵ بن، کەسێک هات و ناوی نووسین. ناونیشانیان. پلەی سەربازییان. ناوی لیوا و فەوج و فەسیڵ و ژمارەی سەبازییان. فوئاد هەمووی وەڵام دانەوە.

- فوئاد فازڵ سوڵتان

- کورد، سلێمانی

- سەربازی داواکراو

- پیادە

- کەلاشینکۆف

تێکەڵی گــــروپێکی دیکەی دیلیان کـــردن. بەشی هەرە زۆریان هی فەوجەکەی خۆیان بــــوون. دوای ئەوەی کەتیبەی دەبـابەکەی پشـت خۆیان، پـاشەکـشەیان کـردبـوو بە بێئەوەی ئـاگـاداریان بـکەنەوە، ئێرانییەکـان پشـتیان گـرتـبوون، هەمـوویان مـاندوو، جل دڕاو، سەر ڕووت و پێخواس. نـازانێ کـاتـژمێر چەنـدە، بەڵام خۆر تەواو بەرز بۆتەوە. کەس ئاگای لە برسیەتی نییە. کە خۆر گەیشتە نـاوەنـدی ئـاسمان، ڕیزێک سەیارە و مـاتۆڕ بە دەنگەدەنگێکی جاڕسکەرەوە پەیدا بوون. هەموویان جل ڕەش. هەموویان ڕیشهاتوو. هەموویان پەڕۆیەکی سەوزیان لە نێوچاوانیان بەستبوو. لێی نووسرابوو "یا حوسێن" یان "عەلی بن ئەبوتالیب" هوتافیان دەکێشا و هاواریان دەکرد. لە دوورەوە تفیان لە دیلەکان دەکرد. کەسێک لەوان کە چەندان پاسەوان و بەردەستی بەدواوە بوو. دابەزی سڵاوی لە سەربازە ئێرانییەکان کرد، کە

ئەوان بێجووڵە وەستابوون. کە گەیشتە لای دیلەکان هەموو پاسەوانەکانی خۆیان بە عەرزەکە دادا و ملیان هێنایەوە. نـزیک بۆوە. دوو کەس کە لە ڕاسـت و چەپیەوە بـوون، یەکێکیان نـاوی یەکەیەکەی دیلەکـانی پـرسی و ئەوەکەی دیکەشیان تۆماری کردن. ئەمجارە گیرفانەکانیشیان گەڕان و هەرچیان پێبوو، لە پارە، کاتژمێر، قەڵەم، هەویە، کاغەز، ملوانکە و ئەنگوستیلە و هەتا پاکەتی جگەرەش، هەموو شتێکیان لێوەرگرتن. هەر کەسێک کە ناویان دەنووسی، دوو کەس لەو ڕیشن و جل ڕەشانە دەهاتن و لە دواوە دەستیان دەبەست و بە پەڕۆپەیەک تووند چاویشیان شەتەک دەدا. ستاری قەڵەم لای فوئاد وەستابوو. ئەو باریک و ترساو، هەر یەکێکیان دەبرد دەیگوت "بۆ کوشتنە" بە لێوێکی زەرد کە دڵۆپێک خوێنی تێدا نەمابوو، دەیگوت "گوللەبارانمان دەکەن" کە یەکێکیان دوور دەخستەوە و دەنگی گوللە دەهات. هەموو دڵیان دەلەرزی و ڕووحیان کون دەبوو. هەندێکیشیان ئایەتیان دەخوێند و وڕەوڕیان دەهات. دیسانەوە فوئاد شتەکانی گوتەوە، کەلوپەلەکانی ئەویشیان لە گیرفانەکانی دەرهێنا. تەنها توانیی ئەنگوستیلە زێڕەکە دەرباز بکات. نەیزانی بۆچی؟ ئەو بیری لەوە دەکردەوە دەبێ گوللەکان بە کوێی بکەون. ناخۆش بوو بەر پشتی بکەون. ئەو لە هەرزەکارییەوە ئاگای لە پشتیەتی. نەیدەویست گوللەیەک، یان چەقۆیەک بەر بڕبڕەی پشتی کەوێت. ناخۆشتر لەوەش بەر سەری بکەون. ئەوسەری خۆی وەک مەنجەڵێکی مس دەهاتە بەرچاو، دەنگدانەوە و شەقبوونی زەحمەت بوو. بەرگەی نەدەگرت. ئەو هەمیشە بە خۆی دەگوت:

– دڵ، دڵ بۆ گوللە کراوە.

نەرم و گەرم دەچێتە ناویەوە وەک دەرزی کردنە بەناو لۆکەدا. ئەو زیاتر ئەوەی پێ باشتر بوو، گوللەیەک بەر دڵی بکەوێت و بکەوێ. لەسەر پشت بکەوێ. داڵغە بە ئاسمانەوە لێدات و لەگەڵ بەتاڵبوونەوەی دڵی، خەیاڵیشی بەتاڵ بێتەوە. کە دەستیان بەست، بێگومان لە دواوە، زانیی بە سەر دەستی بەسراوی خۆیدا دەکەوێت، ئازاری دەستەکانی خەیاڵی دەشوێنێ و ناتوانێ بە ئارامی بمرێ. گوێی لە ستار بوو، دیسانەوە گوتی:

– یەکێ سێ گوللەمان لێدەدەن.

دوو لە پاسەوانە پەڕۆبەسەرەکان بردیان. کە لە گردەکە ئاودیو بوون، فوئاد هەر چاوەڕێ دەکات پاسەوانەکان لێی دوور بکەونەوە و گوللەبارانی بکەن. ئەوەندە بە توونديی چاوەکانی بەسترابوون، نەک هیچ نابینێ خەریکە سەریشی بتەقێ. دوو پاسەوانەکە دوور ناکەونەوە. زیاتر بە گردەکەدا دەچنە خوار. دوای سەد مەترێک، دەگەنە شەقامێکی خۆشکراو، وەک قیرتاوێکی ناتەواوی زبر. فوئاد بە پێیە پێخواسەکانیرا دەزانێ. لە ناکاو یەکێکیان قۆڵی دەگرێت. وەک ئەوەی فرێی بدات ئەمـما بۆ سەرەوە. "سـوار بە!" ئەو تێناگـات و ئەژنۆی بەر لێواری ئـاسنێک دەکەوێ. کە سەر دەکەوێ دەزانێ پاسە. بۆنی هاوڕێکانی و گازی ناو پاسەکە ئارامکەرەوەترین بۆن بووە کە فوئاد لە هەموو ژیانی خۆیدا کردوویەتی. چەند هەنگاوێک و یەکێک توونـد قۆڵی دەگرێ و دایدەنیشێنێ. ستاریش سەردەخەن و لای ئەو دایدەنیشێنن. بۆنی میز دێ، دەزانێ ستار لە ترسی ڕێژنەی گوللەکان و ئەو کونانەی لە جەستەی دەکرێن، میزی بە خۆیدا کردووە. ئەوا چاویان بەستراوەتەوە، جگە لەوەش قوماشێک بە ڕوومەتی دەکەوێ، دەزانێ جامەکانی پاسەکە پەردەیان پێوەیە.

خولەک و کاتژمێرەکان تێدەپەڕن و ڕێگا تەواو نابێ. ئێوارەیەکی درەنگ گوێیان لە ژاوەژاوە، گوێیان لە هات و هاوارە، پاسەکە هێواش دەبێتەوە، هێواشتر. تەقەی لێدانی دەرگـا و پەنجەرەی پاسەکە دێ. دیارە خەڵکانێک هـاوار دەکەن و جنێو دەدەن. نەعلەت لە عێراق و عومەر و سەگ و پشیلە دەکەن. پەڕۆکەی سەرچاوی فوئـاد تۆزێک شل بۆتەوە. شتێک دەبینێ. ژنانی ڕەشپۆشی ئێرانی، ڕژاونەتە ناو شەقامەکە، هێرش دەهێنن و دەیانەوێ سەرکەون. بەو نیازەی ئەو سەبازە دیل و ترسنۆکانە پارچەپارچە بکەن، کە مێرد و برا و باوکی ئەوانیان کوشتووە. شوفێرەکە دەرگـا ناکاتەوە، پاسەوانەکان دەرگاکان توونـد دەکەن. هێواشتر دەبێتەوە، دەیەوێ بەناو ئاپۆڕەی خەڵکدا بڕوات. دەنگی هەڵدان و بەرکەوتنی بەرد دێ. دیارە سەبازەکان شڵەژاون. دیلەکان تاساون. جووڵەجووڵیانە.

سەربازێکی ئێرانی دەڵێ:

– بێدەنگ، بێدەنگ، نەجووڵێن.

سەربازێکی دیکە دەڵێ:

– هەقیانە بتانکوژن. ئەوانە ژن و دایکی ئەو جوامێرانەن، کە ئێوە هەر ئەمشەو شەهیدتان کردوون.

شوفێرەکە دەڵێ:

– کەس قسەیان پێنەڵێ ئەوانە دیلن.

بەردێک بەر پەنجەرەکەی لای فوئاد دەکەوێ. سەربازێک دەست درێژ دەکات و پەردەکە لادەدات. بەردێکی دیکە و یەکی دیکە. زرمە لە لاچاو و سەری فوئاد هەڵدەستێ. چەند سەیارەیەکی سەربازی دەگەنێ، تەقە بە سەر خەڵکەکەدا دەکەن. شلەیەکی خەستی گەرم بە لاچاوی فوئاددا دێتە خوارێ. دەیناسێ، هاورێ کۆنەکەی، خوێنە دێتە خوارێ. پاسەکە خێراتر دەڕوات. فوئاد گێژە، وەک ئەوەی بخەوێ، لار دەبێتەوە سەر شانی ستار. سەبازێک بەسەریدا هاوار دەکات. پاڵ بە سەریەوە دەنێ هەڵیستێنێتەوە، پەنجەکانی بە خوێن دەبن. بە پەردەکەی دەسڕێتەوە. بەسەریدا هاوار دەکات "خوێنیشتان پیسە!" دوای چەند؟ فوئاد هەست دەکات هەڵیانگرتووە. لە پاسەکە دەیهێننە خوارێ. لەسەر عەرزەکەی دادەنێن. چاوی دەکەنەوە. مەیدانێکی فراوان بە دیواری بەرز دەورە دراوە. لەسەر دیوارەکە چەندان ڕیز تەلدڕوو. یەکەیەکە چاوی ئەوانی دیکەش دەکەنەوە. فەرمانیان پێدەکەن. هەر کەسەو تەنها دوو خولەکی هەیە بۆ سەرئاو. بۆ ئاودەست، بۆ دەموچاوشووشتن. هەر یەکەو کوپێک چا و سێ پسکیتیان دەدەنێ. ئەو شەوە هەر لەوێ لەو مەیدانە دەنوون.

ئەوان لە کوێن؟ فوئاد ئێستا لە کوێیە؟ ئەو لەسەر زەوییەکە نوستووە، تۆ بڵێ نوستووە. وەک ئەسپ نوستووە. خولەکێک خەو، خولەکێک بەئاگاهاتنەوە. ئەو خولەکانە چەند پان و درێژن. کە دەنوێ وادەزانی ساڵێکە، کە بەئاگا دێتەوە هەروا. سەیری ئاسمان دەکات. قووڵ قووڵ، ئاسمانی ئەهواز چەند قووڵە. هیچ بیر لە شار ناکاتەوە. سەرشەقام نایەتەوە بیری. نایەوێ، نایەوێ ئەڵماس بە خەیاڵیدا گوزەر بکات، ئەو برینداره، ئەو برینە بچووکە نا کە بەسەر ناوچاوانیەوەیەتی. ئەوە هەر جێگای سێ چوار تەقەڵە، ئەو لە دڵەوە، لە ناخەوە برینداره. ئەو نازانێ، من دەزانم تەنها ناوی ئەڵماس بێنێ، لافاوی گریان لە قوڕگیەوە، لە چاویەوە، لە لووت و مەلاشوویەوە هێرش دێنێ. ئەو بیر لە ئەڵماس، لە ماڵەکەی بکاتەوە، ناتوانێ بڕوانێتە چاوی هاورێکانی. ناتوانێ بڕوانێتە لوولەی تفەنگەکان. نا ئەو بیر لە سەرشەقام بکاتەوە، بیر لە ماڵەکەی کانێسکانیان بکاتەوە، بیر لە قژە شانەکراوەکەی ئاسکۆڵ بکاتەوە، دەڕووخێت و دەبێتە سیپاڵ. ئەژنۆی دەشکێت و ناتوانێ هەستێتە پێ.

فوئاد ئێستا لە کوێیە؟ هەموو ئێران گەڕا و هیچی نەدیت. بە دەشتەکاندا تێپەڕی و بۆنی قەرسیل و کولۆکی تازەی کرد و هیچی نەدی. سەر شاخەکان کەوت و بۆنی قەزوانی تەڕی هاتە ناو لووت و دەستی بۆ چڵە دارێک نەبرد. چووە ناو شارەکان و بۆنی برنجی سەدری و گۆشتی برژاو مۆخیان پڕ کرد، ئەو ژنێک، ئاگرێکی نەدی. چووە مەسجید سلێمان، هێنایانەوە بۆ دێزفول. سواری شەمەندەفەریان کرد، شەمەندەفەری داپۆشراو بە لەوح و ئاسن. لەناو فارگۆنەکان چاویان دەکردنەوە. یەکتریان دەدیت و پێکەوە قسەیەکیان نەدەکرد. جارجار سەربازەکان پێکەوە دەدوان. گەیشتنە قوم. زیارەتکارانی ئەو ڕێگایە خۆبەخش و نەزەرکردە و ئامادەن. سەربازی گەنج و تازە لە قوم سەرکەوتن. پاسەوانە بەتەمەنەکە کە هەر پێیان دەگوت مەشەدی، لێی پرسین:

– ئەو هەموو حەشاماتە چییە ئەمڕۆ ڕووی لە قوم کردووە؟

یەکێک لە سەربازە قومییەکان کە دواتر زانییان ناوی ڕەزا ڕووحانییە، گوتی:

– خۆبەخشەکانی سەرانسەری ئێران دێنە ئێرە. پێش ئەوەی بڕۆن بۆ بەرەکانی جەنگ دێن و لێرە تەبەڕک دەبەن.

سەربازە پیرەکە دیسانەوە پرسی:

– تەبەڕک دەبەن، هەر هەموویان؟

– ئا، هەر هەموویان، بەردێک، چنگە خۆڵێک، پارچە پەڕۆیەک، دەست ماچکردنێک، هەرچی دەستیان کەوێ.

یەکێکی دیکە لە قومییەکانی گوتی:

– ئەوان دەزانن هەرچیان دەست بکەوێ بۆ ئەوان قەڵغانە. دوای ئەوەی تەبەرکی خۆیان دەبەن. دەتوانن وەک فریشتە بەسەر کێڵگەی ئەڵغامدا تێپەڕن، ئەڵغامێک نەتەقێتەوە. بچنە ناو دەبابەکانی دوژمنەوە، بێئەوەی ببینرێن.

سەربازە پیرەکە لەو برا قومییەی پرسی:

– جەنابتان شەرەفی چوونە بەرەکانی شەڕتان پێبڕاوە، بەو تەبەرکەوە؟

ئەو گوتی:

– جارێ نا. خوا بکات بەنیسبم بێ.

هەموو گوتیان

– ئینشائەڵا.

قومییەکە گوتی:

– بە ناوی مەولا، بە ئیزنی مەولا عەلی.

بەدەنگی بەرز و بە لاوانەوەوە نـاوی حـوسێنیان هێنا. لە فـارگۆنەکـانی دیکەش نـاوی حـوسێن دەنگی دایەوە. هەتـا شەمەنـــدەفەرەکەش بە ئـــاوازی لاوانەوەکە دەڕۆیشت. بەو لاوانەوەیە ســـتار دایکە پیرەکەی خۆی بیر کەوەتەوە کە تێکەڵ ژن و کـچە ڕەشـپۆشەکـانی بەسـرە و نـاسـریە و دیوانیە و کـوت دەبـوو، وەختێک لە کـاروانێکی گەورەدا کە بە ڕاکردنی تـوێریج نـاسـرابـوو، بە گوندەکەی ئەواندا بەرەو کەربەلا تێدەپەڕین. هەموویان پێخواس، هیچ سڵیان لەو لمە گەرمە نەدەکردەوە کە خۆر داغی کردبوو. هەمان لاوانەوە، هەمان یاحوسێن. ستار کە بەرانبەر فوئاد دانیشتبوو، چاوە سوورەکانی پڕ ببوون لە ئاو. بەجۆرێک لەگەڵ بانگی دووەمی ناوی حوسێندا چیدی نەیتوانی بەریان پێ بگرێت و بە ڕووخساریدا هەڵڕژان. هەر ئەو ڕۆژە بە تاراندا تێپەڕین. هیچ هەواڵی خیابانە سەوز و کچە شیرینەکانی نەبوو. باش بـوو تـارانیان نەدی. لەو ڕۆژانەدا تـاران هەسـتابـووە سەر پێ و هەمـوو ئەو گـوڵە جـوانـانەی لە کۆشیدا بـوون، بەربـبوونەوە بەرپێی و پەڕپەڕ ببوون. تاران سینگی خۆی کردبۆوە، تا دوا دووگمە، بۆ ئەو هەمـوو بـارووت و کێوی تەقینەوانەی بە سەریدا دەڕژان.

نووری لە تەنیشت فوئادەوە بوو لێی پرسی:

– پێشتر تارانت دیوە؟

فوئاد گوتی:

– نا

– ئەی زۆر باسی خیابان و کچەکانیت دەکرد؟

– هاوڕێکانم. هاوسێ و هاوکارەکانم باسیان بۆ کردبووم. ئەوانیش هەر بە ئاوارەیی هێنرابوونە ئێرە.

کـاتی خۆی سەرشەقـامییەکـان ئـاوارەی ئێران بـبوون، هەر ئەوان نـا، نیوەی کـورد، سێ بەشی کـورد ئـاوارەی ئێران ببوون. دوای شۆڕش کەوتبوون، هەر حەوت هەشت ساڵ پێش ئەوەی فوئاد بە دیلی پێیدا تێپەڕێ.

ئەوکـــات تـــاران مینیژۆپەکەی لە سەروو ئەژنۆیەوە بـــوو، ئێستا جـــوبە و عەبـــای بەسەر خۆیدا داوە کەچی هەر سەرمایەتی. ئەو ئاوارانەی شۆڕشی ئەیلول تاڵییان زۆر دیبوو، دڵشکان و مەینەتیان زۆر دیبوو. برسیەتی و ترسیان زۆر دیبوو، بەڵام تەنها هەر باسی مەلهاکانیان بۆ فوئاد گێڕابۆوە. هەر باسی خیابانی لالەزاری نەو و ژنە پڕ حەز و لەش برسییەکانی ئەوێیان بۆ کردبوو. ئارە چوارباخی لە حەسرەتی ئەو ژنانە، کە هەرگیز نەیدیبوون، سێ چەقۆی لە ڕانی خۆی دابوو. نا، ئەو ڕۆژەی فوئاد لە فارگۆنی شەمەندەفەرێکی چواردەورگیراو و لەحیمکراو، وەک سەربازێکی دیل بەوێدا تێپەڕی، هەواڵێک لە خیابـانی پەهـلەوی و مەیدانی شەهیاد و فەشەم نەبـوو. ئـاخـر ئەو کـاتە گـوڵسورخی دەمێک بوو کوژرابوو. ڕەنگی خوێنە ئاڵەکەی ڕەش ببوو.

شەمەنـدەفەرەکە قـورسە و بە هەنـکەهەنـک دەڕوات. قـورسە نەک بە کێشی ئەو زیندانییانەی ڕۆژبەرۆژ کێشیان کەم دەبێتەوە. خـواردنی ڕۆژانەیان نە ڕۆنی تێدایە نە خـوێ. نـا شەمەنـدەفەرەکە قـورسە بە تەرمی ئەو سەدان و هەزاران ئومێدەی ڕۆژانە لەو سەربازە دیلانە هەڵدەوەرێ. تا دوورتر دەکەوتنەوە، تەرمی ئومێدەکان زیاتر کەڵەکە دەبوو.

زۆر نەبوو تارانیان بەجێ هێشتبوو. لەناکاو حوسێن لەفتە، هەناسەی تەنگ بوو، سەروچاوی سوور بۆوە، ناوچاوان و سینگی هەموو بوو بە ئارەقە. یەکێک باوەشێنی دەکرد و یەکێک شـانی دەشێلا. سەربازە پاسەوانەکە گوتی "کارتـان بەسەریەوە نەبێ، بۆ خۆی ئارام دەبێتەوە."

قسەی ئەو سەربازە قومییە ڕاست دەرچوو. حوسێن لەفتە ئارام بۆوە. ئازار نەک لە سینگیدا، لە تەواوی لەشیدا نەما. چونکە هەر تەنها دوای بیست خولەک بێجووڵە ڕاکشا و بۆ هەمیشە هەناسەی وەستا. پێشتر هەواڵی ئەوەش هەبوو، کە لە فـارگۆنەکانی پێشەوە، دوو دیلی دیکە مردوون. گـوایە یەکێکیان کـوردە، خەڵکی هەولێرە و نیشانەشکێنی دەبـابە بـووە و نـاوی شێروانە. هەمـوو ئەوانەی ئەو هەواڵانەیان دەبیست، تەنـها پشـتەملی خۆیان دەخـوراند. کەس نەیدەگوت "حەیف!" ئیدی ئەو قسـەیەی کە ئەو کـوڕەش دایکێکی هەیە و چـاوەڕێی دەکـات، بیرکـردنەوەیەکی بێبایەخ و هیچ بـوو. حوسێن لەفتە هەر ئاوا، سارد و بێ خولق، لەوێ کەوتبوو، یان ڕاکشابوو. چاوەکانی خستبوونە سەر یەک و لێوەکانی کەوتبوونە سەریەک، وەک ئەوەی سمێڵی خۆی بکرۆژێ. فوئاد دەیویست چاوی لابدات و تەماشای نەکات، بەڵام هیچ شتێکی لەو سەرنجڕاکێشتری لێنەبوو.

پێش ئەوەی دابەزن دەست و چاویان بەستنەوە. دیسان پرسیارەکان، دیسان تۆمارکردن و نووسین. فوئاد، سەربازی داواکراو، پیادەڕەو...

فوئاد چەندان ساڵ لەوێ مـایەوە، چەندان سـاڵ بەرانبەر دیوارە ئەسـتوور و بەرزەکان داڵغەی لێدا. قـاعەکەی ئەوان چلوحەوت کەسی تێدابوو. قەرەوێڵەی دووقات. دەستەجلێک، جووتێک نەعل، قاپێک بۆ خواردن و خواردنەوە. هەموو بەیانییەک زوو هەستان، نوێژکردن و نزاکردن. وەستان لەناو بەفر و سەرژمێریی تازە. ئەو ڕۆژەی چەند پیاوێکی جل شین، کە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان بوون هاتن، زانیی ئەو شوێنە جورجانە. ئەو ڕۆژە میوەیان دانێ، ڕێگەیان دا هەر کەس دەیەوێ ڕیشی بتاشێ و جگەرەیان بۆ هێنان. بەڵێنیان دا هەفتەی داهاتوو کاغەز و قەڵەمیان بۆ بێنن تا نامە بۆ کەسوکاریان بنووسن. ئەو ڕۆژە نـاو نـرا ڕۆژی ئومێد. ئومێدێک بە هەنکەهەنکەوە هـاتبووە ژوورەکەیان. فوئاد زووزوو دەیگوت:

- جورجان! جورجان دەکەوێتە کوێی سەرشەقامەوە.

ئەو نـوێنەرانە لە دەرەوە، لەنـاو هەوای ئـازادەوە هـاتـبوون، بۆنی ژیان و بۆنی گیا و گـوڵیان لەگەڵ خۆیان هێنابـوو. هەمیشە فوئاد دەیگوت:

- ئەو ڕۆژانە ئەسیر گرینگ بوو. ئەو ڕۆژانە ئەسیر قەدری هەبوو.

شتێک لەناو زیندانییەکاندا جووڵا. بۆ یەکەمجار نووری گوتی:

- ئێمە پێویستمان بە شتێکە!

ستار پرسیی:

- ئەو شتە چییە؟

نووری سەیری زیندانییەکانی دیکەی کرد. کەس ئاگای لەوان نییە. بەچرپەوە گوتی:

- ئێمە پێویستمان بە ڕادیۆیە.

وەک سەریان بەتـوونـدی بەر یەکـتری کەوتبێ، هەرسێکیان لێک بڵاو بـوون. هەریەکەیان بەلایەکـدا ڕۆیشتن. لە دڵی خۆشیاندا نەیانوێرا ناوی ڕادیۆ بهێننەوە. دیل، زیندانی، ئەسیر و ڕادیۆ؟ ڕادیۆ واتا مۆسیقا، واتا دەنگی تازە و ئازادی، واتا دیوار ڕووخاندن، ڕادیۆ واتا دەبابە. ڕادیۆ لە زیندانەکانی ئێراندا واتا هەڵاتن و خۆدەربازکردن. دوای هەفتەیەک ستار گوتی:

- هەر کەسێک ڕادیۆی لێ بگیرێ، هەڵیدەواسن.

***

ئارش، دکتۆری زیندان، لە مۆڵەت گەڕابۆوە، سەرحاڵ و کەیفساز. دوای سەرژمێری و ژوور گەسکدان و نانخواردن. هاتە قاعەکەی فوئاد و هاوڕێکانی. فوئادی بردە لایەکەوە.

- تۆ لە فەوجی بیستی مەشات بووی؟

- بەڵێ.

- قسەیەکت پێدەڵێم نەیدرکێنی.

فوئاد سوور بۆوە، چ خزمێکی هەواڵی پرسیوە، لە دەرەوە چ ڕووی داوە؟

- متمانەم پێبکە.

دکتۆر بەچرپەوە پرسیی.

- نوهاد هەواڵی دەپرسیت.

فوئاد تێنەگەیی. دکتۆر گوتیەوە.

- نوهادی هاوڕێت. نوهادی برینپێچی فەوجەکەتان.

فوئاد گێژ بوو. نەیویست ببیستێ. هەر بە چاو سەد پرسیاری کرد.

ئارش گوتی:

- نوهادی هاوڕێت. بە برینداری هێنایان. ساڵێک لە تاران چارەسەرمان بۆ کرد. ئێستاش لە سمنانە.

- واتا زیندووە.

- باشە. تەنها لاقێکی لەدەست داوە. بڕبڕەی پشتی زیانی بەرکەوتووە. باشە، دەژی.

ئەو فرمێسکانەی ئەو کاتە، کاتی تەقەلێکردنەکەی نەڕژان، ڕیزیان بەست و هاتنەخوار. ئەو هەمیشە دەیگوت "بۆ مردووەکان مەگریەن، ئەوە زیندووەکانن داغانیان کردووین".

دکتۆر ئارش گوتی:

- بێئومێد مەبە، ئینسان وا بەئاسانی نامرێ. دەشێ ڕۆژێک ئازاد بن. یەکتر دەبینینەوە.

فوئاد هێزی دایە خۆی و گوتی:

- داوایەکم لێت هەیە.

- ناتوانم. ناتوانم هیچی بۆ بەرم. ئەویش هەر گوتی هەواڵی بدەیە.

- داوایەکەم ئەوە نییە. ژیانت بیرخستمەوە. دەکرێ ڕادیۆیەکم بۆ بێنی؟

دکتۆر ئارش بەوپەڕی سەرسامی و ترسەوە ڕوانییە چاوەکانی فوئاد، وردەوردە بێئەوەی چاو بسووڕێنێ، دوور کەوتەوە.

هەر جارێک دکتۆر ئارش هاتبایە قاعەکەیان، یان لە کاتی چوونەدەر و سەرئاودا فوئاد چاوی بە ئارش کەوتبا، بە قووڵی و تاسەوە سەیری دەستەکانی دەکرد. زۆرجار دکتۆر بێ قسە، هەر شتێکی بە دەستەوە بایە، دایدەنا و دەستە بەتاڵەکانی نیشان دەدا. دەرزی لە کونکردنی بەردەهەسان بێئومێد نابێ. چەند مانگی دیکەش تێپەڕین. تا ئەو ڕۆژەی فوئاد نەخۆش بوو. هەموو لەشی ببووە پەڵەی سوور. خوێنیان تێدەزا و کێمیان لێدەهات. دکتۆر ئارش هەوڵی زۆری دا، چەندین جار بە دیتۆڵ و مەڵحەم هەموو لەشی شووشت. جارێک خستیە ناو بەرمیلێک لە خوێاوک. برینەکانی نەمان، تەنها شوێنەکانیان سوور دەچوونەوە. تا ڕۆژێک فوئاد لەگەڵ دوو تیوپی بچووکی مەڵحەمدا، پاکەتێک پسکیتی دەماوەندی لەبن پشتییەکەی دیت. خێرا پسکیتەکەی هەڵپچڕی، لەژێر پسکیتەکانی، باغە یان نایلۆنێکی ڕەش دیاربوو. چی؟ ئەوە ڕادیۆیەکی ڕەشی بچووکە! نەیزانی چیی لێبکات. خێرا خستیە ناو بەرگی دۆشەکەکەی. لێوی لەرزین و دڵی شێوا. لەسەر دۆشەکەکە دانیشت و لەبەر خۆیەوە گوتی:

- سوپاس. سوپاس دکتۆری زانا، من بەوە چاک دەبمەوە.

کێ دەڵێ ئارش هێناویەتی، دەشێ بۆ کەسێکی دیکەش هاتبێ. دەشێ تەڵە بێ. سەربازێکی باریک، ڕەشتاڵە و زمان شڕ، غوڵامڕەزا، لەوسەری قاعەکەوە هاواری کرد:

- فوئاد. مەڵحەمەکانی تۆم لەسەر دۆشەکەکەت داناوە. دواتر هاتە لای فوئاد بەوپەڕی زۆڵییەوە گوتی:

- ئەو مەڵحەمانەم زۆر گران کڕیون. ئێوە بە ئیسراحەت لێرە دانیشتوون، ئاگاتان لەو ئاگرە نییە لە بازاڕ بەربووە. هەموو شت دەقانە.

فوئاد ڕوانییە برادەرەکانی. کێ پارەی پێیە؟ غوڵام ڕوانییە ددانە زێڕەکەی فوئاد. فوئاد تێگەیی. ئەنگوستیلەکەی لە ناوێ بە گیرفانی چاکەتەکەیەوە درووبوو لێی کردەوە، بێئەوەی کەس ئاگای لێبێ، خستیە باخەڵی غوڵامڕەزاوە. ڕاگرتنی ڕادیۆیەک لەلای خۆت، هەرچەند بچووکیش بێت، لە زینداندا لە ڕاگرتنی ئەسپێک یان شاردنەوەی سەگێکی پڕدەری لەبن بەتانییەکەت زەحمەتترە.

یەکەم شەو نووری لەسەر لێواری قەرەوێڵەکەی خۆی دانا و بۆ خۆشی چووە ژێر بەتانییە ئەستوورەکەیەوە. وەک دەست بە تەرەقەی ساروخێکی زەوی بە زەویدا نێ، یان دەست بۆ مەمکی کچی پاشا بەرێ، دەستی بە ڤۆلیۆمی ڕادیۆکەدا نا. هاشەیەکی هات و خێرا کوژاندیەوە و خۆی سووڕاند و جیقەجیقێکی لە دۆشەکەکەی هەستاند. نووری دەستێکی تێوەژەند کە هیچ نییە و ئارام بێ. ژنێک قسەی دەکرد، دوای سێ ساڵ بۆ یەکەمجار گوێی لە دەنگی ژن بوو. دەنگی ژن چەند جیاوازە لە دەنگی ئەو نێرەکەرانەی چواردەوری. ژنەکە جارجار پێکەنینێکی دەکرد و فوئاد لەبیری دەچۆوە چیی لەو ڕادیۆیە دەوێت و بەدوای هەواڵدا دەگەڕێ. دەنگی ژنەکە گرتبووی و وایدەزانی کەوتۆتە ناو حەمامی ژنان و هەموو لەشی لە کەف و سابووندا نقوم بووە.

شەوی دواتر نووری و دواتر ستار، هەواڵەکانی هەر باسی شەڕ و ژمارەی بێئامانی کوژراوەکان و کاولکردنی ماڵ و شارەکان و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، ڕەجمکردنی ژنی زیناکار و هەڵواسینی چەند دوژمنێکی خودای دەکرد. کەس، هەر کەس باسی زیندانییان و ژیانیانی نەدەکرد. بازنەی ڕادیۆبازەکان، یان فیداکارەکانی ڕادیۆ ڕۆژبەرۆژ زیادی دەکرد، چونکە ڕاستە ڕادیۆ پارچە پلاستیکێکە دەتوانی بیشاریەوە، بەڵام ئەو دەنگ و سەدا و جووڵەی خوێنەی کەوتبووە ناو دڵ و چاوی فوئاد و هاوڕێکانی، هەرگیز نەدەشاردرایەوە. تۆ با هەواڵێکت پێبێ لەسەر بەغدا و هاوڕێ بەغدادییەکەت کە سێ ساڵە، واتا هەزارو نەوەدوپێنج ڕۆژە ناوی بەغدای نەبیستووە، بەرانبەرت دانیشێ و پێی نەڵێی. ناتوانی بە برادەرە بەسراوییەکەشت نەڵێی دوێنێشەو خەریکبووە بەسرە بگیرێ. فوئاد بۆ یەکەمجار لە ڕادیۆکەیەوە گوێی لە ناوی سلێمانی بوو، چاوی پڕ بوو لە ئاو، هەموو پێستی لەشی ئەوەندە هەوای چووە ناو، پەنجەیەک بەرز بووەوە. لەو کاتەدا حەزی دەکرد سلێمانی ناوی سەرشەقام بایە، خۆ ئەگەر وابایە، سەرکارێزییەکان لە ڕقا دەتەقین. جاران خۆی سەرکردایەتیی زۆر شەڕەگەڕەکی دژی سەرکارێزییەکان و هەندێ جار چوارباخییەکانیشی کردبوو، بەڵام ئێستا بەو فکرە ساویلکانەی زەردەخەنەیەکی تاڵی هاتە سەر لێو. ئەو هەواڵەی کە هەر بیشارنەوە، بەتایبەتی بۆ دیلێک کە دیواری زیندانەکەی تا خوا حەز کات بە ئەرز و ئاسماندا ڕۆچووە، ئەویش هەواڵی وەستانی شەڕ بوو. چی شەڕ دەوەستێ؟ تەقە نامێنێ و سوپاکان دەکشێنەوە و سەربازەکان دەچنەوە ماڵی خۆیان. ئا، ئیدی سارووخەکان بەسەر شارەکاندا ناگرمێنن و لە دڵی گەڕەکەکاندا ناتەقنەوە. ڕەنگی خۆڵەمێشی باردەکات و ڕەنگ و بریقە دەگەڕێتەوە ناو چاوەکان. گوڵەکانی سەرچڵ و ناو باخچەکان سنگی خۆیان ڕووت دەکەن و داوا لە هەنگەکان دەکەن تا دنیا تێر دەبێ لە هەنگوین بیانمژن. ئا، ڕاستە شەڕ ڕادەوەستێ. ئیدی دنیا چیدی بەرگەی ئەو هەموو خوێنڕشتنە ناگرێ. شەڕ ڕادەوەستێ، ئیدی تەواو. بۆنی بارووت دەشت و بیابانەکان قانگ نادات. پیاوان لەجیاتی چەک، منداڵەکانیان لەباوەش دەکەن. دیلەکان لەجیاتی خەم، لەجیاتی کەسەر، دەست لە ملی ژنەکانیان دەکەن. خوداحافیز کوشتن و خوێنڕشتن. تەواو، شەڕ ماڵئاوایی دەکات. هەواڵێکی ئاوا، دوای ئەو هەموو بێئومێدی و کوشتن و دیلییە دەشاردرێتەوە؟ ئای ڕادیۆی پلاستیکی چەند شیرین و بەوەفا و مژدەهێنی.

یەکەمجار ستار بە هاوڕێیەکی خەڵکی ناسریەی گوت، ئەویش بە هاوڕێکەی خۆی، ئەویش بە هاوجێگەکەی، ئەویش بە هاوموسەکەی، ئەویش و ئەویش و ئەویش. بەڵێ سەرۆکی وڵاتێک، وڵاتێکی گەورە و گران لەنێواندایە. ئەوە چەندین جارە سەردانی هەردوو وڵاتی کرد و بەڵێنی دانوستان و شەڕوەستانی وەرگرتووە. مامۆستایەک کە خەریکی نان کرینە لە گەڕەکەکەی خۆی هەر گـوێشی لێناگـرێ. بـازرگـانێک کە لە دوکـانەکەی خۆی دانیشتووە، ئەم هەواڵە نێوانگیرییە بە قرووشێک ناکڕێ. کرێکارێکی ماندوو ئەگەر گوێی لەو هەواڵە بێ، تفێکیش ناکاتە چاوی سەرۆکە نێوانگرە بێمێشکەکە، کە ناوی سیکۆتۆرییە؛ بەڵام بۆ زیندانییەکان ئەم هەواڵە یەکەم گوڵی بەهار و مژدەی ژیانە.

هەواڵی وەستانی شەڕ، وەک بۆنی یەکەم بارانی پایز، لە پێستی هەموو زیندانییەکان هەڵدەستا و نەدەشاردرایەوە. زیندانییەکان لەناو یەکدا دەهاتن و دەچوون وەک ئەوەی لەناو باخچە، یان لە بازاڕ پیاسە بکەن. زەردەخەنەی ئارام و گەشیان بە ڕووی یەکتردا دەدا. ئەفسەر و پاسەوانە ئێرانییەکان، لەو گۆڕانکارییە سەیر و سەمەرانەی بەسەر ڕووخسار و قسەی زیندانییەکاندا هاتبوو، سەرسام بوون. دەیانپرسی داخۆ جنۆکەیەک چووەتە ناو مێشکی ئەو ئەسیرە کەربابانەوە! هەندێکیان دەیانگوت "ئەوانە هەر بەوە دڵخۆشن کە نەکوژراون و وەک گا لێرە دەلەوەڕێن"، بەڵام خۆ پێشتریش هەر ئەسیر بوون، ئیدی ئەو گۆڕانە چۆن ڕووی دا؟ هەر ئەو گومانە دەرگای دۆزەخی بەسەر زیندانییەکاندا کردەوە. فوئاد هەستی بەو گومانە قووڵە کرد. هەستی بە چاو و نیگای پڕ پرسیاری دەرگاوانەکان کرد. دوای دوو شەو لەو گومان و هەواڵە، لە پشت دەرگای ژوورەکەیان کە تەواو پشت سەری ئەویش بوو، بستێک لە زەوی بەرز، بە پارچە ئاسنێک کە لە قەرەوێڵەی کردبۆوە، کونێکی لە دیوارەکە کرد و ڕادیۆکەی بە ئەمانەت تێدا شاردەوە و سەرەکەی بە نوورە داپۆشییەوە، بە جۆرێک کەس هەستی نەدەکرد لە پشت ئەو دەرگایەوە، لەو دیوارە بێدەنگ و مردووەدا، ڕادیۆیەک شاردراوەتەوە هەر کاتێک بتەوێ، مۆسیقا لێدەدات و هەواڵ دەگوازێتەوە.

هەموو شتێک ئارام ببوەوە تا ئەو بەیانییەی قاو بڵاوبۆوە کە دوو زیندانی لە سەمیر مەهلوس بوونە زاوا. سەمیر لە سەربازە خۆبەخشەکان بوو لەبەر منداڵی و نەشارەزایی بەدیل گیرابوو. بورهان حەنتوش کە یەکێک بوو لە سەربازە زاواکان، لە بەرچاوی پاسەوانێکی ئێرانی گوتبووی:

- سەمیر تامی ژن دەدات. سەد ژنی سەر ڕشکن بە قوربانت بێ.

دەستخۆشانەی سەمیر تەنها جگەرەیەک بوو. دوو چاوی بادامیی سەوز، دەموچاوێکی سووروسپی و دوو لێوی ئەستوور. پاسەوانە ئێرانییەکە، کە هەر هەمان غوڵامڕەزا بوو، بە سەمیری گوتبوو:

- منیشت لەبیر نەچێ. من لە زیندان پاسەوان بم، یان لە بەندەرشا لە ماڵی ژنێکی نیوە ڕووس و نیوە تورک میوان بم، هەر دەیخەمە ئەو شوێنەی تۆش هەتە.

سەمیر تۆزێک تووڕە ببوو. غوڵام گوتی:

- ئاگام لە هەموو شتێکە، بێدەنگ دەبم و حەقی خۆشم دەدەم.

سەمیر گوتی:

- لەتۆ پاکەتێکم دەوێ.

بورهان حەنتوش کە ئەوە دەزانێ، پێی وایە یەکێک مامەڵە لەگەڵ ژنەکەی دەکات. بانگی غوڵامڕەزا دەکات و دەڵێ:

- جارێکی دیکە لە سەمیر نزیک نەبیەوە.

غوڵامڕەزا نا، هاوڕێکەی گوتبووی:

- بۆخۆت سواری دەبی، پێتوایە ئێمە نازانین.

بورهان حەنتوش هێمنتر گوتبووی:

- درۆیە، شتی وا نییە.

هاوڕێکەی غوڵامڕەزا گوتبووی:

- نا، ئێوە هەمووتان سواری یەک دەبن.

بورهان توڕە ببوو، گوتبووی:

- ئێوەی ئێرانی هەمووتان حیزن.

هەر ئەو ئێوارەیە بەدوای سەمیر و بورهاندا هاتن. بورهانیان بە دارتێلێکی ئەو سەری مەیدانی مەشقەکەوە بەستەوە. دیاربوو پێشتر زۆریان لێدابوو. سەهۆڵاو و چڵپاویان پێدا دەکرد. بیست جەڵدەیان لێدابوو. سەمیر بەرگەی نەگرتبوو، ئەفسەرەکە پرسیی:

- لەگەڵ بورهان چیتان دەکرد لەژێر ئەو بەتانییە؟

سەمیر گریابوو. ئەو لەوە ناسکتر بوو نەچەمێتەوە، دیسانەوە لێیان پرسییەوە:

- بۆ هەردووکتان چووبوونە ژێر یەک بەتانی، ئەو دوو عومری تۆی هەیە. چیی لێکردی، بۆ خۆت باشترە، ڕاستی بڵێ؟

سەمیر لە زیندان تەمەنی ببوو بە بیست ساڵ. ئەو سەربازیی بە گاڵتە سەیر کردبوو. هەر وای زانیبوو وەک سەیرانی قوتابخانەیە، چەند ڕۆژێکە و دێتەوە. بۆ ئەوەی خۆی ڕزگار بکات دەڵێ:

- پێتان دەڵێم، بەڵام بە مەرجێک.

ئەوان بە متمانەوە لێیان پرسی:

- بڵێ، مەرجەکەت چییە؟

- ئازادم بکەن.

ئەوان پێکەنین، زۆر سارد پێکەنین. ئاخر ئەو ئەفسەرە ئێرانییانە ساردن، لە سەهۆڵ ساردترن. یەکێکیان گوتی:

- نەک ئێمە سوپاسالاریش ناتوانێ ئازادت بکا. خۆ ناشکرێ هەردوو کەس بۆ کەیفەی خۆیان چوونە ژێر بەتانییەک، ئێمە ئازادیان بکەین.

سەمیر گوتی:

- زۆر گرنگە.

ئەفسەرەکە فەرمانی کرد:

- سەد جەڵدەی دیکەی لێدەن.

لە دووەم جەڵدەرا گوتی:

- بمکەنەوە هەموو شتێک دەڵێم:

پرسیارەکەیانی دووبارە کردەوە:

- بۆچی لەگەڵ بورهان حەنتۆش چووبوونە ژێر بەتانییەک؟

سەمیر گوتی:

- بۆ ئەوەی گوێ لە ڕادیۆ بگرین.

هەموویان سەرسام و حەپەساو، بە شەرمەزاری و لۆمەوە سەیری یەکتریان کرد. ئەفسەری بەرپرس دارێکی توونذی بەوپەڕی ڕقەوە لە پشتی ڕووتی سەمیر دا و پرسیی:

- چی، ڕادیۆ؟

وەک گڕکانێک ڕووی لە بەرپرسی هۆڵەکان کرد:

- ئەوانە بە بیانووی نێربازی و سواربوونی یەکترەوە ئێوەیان فریو داوە. زۆریان لە بورهان دا. جارێک دەیانخستە ئاوی گەرم و جارێک ئاوی بەستوو. پۆلویان لەسەر پشتی دانا. هەڵیانواسی. جگەرەیان بە سمتی کوژاندەوە، ئەو هەر ئەوەندەی گوت:

- ڕادیۆ مەکەنە بیانوو. ئێمە ڕادیۆمان نەدیوە. تەنها پاسەوانەکانتان دەیانویست دەستدرێژی بکەنە سەر ئەو کوڕە گەنجە.

هەردووکیان بردنەوە ناو قاعەکە، ئەفسەرەکە ڕووی لە هەموویان کرد، ساردتر لە سەهۆڵ و قورسر لە مردوو، گوتی:

- تا بەیانی مۆڵەتتان هەیە. ئەو ڕادیۆیە تەسلیم بکەن. فوئاد سەرسام بوو، ڕادیۆ بۆ هاتۆتە ناو باسانەوە.

***

سێ هەفتە بوو لەسەریەک بەفر دەباری. سەرما چووبووە ناو دەمار و هەموو خانەیەکی بورهانەوە. شەوی ڕابردووش لە سەرمان نیوەی زمانی خۆی لێکردبۆوە. لە بەدبەختیی ئەوان، ئەو شەوە هەر زوو کردی بە سایەقە. لە کاتژمێر پێنجی بەیانیدا دەرگای قاعەکەیان کردەوە. بەرپرسی زیندان و ئەفسەرێک و چوار پاسەوان هاتنە ژوورێ. بەرپرسی زیندان فەرمانی پێکردن:

- هەر کەسەو کەلوپەلی خۆی هەڵگرێت و بێتە ئێرە.

قاپێکی قووڵ، جووتێک نەعل، بەتانییەک، پشتییەک، یەکەیەکە شتەکانیان لێوەرگرتن و لێیان وردبوونەوە و پشکنییانن. فوئادیش شتەکانی خۆی هێنا. جا یەکەیەکە جلەکانیان پێ داکەندن. بە ڕووتی یان بە دەرپێیەکی تەنکی قووتەوە بەڕیز ڕایانگرتن. فوئاد ڕوانییە شوێنی برینە کۆنەکانی جەستەی. یەکەم چەقۆ لە ژیانیدا ڕێک لە سەردڵی درابوو، ئەویش بە دەستی بەخە چوارباخی. فوئاد کەوتبوو، برادەرەکانی گوتبوویان:

- بەخە، هەی زۆڵ، ئەو کوڕەت کوشت، خۆ چەقۆیەکەت گەیشتۆتە سەر دڵی. بەخە گوتبووی:

- من نازانم چەقۆیەکم گەیشتۆتە کوێ. ئەوە دکتۆر دەزانێ چەقۆی من چەند دەڕوات.

ئەو جارە نەمرد و زیندوو بۆوە. بەخە بووە یەکەم هاوڕێی و چەندان جار لە بەردەستی سەرکارێزییەکان ڕزگاری کردووە. برینێک و برینێکی دیکە، فریا نەکەوت هەموو جێ برینەکانی بەسەر بکاتەوە، فەرماندە هاواری کرد:

- بە ڕێکی دیوارەکەدا ڕیز بن.

ژوورەکە، سەرقەرەوێڵەکان چۆڵ و ڕووت بوون. تەنها قەرەوێڵە و دیوارەکان، قەرەوێڵەکانیان هەڵگێڕایەوە، دەستیان بە دیوارەکاندا هێنا، بست بە بست پشکنییان. دیسان قەرەوێڵەکانیان هەڵگێڕایەوە، دیسان دیوار و عەرز و دار و بەردیان پشکنی. دیسانەوە هیچ. فەرماندە دیسانەوە سارد و بەرد، ڕوانییە هەموویان. یەکەیەکە بەسەری کردنەوە. گوتی:

- سوێند بە حوسێنی شەهید، سوێند بە مەولای گەورەم. هەر کەسێک شوێنی ڕادیۆکە ئاشکرا بکات، جگە لەوەی کە سزای نادەم، نەک ئەو، هیچکەس سزا نادەم. هاوڕێکانیشی ڕزگار دەکات. جگە لەوەی بۆ خۆشی تا ڕۆژی ئازادبوونی ژوورێکی تایبەتی دەدەمێ کە دەرگاکەی هەرگیز قفڵ نادەم. نانخواردنی لەگەڵ ئێمە و چوونە سەرئاو و خۆشوشتنی بە ئارەزووی خۆی دەبێت. لە هەموو ئەرک و خزمەتێکیشی دەیبەخشم.

کەس دەنگی لێوە نەهات. ئەفسەرەکەی تەنیشتی دووبارەی کردەوە:

- جەنابی فەرماندە هەرگیز بەڵێنێکی نەداوە، نەیبردبێتە سەر.

جەنابی بەرپرسی زیندان کە پێیان دەگوت فەرماندە، ڕەنگی تەڵغ و ڕەش بوو، بەڵام دیسانەوە سارد و بەرد. لە حەژمەتان لێوی دەلەرزی و یاریی بە لاقی دەکرد. سووڕایەوە بچێتە دەرێ، دەستی لەرزی و دارەکەی بن باڵی بەربۆوە. بەر کاشییەکەی بەرپێی کەوت، بڵت، دەنگێکی بڵ. وەستا، هەستی ڕاگرت، هەموو هەستیان ڕاگرتبوو، زیندانییەکانیش. ئەوە چ دەنگێکە؟ تەواوی قەرەوێڵەکانیان بردە دەرێ. دارەکەی بە دەستەوە گرت. یەکەیەکە کاشییەکانی تاقی کردەوە. غوڵامڕەزا بە ترسەوە دەیڕوانییە فوئاد، فوئاد ئارام و هێمن جارێک نەپەشۆکا و جارێک وەڵامی ڕوانینەکانی نەدایەوە. تەق، تەق، تەق، ئەو دەنگە واتا کاشییەکە پتەوە، ساغە. دیسانەوە لە کاشییەکانی دا. یەکەیەکە، تا گەیشتەوە هەمان کاشی، دیسانەوە بڵت. کاشییەکەیان دەرهێنا. لە ناویدا ڕادیۆیەکی بچووکی سووریان دۆزییەوە. فوئاد سەری سووڕما، بۆ ڕادیۆیەکی دیکەش هەیە؟

فەرماندە دیسانەوە سارد و بەرد. کاتژمێر حەوتی بەیانییە. لە دەرکەوتنی خۆر هیچ هەواڵێک نەبوو. بەفری ئەو زستانە لەناو مەیدانی پان و پۆڕی زیندان کەڵەکە ببوو. سایەقە و کزەبا، کردبوویانە ڕوخساری فەرماندە، ئەویش سارد و بەرد، فەرمانی دا:

- تەنها بە نینۆک و پەنجەکانیان هەموو سەهۆڵ و زوقمی ئەو مەیدانەیان پێهەڵقەنن.

ئەوان چلوحەوت زیندانی بوون، مەیدانەکە تەواو ئەوەندەی مەیدانی تۆپی پێ بوو. تەنها دوای دە خولەک کەس نەما لە دیلەکان خوێن بە هەر دە پەنجەیدا دڵۆپە نەکاتە سەر بەفرەکە. زوقم و سەهۆڵەکە لە دڵی فەرماندە ڕەقتر بوو. پەنجە نەرمەکان کاریگەرییان نەبوو، تەنها خوێن فریایان کەوت. لە ماوەی تەنها یەک کاتژمێردا سەهۆڵەکە نەرم بۆوە، ئەویش نەک بەهێز و توانای دەستەکانیان. نا، تەنها بە گەرمیی ئەو خوێنەی لە چوارسەد و چلونۆ پەنجەوە دڵۆپەی دەکردە سەر بەفرەکە، چونکە هەندێکیان دە پەنجەی تەواویان نەبوو.

دواتر زیندانییەکیان کە ناوی عەبدولوەهاب بوو، مەسەلەی ئەو بەفر و سەهۆڵەی کردبوو بە هۆنراوە. ئەو هەمیشە شیعری دەهۆنییەوە. لەبەر ئەوەی قەڵەم و کاغەزیان نەبوو. هەر شیعرەی تەسلیمی سینگی دیلێک دەکرد. لای خۆیەوە وەهاب ناوی دیلەکانی گۆڕیبوو بەناوی شیعرەکانی و بەڵێنی ئەوەی لێوەرگرتبوون کاتێک ئازاد بوون، لە هەر شوێنێکی دنیا بن، ئەو شیعرەی کە لەبەریان کردبوو، بۆی بنووسنەوە و بۆی بنێرنەوە. فوئاد شیعری ئەو بەیانییەی بەرکەوتبوو، کە وەهاب ناوی نابوو زوقم و خوێن. ناوی فوئادیشی هەر بۆ ئەو ناوە گۆڕی. شیعرەکە درێژ بوو. ناوی ڕادیۆشی تێدا نەبوو، لەجیاتی ئەوە، ناوی سەدای تێدا بەکار هێنابوو. سەدای لەناو دڵی ئینسانەکاندا شاردبووەوە، گوایە دڵی ئەوان سەدایەکی تێدایە، سەدای ناو دڵی ئەوان هەمیشە بڵێتەی دێت. کۆتایی بەشی یەکەمی شیعرەکەی بەوە هێنابوو، کە حەز دەکات لەگەڵ سەرۆکە شەڕکەرەکەی عێراق لە ئەبونەواس دانیشێ و ویسکی بخواتەوە، بەڵام ویسکییەکەیان بەو بەفرە سروشتییەی جورجان سارد کەن کە ئەمڕۆ بە خوێنی سەربازەکانی سوور بوو.

فوئاد هەرگیز ئەو شیعرەی بیر ناچێتەوە. بەشی دووەمی کارەساتبار بوو. هەر هەمان بەشی دووەمی سزاکەیان بوو. شەست سەربازی ئێران، هاوتەریب لە شێوەی هێڵی شەمەندەفەر، بەڵام مارپێچ وەستابوون، هەریەکەیان و شتێکی بە دەستەوەبوو، کێبڵ بە هەموو جۆرەکانیەوە، کوتەک و دەسکی ماسیحە و سۆندە و قامچی و قایشی پشت و کلکە خاکەناز. دەبوو دیلەکان بە ناوەندی ئەو دوو هێڵە زەبر بەدەستەدا، بەناو شڵتوشۆی خوێنی خۆیاندا، ڕاکەن. ئەوانیش زەبرەکانیان بوەشێنن. جا بە هەر شوێنێکی دیلەکان کەوێ. دیلەکان لەوەدا ئەزموونیان هەبوو، دەیانزانی سەروچاو، ڕوومەت، پشت و لاق، ڕان و سمت و قون ناپارێزرێ. ئەوان تەنها دەیانویست گەڵ و گونیان بپارێزن. بۆ ئەوەش هەریەکەیان خێرا نەعلەکانی داکەند و خستیانە ژێر دەرپێکانیان بەجۆرێک تەواو بکەوێتە سەر گەڵ و گونیان. جا وەک ئەسپی گێرە بەنێوان ڕیزی دوورودرێژی سەربازە ئێرانییەکاندا غاریان دەدا. هەرچییان بەرکەوێت نابێ ئاوڕ بدەنەوە، نابێ دوا بکەون. نابێت هێواش بن. هەرچەند هێواش بن، ژمارەی ئەو کێبڵانەی بەر شان و مل و سەریان دەکەوت، زیادی دەکرد. نەگبەتیی هەرە گەورە ئەوەیە لاقت بترازێ و بکەوی. کەوتن واتە مردن و کۆتاییهاتن. مردنێک کە خۆت هەڵتبژاردووە و شایانی. لە باشترین باردا کەوتنی کەڵەکێوییەکە لە بەردەم گورگەکان. یان کەوتنی کەمتیارە لە بەردەم داڵاشەکان. فوئاد هەڵخلیسکا. هەڵخلیسکا و خۆی گرتەوە. لەو هەڵخلیسکانەدا، کێبڵێکی ڕەش، لەوانەی ئەوەندەی شیشێکی ئاسنی دوو ئینجی ئەستوورن، بەنێوان هەردوو سمتیدا پێچی کردەوە و بەر جووتە گونەکانی کەوتن و فلیقاندنیەوە. ڕەگی ئازارە کۆنەکەی کولایەوە و لە ناخەوە هاواری کرد. زەبری ڕۆژگار جارێکی دیکە بەر گونەکانی کەوتبوو، دەیزانی مردن لە دڵەوە نا، لەوێوە دەست پێدەکات. ئازارەکەی ئەمڕۆش هاتە بڕبڕەی پشتی و لە سەریدا تەقییەوە و بەرچاوی بۆ چرکەیەک سوور و دواتریش ڕەش بوو. کەوتە سەر ئەژنۆ و کوێرەکوێر لەپی دەستی لە بەفرەکە گیر کردبوو. کێبڵێکی دیکە و یەکی دیکە، ماسیحەیەک و سۆندەیەکی سووری بۆگەن. شەقێک، پێلەقەیەک، کلکە خاکەنازێک بۆ ناوەندی شانەکانی، ئەو کەڵەکێوییەکەیە، ئێستا نا، کەمتیارەکەیە، تاوێکی دیکە دەکەوێتە سەر سک و داڵاشەکان پارچەپارچەی دەکەن. لەناکاو دوو سیمرخ، وەک سیمرخەکانی ناو چیرۆکەکانی منداڵی یەکە و قوڵێکیان گرت و بەرزیان کردەوە، نووری و ستار، هەریەکەو چوونە بن هەنگڵێکی ڕایانکێشا. ستار بە هەنکەهەنکەوە گوتی:

- نابێ بکەوی، خێرا هەستەوە، نابێ بکەوی.

کێبڵ و سۆندەکان گەرمتر و تووندتر دەهاتن. ئەو جارە بەر سەر و شانی نووری و ستار دەکەوتن، وردەوردەش ڕایانـدەکێشا و بەرزیان دەکردەوە. چـوار هەنـگاو، پێنج هەنگاو، لە شەشـەمـدا فـوئـاد کەوتە سەر پێیەکـانی خۆی. ئەو بەشەی شیعرەکەی وەهاب زۆر کاریگەر بوو، فوئاد هەموو جارێ لەگەڵی دەگریا. هەموو جارێش دەیگوت:

– خۆزگە ئەو وەهابە زۆڵە، ئەو شیعرەی لەسەر کاغەز نووسیبایە، تا بمسووتاندبا و هەرگیز نەچووبامەوە سەری، بەڵام کوا، ئەو لە سینگی منی نووسیوەتەوە و لای من بە ئەمانەتی داناوە.

کۆتـایی شیعرەکەش شـتێکی ئـاوابـوو "کـاتێ فـوئـاد خـوێنی سەر بەفـرەکەی دەدی، وای دەزانی گـوڵی سـوورە و بۆ سەرجێی ژنەکەی دەبات." نە شیعرەکەی وەهاب و نە سزاکەیان بەوەندە کۆتایی نەهات، بەڵکو بەشی سێیەمی هەبوو. بەشی سێیەمی سزاکە، هەر چلوحەوت زیندانییە شەکەت و بریندار و سڕبووەکەیان بردە ئەوسەری مەیدانەکە. هەر بە ڕووتی لەبـن دیوارە سەر بە تەلـدڕووەکە ڕیزیان کـردن و فەرمـانیان پێکردن و لەوێوە بە زگ و سینگە خشکێ، بەنـاو بەفـری تلیساوە و خـوێن و قـوڕ و لیتەکەدا بـچنەوە بەردەم قـاعەکەیان. چـلوحەوت سەر وەک چـلوحەوت کەرسەکی درزبـردوو بەسەر لیتاوەکەوەن، جـارجـار نـقووم دەبـن و خێرا دەکەونەوە سەر ئـاو هەریەکەیان هێندەی کێشی خۆی قــوڕ و خــوێناوی چۆتە زگەوە. شیعرەکەی وەهــابیش هەر وابــوو، وەک فەرمــانــدەکەیان ســارد و سڕ و بەرد. کۆتــاییەکەشی ئــاوا بــوو "مــن نــازانــم بەچی گەیشتمەوە ئەوبەر، بە هێزی ئەو شێرەی ئیمامی عەلی لەسەر پشــتی دانیشتبوو، یان مەستی ئەو عەرەقەی لەگەڵ سەرۆکە قەشەنگ و شەڕکەر و خوێناوییەکەم نۆشیم...

فوئـاد نەیدەویست بمرێ، دەیویست بزانێ ئەو ڕادیۆ سـوورەی لەبن کاشییەکە دۆزیبیانەوە هی کێیە؟ کێ هێناویەتی؟ هەمـوو ڕۆژێ چەنـد زیندانییەکیان بۆ لێکۆڵینەوە دەبـرد. بە قـسەی خۆش و هەڕەشە، بە بەرتیل و تێهەڵدان. دواجـار شــاعیری تــاقــانەی زیندانییەکــان ڕووخــا، بەڵام بەچی؟ تەنــها بەوەی قەڵەم و کــاغەزی بــدەنێ تــا شیعرەکــانی تێدا بنووسێتەوە. دانی بە تـاوانەکەیدا نـا، بەڵام وەهـاب ئەو کـوڕە سیس و بێرووحە نەجەفییە ترسنۆک و بێ پـارەیە، ئەو کــارەی چۆن کردووە؟ ڕادیۆکەی بە زێڕ کڕیوە. دوو ددانی زێڕی خۆی، ددانێکی نـائیب کـازم و ددانێکی مـوسـلیمی هاوڕێی، ئەنگوستیلەیەکیش. پاسەوانێک بەو زێڕانە ئەو ڕادیۆ سوورەی بۆ هێناوە. ئەوەی جێگای حەسرەت بوو، ئەوە بـوو کە ڕادیۆیەکە کـاری نەکردووە و هەر لە یەکەم ڕۆژەوە زانیویانە پـاسەوانەکە فێڵی لێکردوون، بەڵام ئەوان وەک ئومێدێکی نوستوو شاردویانەتەوە. وەهاب بە فەرماندەی گوت:

– من زەرەرم نەکردووە، هەر چۆنێ بێت، ڕادیۆیەکی لەکارکەوتوو بۆ زیندانی لە ددان باشترە. شۆربا ددانی بۆ چییە؟

وەهــاب دانی بەو کــارەدا نــا. یەکەم بۆ ئەوەی کــاغەز و قەڵەمی دەســت بـکەوێت، دووەم بۆ ئەوەی بـرادەرەکــانی لە ڕســـوایی زیاتــر ڕزگــار بــکات، بەڵام هەرگیز ئــومێدی زیندانی نــایەتە دی. هەر دوای ئەوە دەم و ددانی هەمـــوو زیندانییەکانیان پشکنی، هەموو ددانە زێڕەکانیان بۆ هەڵکێشان. ئەوەش تازەترین ڕێگای کۆکردنەوەی زێڕ بوو.

***

دوای چەنـد ڕۆژێک ڕێگایان دان خۆیان بشۆن. ڕیشیان بـتاشـن و قـژیان شـانە بکەن. خـواردنەکـانیان گەرم و خۆش بـــبوون. هەواڵ چییە؟ کێ دەتـــوانێ پیرە ڕادیۆ لە دیوار دەربێنێ؟ نهێنی زۆر نــــامێنێتەوە. میوەیان بۆ هـــات، ئەوە دووەمجارە میوەیان بۆ دێ. جاری یەکەم دوای هاتنی میوە، فەرمانبەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتن. دوای ساڵێک و یەک مانگ، دروست دوای ساڵێک و یەک مانگ، فەرمانبەرانی جل شین بەڵێنەکەی خۆیان بردە سەر و هاتنەوە. هەر زیندانییەو کاغەزێکی تازەی بۆن خۆشیان دانێ. کاغەزێک لە سەرەوە ناوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لێنووسرابوو. هەر زیندانییەک بۆی هەبوو نامە بۆ کەسوکاری بنووسێ. ئەوەش یەکەم نامەی فوئاد بوو کە نووسیی، دوای سێ ساڵی تەواو لە بەدیل گیرانی.

***

دوای تەنها یەک هەفتە لە ناردنی نامەکان. هەر لە هەمان زستانی سەختی ساڵی هەزارو نوسەدو هەشتاو شەشدا. لە سیویەکی سێدا کە ڕێکەوتی دووشەمەی دەکرد، ئەفسەری بەڕێوەبەر هەر لەودیو دەرگاوە گوتی:

– هەمووتان خۆتان ئامادە بکەن. تەنها پێنج خولەکتان لە بەردەستە.

دیسانەوە یەکەیەکە چـاویان بەسـتنەوە، دوو دوو پێکەوە کەلەپـچەیان کـردن. بـردیانـنە لای دیوارە درێژە سەر بە تەلدڕووەکەی مەیدانەکە.

– ڕوو لە دیوار بکەن، دەست بڵند بکەن. نەجووڵێن. بێ هەناسە.

چەند سەیارەیەک بە گوڕەگوڕ هاتنە ناو مەیدانەکە. ئەوان تەنها گوێیان لە تەپەتەپ و غارغارێنە. دەنگێک فەرمان بە سەربازەکان دەکات:

– ئـامـادە. بۆ لای ڕاسـت، بۆ لای چەپ. نیشانە بـگرنەوە. میل بهێننەوە. دەنگی میلهێنانەوە. دنیا کـپترە لەوەی کە هەر زستان بێ.

دەنگێکی ڕوو لە زیندانییان:

– دیلەکان دەست بێننە خوارەوە. بۆ لای چەپ. وەرنە پێشەوە. سەر بکەون.

لە جورجانەوە بە پاس بردیانن بۆ بەندەرشا. لەوێوە بە شەمەندەفەرە بۆ سمنان، شاهڕوود، نەیشابوور و شەریفئاباد. جارێکی دیکە بە پاس بردیانن بۆ مەشهەد و لەوێشەوە بۆ قووچان.

فـوئـاد ڕۆژبەڕۆژ نەک هەر بە تەمەن، لە سەرزەویش، لە سەرشەقـام دوورتـر دەکەوتەوە. کـوا ئەو کـوڕەی جـاران مـابوو؟ هەمـوو کۆڵان و مـاڵەکـانی سەرشەقـام هی خۆی بـوون. هەمـوو نەخۆش و سەقەتێک ئەو لە کۆڵی دەکـرد و هەموو کچێکی سەرشەقامی، نامووسی ئەو بوو. بۆ کەس هەبوو بێ پرسی ئەو دوو جار لەسەریەک بە کۆڵانەکانیدا تێپەڕێ. ئـاخـر ئەو بەڕاسـتی شەلاتی و شەقـاوەی پـلە یەکی سەرشەقـام بـوو. ئێستاکە لەسەر قەرەوێڵەی بەنـدیخانە دانیشتووە. ددانی پێشەوەی لە کـاتی لێکردنەوەی قـاڵبە زێڕەکەی نیوەی شـکاوە. ئەو کـوڕە بـاریکەی سەرەتـای لاویی لەبیر چۆتەوە. هەمـوو بیر و خەیاڵی لە زیندانەکەی جـورجـانە. زیندانی بەهەشـتی، بلۆکی ژمـارە سێ، قـاعەی چـوار. ڕادیۆکەی پشـتی دەرگـاکە. ڕادیۆی نـاو دیوار، ئیدی کـپە، ئیدی هەواڵێک نـاگەیەنێ، گۆرانییەک نـاڵێ. دەنگی مـنداڵێک ناگوازێتەوە. هەموو دنیا کۆکن لەسەر ئەوەی دەبێ کوردێکی ڕیسوا بێ، بە ناچاری ببێتە سەرباز و بەناچاری شەڕ بکات و بەدیل بگیرێ. هەموو دنیا کۆکن لەسەر ئەوەی دەبێ ئەو لە هەموو شتێک بێئاگا بێت. بۆ دیلێک هەموو شتێک جۆرێکە لە سـزا. کە دەتهێننە دەرێ، دەبێ چاوت ببەستن. کە خـواردنت دەدەنێ، دەرگـای ئـاودەسـتت لێ دادەخەن، کە دەرگـاکە دەکەنەوە، بـرسیت دەکەن. خـواردنێکت دەدەنێ تـا ژانەسـک بـگریت و خۆت پیس بـکەی. فـوئـاد لە هیچ نەدەگەیشت بۆچی مرۆڤگەل ئەوەندە دوژمنی یەکترن. بۆچی ئەو دوو وڵاتە یەکتر بە کافر دەزانن. ئەو ئینسانە هەست بە ئازادی ناکات تا یەکێک زیندانی نەکات. هەست بە تێربوون ناکات تا یەکێک برسی نەکات. ئەوە چەند ڕۆژە هەستی کردووە نـوهـاد لەو زیندانەیە، نـاتـوانێ هەواڵی بـپرسێ. نـاتـوانێ ببینێ. فـوئـاد بۆ مـردنەکەی، بۆ ڕەمی کـردنەکەی ئەوەندەی ئازار کێشاوە، بەرگەی بینینێکی دیکەی ناگرێ.

***

ئەو ڕۆژەی هەواڵی ئەوە بڵاوبۆوە کە شەڕ وەسـتاوە، ئـایەتـوڵڵای بەنـاوبـانگی ئێران شەڕابە ژەهـرەکەی خـواردۆتەوە، دیلەکـان نێر بـوونەوە و مەینەتیەکـانیان بیرچۆوە. یەکـتریان لەبـاوەش کـرد و پیرۆزبـاییان لە یەکـتر دەکـرد. هەمـوو دیلەکانی قووچانیان لە مەیدانی سەربازگەکە کۆکردەوە. هێندێک لە دیلەکان هوتافیان بۆ سەرکەوتنی ئاشتی و برایەتی لێدا. هەنـدێ نـاوی سەرۆک و وڵاتیان هێنا. هەمـوویان زۆربـاش و بەدڵی خۆیان دارکـاری کـران. سەرۆکی زیندان کە ئەفسەرێکی ڕیش ماشوبرنجی کامڵ و نێوچاوان مۆری سوجدە بوو، وتارێکی بۆ دان. دیسانەوە ئەویش بە دەنگێک

سارد و بەرد، کە کەس ناتوانێ هیچ هەست و سۆزێکی تێدا ببینێتەوە. ئەوەی لەو وتارەدا گرینگ بوو، بێگومان بۆ دیلەکان ئەو بەشەی کۆتایی بوو، کە گوتی:

– شەڕ وەستاوە، ئیمام ژەهرە تاڵەکەی خواردەوە، تەنها تەقە و کوشتن لە بەرەکانی شەڕ وەستاوە، تەنها ناپاڵم و هێرشـــکردنە سەر یەکـــتری وەســـتاوە. جـــگە لەوە هیچ گۆڕانێک نییە، ئێوە هەر دیلەکەی دوێنێن، دەبێ گـــوێڕایەڵی فەرمانەکان بن.

کۆتاییەکەشی بەوە هێنا:

– دوژمنانی خودا، دوژمنانی حوسێن، دوژمنی ئێمەن، لە هەر کوێ بن.

لەگەڵ هەموو ئەو قسە ساردانەشدا، زیندانییەکان دڵخۆش بوون. با مانگێکی دیکە، با دوو مانگی دیکە. با سێ مانگی دیکە، کە دەکـاتە نەوەد دانە ڕۆژ ڕامـــانـگرن. دەبێ هەر بەرەڵامـــان بـکەن. ئەدی ئەو فەرمـــانـــدە و وڵاتەی ئەوان لە پێناویاندا جەنگان، چۆن لێیان بێخەم دەبن؟ موحسین تەرەزان گوتی:

– یەکەم کاریان گۆڕینەوەی ئێمە دەبێ. دەزانن ئێمە لە پێناوی وڵاتدا گەنجیەتیی خۆمان بەخشی. ڕزگار دەبین.

بورهان حەنتوش بە دەنگی بەرز گوتی:

– ئەوەی یەک پێک عەرەقی زەحـلاویم بۆ پەیدا بـکات، یەک سەدە دەبـمە خـزمەتـکاری. مـن ئـازاد دەبـم. دەچـمەوە. دەچمەوە سەعدوون، هەموو ژنەکانی بەتاوین ژنی خۆمن. من ئەمڕۆ پادشای جیهانم.

هەموو قسەیان کرد، باسی ڕزگاربوون. نووری لە بەرچاوی هەموان دەستی فوئادی گرت و گوتی:

– ئەو پیاوە منی ڕزگار کرد. من بە ژیانم قەرزداری ئەوم. من دوای محەمەد عەبدولزەهرە کەوتبووم و دەمویست بە گردە ئەڵغام ڕێژەکەدا هەڵێم. یا بمرم، یان ڕزگارم بێ. فوئاد مەچەکی منی تووند گرت و نەیهێشت. فوئادی برام من قەرزەکەت دەدەمەوە، بە کۆڵ دەتگێڕم.

هەر بۆ خۆی دوای ماوەیەک گوتی:

– سەربەرز و سەرکەوتوو دەچینەوە. بە هەر شارێکدا تێپەڕین، کوڕ و کچانی ئەو شارە بە چەپکەگوڵەوە پێشوازیمان دەکەن.

شەش ساڵ بەسەر پەڕین و فڕینی لاقی محەمەد عەبدولزەهرەدا تێپەڕیوە. فوئاد ئەو کاتە هەر بیری لە لاقە فڕیوەکەی دەکـردەوە کە وەک قەلەڕەشێکی گەورە لە ئـاسـمان لەنـگەری گـرتـبوو، بەڵام ئێستا بیریش لەو ژنە دەکـاتەوە کە مەمکەکانی بە یەک تەکان قۆپچەی فیلیان لە بەریەک هەڵدەپچڕی، ئا، منداڵەکەی ناوسکی، دەبێ ئێستا تەمەنی شەش ساڵان بێ.

یەکێکی دیکە هاواری کرد:

– وەک پاڵەوان پێشوازیمان دەکەن.

یەکی دیکە گوتی:

– هەر بگەینەوە ئەو دیو سنوور، فەرمانده گەورەکانی وڵات، دەشێ سەرۆک خۆی بەرەوپیرمان بێت و لە باوەشمان بکات. هەموان بە قارەمانیەتیماندا هەڵدەڵێن. لە هەموو شارەکان، خەڵکی بە گەورە و بچووکەوە دێنە سەر جادەکان. خوانی گەورە و پاشایانەمان بۆ ڕادەخەن.

لە کۆتـایی ئەو جۆش و خـرۆشەدا، سـتار گۆرانییەکی خەمـناکی گـوت، بە یالێل، یالێل دەسـتی پێکرد و بە یایومـمە، یا یومـمە کۆتـایی هـات. جـا ئەو عەرەبە دوورەوڵات و بەسـتەزمـانـانە لە هەر پـلەیەکدا بـن، گـوێیان لەو گۆرانییە بێ، زورر زورر دەگـریەن. فـوئـاد لەوە نەگەیشت کە جەنـگاوەرەکـانی دنیا بۆچی بەرانـبەر دایکی خۆیان ئەوەنـدە بەسۆزن و بۆ دایکی خەڵکی ئەوەندە دڵڕەق و دڕندەن.

***

لەو سـاڵەدا وەهـاب هۆنـراوەیەکی تـازەی نـووسی. وەک دیلێک هۆنـراوەیەکی بۆ هەواڵی شەڕوەسـتان نـووسی. کەسێک نەبوو هۆنراوەکەی بەناو بکات. کەسێک نەبوو بە ئەمانەت ئەو شیعرەشی لە سینگی بنووسێتەوە، ستار گوتی:

– ئەو شیعرە با لای خۆت بێ.

ئەو گوتی:

– نا، سینگی من دەبێ هیچی لەسەر نەبێ دەنا هیچ کۆترێکی تازە لەسەری نانیشێتەوە.

شیعرەکە ئاوا دەستی پێدەکرد "من هاتمەوە، کچە کوڵمە سوورەکەم، من هاتمەوە جارێکی دیکە جێت ناهێڵم".

لە شیعرەکەدا کچەکە پرسیبووی "بابە تۆ زۆرت پێچوو، تۆ گوتت ئێستا دێمەوە، دەچم سەموونتان بۆ دەکڕم".

وەهـاب هەر بە شیعر وەڵامی کـچەکەی دابۆوە "ئەو ڕۆژە نـانەواکە نەیزانی و تەواوی سەمـوونەکـانی سـووتـاندبوو، چـووم ئـاردی بۆ بێنم، عەمـبارەکـان تـاڵان کرابـوون و ئـاردەکەیان دزیبوو، چـووم گەنـم بێنم و بیکەین بە ئـارد، مـشک هەمـوو گەنمەکەی خـواردبوو، کـچەکەم، زەویم کێڵا و گەنـمم چـاند، مـن دەبـوو سەمـوون بۆ تۆ بێنم، ئەو سـاڵە بـاران نەبـاری، سـاڵی دواتـر زوقـم کوشـتی، کـچەکەم سـاڵی دواتـر کوللە لێی دا، سـاڵێک ئـاو بـردی و سـاڵێکی دیکە سـووتـا. کچەکەم ئەوەتا سەموونم بۆ هێناوی، باوەشێک ساڵم بەو سەموونانە داوە".

نەوەد ڕۆژ تێپەڕی، نەوەدی دیکەش، نەوەدی دیکەش تەواو بـــوو، نەوەدی کە و، یەکێکی دیکە. لەو ســـاڵانەی دوای شەڕدا دیلەکان زیاتر پیر دەبوون. زیاتر تووڕە دەبوون و کەمتر ئاشت دەبوونەوە. ئەوەتا وڵاتەکان ئاشت بوونەوە و ئەوان هەر دیلن. ئەوەتـا ڕێگاکان کرانەوە و ئەوان هەر زیندانین. هـونەرێک نەمـابـوو خۆیانی پێوە خەریک بکەن. ئیدی وەهـاب شیعری نەدەنـووسی. سـاڵەکـان خـوێن تـاڵ و ئیسک قـورس تێدەپەڕین. ئەوانە هەر قسە نین، سـاڵەکـان چەنـد قورس بن، مرۆڤەکان وردتر دەهاڕن. ئیدی ئەو مرۆڤانە نەمابوون کە هاتبوون، کەسانێکی دیکە بوون. جەستە پتەو و تەڕەکەی جـارانیان وشـک ببۆوە. دەمیان تـاریک و بێ ددان و فلت. خەونەکـانیان پیر و ڕەش و سـپی بـوون. ئـومێدە کۆنەکـانیان سۆراغێکیان نەمـابـوو. بـریقەی چـاو، ڕەونەقی زەردەخەنە، وشەی بە تـوێکڵ، لای ئەوان بۆ ئەبەد بـاری کردبوو. مرۆڤگەلێکی دیکە بوون. هەر ئەندامێکی جەستەیان نەخۆشخانەیەکی دەویست، ئازاری پشت، لەرزین و تەقەی ئەژنۆ، پووکانەوەی ئێسقان و بەرچاو ئاوسان، گەدە سووتانەوە، کزبوونی دڵ. لە زەینی فوئاددا، نەک هەر سەرشـەقام و کـانێسکان، تەواوی سـلێمانی پیر بـبوو. درەخـتەکـانی بـاخی گشـتی ڕیزڕیز بەسەر یەکدا کەوتـبوون. دوکـانەکـانی شەقـامی مەولەوی و بـازاڕی شـووشە بەسەر یەکدا تەپیبوون. مـنداڵەکـان، هەر بە مـنداڵی، کـووڕ و لەرزۆک و چـرچ ببوون، ژنەکان قەسرۆک و پیاوەکان پووچ ببوونەوە.

سـاڵەکـان تێپەڕین، سـاڵە قـورسەکـانی دوای جەنـگ وەک بـاگردنێکی ئـاسـن و گرێ گرێ، بەسەر زیندانییەکان کەوت. ئەوان کەوتبوونە ژێر ئەو باگردێنە گەورەیە، پەنجەکانی پێیان، لوولاکیان، ئەژنۆیان، سمت و حەوزیان، ئەوان چاوەڕێ بوون، بە تەواوەتی پانیان بکاتەوە.

ستار گوتی:

– دێت، بەسەر سنگ و کەللەسەریشماندا دێ، ئەو پەلەی نییە.

پیاوە جل شینەکان هاتنەوە، وەڵامی هەندێ نامەیان هێنابۆوە و هەندێ نا. نامەی دیکەیان برد و هەواڵی دیکەیان هێنایەوە. ساڵەکانی دوای شەڕ، ساڵەکانی خوداپەرستی و موسڵمان بوونەوە بوون. دەنگی ئایەتەکان لە هەموو قاعەکان و هەمیشە دەنگی دەدایەوە. بەیانیان بەو دەنگە خەبەریان دەبۆوە، نوێژکردن و پارانەوە، نیوەڕۆیان نوێژکردن و پاڕانەوە، عەسران و ئێواران و شێوان. تەنها ئەو کەسانەی کە مەزهەبی خۆیان گۆڕیبوو، کە چووبوونە ڕیزی تۆبەکارانەوە، لە بیستنی ئەو ئایەتانە دەبەخشران. کۆرسی بەردەوامی ناسینی دوازدە ئیمامەکە، لاوانەوەی حوسێن و گریان و لەخۆدان.

تەواو دوای دە ساڵ، دوای دە ساڵ لە بێدەنگبوونی تفەنگەکان، دوای دە ساڵی تەواو گروپێکی دیکە، کەسانێکی دیکە، بە شەوق و خۆشییەکی دیکەوە هاتنە ناو قاعەی شەش، بلۆکی دوو، زیندانی مونتەزر، قووچان. ئەو ڕۆژەی ئەو پیاوە جل شینە بۆ شناغ و بەکەیف و سووروسپیانە هاتنە زیندانی قووچان. زیندانییەکان پلاو و برنج و جوجە کەبابیان خواردبوو. میوەیان وەرگرتبوو. چایان بە کەیفی خۆیان خواردبۆوە. ئەوان، ئەو پیاوە فریشتانە، هەرچەند باس بکرێن کەمە. دەفتەری پان و پۆڕ و مژدەی گەورەتریان پێبوو. سەردەستەکەیان گوتی:

- پیرۆز بێت لێتان، لە ئەمڕۆوە وابزانن ئازادن. ناوتان دەنووسین، ناوونیشان و پلەی سەربازیتان و ڕۆژی گیرانتان، دەچینەوە عێراق و ئەوەندەی ژمارەی ئێوە، ناوی سەربازی ئێرانی دەنووسین و جا دەتانگۆڕینەوە.

دەستیان پێکرد، ئەمجەد سابیر نەقیب. عەبدولکەریم تاهیر ئەفسەری پلە یەک. ڕەزا سەید موحسین عەریف. عەلی سلێمان سەربازی پیادە. ستار عەبد عەلی سەربازی پیادە. نووری، فوئاد، سەمیر، بورهان، وەهاب...

بورهان پرسیی:

- ئەوە چەند درێژە دەکێشت؟

ئەفسەرێکی ئێرانی گوتی:

- پرسیار مەکە. هەرچی پێویست بێ، خۆی پێتان دەڵێ.

فەرمانبەرەکە گوێی بەو وەڵامە نەدا و گوتی:

- نزیکەی مانگێک.

هەموو زیندانییەکان بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە ڕوانییانە بورهان بۆ ئەو پرسیارە گرنگە. نزیکەی مانگێک بۆ ئەو ڕۆژە دەسکەوتە هەموو دەپارێنەوە "شوێن پێی ئەو میوانە سەوز بێ" دانانیشین، ناتوانین دانیشین. هاتوچۆ دەکەن، وەک لە پیاسە و کەنار دەریا بن، وەک لەناو باخچە و سەیران بن. سڵاو بە تامی خوداحافیزی لە یەکتر دەکەن، هەواڵی یەکتر دەپرسن. مانگێک چییە. هەروا بە پیاسەوە دەتوانن مانگێک بەسەر بەرن. حەز دەکەن ڕاکەن و بازبازێن بکەن. گاڵتە لەگەڵ یەکتر بکەن و زۆرانێ بگرن. ئەو هەستە زۆر دەخایەنێ، زۆر زۆر، لە سەعاتێک زیاتر، لە ڕۆژێک زیاتر، زۆر زیاتر، سێ دانە ڕۆژ دەخایەنێ.

زۆر تێپەڕیوە، ئەوان کوا ئەو مرۆڤگەلەن کە یەکەم جار هاتنە ئێرە! کەمترین کەسیان دوازدە ساڵە لێرەیە، هەیانە سێزدە، چواردە، شازدە، هەژدەشیان تێدایە، هەی هوو تا ئاوڕ نەدەیەوە، نازانی تەمەن و زیندان چی لە مرۆڤ دەکەن، جا هی ئەوان هەردووکیان. کۆشکێکت هێناوەتە ئێرە و کەلاوەیەک دەبەیەوە. شاجوانێکت هێناوەتە ئێرە و گۆشتە پیرە دەبەیەوە. ڕیزێک ددانی بەڕەونەق و سەدەفیت هێناوەتە ئێرە و دەمی تاریک و بێ ددان دەبەیەوە، بەڵام کوا گەرمیی هەموو دنیا دەگاتە گەرمیی نیشتیمان؟ بەڵام کوا دیداری هەموو ڕووخسارەکانی دنیا دەگاتە دیداری کچە چاوەڕێکەت، گەشکەی ژنەکەت، چاوانی تەڕی دایکت، باوەشی وێڵ و کراوەی براکەت.

ستار گوتی:

- ئاخ نەمردبام، نەمردبام و تەنها جارێک لە دەرگای ماڵی خۆمانەوە چووبامە ژووریَ.

- جارێکی دیکە هەوای بەغدام هەڵمژیباوە.

- جارێکی دیکە لە دیجلە مەلەم کردبا.

ئەو مانگە، مانگی نەفرەت بوو. مانگێکی قورس، تێپەڕی و کەس نەهاتەوە. سی ڕۆژەکە تەواو بوو، بورهان حەنتوش تووڕە و هار. دەرگای زیندانی ڕاوەشاند، شەقی توندی لە دیوار و قەرەوێڵە و دەرگاکە دەدا. هەموو پەنجەکانی پێی بوونە خوێن. دواتر ڕما و هەروا بۆ خۆی کەوتە سەر عەرزەکە و بەکوڵ لە دڵەوە گریا. گریانێکی بە هەنسک و قوڵپەوە. عەریف تالیب کە پێشیان دەگوت پیری زیندان، یەکەم دیل بوو لە دەفتەرەکانی قووچاندا ناونووس کرابێ. هێمن، ساردتر لە ئێرانییەکان، هەستا و دەستی خستە سەر سەری بورهان، وەک بیلاوێنێتەوە، گوتی:

- ئارام بە، ئەوانە مەجوسین و ڕەحمیان نییە.

بورهان سەری بۆ لای تالیب سووڕاند، ئەو دیسانەوە گوتی:

- ئاگردانەکە نابینی؟ لەجیاتی خودا ڕوو لەو دەکەن.

لەگەڵ ئەو قسەیەدا هەموویان ملیان بۆ لای فوئاد سووڕاند، ئەویش نەورۆزپەروەر بوو، فوئادیش سەیری کردنەوە، سەیرکردنێکی بەتاڵ و سارد. ئەو سەرشەقامییە دەزانیَ عەرەب تا دنیا دنیایە تێناگات.

-7-

ڕۆژە مێژووییەکە هات. ڕۆژە ڕووناک و پڕشنگدارەکە هات. فریشتە ڕاستەقینەکان هاتنەوە قووچان. ناو بخوێننەوە و دڵ بخەنە هەلەکە سەما. ئەو دەفتەرە جوانانەی بە دەستیانەوە بوو، گۆڕینەوەی زیندانییان، جوانترین و شیرینترین دەفتەر بوو. ئەو مەخلوقە لە دنیا دوورانە، ئەو مەخلوقە دیلانەی ناو چوار دیوار، ئەو مەخلوقە سیما وەحشەتناکانەی لە ژیانیاندا چاویان پێکەوتبێ. هەموو قاعەکان بەتاڵ کران. قووچان وەک گەڵابەیەکی زەبەلاح، پشتەکەی تا دوا پلە بەرزکردەوە و هەرچیی تێیدا بوو لە دیل و زبڵ و حەسرەت، هەڵیڕشتە ئەودیوی دیوارە ڕەش و نەگریسەکانی، زیندەوەرە سەراسیمەکان، دوای یازدە ساڵ، لە وەستانی شەڕ بۆ یەکەمجار بە دەست نەبەستراوی هاتنە ئەودیوی دیوارەکان. ناویان بخوێنەوە، با شادی لەو دڵە غەمگینانەدا چەکەرە بکا. ئاخر لەسەر زبڵخانە جوانترین گوڵەکان دەڕوێن. تۆوەکان خێراتر گەشە دەکەن.

فوئاد دەیڕوانییە ستار، نووری دەیڕوانییە هەردووکیان. چەندە پێکەوەن، چەند دڵنەوایی یەکتر بوون، چەند لە پێستی یەکتر بێزارن. ناو دەخوێندرایەوە، زیندانیی ژمارە چواردەهەزار و سێسەد و هەشتاونۆ. ستار بە دڵێکی وەک چۆلەکەوە، بە هەنگاوی شلی دیلێکی شەکەتەوە، بە نیگایەکی غەمبار و پڕ حەسرەتەوە، ڕوانییە هاوڕێکانی، بۆچی ناو خوێندنەوەیەکی ئەوەندە ئاسان، هەژدە ساڵی پێچوو؟ فوئاد چاوی داخست، گوێی بۆ ژمارە و ناوی دوای ئەو گرت. چواردەهەزار و سێسەد و نەوەدوهەشت، سەمیر بە هەنگاوێک گەیشتە بەردەم پاسەکە. چواردەهەزار و سێسەد و هەشتاونۆ نووری. ئەو ئێستا نەیدەتوانی مەچەکی فوئاد بەربدات. چواردەهەزار و سێسەد و نەوەد، فوئاد. هەژدە ساڵ لەبەرچاوی با بردی. چواردەهەزار و چوارسەد، چەند کەسێک بە بەتانییەک پارچە گۆشتێکیان هێنا، پارچە گۆشتە سەری دەجووڵایەوە. فوئاد بانگی کرد "نوهاد، نوهاد، دڵخۆشم کە زیندوویی!" کە سەرکەوتە ناو پاسەکە، دەیان باڵندە لە ناخی فوئادەوە دایانە شەقەی باڵ. دانیشتن لەسەر کورسییەک کە تۆ ئازادی جیاوازە. ئەو کورسییە تەسلیمت دەبێ. بەپێی جەستەی تۆ خۆی ڕێک دەخا. پاسەکە لەگەڵ جەستەی تۆدا دەلەنگیَ نەک تۆ لەگەڵ ئەو. لە قووچانەوە هاتنەوە مەشهەد و لەوێشەوە چوونەوە شەریفئاباد، لەویَ هەندیَ نووسراو و فایلی تازەیان دایە مەئموور و پاسەوانەکان بە شەمەندەفەر هاتنەوە تاران. شارەکان ئیدی ئەو شارە دڵڕەق و تووڕانە نەبوون. مندالان لە کۆڵان و مەیدانەکان

یارییان دەکرد و کوڕان گاڵتە و دەستبازی، کچان دەتریقانەوە. کێڵگەکان سەوز بوون و لە زۆر جێگا باران دەباری و لەناو باخەکان بە دەیان ژن و پیاو میوەیان دەڕنی و زۆرجار گوێیان لە گۆرانیش دەبوو. فوئاد لە ناخەوە گوتی "ئێران دەستی بە گۆرانیگوتن کردۆتەوە." زۆربەی پاسەوانەکان ڕیشە وشک و پێستە بێ ڕەونەقەکەیان فڕێ دابوو. لە تارانەوە بە پاس بۆ هەمەدان. لە هەمەدانەوە سینگی فوئاد سێ ئەوەندەی جاران هەوای دەبرد. کە گەیشتنە کرماشان خەندە هاتە سەر لێوی فوئاد، ئەو دەیزانی کرماشان دەکەوێتە کوێی سەرشەقامەوە. ستار لێی پرسی:

– دوای ئێرە؟

فوئاد بە دەنگی خاوەن ماڵەوە:

– دوای ئێرە دەچینە قەسری شیرین.

ئەوە نیشانەی ئەوە بوو کە دیلیەتی زنجیرەکانی لە شان و مل کردوونەوە، چونکە دیل هەرگیز نازانێ شاری ئایندە کوێیە.

نووری پرسیی:

– دەبێ هەواڵی هاتنەوەمانیان بە کەسوکارمان دابێ؟ دەبێ خێزانەکانمان لە پێشوازیماندا بن.

عەریف تالیب، پیری زیندانییەکان گوتی:

– دیار نییە. دەشێ، لەوانەشە هەرکەسەو ڕاست بمانبەنەوە ماڵی خۆمان. هەروایە، هەر بگەینەوە ئەودیو سنوور، دەوڵەت لە پێشوازیماندا دەبێ، ئەفسەرە دڵسۆزە باڵاکان، شەڕکەرە کۆنەکان، خەڵکی شارەکان گەورە و بچووک، دەبێ وریا بین نەکەوینە ژێرپێی پێشوازیکەرانەوە.

نووری گوتی:

– ڕاست دەکات، ئێمە بێهێز و ئەوان بە حەسرەت. لە باوەشمان دەکەن و ڕاماندەگوشن. زۆر زۆر زۆرە چاوەڕێمان دەکەن. گەیشتنە یەکەم خاڵی سنوور، چەند پاسێکی عیراقی جۆرە مەخلوقێکی سەروریش هاتوو، قوپاو بێ ددان، لەڕ و چڵکنیان تێدا بوو، گوایە ئەوانە ئەو سەربازە ئێرانییانەن کە لە عێراق دیل بوون و بە ئەوانیانی دەگۆڕنەوە. وەک بەرخ و مەڕ گۆڕییانەوە، دیلەکان بەلای یەکدا تێپەڕین. وەک گونیەی بەتاڵ بەلای یەکدا تێپەڕین. سواری پاسە عیراقییەکان بوون. شوفێرەکە تەوقەی لەگەڵ چەند کەسێکیاندا کرد. ئەو پاسەوان و فەرمانبەرانەی هاتبوون بە دەست سڵاویان بۆ کردن. لەوێ زانییان چەندین کاروانی وەک ئەوان گۆڕاونەوە. زۆر هاتوونەوە و زۆریش ماون. گەیشتنە ئەودیو، هەموویان دابەزین، وەک لە پیرۆزترین شتیان نزیک ببنەوە، نەعلەکانیان داکەند و خۆیان بە عەرزەکەدا دا، خۆیان لە خۆڵی نیشتیمانەکەیاندا گەوزاند، ئەوەندەی دەکرێ کەسێک لە ناخەوە بگری، گریان. کەسێک نەبوو لە حەسرەتیان ڕامێنێ. کەسێک نەبوو ئەو هەموو ئەشکەی ڕووخساریان ببینێ. دەستێک نەبوو هەڵیانسێنێتەوە، ئەوان دەمێک پێست و ئێسقان و سنگیان، دەمێک خۆیان کوور کردبۆوە، خۆیان باریک و لوول کردبوو، باوەشێک، ئا باوەشێک هەبێت، بیانگرێتەوە و ڕایانگوشێ. ڕووخساری خانەقین بە ئەڵوەند و باخەکانیەوە دەرکەوت. تۆز دایپۆشیبوون. کەسێک ئاگای لەوە نییە چەند حەسرەت و چاوەڕوانی لەناو ئەو پاسانەدا نیازیان بەوانە. تاک و تەرا، پیرەپیاوێک، ژنێکی عەباbەسەر، لە کاتێکدا عەلاگە و زەمبیلەکانی دەستیان دادەنا و بەزەحمەت پشتیان ڕاست دەکردەوە. دەڕواننە ئەو پاسانە، لە پەنجەرەکانەوە ئەو سەروچاوە خوڵەمێشی و زەردانە دەبینن. دەیانەوێ بزیەکیان بۆ بکەن، دەستێکیان بۆ بەرز بکەنەوە. فریا نەکەون، دەشێ بەرزیشیان کردبێتەوە.

شاری فراوان و گەورەی بەعقوبە دەرکەوت، تاریق شەممەر هاواری کرد:

– من لێرە دانێن، ئەوە شارەکەی منە.

پەنجەرەکەی کردبۆوە هاواری دەکرد:

- سڵاو شارە شیرینەکەم. سڵاو دار پرتەقاڵ و سێوەکانم. سڵاو دایکی ئازیزم. بەڵێنم دابوو بێمەوە.

ئەفسەرێک کە لە سنوورەوە لەگەڵیان سوار ببوو گوتی:

- دانیشە ئێمە دەبێ بچینە بەغدا. دەبێ لەوێ ناوتان تۆمار بکرێ.

تاریق گوتی:

- من گەیشتوومەوە ماڵی خۆم، چواردە ساڵە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەم.

ئەفسەرەکە هاواری کرد و گوتی:

- دوو ڕۆژیش لێرە چاوەڕێ کە.

تاریق لە پەنجەرەکەوە دەستی بۆ ماڵێک درێژ کرد:

- ئەوە ماڵی ئێمەیە. من کە لەوێ چاوەڕێم دەکرد، خۆ ماڵەکەی خۆم لێ دیار نەبوو. تۆش زوڵمی ئەوانم لێمەکە.

لە یەکەم خاڵی پشکنین وەستا. چوار چەکدار سەرکەوتن. فوئاد گوێی لێبوو، ئەفسەرەکە بە شوفێری پاسەکەی گوت:

- برۆ تا بەغدا مەوەستە.

***

لەسەر بازگەیەک لە دەرەوەی بەغدا، سێ شەو و سێ ڕۆژ ڕایانگرتن. دیسانەوە پرسیار، لە کوێ بوون؟ زیندانەکەتان ناوی چی بوو؟ کامتان پەیوەندیتان بە ئێرانییەکانەوە کردووە؟ کامتان مەزهەبی خۆتان گۆڕیوە؟ کەس نەیپرسی تەمەنتان لە کوێ بەجێ هێشت؟ چ عەزابێکتان دی؟ کەس نەیپرسی کوا ددانە ئاڵتوونەکانتان؟ کەس نەیگوت فوئاد ئەنگوستیلە ئاڵتوونەکەت لە کوێیە؟ کەس نەیپرسی بێ ژن و خۆشەویستی چۆن ژیان؟ کەس هەواڵی کەسوکاریانی نەدانێ.

پیاوەتییان کرد و سەر و جووتێک پێڵاو و چەندهەزار دینارێکیان دانێ. سێیەم ئێوارە، درەنگ، دەرگای سەربازگەکەیان بۆ کردنەوە:

- برۆن، برۆنەوە، ناو ماڵ و منداڵتان.

فوئاد چاوی نوقاند و لە دڵەوە گوتیەوە:

- ماڵ و منداڵ!!

بە جادەیەکی چۆڵدا تا سەر شەقامی سەرەکی هاتن. یەکەمجار بوو کەسیان بە دەورەوە نەبێ. کەس، کەس چاودێریی نەدەکردن. هەروا با دەیبردن. نەیاندەزانی بە کام لادا دەڕۆن. هەموو ئاراستەکان ئازادن. سووک سووک ببوون. هەر لە خۆیانەوە بەناو تاریک و لێڵی ئێوارەدا هاواریان دەکرد. هاوار، هاوار، هاوار و بەس.

هاوار بەناو تاریکیدا، بە هەوادا دەیانلووراند، دەزەڕین، لاسایی شێریان دەکردەوە و دەیانمراند. هاوار و لوورە لوور. ئەو سەربازە سەرگەردانانە تەنها لە لوورە و زەڕین و هاوارکردندا هاوزمان و هاوبیری یەکتر بوون. لە پەنا شەقامەکە، بەدەم چاوەڕێکردنی ترومبێلێکەوە، پاڵیان بە گردێکەوە دا، بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد تا دڵنیا بن ئازادن و کەس ناڵێ دەنگتان نزم بکەنەوە. ڕەنگیان گۆڕابوو، هەوا بە تامێکی دیکەوە دەچووە ناو سینگیان، چاویان کەوتبا سەر یەکتر، یەکیان ماچ دەکرد و باوەشیان لە یەکتر دەدا و پیرۆزباییان لە یەکتر دەکرد. ڕاستە تەمەن زۆری

ڕۆیشتووە، بەڵام ژیانیش بە ئازادی ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بێ، لەزەتی خۆی هەیە. بەڕیز بە گردەکەدا میزیان هەڵدا، ئای چەند خۆشە کە تۆ میز دەکەی و کەس چرکەت بۆ ناگرێتەوە. باوەڕیان کرد، ڕاستە ئەوان ئازادن.

چەند سەیارەیەک بەسەر شەقامەکەدا تێپەڕین، تیژ تێپەڕین، سڵیان لەو مەخلوقە بەهاتوهاوارانە دەکردەوە.

لۆرییەک هات، دەستیان لێراگرت و وەستا. هەموو چوونە لای، لۆرییەکی دیکەش لە پشتیەوە وەستا. شوفێرەکە گوتی:

- ئێوە زۆر زۆرن، من جێگای یەک کەسم هەیە.

- لە پشتەوە سوار دەبین. دەچییە کوێ؟

- بەغدا.

هەر کۆمەڵێکیان بە لۆرییەک هەڵگەڕان. لۆرییەکە گەچی بار کردبوو. نایلۆنی پێدا دابوو. لەسەر نایلۆنەکە دانیشتن. هەوای بەهەروژمی سەر لۆرییەکە، تەنها زیندانی دەزانێ هەوای بەهەروژم مانای چییە؟ بایەک پرچت بەرێ، گوویت پڕکا لە هەوا. لووتت گڤ بکاتەوە، جلەکانت ڕاکێشێ. لەناو تاریکیی قووڵدا، گڵۆپەکانی بەغدا دەرکەوتن. گڵۆپە بەرزەکان. گڵۆپی سەر ئەو عەموودانەی تا کەشکەڵانی فەلەک بەرز بووبنەوە. دەنگ و هاواریان شەوە تاریکەکەی پڕپڕ کردبوو. شوفێرەکە وایدەزانی کۆمەڵە گیاندارێکی لە دارستان هێناوەتەوە. کۆمەڵە گیاندارێکی دەستەمۆی بێ زیان. یەکێکیان هاواری کرد.

- وەهاب لە کوێی، تا شیعرێک بۆ بەغدا بنووسی؟

- بنووسی بەغدا هاتینەوە، بەغدا چاوەڕێ بووین.

- یازدە ساڵ چاوەڕێ بووین.

- سیزدە ساڵ چاوەڕێ بووین.

- پازدە ساڵ چاوەڕێی بووین.

- حەڤدە ساڵ چاوەڕێ بووین.

وەهاب لەوێ با، دەیگوت:

- بەغدا، کەمە بۆ چاوەڕوانیی تۆ تەمەن. ئێمەی شێرەکانی وڵات.

- گورگەکان.

- کەمتیارەکان.

- چەقەڵ و ڕێوییەکان

شوفێرەکە لەبەر خۆیەوە گوتی:

- بۆقە دەنگ زلەکان.

هەموو هاواریان کرد.

- بۆقە دەنگ زلەکان.

- کەڵەبابە بێ مریشکەکان.

هەموویان بە قاقای پێکەنینەوە گوتیان:

- کەڵەبابە بێ مریشکەکان.

- مەیموونە بێ ددانەکان.

بورهان حەنتوش هاواری کرد:

- ئاخ بۆ قومێک عارەق. کاکی شوفێر عەرەقت پێ نییە؟

یەکێکی دیکە گوتی:

- پێیەتی، شوفێر و عەرەق پێکەوە لەدایک بوون.

حەنتوش پێکەنی و گوتی:

- شوفێر و عەرەق جمکن.

شوفێرەکە دەستی برد، لە تەنیشت خۆیەوە بوتڵێکی دەرهێنا. هەروا سادە، بورهان حەنتوش قومێکی لێدا و هاواری کرد:

- ئەو شوفێرەی عەرەق نەخواتەوە، بۆ خۆی هیچ، هەموو گوتیانەوە:

- بۆ خۆی هیچ.

حەنتوش گوتی:

- خوشکیشی حیزە.

قاقای پێکەنینیان نەیهێشت شوفێرەکە بیر لە خوشکی بکاتەوە. زەردەی هاتێ. ددانە زەرد و تاک و توکەکانی دەرکەوتن، گوتی:

- گووی سەگ بەدین و ئیمانی ئەو زاڵمانەی دوای شەڕ دەساڵ ئێوەیان هێشتۆتەوە.

ئەوان بوتڵە عەرەقەکەیان لەناو خۆیاندا دەگێڕا و دەیانگوت:

- گووی سەگ بە دین و ئیمانی هەموو زاڵمێک.

- گووی سەگ.

- دین و ئیمانی.

لۆرییەکەی دیکە بەلایاندا تێپەڕی، هاوڕێکانیان کە ئەوانیش لەسەر ئەو لۆرییە سوار ببوون، هاواریان کرد و گوتیان:

- گەیشتین، گەیشتینە بەغدا.

هەموویان بە یەک دەنگ گوتیان:

- قوربانی بەغدا بین.

لۆرییەکان لە مەیدانێک ڕاوەستان، شوفێرەکە گوتی:

- زیاتر ناڕۆین.

ڕێگایەکیان نیشان دان.

- لێرەوە بڕۆن.

کۆمەڵێک ماڵ دیار بوو. زیندانییەک پرسیی:

- ئەوێ کوێیە، خۆ بەغدامان بیر چۆتەوە؟

- بەغدا زەریایە. ئەوێ تەل ئەسوەدە. ئاگاتان لە خۆتان بێ، پارەتان پێ ناهێڵن.

ستار پرسیی:

- بۆ قومارچین؟

- ژنەکانیان قومارچین.

شوفێرەکە فێڵزانانە گوتی:

- شوفێر و عەرەق و ژن پێکەوە لەدایک بوون

نووری گوتی:

- جا ئەو ژنانەش!

تا ئەوێ فوئاد هەر نەعلەکانی لەپێ بوو. نەعلەکانی خستنە ناو جانتاکەی، پێڵاوەکانی کە تازە دابوویانێ لەپێی کردن:

- ئاخ تەسکە، یەک ڕەقەم بچووکە، من چلویەک لەپێ دەکەم. گەیشتنە نزیک ماڵەکانی تەل ئەسوەد. یەکەم بریسکەی ڕووناکی سنگی تاریکیی لەت کرد. یەکەم ژن کە هاتە دەرێ، ژنێکی ئەسمەری گۆشتنی باڵابەرزی لێو ئەستوور بوو. ژنە چیی دێ؟ کۆمەڵە گیانەوەرێکی سپی، سەرتاپا سپی. قژ و سمێڵ و سەر سپی، جلوبەرگ سپی. ژنە شارەزا بوو. لە یەکەم نیگاوە پیاوی دەناسی. جا پیاوی ئەم عێراقەش کە هەموویان عەقڵیان لەناو گونیاندایە. ئەو ڕاستییە تەنها ژن دەیزانێ. جا ژنانی تەل ئەسوەدیش. نووری لە ژنەکەی پرسی:

- دەتوانین دەست و چاومان بشۆین، ئەوە ماڵی کێیە؟

ژنەکە گوتی:

- ماڵی ئوم هیلالە. ماڵی منە.

ئوم هیلال لە یەکەم نیگاوە دەیزانی ئەو پیاوەی دێت، ژنی هەیە یان نا. تێرە یان برسی. بۆ لەزەت هاتووە یان هەر بێ ژنە. ژنناسە یان گەندەکار. ئەو بە هاوکارەکانی دەگوت "ئەو پیاوەی دەستی بۆ مەمکت نەبرد و پەلاماری ناوگەڵتی دا، حەقە میزی پێدا بکەی". ئەو بەوە ناسرابوو دەتوانێ سێ پیاو هەر بە میز بخنکێنێ. کە پیاوێکی کارامەشی دەدیت، دەیگوت "ئەو پیاوە بۆ ئەوە دەبێ تەل ئەسوەدی لەسەر تاپۆ بکەی تا بەسەر خۆتی بکێشی." زۆرجاریش لە دوورەوە گەنجێکی دەدی، دەیگوت "کچینە ئەو گەمژەیە تا ئێستا ناوکی ژنی نەدیوە، ئەژنۆتانی پێنیشان بدەن و پارەکەی لێ بستێنن، یان هەندێ جار کە پیاوێکی دەدی، دەیگوت "ئەو پیاوە ژن مردووە، ساڵێکە گانی نەکردووە، لە ڕای خوا بیدەنێ".

ژنە زانیی ئەو پیاوانە برسین، برسیی ژن و ژیانن، بەڵام نەیزانی بۆ ئەوەندە هیلاک و تەپیون.

سەمیر چووە پێش و گوتی:

- ئێمە لە ئێران زیندانی بووین. شەڕکەر و پاڵەوانی وڵاتی خۆمان بووین.

سەمیر لە هەموویان گەنجتر و لووسکەش بوو. ژنە بە تەوسەوە لێوێکی هەڵقرچاند و پرسیی:

- ها پاڵەوان چیتان دەوێ؟

سەمیر ئاوڕێکی بۆ برادرەکانی دایەوە. ئەوان هەموو هێزیان ببووە شەهوەت و ژن. وەک وەحشی و ماخۆلیا سەیری لێو و مەمک و سمتی بێ هێڵی دەرپێی ئەو ژنەیان دەکرد. لەبەر چاوی ئەوان ڕووت ڕووت بوو. بەرزایی خوار زگی و سەرگۆی مەمکیان جوان لێ دیار بوو. ژنە گوتی:

- من دەتوانم هەمووتان بەڕێ بکەم، بەڵام دوو دوو وەرنە ژووری.

دەنگە دەنگە کەوتە ناو ماڵەکانی تەل ئەسوەدەوە، دەرگاکان دەکرانەوە، دیار بوو چەند ماڵێک قسەکانیشیان بیستبوو.

ژنێکی کامڵی پەنجاساڵە، سەری لووت و کوڵمەکانی کوترابوون، بەڵام ئەوانە هیچ لە جوانییەکەیان کەم نەکردبۆوە. لە شاژنی نەبوخوسنەسر بە هەیبەتتر بوو. هاتە بەردەم زیندانییەکان و گوتی:

- ئەوانە نازانن نیشتمان مانای چییە؟ ئەوانە کوا ناوی ئەسیریان بیستووە؟ ئەو بێشەرمانە لەبرسان ڕوویان لەو کارە کردووە. وەرن خۆم و هەر سێ کچەکانم لە خزمەتتاندایین.

چەند گەنجێکی دیکەش تازە گەیشتبوون. بە دەنگەوە گوتیان:

- بژی نیشتیمان.

بەسەر ماڵەکاندا دابەش بوون. فوئاد وەختێک لە ماڵی شاژنی نەبوخوسنەسر دەهاتەدەر، پیاوێکی عەرەبی دشداشە لەبەری سمێڵ زلی لەبەر دەرگا دی، عەرەبەکە بە زمانی خۆیان گوتی:

- مەڕۆ ئەوە نیوەڕۆیە لای ئێمە نانەکەشت بخۆ.

فوئاد تەنها بە پێکەنینەوە سوپاسی کرد، ئاخر فوئادیش شوفێر بوو. ژنە ئەسمەرە گۆمەمک دیارەکە، کە چاوی بە فوئاد کەوت، گوتی:

- ئەو نیشتیمانپەروەرانە ناهێڵن کاسبییەکەشمان بکەین.

لەگەڵ نووری و ستار و قاسم، سواری تەکسییەک بوون. ستار و قاسم پارەیان پێ نەمابوو. فوئاد و نووری پارەکەیان لەگەڵ دابەشکردن. گەیشتە گەراجی عەللاوی، وەک شێر و پاڵەوان یەکتریان لەباوەش کرد و لە یەکتری جیا بوونەوە. تەنها ئەوەندەیان گوت:

- ئاگامان لە یەکتر بێ.

***

سواری پاسی سلێمانی بوو. بەرانبەر دەرگای کۆستەرەکە، لای پەنجەرەکەوە دانیشت. زۆری نەبرد پاسەکە پڕبوو. کەوتە ڕێ، کەس نەیپرسی. ڕێبوارەکان بە کوردی قسەیان دەکرد. دیاربوو هەموو کورد بوون. وەک لە گەڕەکێکی سلێمانییەوە بچنە ناو شار، شەماڵ سائیب دەنگی دەهات "هەی بەردە بەردە بەردە، دەبڕۆ بەرۆکم بەردە..." چ دەنگێکی پڕ حوزن و ئەلیف. لەگەڵ دەنگی شەماڵ سائیب سەدان گوڵ لە ناخی فوئادەوە چەکەرەی کرد. لە ڕێگا نانیان خوارد، کەس لە فوئادی نەپرسی. سوار بوونەوە. کەرکووک بۆ فوئاد شاری نەوت نییە. شاری ژیان و مردنە. کەرکووک

یولدز نـووره، کەرکووک بۆ ئەو ئەڤین و هەڵواسین و دۆزەخە. چەنـد جـار بیری کـردەوە "دابەزم، دانەبەزم، بەڵام بۆ کوێ دابەزم؟" لە کەرکووک دەرچـوون. هەنـاسـەیەکی دیکە کەوتە نـاو سینگی نەفەرەکـان. دەنگیان بەرز کـردەوە وەک ڕزگاریان بووبێ. گۆرانییەکە گۆڕابوو، دەنگی زێڕینی زیرەک "کوردستان شاری شیرینم" فوئاد گریا، وەک تانکیی ئاو بێت و لە دەیان شوێنەوە بەر گوللەیان دابێ، فرمێسکی باراند. شوفێرەکە گوتی:

- سوپاس بۆ خودا، ئەم جارەش ڕزگار بووین.

لە خـوار کەرکـووکەوە سـوپـای عیراقی نییە. فـوئـاد تێگەیشت ئەو قسانەی پچڕ پچڕ بیستبوونی مـانـایان چییە؟ فـوئـاد پرسیی:

- کورد ئێستا سەر بە بەغدا نییە؟

کابرای تەنیشتی بەو پرسیارە تەماشایەکی کرد. فوئاد ناچار بوو بڵێ:

- تازە دەگەڕێمەوە، حەڤدە ساڵ ئەسیر بووم.

- زۆر هێواش وایگوت، هەموو نەفەرەکان ئاوڕیان بۆ لای فوئاد دایەوە. یەک دوویەک گوتیان "حەڤدە ساڵ!؟"

شاگردی شوفێرەکە بە گاڵتەوە گوتی:

- واتا لای تۆ هێشتا عەبدولکەریم قاسم ماوە!

فوئادیش تاڵ پێکەنی. بۆ چرکەیەک زەردەیەکی تاڵیان هـاتێ. چ ڕقێک لە دڵی ئەو خواپەرستە سوننە و شیعانەدا هەیە! چۆلەکەیەک بۆ حەڤدە ساڵ دیل بکەی، دیلی بکەی و پەڕوباڵی دەربێنی. فوئاد وەک داماوترین مەخلوقی دنیا، تەنهاتر لە کورسی و دارەکانی بیابان دانیشتبوو. دیسانەوە شاگردەکە پرسیی:

- ئەسیری شەڕ بووی، شەڕی تۆ لەسەر چی بوو؟

فوئاد وەڵامێکی بۆ ئەو پرسیارە نەشارەزایانە نەبوو، شوفێرەکە گوتی:

- زۆر مەپرسە، ئەو نەچووە بۆ شەڕ، بردوویانە.

شاگردەکە دیسانەوە، پرسیی:

- چۆن بردوویانە، بە پارە؟ بۆ پارە خۆت بە کوشت دەدا؟

- فوئاد دیسانەوە وەڵامی نەدایەوە. کابرای تەنیشتی گوتی:

- تۆ تێناگەی. تۆ مـنداڵی کۆڵانەکـانی دوای ڕاپەڕینی، ئەو دامـاوەیان بەزۆر کـردۆتە سەربـاز و بـردوویانە بۆ شەڕ. تۆ بەغدات دیوە، چۆن بەعس ناناسی؟ شاگردەکە گوتی:

- با هەڵاتبا و چووبایە لای ئێرانییەکان.

فوئاد نوهادی هاتەوە بیر. لینگەفرتە و هەڵاڵەی خوێنەکەی. خوێنەکەی وەک هەڵاڵەی گوڵ بوخارێکی هەبوو.

شوفێرەکە گوتی:

- بۆ کوردی قوڕبەسەر، عیراق و ئێران. شیعە و سوننە جیاوازیی نییە.

شاگردەکە گوتی:

- کە جیاوازیی نییە. با نەچووبایە.

فوئاد دەیزانی دنیا وەک ئەو شاگردە وایە، لە کورد ناگات. کوردیش ئەوەندە گیرۆدەیە بۆ خۆشی ناتوانێ کەس تێگەیەنێ.

کابرای تەنیشت فوئاد گوتی:

- هەموو عێراق ببێتە موڵکی ئێران و هەموو ئێران ببێتە موڵکی عێراق، بۆ کورد هەر دیلیەتییە.

فوئاد دەیزانی کورد بەستەزمانە، بەڵام بەستەزمانیش لە کەرێک زیاتر نییە.

بۆیە هەرگیز حەزی نەدەکرد لەو بابەتە بدوێ. ئەو هەر ئەوەندە دەزانێ وەک سەربازێک گیراوە و وەک سەربازێکیش گەڕاوەتەوە، چەند خولەکێک و لەبیریان چۆوە. لەبیریان چۆوە برینێکی کۆن و بۆگەنکردوو لە تەنیشتیان، هەر لەگەڵ ئەوان، لەناو پاسەکە دانیشتووە.

لە چوارڕیانی سەرچنار دابەزی، کۆستەرێکی ناو شار وەستا. سوار بوو. بۆنی ژن، ژنی ڕاستەقینە هاتە لووتی. ژنەکانیش گۆڕابوون. شوفێرەکەش لاجانگەکانی تەواو تاشیوە و چەند هێڵ و بازنەیەکی لێکردووە. خەڵکانێک دابەزین و کەسانێکی دیکە سەرکەوتن. نە کەس دەناسێ و نە کەس دەیناسێ. گەیشتنە بەرانبەر مزگەوتەکەی حاجی حەسەنی لۆکە. ئێرەی قەت لەبیر ناچێ. هەر لەوێ بیست و ئەوەندە ساڵ لەوەوپێش بە تەکسییە کراوەنەکەی، لە دایکی ئەڵماسی دا. بردیەوەماڵەکەیان و هەرگیز نەیتوانی دڵی لەو ماڵە هەڵکەنرێ. دایکی ئەڵماس، دایکی خۆی، خزمەکانی، هاوسێ و برادەرەکانی هەموو بە یەکجار هروژمیان بۆ ناو سەری کرد. پاڵ بە یەکترەوە دەنێن. وەک یەکەمجار بێ ئەڵماسی بیر کەوتبێتەوە، ڕاچەنی. ژنەکەی ئەڵماس، ژنە بەوەفا و خۆشەویستەکەی، سەرەڕای ئاسکۆڵ، ئاسۆشی بەسەردا بەجێ هێشتووە. ئاسۆ تۆ بڵێ زەینەڵ. ئێستا هەردووکیان گەورەن، ئێستا ئەوان فوئاد ناناسنەوە. وێنەی ئەو لە هەژدە ساڵی ژیانی ئەواندا نییە. شەوێک بە پرخەی ئەو بەئاگا نەهاتوون. بەیانییەک نانی گەرمی بۆ نەهێناونەوە. فوئاد لە هەژدە ساڵی ژیانی ئەواندا ونە. بە درێژایی ئەو هەژدە ساڵە دەنگی نەکەوتۆتە سەر لەرەی تەمەنیان. بۆ خۆشی ڕۆشتنێکی ئەوانی بۆ قوتابخانە نەدی. چەژنێک دینارێکی نەخستە مستیانەوە، باڵقبوونی نەدیتن. نەیدی چۆن ڕۆژبەڕۆژ باڵایان بەرزتر دەبێت، چۆن ڕۆژبەڕۆژ ڕەنگی پێستیان دەگۆڕێ. باوکایەتی شەوێک نییە کە لەگەڵ دایکیاندا بخەوی، چەند دڵۆپە ئاوێک و هەندێ هەناسەی پچڕپچڕ نییە، باوکایەتی زەریایەکە لە دڵۆپ دڵۆپی ژیانی ڕۆژانەوە دروست دەبێ. دڵۆپەکانی ژیانی فوئاد ڕژان، نەوەک ڕۆژانە، بە خولەک و چرکە ڕژان، بەڵام نەکەوتە سەر تەمەنی ئەوان، نەکەوتنە سەر ژیانی ئەوان، کەوتنە سەر هاڵاوی دەربەدەری، سەر مەنجەنیقی دیلی. بۆ ئەوانیش کە ئەو لێرە نەبووە سەدەیەک تێپەڕیوە، سەدەیەک بە هەموو بارگرانیی خۆیەوە. سەدەیەکی تازە و نوورت و نوێ هاتووە. ئەو سەدە تازەیە ڕووی نەکردە زیندان، لە ئێران هەر نەهات. گەیشتە سەهۆڵەکە، بۆنی گەس و دیمەنی کوڕ و کچانی دۆندرمە بەدەست. هیچ نەبووە، هەروا خەڵکی خەریکی پیاسەی خۆیانن.

فوئاد لە قوڵپەی گریانی دا، بە جۆرێک هەناسەی نەیەتەوە بەر، هەموو ئاوڕیان دایەوە. نەیاندیبوو، نا پێشتر ئەو پیاوە کۆنەیان نەدیبوو کە بە کورسی و پاس و خەڵکەکەش زۆر نامۆیە و پرسییان، زۆریان پرسی، بەڵام هەنسکەکانی فوئاد بەرگەی وەڵامدانەوە ناگرێ. وشەکانی بەش ناکەن. کێ لە دەردی ئەو تێدەگا؟

بەرانبەر باخی گشتی دابەزی، ویستی لای ڕاست بگرێ و بەرەو سەرشەقام شۆڕ بێتەوە. ڕووی تێکرد و گوتی "نا ئەمڕۆ نایەم بەو ئاسانییە لە تۆ تێر نابم." بە شەقامی مەولەویدا سەرکەوت، لەبەر جامخانەی ئەو ستۆدیۆیە وەستا کە لەگەڵ ئەڵماس وێنەیان لێگرت. بەسەر پردەکەدا تێپەڕی، ئەو پیاوە قامیشە هێشتا دوکانی هەیە، هێشتا مرادخانییەکانی ئەو کاتەی لەبەرە. لای چەپ، بەردەم مزگەوتی گەورە، ئەوەندەی دانیشتووانی جارانی سلێمانی، تەنها عەرەبانە بەسەر یەکدا کەڵەکە بوون. ئەو هەموو دنیایە چۆن ڕژاوەتە سلێمانییەوە! هەوە سلێمانییە! نا هەویش نییە. لە باخی گشتییەوە تا بەر مزگەوتی گەورە چاوی بۆ جەمال ڕینگۆ گێڕا، نەیدیت. شارێک جەمال ڕینگۆی لێنەبێ، سلێمانی نییە. هەندێ لە دوکاندارەکانی دەناسییەوە. کابرای دەست زەردی ترشیاتفرۆش، سیسەی وردەواڵەفرۆش، دوکانی شەربەتەکە. تا لە

کـانێسکان نـزیکتر دەبۆوە ئەژنۆکـانی شـلتر دەبـوون. پێش ئەوەی بە کۆڵانی دەسـتەڕاسـتدا پێچ کـاتەوە، لە بەردەم وێنەگری یادگار دانیشت. وێنەکانی تازەو ڕەنگاوڕەنگن، هێشتا وێنەی ڕەش و سپیشی زۆرە. وێنەی بووک و زاوایەک سەرنجی ڕاکێشا. لای چەپی جامخانەکە، سێیەم وێنە لەلای سەرەوە، بووکەکە زۆر لە ئەڵماس دەچوو، لەبەر خۆیەوە گوتی:

– ئەڵماس قوربانی خۆت و شارەکەت بم.

ئەو وێنەیە خەیاڵی تازە کردەوە و هێزی دایە. بە کۆڵانە باریک و لوولپێچەکەدا پێچی کردەوە. ئەو کۆڵانانە لە کوێی دنیادا ماون. بۆ فوئاد ئەو کۆڵانانە ژیانیشی بوون. چەند پێچی کردەوە، چەند کۆڵانی بڕی. ئەو دەرگا شینە ماڵی وەستا عوسمانە، عوسمانی هەلاج. ئەو دوو دەرییەیان ماڵی حاجی عەزیزی بەزازە. ئەوەیان پوورە ڕەعنای نانەوا. جەلالی عەتا، ماڵی باجی ئامینە و زولێخای کچی... ئاخ، ئەوەش دەرگاکەی ماڵی خۆیان. وەستا. وەستا. شل و بێ هەناسە وەستا. پیاوێک وەک شێر ڕۆیشتووە، دوای هەژدە ساڵ، ئێستا مەرە پیرێک دەگەڕێتەوە و دەڵێ "ئێوارەتان باش!" وەستا... دەرگا کراوەتەوە، لە کەلێنی دەرگاوە منداڵێک دەنگی دێت. نازانێ کێیە، بەڵام لە خۆشیی دەنگەکە خەریکە دەموچاوی بتەقێ. دیسان وەستا، با هەژدە ساڵیش لەبەر ئەو دەرگایە بوەستێ.

نامۆیە بەو دەرگایە، نامۆیە بە بزمار و چوارچێوە و تەختەکەی، لە خۆی پرسی:

– بۆم هەیە لە دەرگا بدەم؟ بۆم هەیە بچمە ژووری؟

غەریب غەریب بوو، نامۆ. هەرگیز هەستی بەو غەریبییە قووڵە نەکردبوو:

– ژیان بێ مـن چۆتە پێش، بـا غیرەتی ئەوەم هەبێ بڕۆم هەرگیز نەگەڕێمەوە. هێمنییەک لە حەوشە و ئـارامییەک لە ژوورەکاندا هەبوو، ترسا مافی ئەوەی نەبێ ئەو هێمنییە بشێوێنێ، ئەو ئارامییە لەتلەت بکا. "کێ دەڵێ هەموو شتێک لەناو نابەم؟" ئەوە دەنگی دڵی بوو. هەژدە ساڵ، هەژدە چینی تەمەن. ئەو بەشی لەو ماڵەدا نییە، بۆنی ئەوی تێدا نییە. چین چین کامڵبوونی ئەویان نەدیوە، بەسەر پیریدا دەکەون. چاوی داخست و ئەوەی بەبیردا هات:

– فوئـاد، هێز بدە خۆت فوئـاد. بگەڕێوە، لە شـوێنێک ون بە. ون بە و بمرە! بێ تۆش ئەوان ژیاون. ئەی ئەو منداڵەی حەوشە، ئەگەر هی ئەڵماس بێ، ئەگەر وایانـزانیبێ مـن لە زیندان مـردووم. دە بـمرە! مـردن بۆ هەژدە سـاڵ و بۆ سەد ساڵ جیاوازییەکی نییە.

لە شـوێنی خۆی، بێ هەسـت هەنـگاوێک گەڕایەوە، ئەو جـار سـووڕایەوە، ملی ڕێگای گـرت، بە شـوێنی خۆیدا. ژنێک لەوسەری کۆڵانەوە دەرکەوت، لەو ئێوارە درەنگەدا، ڕوونـاکی بەشی نـاسینەوەی کەسی نەدەکرد. ژنەکە نـزیک بۆوە، فوئاد نیگای کرد و سەری داخست. ژنە چل ساڵ، چل و سێ ساڵ، چل و پێنج ساڵیش دەبێ. ژنە تێپەڕی، کەس لە کەس، چەنـد هەنـگاوێک تێپەڕی. ژنە وەسـتا. ئـاوڕی بۆ ئەو پیاوە تـاریکە دایەوە، پیاوێک لە جـلێکی بۆردا. چی؟ ژنە گـوتی چی؟ ژنە لەرزی. لەرزی ژنە. لەو بەیانییەوە، ئـا، لەو بەیانییەوە ئەو پیاوە مەمـکە تـووندەکـانی ئەوی "ئەوسـا تووندەکانی" پـان کـردۆتەوە، هەژدە سـاڵ تێپەڕیوە. ئەو ژنە نـازانێ، بێ زیاد و کەم تەمەنێک تێپەڕیوە. بەوەندە هێزە کەمەی مابووی، گوتی:

– فوئاد!

فوئاد وەستا، وەک بەرازێک وەستا کە نەتوانێ ئاوڕ بداتەوە. ژنەکە نزیکتر بۆوە، هاواری کرد.

– فوئاد. خەڵکینە خودا فوئادی بۆ ناردوومەوە.

ژیان جـارێکی دیکە گەڕایەوە نـاو جەسـتەی فوئـاد. کۆڵانەکە پڕبـوو لە بۆنی خۆشـنوودی، ڕوونـاکی گەڕایەوە چـاوە خۆڵەمێشییەکانی. بەلێوە لەرزەوە گوتی:

- ئەڵماس!ماڵەکەم ئەڵماس!

یەکتریان لەباوەش کرد، لەباوەش کردن کەمە، یەکیان گرتەوە. کەوتنە سەر عەرزەکە دەرگاکان کرانەوە:

- فوئاد زیندووە!

- چەندین ساڵە نامەشی نەهاتووە.

پیاوەکانی گەڕەک دەستی فوئادیان گرت. هەڵیانستاندەوە، یەکەیەکە لەباوەشیان کرد و ماچیان کرد، ماچی سەرسامی. ئەڵماس هەر لەسەر عەرزەکە تووند لاقی فوئادی گرتبووە. ژنەکان دێن.

- هەستە خوشکم با بچینە ژوورێ.

- ناتوانم یەک هەنگاوم بۆ نانرێ.

هەڵیدەستێنن، دەچنە ژوورێ. ژن و پیاو، منداڵ و گەورە چوونە ناو حەوشەکەی ماڵی فوئاد. ئیدی ماڵی فوئادە. چیکڵدانەی فوئاد بچووکە. بەرگەی ئەو هەموو خۆشییە ناگرێ. یەکێک بانگ دەکات:

- ئاو بێنن. شەربەت بێنن. با ئەو پیاوە پاروەوە نانێک بخوات. زولێخا سینییە نانێک لە بەردەم فوئاد دادەنێ. فوئاد دەڵێ:

- زولێخا تەنها تۆ نەگۆڕاوی. دەڵێی دوێنی بەجێم هێشتووی، هەر کەس ون ببێ، سلێمانی بە تۆوە دەناسێتەوە.

زولێخا، کە گوێی لەو قسە بەتوێکڵەی فوئاد بوو، گوتی:

- ئیدی دڵنیا بووم فوئاد هاتۆتەوە. کابرا چۆن دڵت هات ئەو هەموو ماوە دوور بی؟

فوئاد وەک پەشۆکا بێ، بەناو خەڵکەکەدا سەری سووڕاند و گوتی:

- ئاسکۆڵەکەم، کچە شیرینەکەم..

ئەڵماس و زولێخا بەوپەڕی سەرسامییەوە، گوتیان:

- نایناسییەوە؟ لەوەتەی هاتوویەوە سەد جاری ماچ کردووی.

کچێک، تۆ بڵێ ژنێکی باڵاناوەندی، باریک و سوور و سپی خۆی هەڵدایە باوەشی فوئاد و گوتی:

- باوکە، باوکە نازدارەکەم.

کچەکەی لەباوەش کرد. ئەو دەیزانی کچەکەی گەورە بووە، نەک ئەوەندە، نەک ئەو شاژنە ئەو بێ.

ئاسۆ تۆ بڵێ زینەڵ، لەودیو ژنەکانەوە، چاو سوور و چاوەڕێ بۆ لای فوئاد چوو: فوئاد گوتی:

- ئەوەش ئاسۆیە، ئاسۆ کوڕە شێرەکەم.

زولێخا گوتی:

- بەڵام کەسێک ماوە، لە هەموویانت زیاتر خۆش دەوێ. نەک نایناسیەوە هەر نەشتدیوە.

ئەڵماس گوتی:

– ئا، هەر نەتدیوە، فوئاد تۆ کە پیر بووی زەرەرت زۆر نەکردووە، بوویە باپیرە، باپیرە دەبێ دەدنەکانی پێشەوەی کەوتبن. منداڵێکی، سوور و سپیی قژکاڵیان فڕێ دایە باوەشی فوئاد، هەمان ئەو منداڵەی فوئاد لە کەلێنێ دەرگاکەوە دیبووی، فوئاد گوتی:

– ئا، هی کامیانە؟ دیارە منداڵی ئاسکۆڵە، هەر دەڵێی بۆ خۆیەتی.

زولێخا گوتی:

– ئا، نیوەت زانی، منداڵی ئاسۆشە.

فوئاد وەستا، وەستا و مرد... مرد و کەس هەستی پێنەکرد و گوتیەوە:

– هی کامیانە؟

ئەڵماس گوتی:

– هی هەردووکیانە. کە گەورە بوون، دیتم هەر بۆ یەک باشن. لێکم مارە کردن و ئاسۆم بە تەواوی کردە کوڕی خۆم.

مردنەکەی فوئاد بوو بە ڕاست. سەری سووڕا، هێڵنجی هاتێ و کەوتە سەر شانی ئاسکۆڵ.

❊❊❊



پێش ئەوەی ژن بێنم. پێش ئەو بەیانییەی لە دایکی ئەڵماس دەم. من عاشق ببووم. عاشق ببووم و خوێنم بەخشرابۆوە. شوفێر دەبێ عاشق بێ، بەتایبەتی شوفێری نێوان سلێمانی و کەرکووک. ئەگەر عەشقی کەسیش نەبێت، عەشقی خۆی دەبێ. هیچ وێنەیەک ئەوەندەی وێنەی چاو و برۆ جوان نییە لە ئاوێنەی پێشەوەی تەکسیدا. هەموو عەشقەکەشم لە سۆندەیەکەوە دەستی پێکرد. ئەوەش درۆ، چونکە زووتر هەستم بەو عەشقە کردبوو، سۆندەکەم کردە بیانوو. نازانم شتێک وەک خۆشەویستی، وەک مێرووله چووبووە ناو سەرمەوە. ئاوا، بەرانبەر کۆڵانەکەیان دانیشی و نەفەریشت هەبێ نەڕۆی. تا ڕۆژێک گڕ گرتمی و لەناخەوە کولام، چووم لەبەر دەرگای ماڵیان لەبەر تەکیە، کۆڵانەکەی بەرانبەر گەراجەکەمان، وەستام و لە دەرگام دا. بڕیارم دابوو کە خۆی بێتە دەرێ، یەکسەر شووشە عەترێکی کشمیری بدەمێ کە دەمێک بوو کڕیبووم و لە داشبوڵی تەکسییەکەمدا دامنابوو. بەوەدا زانیم کە عاشقم، چونکە زۆر کەر ببووم و حسابی ئەوەم نەکردبوو کە دەشێ دایکی یان کەسێکی دیکە دەرگاکە بکاتەوە. هەر واش بوو. دایکی دەرگاکەی کردەوە. خودایە چیم دی؟ کچە بۆ خۆی، بەو هەموو ویقارەوە، لە ناوەڕاستی حەوشە، لەبەر بەلووعەکە دانیشتبوو جلی دەشوشت. ماکسییەکی کاڵ کاڵی پەمەیی لەبەردا بوو، تا سەروو ئەژنۆکانی هەڵی کردبوو. چ قاچ و بەلەکێک، چ ماسی و سەفێک، چ پەشمەک و کرێمێک، چ هەور و خۆرێک. نا، ئەوانە هیچیان وانین. ئەو کچە تورکومانانە هەر ئاوان، جا هی کەرکووکیش بێ، دەڵێی خودا بە تایبەتی لە پەشمەک و هەور دروستیان دەکات. دەموچاوە پەمییەکەی، چاوە فراوان و سەوزەکانی، قژە کاڵەکەی، دایکی دەجار گوتی:

– فەرموو، فەرموو، فەرموو کولم چی دەوێ؟

منیش کەرکەر، فیل و کەرکەدەن و کەر، لەوێ وەستابووم. من دەمویست لە دەرگاکەیانەوە تا دەگاتە حەوشە و پەنجە پێیەکانی، کە بلّقی کەفاو داپۆشیبوو، بلێسمەوە. خودا بەس خۆی فریام کەوت و گوتم:

- سەیارەکەم گەرمی کردووە، هەندێک ئاوم دەوێ.

کچە هەر گوێی لێم بوو، خێرا هەستا و سۆندەکەی تا بەردەرگا هێنا، بە خۆی و چاوە سەوزە شووشەییەکانیەوە. من تا ئەو کاتە وامدەزانی تەنها گوللە و ژەهر و سەیارە ترسناکن. بەلاّم نا، کچ بە مەکسیی پەمەیی کالّەوە لە بروسکەش خەتەرناکترە. دەستم برد سۆندەکەی لێوەرگرم، دەستم بە دەستە مەرمەڕەکانی کەوت و گێژگێژ بووم و لەترێکم برد و خەریکبوو بکەوم. جا من هەر وام، کە حەسرەت چووە ناو دلّمەوە بەرگەی ناگرم و سەرم دەسووڕێ. خۆزگە کەوتبام، خۆزگە کەوتبام و ئەستۆم شکابا، باشتر بوو، دلّی بۆم دەسووتا و هەلّیدەگرتمەوە، چونکە ئەو کچە تورکومانانەی کەرکووک، تۆ هەر لە دوورەوە وادەزانی بەردودارن و دلّ ڕەق و تەقن، بەلاّم نا، هەر ئەوەندەی قسەت لەگەلّ کردن، دلّیان لە شلکە ڕانیان نەرمتر دەبێ. بۆنیتی سەیارەکەم هەلّدایەوە، دایکی گوتی:

- یولّدزنوور..

بە تورکومانی قسەیەکی کرد و من تێنەگەیشتم، تەنها ئەوەندەم زانی ناوی یولّدزە، کچە بەشێکی ماکسییەکەی کە خستبوویە ژێر جیری دەرپێیەکەی ڕاکێشایە خوارێ. من بە سۆندەکە ئاوم بە ڕادیتەرەکەدا کرد و هەلّم ئەو ناوەی داپۆشی. بێئەوەی ڕووی تێکەم پێم گوت:

- شووشە بۆنێکی کشمیرم بۆ هێناوی.

ئەویش گوتی:

- بە بنی پێم.

من گوتم:

- قوربانی بنی پێت بم.

بە دایکیم گوت:

- هەر کارێکتان هەبوو. من لەو گەراجەی بەرانبەرتانم. هاتوچۆی سلێمانی دەکەم.

دایکی گوتی:

- تەشەکور، کول منی.

من عاشق بووم، گەرچی نەمدەزانی بە سوننەتی عاشقان، ڕیش بهێلّمەوە و غەمبار دانیشم و جارجار هەناسەی قوولّ هەلّکێشم و پیش بخۆمەوە. بەدوای هەلــدا دەگەڕام. لەسەر ئەو بــاوەڕەی تۆ بــگەڕێ، هەل هەلّدەکەوێ. هەلّیشکەوت. دیتم ئینجی خاتوون و یولّدزنوور، دایکی هەر وای پێدەگوت، لە مالّ هاتنە دەر و دەرگایان داخست. خێرا سووڕامەوە و لە بەردەم کۆلاّنەکەیان وەستام و پێش ئەوەی دەست بۆ هیچ تاکسییەک ڕاگرن، دابەزیم و بە ئینجی خانمم گوت:

- فەرموون سوار بن، بۆ هەر کوێ دەڕۆن.

یولّدز گوتی:

- نا دایکە، ئێمە ڕێگامان دوورە.

من گوتم:

- بۆ بنی دنیا بێ، من دەتانبەم. چاکەتان بە سەرمەوەیە.

ئینجی خاتوون سوار بوو، یوڵدزیش لەنێوان ناز و ناڕازیبووندا سەرکەوت. ئینجی خاتوون گوتی:

- دەچمە لای دکتۆر. لای سینەما ئەتڵەس.

من تەنها ئاگام لە ئاوێنەکەی ناوەڕاستە. منیش شوفێرم، ئاوێنەکەم بەڕاستی شووشە بوو، ببووە ئەڵماسێکی سەوز. شوفێر دڵی لە سینگیدا نییە، لە ئاوێنەکەیدایە.

جارێکی دیکە و جارێکی دیکە. هەر بە دوایانەوە بووم. خزمەکانیان لە دووز بوون. عەبدولافەندی بەڕێوەبەری نفووس، هەروایان پێدەگوت، بەس کە من ناسیمن ئەو خانەنشین بوو.

لە ئینجی خاتوونم پرسی:

- منداڵی دیکەتان هەیە؟

- ئا، ئایدن، کوڕە گەورەکەم. دەمێکە ژنی هێناوە، ماڵی خۆی کرد، لای ئێمە دانەنیشت و دوور کەوتەوە، چۆتە لای ماڵی خەزووری، لە تەپەی مەلا عەبدوڵڵا.

من ئایدنم نەدیبوو، بەڵام برا بۆ عاشق جگە لە درکێک لە بنی پێدا هیچی دیکە نییە. تاکسییەکەم کردبوو بە گوڵ. سەر داشبووڵ و ئەملاولاکەیم هەموو کردبوو بە ئاوێنە. یوڵدزنوور لە هەر شوێنێ دانیشتبا، بەرانبەرم بوو. لەو سالانەدا کەس نەبوو دووجار هاتوچۆی کەرکوک و سلێمانی بکا، فوئادی ئاوێنە نەناسێ. تاکە ناوێکە لە دڵەوە حەزم لێیەتی. کونجیش ناخۆش نییە، بەڵام لەگەڵ ناوی باوکم گونجاوتر بوو، مەلا فازیلە کونج، بۆ من تۆزێک کۆن و تۆزاوی و دوکەڵاوییە، بەڵام فوئاد ئاوێنە، یەکپارچە عەشق و ڕەونەق و گەنجانەیە. چەند خۆشە فوئاد ئاوێنە بی و ماڵی خەزوورت تورکومان بن و خەزوورت خانەنشین بێت و بە بیجامەیەکی خەتخەتەوە لە حەوشە دانیشێ و قاوە بخواتەوە و خەسووشت ناوی ئینجی بێ. بۆ خۆشت ئاوێنە بی و یوڵدزێکی سەوز لەباوەش کەی. من وەک دایکی هەر پێم دەگوت یوڵدزنوور، دواتر کردم بە نوور، نووری چاو، نووری دیدەم. ئەو عاشقبوونەم لە کەرکووک دەنگی دایەوە. خەریکبوو ئەوەندەی ئەمیتا بەناوبانگ بم، ئاخر خۆ کەرکووکی هەر ئەوە نییە پاسکیلت هەبێ و کورد و عەرەبی و تورکومانی بزانی. نا، دەبێ وێنەیەکی ئەمیتاش هەڵواسی و جوعە قەمبور بناسی و کراسی سووریش لەبەر بکەی. منیش وام لێهاتبوو، دین و ئیمانم ببووە تورکومانی. پاسکیلێکی شینی بیستم کڕیبوو، فیلمی هیندی نەمابوو نەیبینم. کراسێکی سووری یەخە پانیشم کڕیبوو، خەنافسەکانم ئەوەندەی تایەی تاکسییەکەم پان کردبوو. هەموو شوفێرەکانی هاوڕێم ئاگاداری وردەکاریی عەشقەکەم بوون، هاوکارییان دەکردم و حەسوودیشیان پێ دەبردم.

پێیان دەگوتم:

- ئەو چاوە قووڵ و ڕەش و بچووکانەی تۆ لەگەڵ ئەو باخی پرتەقاڵە، تەنها خودایان یەکە.

خۆشترین سەفەرم ئەوە بوو کە بردمن بۆ بەغدا. چوونم بۆ بەغدا، بە سەیارەی خۆم و لەگەڵ یوڵدزنووردا وەک ڕاکردن بوو بەسەر ئۆقیانوس هینددا بە پێخواسی.

زانیم ئینجی خاتون گورچیلەی تەواو نییە. دیسانەوە دەبوو بە سەبری کیسەڵ و وریایی مارەوە بۆ هەلێک بگەڕێم و شارەزایی و دڵسۆزیی خۆم دەرخەم. عەبدولافەندی ئێواران دەهاتە چاخانەکەی بەرانبەر گەراج و تاوڵەی دەکرد. ئێوارەیەکی کۆتایی مانگی سێ چوومە تەنیشتی و داوای چایەکم کرد. تاوڵەمان کرد. ئەو تاوڵەی باش دەزانی و منیش خراپ نەبووم. هەمیشە لەبەر زارەکان دەپاڕامەوە، سەرەتا شەش و یەکم بۆ نەیە. سێ و یەکم بۆ نەیەت. دوژمنی دوو شەش و دوو پێنج و دوو چوار و دوو سێ بووم. دەمویست هەمیشە سەد تاکم هەبێ و ئەو بە کەیفی خۆی لێیان بدات، بێگومان تاوڵەم لەگەڵ عەبدولافەندی دەکرد تا ماڵە نەکەم و ئەو بە کەیفی خۆی لێم بەرێتەوە. هەر لە خۆمەوە حەزم دەکرد ئەو عەبدولافەندییە تورکومانە موحتەڕەمە کە بەشی زۆری تورکومانەکان سوێند بە سەری

دەخۆن، هەتیوباز بایە و تەکلیفێکی قورسی لێکردبام. هەرچەند ئەوە بۆ شەلاتییەکی سەرشەقام هێڵی سوور بوو. هەر ئەو ئێوارەیە دوو مەرسی لێگرتم. ئەو پێی دەگوت قاپوت، چەندم پێخۆش بوو کە گوتی:

- قاپوتێکم بەو بەهارە بۆ فوئاد ئاوێنە دروست کرد.

ئاوێنە لەسەر زاری ئەو وەک ئەوە بوو بۆ خۆی ژوانی لەگەڵ یولدزنوور بۆ دانابم. گوتم:

- قوربان قاپوتێک نەبوو، دوو بوو.

ئەو لە دڵەوە پێکەنی و گوتی:

- دوو ڕۆژی دیکە وەرە بەشی هەموو سلێمانی قاپوتت بۆ دروست دەکەم.

لە دڵەوە گوتم، هەر بۆ خۆشی، ئەو عەبدولافەندییە موحتەڕەمە، قەشمەریشە. ئەو کەیفسازییەیم بە هەل زانی و گوتم:

- بەیانی زوو دەچمە بەغدا.

ئەو پرسیی:

- بەغدا؟

گوتم:

- ئا، بەغدا، پورم گورچیلەی دێشێ، دکتۆرێکی ئامۆزام هەیە زۆر زیرەکە، دەیبەمە لای ئەو.

بە پەرۆشەوە گوتی:

- دکتۆری کلیەیە؟

گوتم:

- بەڵێ.

- خزمەتە.

- بەڵێ

ئەو پرسیی:

- دکتۆرەکەی خزمت ناوی چییە؟

گوتم:

- دکتۆر کەمال حوسێن. دکتۆری سوپایە، نەخۆشخانەی خۆی هەیە. دەیبەمە لای ئەو.

ئەو گوتی:

- ناویم بیستووە، زۆر زیرەکە.

هەستا، بە ڕۆیشتنەوە، گوتی:

- ئینتزار بکە، دەچم لەماڵ، ئینجی موافەقەت بکا...

قسەکەی تەواو نەکرد، بەڵام من زانیم داوەکەم گرتوویەتی.

زۆری نەبرد گەڕایەوە، گوتی:

- زۆر باشە، سبەی دەچی و دێی؟

گوتم:

- بەڵێ، دەچم و دەگەڕێمەوە.

گوتی:

- کە بێی، ئیحتیاج ناکات من بێنم.

ئەو شەوە نەچوومەوە بۆ سلێمانی. لەناو گەراجەکە لە سەیارەکەمدا پاڵ کەوتم. نووستم بەس نووستنی ماسی. ئەستێرەکان هەڵاتن و ژماردمن، کوژانەوە و من بەئاگا بووم. دەشێ خەویشم لێکەوتبێ، بەڵام مێشکم هەر بەئاگا بوو. دڵم پەلەپەلی بوو، دەبێ یوڵدز بێت؟ دەبێ عەبدولافەندی هەستی بە هیچ نەکردبێ؟ کاتژمێر پێنج لە دەرگایانم دا، عەبدولافەندی خۆی دەرگای کردەوە. بیجامەی لەبەردا بوو. کەوایە نایەت. دوای تۆزێک ئینجی خاتون دەرکەوت، جانتایەکی بچووکیشی پێ بوو. تۆزێک لە بەردەرگا وەستا و هات سوار بوو. خەریک بوو دڵم بوەستێ. ئەو ژنە بە تەنها بۆ کوێ بەرم؟ نا، تا دێمەوە لە ماڵیان هەر باسی من دەبێ. ناوی من بە دەمی یوڵدزیشدا دێ. زۆری نەبرد، یوڵدز وەک نوور دەرکەوت. عەزیەیەکی شینی گوڵ گەورەی لەبەردا بوو. من هێمن بووم، بەڵام سەیارەکەم خەریکبوو بداتە شەقەی باڵ. بەڕێ کەوتم، پێش ئەوەی بگەمە گەراجی بەغدا، یوڵدزنوور پرسیی:

- پورت کوا؟

من پێکەنیم و خەریکبوو بڵێم، سێ ساڵ لەوەپێش نەشتەرگەریی گورچیلەی بۆ کرا و دەرنەچوو. دیسانەوە ئاوێنە فریام کەوت. دیتم چاوێکی، لە چاوە سەوزەکانی لێداگرتم، خێرا گوتم:

- وەزعی زۆر خراپە، حاڵی سەفەری نەبوو، چاوەڕێ دەکەم تۆزێک باشتر بێ.

حیکایەتی ئەو ڕۆژەم حیکایەتی فڕین و باڵگرتنە. جوانترین فڕین، فڕینی ئەو زیندەوەرانەیە کە باڵیان نییە. ئەو ڕۆژە زانیم فڕین پێویستی بە باڵ نییە، پێویستی بە نەفەسێکە نەکەوێتە زەوی. عەشق هەروایە یان بەبێ باڵ بە نەفەسێک دەفڕی، یان وەک کرم و قالۆنچە بە ئەرزتدا دەباتە خوار.

لە چاخانەیەکی سەر ڕێگا لامان دا. جگەری برژاومان خوارد و چای ڕەشمان بەسەردا کرد. پێکەنین بە نوکتەی سادە و قسەی ئاسایی، کەس نەیگوت چۆنە بە دوو نەفەر کەوتوویە ڕێ؟ نا، جا بۆ بڵێن؟ ئەگەر کەر نەبن دەزانن هەموو دنیام لەگەڵە. ئینجی خاتوون ناوێکی چەند شیرین، دەمودانێکی چەند وردی هەیە، پاپووچە زیوینەکانی هەتاهەتایە لەگەڵم دەژین. پێیە بچووک و سپی و لۆکەییەکانی، بۆ یەکەمجار چۆڵی قولفە، چوڵ نەبوو، ئاوەدان و شیرین و کورت. لە گەرمەی پێکەنیندا، ئینجی خاتوون، گوتی:

- فوئاد، تۆ درۆ کردت، پوورت نەخۆش نییە؟

من وەختێک غەرق ببووم لە پێکەنیندا گوتم:

- نا، درۆم نەکردووە، پورەکەم تۆی.

ئینجی خاتوون ناسک، نەرم، خانەدانانە پێکەنی و بەئاستەم دەستێکی بە شانمدا دا و گوتی:

- شەیتانی لە خۆت.

گەیشتین. چووینە ئەعزەمییە، نەخۆشخانەی خەیاڵ. قسەمان لەگەڵ بەردەستەکەی کرد، چووە ژووریٚ، گوێم لێبوو "کاکات جاییات من شمال" دەرگاکەیان بۆ کردینەوە. وەک خزم و ئاشنا چوومە ژووریٚ، لە کەس ناترسم، لە درۆ ناترسم، لە ڕاستی ناترسم. من یوڵدزنوورم لەگەڵە. دکتۆر کەمال پیاوێکی شیک و تەمەن ناوەندی و ڕووناک، لە بەغدا پێیان دەگوت "دکتۆری دەست زێڕین". جا هەر بۆ خۆشی پیاوێکی زێڕین بوو. قسەکانی لە حزووری یوڵدزدا دە ئەوەندە خۆشتر بوون. پشکنین، تاقیگە، هەموویان خێرا کران. دکتۆر گوتی:

- خاتوون، ڕاستە گورچیلەی چەپت ماندووە، بەڵام خراپ نییە. من و تۆ پێکەوە چاکی دەکەینەوە. من بە دەرمانەکانم، تۆش بە پارێز و ئاگا لەخۆبوونت. تەماتە، هێلکە، گۆشتی سوور، سوێری ناخۆیٚ. ئاو دەرمانە، شووتی دەرمانە.

باسی من هاتە گۆڕیٚ، ئینجی خاتوون گوتی:

- کولی خۆمە.

هەر کەس گوێی لە دەنگی بایە، دەیزانی کوڕی نیم، دەیزانی دڵیٚ زاوامە. ئەوەش خۆشترین و جوانترین قسە بوو لەو سەفەردا کرابیٚ.

ئینجی خاتوون گوتی:

- بمبە بۆ کازم زیارەتی ئیمام موسا دەکەم.

من پێم ناخۆش بوو، ئەو ڕۆژە خۆشە لەناو مەرقەد و مزگەوت سەرف کەم. ئەوەش هەر تا ئەو کاتەی گەیشتین. کازم قەڵەبالغ، نیوەی خەڵکی ئەو دنیایە لەوێیە. بە دەیان خێزان، کۆمەڵە ژن و پیاو، کچ و کوڕی ڕەشپۆش و چاوزەق. هەندێکیان غەمبار و بێدەنگ لە حەوشە گەورەکە، لێرە و لەویٚ دانیشتوون، هەندێک نان دەخۆن و چا دەخۆنەوە. قسە دەکەن و نزا دەکەن و خۆیان لە دار و بەرد و دەرگا هەڵدەسوون. ئینجی خاتوون دەست بە دەرگا و دیوارەکانەوە، ماچی دیوار و دەرگا و پەردە. لەناو ئەو هۆڵەدا هەزاران و ملیۆنان دوعای ناو دڵ و نزای گڕگرتوو، بۆ ئاسمان، بۆ حەوت تەبەقەی ئاسمان بەرز دەبۆوە، وەک کۆتر و چۆلەکە و پەڕەسێلکەی بیٚ شومار بەرەو گومبەزی ئاسمان بدەنە شەقەی باڵ. ئینجی خاتوون گوتی:

- خودایە، بە هیمەتی ئیمامی گەورە، دەرد و بەڵا، نەخۆشی و ناخۆشی، خراپە و خراپەکاریمان لیٚ دوور خەیەوە، خودایە عەبدولافەندی، کوڕ و کچەکەم...

پێش ئەوەی بگەینە لای مەرقەدەکە، ئینجی خاتوون هەناسەی تەنگ بوو، لە پەنا پەیایەک دامنیشاند، دەستی مەعشوقەکەم گرت. دەستی کۆترەکەم گرت، "قوربانی تۆزی گۆڕەکەت بم ئیمام موسای کازم" قوربانی ناوەکەت بم، قوربانی گومبەز و ئاو و زیارەتکەرەکانت بم. بۆ یەکەمجار بیٚ ترس و چاودێری لە پەنا ئەو مەرقەدە، بە پشتوپەنای ئیمامی پیرۆز، لەناو ئەو مزگەوتە پڕ مسک و عەنبەرەدا دەستەکانیم گرت. دڵی لەناو دەستمدا، وەک دڵی کۆترێک لێی دەدا. دڵی هەردووکمان، کە هاتبوونە ناو لەپی دەستمان و بەر یەکتر دەکەوتن، یەک ترپەیان دەهات. کەوتینە ناو ئەو زیارەتکارانەی، وەک شەپۆلێک لە گۆشت و هەناسە و نزا، بە دەوری مەرقەدەکەدا دەسووڕانەوە. ئێمە دەسووڕاینەوە. یوڵدز نوورم لەباوەش گرتبوو، دەستم لە کەمەری ئاڵاندبوو، لوتم کەوتبووە ناو قژیٚ. یەکەمجار بوو جەستەم ئاوا بە پانەوپانی، ئاوا گەرم و گوڕ، ئاوا خوێن بەخوێن، بکەوێتە سەر جەستەی کچێک. هەموو ئاوی دنیات لەبەر بڕوا، لەبەر عارەقە و بۆگەنی جەستە و هاڵاو ون دەبیٚ. من دەکەوتمە پێشی و ئەو توند لەباوەشی دەکردم. هەموو زیارەتکاران، ئێمەش لە ناویاندا، وەک بارستەی تۆپەڵە گۆشتێکی گەورەی پێکەوەنووساو هێواش هێواش بە دەوری مەرقەدەکەدا دەسووڕاینەوە. جارجار، هەرکەسەو ئەوەندەی بوار هەبا، بەناو خەڵکەکەدا، دەستێکیان بۆ شیشە سەوزەکانی سەر گۆڕەکە دەبرد. چەندان دەست، دەستی باریک و ناسک، دەستی پیروچرچ، دەستی ئەستوور و ڕەش، دەستی سپی و بێهێز، دەستی منداڵانە و کورت، بەڵام هەموو لەرزۆک، لەرزۆک و ڕاڕا خۆیان دەگەیاندە شیشە ئاسنە سارد و سڕەکان. بە نزا و پاڕانەوەی جیا:

- پەنامان بۆ هێناوی.

- دەروازە و مرازمانی.

- ئەو جارە چاوم پێی بکەوێتەوە.

- شیفای نەخۆشەکانم.

- بە یەکترمان بگەیەنی.

سەرتاپای جەستەمان ببووە ئاو، ئارەقە بە گەردنماندا پلوسکەی کردبوو، نزامان تەواو نەدەبوو. لەناو تەندوورەی ئەو هەموو مرۆڤانەدا بەردەوام دەسووڕاینەوە. لەناکاو شەپۆلێک لە یەکتری دابڕین و کچێکی عەرەبی ئەسمەری ئەسپی، کەوتە بەردەمم. خێرا یوڵدز دەستی گرتم و ڕایکێشامە دەرێ. ئینجی خاتوون هەر لە جێگای خۆی، دەستی بە پایە و فەرشەکاندا دەهێنا و بەردەستی خۆی ماچ دەکرد و فووی بە ئاسماندا دەکرد. ئێمەی دی و گوتی:

- نزاتان بۆ هەموان کرد؟

ڕووی کردە یوڵدز و گوتی:

- کچێ هەر بووی بە ئاو، وەرە تۆزێک دانیشە.

ئێوارەکەی گەڕاینەوە، لە خالس دنیایەک میوەمان کڕی. پشتی تەکسییەکەمان پڕکرد لە شووتی. ئەو دکتۆرە بۆ من بووە بە نیعمەت، هەموو ئێوارەیەک شووتییەکم دەخستە بن هەنگڵم و دەچوومەماڵیان.

بەهەشتییەکان ئاگایان لە ئاگری دۆزەخ نییە. بەهەشتی سەر دنیا زۆر سادەیە. قسەیەکی خۆشە، هێلکەوڕۆنێکە بە هەنگوینەوە، تەماتەیەکی قاشکراوە بە خوێوە. ئا، بەهەشتی ڕاستەقینە زیارەتکردنی مەرقەدی کازمە. دوو چاوی سەوزن لە ئاوێنەی ناوەندی تەکسییەک. دۆزەخیش هەروایە، هەرەشەیەکە، دوو چاوی پڕ گڕ و تووڕەیین.

جنێوێکی سەرلە بەیانیانە، تفێکە بەرەو ڕووت بکرێ. ڕاستە بەهەشت بە خەندەیەک دروست دەکرێت، دۆزەخیش بە جنێوێک، بەڵام دۆزەخ زۆر شتی دیکەشی دەوێ. تێچوونی دۆزەخ زۆرترە. دۆزەخی من لە جنێوێک و لە هەڕەشەیەک زیاتر بوو. دوای چوونەکەمان بۆ بەغدا تەنها بە مانگێک، نیوەڕۆیەک کە تەکسییەکەم تەنها بۆ نیوکاتژمێر لەودیو دیواری تەکیەی مەلا عەبدوڵڵا بەجێ هێشتبوو، دیتم هەر چوار تایەی کەوتوونە سەر زەوی. یەکەیەکە تایەکانم لێکردنەوە و پەنچەرچییەکە گوتی:

- گوڵم، ئەو تایانە بە دەرنەفیز کون کراون.

بۆ یەکەمجار ترسام، دوژمنی نهێنی چەند قورسە. کێیە سنگم بەر چەقۆ دەدات. بە خۆم و شووتییەکەوە چوومە ماڵی یوڵدز نوور، پێش ئەوەی لە دەرگا بدەم، یوڵدز دەرگای کردەوە، دیاربوو دەمێک بوو چاوەڕێ بوو، یەکسەر گوتی:

- بڕۆ، بڕۆ، دووربکەوە و جارێ بەو ناوەدا مەیەوە.

زوو دەرگاکەی داخستەوە.

چی؟ بڕۆ جارێ مەیەوە. چی بووە؟ سەرم پێوە نییە، دەڕۆم بۆ سلێمانی، نازانم نەفەرەکانم کێن، دێمەوە ڕێگاکە نابینم. بۆ چرکەیەکیش تەماشای ئاوێنەی ناوەڕاست ناکەم. هەفتەیەک ئاوا، لە دوورەوە چاودێریی ماڵیان دەکەم. دیتم یوڵدزنوور و دایکی هاتنە دەرێ، نەیانڕوانییە دەوروبەر، سواری تەکسییەک بوون. بە دوایان کەوتم. پێش بازاڕی حەسیرەکە دابەزین، منیش دابەزیم. چوونە ناو بازاڕ، منیش بەدوایاندا. گەیشتمە تەنیشت یوڵدزنوور، بێئەوەی سەیرم کات، لەژێر لێوەوە، گوتی:

- دوور بکەوە، خزمەکانم کۆبوونەوە، چوونە لای ئابی ئایدن، پێیانگوتووە بیدەنێ، کچەکەتان بدەن بەو سەر ڕووتە کوردە. پیرۆزتان بێ، بەڵام بە ئەدەبەوە، نەک وەک تیاترۆیەک هەموو ڕۆژێ لەگەڵی بێ و بچێ. دوور بکەوە ئابی ئایدن چاودێریم دەکات. دەمکوژێ، تۆش دەکوژێ.

ئایدن ئەو لوغمە بوو لە ناخدا شاردبوومەوە. وەرزشکار بوو، حەزی لە زۆرانبازی بوو، زۆر هەواداری عەدنان قەیسی بوو. ئینجی خاتوون پێشتر چەند جار گوتبووی "ئایدن شێت و شەیدای عەدنان قەیسیە، هەزارجار تەماشای زۆرانبازییەکەی لەگەڵ فێریری کردووە، چۆن عەدنان قەیسی دەستی فێریری شکاند. ئەویش هەروەک ئەو دەستی هاوڕێکانی لە پشتەوە بادەدا و بە ئانیشک لە تیرغەی پشتی دەدان". من بۆ خۆم وەک لوغمێک لە ناخی خۆمدا شاردبوومەوە، دەمزانی ڕۆژێک دەتەقێتەوە. ئایدن کچی یەکێک لە ئاوچییەکانی هێنابوو، ئەو ئاوچییانە یادەوەرییەکی تاڵیان لەگەڵ کورد هەیە. ئەوان پێیانوایە کوردە پیاوە نازدارەکانی ئەوانی کوشتووە. گەنجەکانیان هەموو تۆرانین. ئایدنیش چووبووە ناویان، بە ژنەکەی گوتبوو:

- من تۆڵەی ئێوە دەکەمەوە. ئەو کوردە خوێڕییە دەکەمە پەند.

بە پەنچەرچییەکەم گوت:

- گوڵم، کێ ئەو قسانەی بۆ تۆ گێڕاوەتەوە.

ئەو گوتی:

- گێڕانەوە نا، ڕایانسپاردووم.

پەنجەرچییەکە دوو چای بانگ کرد و دەستی خستە سەرشانم و گوتی:

- ئەو ڕۆژەش دەمویست پێت بڵێم، تۆ نازانی چی دەکەی. ئابڕووی ئەو ماڵەت بردووە، هەموو باستان دەکەن.

من گوتم:

- مادام ڕایانسپاردووی، پێیان بڵێ، دێمە داخوازی.

ئەو گوتی:

- نەکەی. تازە جامەکە دەنگی لێهاتووە. کارەکە خراپتر مەکە کچەکەش دەکوژن.

من پرسیم:

- چار چییە؟ من ئەو کچەم خۆش دەوێ.

ئەو گوتی:

- یەک ڕێگا هەیە. خۆت ون بکە، لەو ناوە مەمێنە. دوا قسەیان ئەوەیە. بە کەرکووکدا مەیەوە.

خوێنی هەموو لەشم هاتە ناو زمانم، گوتم:

- سەد جار بمکوژن هەر دەمەوێ.

هەر ئەو ڕۆژە ئێوارەکەی دوو کەس دەستیان لێراگرتم، یەکێکیان چووبووە ژێر باڵی پیرەپیاوێکی لاق بە لەفاف پێچراو. گوتیان:

- ناتوانێ بڕوات، یارەتیمان بدە.

پرسیم:

- بۆ کوێ؟

دوای ئەوەی سوار بوون، گوتیان:

- بۆ عەرەفە.

کۆڵانێک و یەکی دیکە، پێچێک و دووی دیکە. لە بەردەم خانوویەک وەستاین. پیرەپیاوەکە بووراببۆوە، بە هەرسێکمان بردمانە ژوورێ. لەناکاو دەرگایان داخست، چەند کەسێک پەلاماریان دام. لێیان دام، بە بۆری و مست و پێلەقە لێیان دام. سەرم تەقی و خوێن بە لاچاومدا هاتە خوارێ. ڕووتیان کردمەوە و هەڵیانواسیم. ویستیان بوتڵە غازێک بە گونمەوە هەڵواسن. لە هۆش خۆم چووم. کە بەئاگا هاتمەوە، تەنها عەبدولاڵفەندی لە ژوورەکە بوو. منیش لەسەر عەرزەکە کەوتبووم. هەموو لەشم خوێن بوو، خوێن لە لوت و گوێم، لە کۆمیشمەوە دەهات. عەبدولاڵفەندی گوتی:

- کورەکەم خۆت ڕزگار بکە. لە زیندانەکانی دەوڵەتیش هەر ئەوانە خەڵک ئەشکەنجە دەدەن. زۆرت بۆ پاڕامەوە. یوڵدزیان داوە بە ئامۆزاکەی. بەو مەرجە لە تۆ خۆش بوون. ڕەحم بەم ڕیشە سپییەم بکە. با کۆستم نەکەوێ. بڕۆ و خۆت نیشان مەدەوە.

دەستیم ماچ کرد و بەڵێنم پێدا.

- بە یوڵدز بڵێ، تەنها لەبەر ژیانی ئەو دوور دەکەومەوە. لەو گەڕەکەش نەمان، ون بوون، وەک ئەوەی لەسەر زەوی شوێنەواریان سڕابێتەوە، وەک دنیایان لە گونم بەستبێ. ئەوەی سەنتەری پیاو ڕادەگرێ. نە دڵە و نە مێشک و نە گوێیەتی، تەنها گونیەتی. دەیان دکتۆرم کرد، تا سێ مانگ خوێنم دەمیست. ئەو دکتۆر کەمال حوسێنە دوو هەفتە لە نەخۆشخانەی خەیال خەواندمی. هەر ئەو چاکی کردمەوە. گڵۆپەکانی ژیانم کوژانەوە، دۆزەخ بە هەموو سەرمایەی خۆیەوە هاتبوو.

دواجار دکتۆر گوتی:

- تۆ دەبێ ژن بێنی. چالاک بی، ژن نەهێنی، وردەوردە پیاوەتیت لەدەست دەدەی.

ساڵێکی تەواو ئەو قسەیەم فەرامۆش کرد. تا ئەو ڕۆژەی لە بەرانبەر مزگەوتی حاجی حەسەنی لۆکە، لە سلێمانی، لە دایکی ئەڵماسم دا. ئەڵماس هەندێ لە یوڵدز دەچوو، جگە لە ڕەنگی چاوی و پێستی و باڵابەرزییەکەی. پێکەنین و بۆنیان تەواو وەک یەک بوون. من لەو کەوتنەم هەڵنەستامەوە، بۆ ئەوەی بژیت، پێویستت بە هەستانەوە نییە. نەک هەر ئەوە لێرە ژیان بە کەوتنەوە باشترە، بە شکانەوە ئاسوودەترە. ژیانی پلاستیکی هیچی لێنایە، با ژێرپێ بخرێ. با بپلیشێتەوە، وەک خۆی لێدێتەوە. ئەڵماس ئەوەندەی گوت:

- من تا ئێستا کەسم خۆشنەویستووە. تەنها دەمەوێ کەرامەتم نەشکێنی و ڕێزم لێبگری. حورمەتی ماڵ و ژن بزانی. بەجێم نەهێڵی.

جا ئەو کچە شارییانە وادەزانن لە ئاسمان کەوتوونە خوارێ و لەباتی شووکردن پەیماننامەی سەربازی و جەنگ مۆر دەکەن.

من پێم گوت:

- چۆن ڕێزت لێناگرم. تەنها بۆنت بەسە بۆ ئەوەی هەرگیز جێت نەهێڵم.

گەورەترین خیانەتی من لە ئەڵماس تا ئەو کاتە هەر ئەوەندە بوو، کە تەرمی عەشقێکم لێشاردبۆوە. ئەڵماس لەبەر ئەوەی ئەڤینداریی لەگەڵ نەکردم، هەرگیز بۆنی تەرمی ئەو عەشقەی نەکرد. ئیدی ئاوایە تا یەکێک خۆشی نەوێ،

برینەکانی خۆشەویستیی ناخیشت نابینێ. غەمگینیی تەرمەکە ڕژابووە سەر ڕووخسارم. لە هەمووی زیاتر بە ڕەنگی چاومەوە دیاربوو. ئەڵماس بۆ ئەوەش دەیگوت:

- ئەو سەرشەقامییانە هەروان، دنیایان لەسەر شانی خۆیان بار کردووە.

ئەو هەست و شعوورەی خۆم فڕێ دایە ناو ئەو دنیا نهێنییەی یولدزنوورم تێدا بەجێ هشتبوو. دنیاکەی یولدزنوور نەک لە ئەڵماسەوە، لە منیشەوە تاریک بوو. تەنها نوورێکی دوور، نوورێک لە قووڵاییەکی بێبنی تاریکیدا دیار بوو. هەر بەشی ئەوەی دەکرد نووستنی شەوانم لێ بکاتە کابووس و لە هەموو بیرکردنەوەیەکدا بمخنکێنێ. خۆشم دابووە دەست ئەڵماس. ئەڵماسیش بەوە دڵخۆش بوو. جەستەت بە دڵەوە بدەیتە هەر کەسێک دڵخۆش دەبێ. با ئەو کەسە شارستانیی سلێمانیش بێ، چونکە شارستانیی سلێمانی هەروا لەخۆوە شوفێر بە بەدخوو و ناپەسند و سەرسەری دەزانن. قسەیەکی نەستەقی کۆنیشیان هەبوو، کە لە قەحپەیان پرسیوە کوڕی تۆ کێیە؟ ئەویش وتوویەتی: "کوڕی من یان ئەمنە یان شوفێر". ئەڵماس و خزمەکانی هەرگیز گوێیان بەو قسە قۆڕە نەدا، بەتایبەتیش لەگەڵ من کە سەرشەقامیم. ژیانێکی تایبەت بەخۆمان دروست کرد. دۆستێکی نزیکی دایکی ئەڵماس لە کانێسکان خانووی بۆ پەیدا کردین. من حەزم لەو کۆڵانە پێچاوپێچانەی کانێسکانە. ئێواران دەنگەدەنگ و هەرای منداڵ وەک قاز دەچوونەوە ژووری، بۆنی پڵاو و کوبە و شفتەی سوورکراوە لە دەرگا و گوێسەبانەکانەوە بەناو گەڕەکدا بڵاودەبۆوە. دۆستە نزیکەکەی دایکی ئەڵماس، کە کۆنە خزمیشیان بوو، کچێکی هەبوو. زولێخا، منداڵکار، بەڵام بووە هاودەنگ و هاوکاری ئەڵماس. ژیانی سەربەخۆیی من و ئەڵماس زۆر درێژەی نەکێشا. هەر دوای نۆ مانگ کچێکمان بوو. سەربەخۆیی ژن و مێرد لە هەبوونی یەکدا دوای لەدایکبوونی یەکەم منداڵ تێک دەشکێت و ئیدی جارێکی دیکە یەک ناگرێتەوە. کچە وەک ڕووناکییەک کەوتە نێوانمان. من ویستم ناوی بنێم نوور، ئەڵماس و دایکی گوتیان لە نوورییەوە نزیکە و کردیانە ئاسکۆڵ. منداڵ هەرچەند شیرین و دڵلاوێن بێ، ئەنجام دەبێتە چاودێرێکی وردی پەیوەندیی باب و داکی. لەدوای لەدایکبوونی منداڵی یەکەمەوە، ژن و مێرد هەرگیز نابنەوە خاوەن پەیوەندییەکی تایبەت و سەربەخۆ. لە دەرەوە و لەبەر ڕووناکی وەک هەر دوو کەسێکی دیکە، هەڵسوکەوت دەکەن و لە تاریکیشدا وەک دز و دەستدرێژیکەر بۆ ماوەیەکی کەم لێک نزیک دەبنەوە، تەنها ئەوەندەی پێستیان ئارەقە بکاتەوە.

***

کە شەڕ دەستی پێکرد، ئاسکۆڵ کەوتبووە سەرپێ. دوو دەوڵەت، وەک دوو قەڵای ڕزیو پێکیاندا دا و دنیایان پڕکرد لە دووکەڵ و تەپوتۆز. وەک دوو بۆمبی ئەڤینکوژ لە نێوان ژن و پیاودا تەقینەوە و هەریەکەیان فڕێ دانە سووچێکی دنیا. شەڕ بە پێچەوانەی هەموو بوونەوەرێکی دیکەوە، تەمەنی منداڵی و سەرپێ کەوتنی نییە. شەڕ وەک پاڵەوان لەوپەڕی توانا و هێزیدا لەدایک دەبێ. کە دەشمرێ هەرگیز وەک پیرێکی بێوەی دنیا جێناهێڵێ، بەڵکو وەک منارەی بوغز و خوێن دەڕووخێت و هەموو ئەو شوێنانە وێران دەکات، کە بەسەریاندا دەکەوێ. یەکەم ویقەی ئاگادارکردنەوە لە بۆردومانی فڕۆکە، ڕەنگی خەڵکەکەی گۆڕی بۆ زەردێک لە گومان و ترس. لەگەڵ سووتانی بەنزیخانەکەی لای کتێبخانەی گشتی و سووتانی چەند کرێکارێک، مردن بە هەڵەداوان خۆی کرد بە دڵی هەمواندا و مانایەکی بۆ تەمەن و نەخۆشی نەهێشتەوە. مردن دەشێ لە هەموو کاتێکدا و ڕێ بە هەموو کەسێک بگرێ.

شەڕ بۆ من تەنها دەرگایەک نەبوو بۆ نەهامەتی و مردن، بەڵکو دەرگایەکیش بوو بۆ ئومێد و داهاتوو. تەنها دوای چەند مانگ لە شەڕ هاوڕێیەکی نزیکم لە گەراجی کەرکووک بەپەلە هاتە لام و گوتی:

- ئەوە لە کوێی، زۆریش چاوەڕێی کردی. بەدواتدا دەگەڕێ.

من سەرسام و پەشێو بیرم دەکردەوە، پێش ئەوەی بپرسم کێ بۆ خۆی گوتی:

- کچە تورکومانەکەی دۆستت، کچەکەی عەبدولافەندیی نفووس.

وەک یەکەم ڕۆژ بێت عاشق بووبم، خوێن بە فڕکان بە دەرمارەکانمدا دەهات و دڵم سەری لێ تێک چووبوو، ژمارەی لەبیر چووبۆوە، نەیدەزانی حەفتاوسێ جار لێدان مانای چییە و خۆی بە سنگمدا دەدا. جا یەکەم نیشانەی دڵی عاشق ژمارەیە، شێتبوون و لەبیرچوونەوەیە. هاتمەوە گەراجی سلێمانی لە کەرکووک، چاخانە کۆنەکە، داوای چام کرد، تاوڵە کۆنەکەی هەر مابوو، دەستم بەزارەکاندا دێنا و منارەم بە پولەکان دروست کرد. دەمویست عەبدولاڧەندی پەیدابێ و لەسەریەک هەزار دەستم لێبەرێتەوە و سەد قاپوتم بۆ دروست بکات. چوار ڕۆژی ڕێک لەو ناوە هاتم و چووم، وەک مەست و ماخۆلیا دەمڕوانییە کۆلان و جادە و دوکانەکان. دوای سێبەری هەموو ژن و کچ و پیرێژنێکیش دەکەوتم. هەموو مێیینەیەکم لێ دەبووە یولدزنوور، تا دەموچاویم نەدیبا و بێئومێد نەبووبام، لە کۆڵیان نەدەبوومەوە. خەریکبوو شێت بم، بەلام خودای خۆشەویستی لەوە بەڕەحمەترە تەواو شێتت بکات. ئاوا سنوورێک دەهێڵێتەوە، با زۆر باریکیش بێ، ئەوەندە بوو خۆم لە گواوی کۆلانەکان هەڵنەدەکێشا و بەسەر ژناندا هاوارم نەدەکرد "بۆ یولدزنوور نیت؟". ئا، خودای ئەڤین بەڕەحمترە. ئێوارەی چوارەم ڕۆژ، لە تاریک و لێڵی ئێوارەدا، دوای ئەوەی سەرگەردان دەسووڕامەوە. لە دوورەوە سێبەری ژنێکم دیت لای تەکسییەکەم وەستابوو. ئەژنۆکانم کەوتنە لەرزین. جا بۆ نەلەرزن؟ دوای دەیان ژن و کچ کەوتبووم دڵم لەرزیبوو، بەلام ئەژنۆم نا. هەناسەم دەنگی دەدایەوە وەک ئەوەی سەر کێوی توور کەوتبم. نا.. تەواو گەیشتبوومە لای، ئەو ڕووی لە من نەبوو، لە هەناسەم ئاوڕی دایەوە. هەمان دووچاوی شووشەیی سەوز، هەمان مێرگی تەڕ و کوشندە، هەمان نوور، هەمان یولدز. قسەم بۆ نەهات، قسە لەوە هیچ و سەخیفترە لەو کاتانەدا فریات بکەوێ. زمان لەوە بێبارتر و بێوەفاترە بەکەڵکت بێ. زمانی ئەویش هەروا، تونـد لە باوەشـم کرد، برینێکم لەباوەش کرد ژیانی هێنابوو. دڵەکەم، دەزگیرانەکەم لەباوەش کرد وەک مەڵحەم و مژدەهێن کەوتە سەر برینەکانم. ئەو برینانەی لەو ماوە دوورودرێژەدا نەموێرابوو سەیریان بکەم. ئەو برینانە ئەمانەت بوون، خیانەتی ئەوەم نەکردبوو بە بێ خاوەنەکەی دەستیان لێدەم. خێرا دەرگای سەیارەکەم کردەوە. لەو ئێوارە درەنگە تاریکەدا چووینە ناوی. یەکترمان لەباوەش کرد. دەستم بە هەموو جەستەیدا دەهێنا. شوێن برینێک، لێدانێک بدۆزمەوە. ئەویش جۆگەلەی فرمێسکی حەسرەتی هەڵدەڕشت، بێ قسە، ئەو فرمێسکانە دەبوو دەمێک با ڕژابان، زۆریان چاوەڕێ کردبوو. تەنها نەوای هەناسە و تەپەی دڵ قسەی دەکرد. تاریکی تەواو شاردبووینەوە. لێرە تاریکی پەنای ڕاستییەکانە، تاریکی پشت و پەنای جوانییە، نەک ڕووناکی. ڕووناکی بەرگی درۆ و نیفاقە، هەرچەند من باکم بەوە نەماوە چیم بەسەر دێت. کە زمانم جوولا، ویستم بپرسم، نەمپرسی. ویستم بڵێم و نەمگوت. پەنجەم خستە سەرلێوە تەڕ بەفرمێسکەکەی، هەناسەی بەر پەنجەم کەوت. گوتی:

– زۆر بە دواتدا گەڕام لە یەکەم فورسەتدا دنیام بەدوادا کردی.

من گوتم:

– بەڵێنم بە عەبدولاڧەندی دابوو. وەک تۆ داوات کردبوو، بڕۆم دەرنەکەومەوە تا سەلامەت بی. ئەو گوتی تازە تەواو، وازی لێبێنە با نەیکوژن. شووی بەخزمێکمان کردووە.

ئەو وەک پاڵەوانێکی سەرکەوتوو لە دەیان شەڕی دەستەویەخە، گوتی:

– نەمکرد، نەچوومە ژێر باریان. بە قسەم نەکردن. سێ مانگ زیندانی بووم، سێ مانگی تەواو هەڕەشە و هاوار هاوار و لێدان. دواجار بەڵێنم دانێ کە من هەرگیز شوو نەکەم و لەگەڵ دایکم بژیم.

بەڵێنەکەم وابوو "بەهیچ کەس شوو ناکەم" لە دڵی خۆشمدا دەمگوت "بەو لووت پانە نەبێ بە هیچ کەس شوو ناکەم."

لەناو خۆشی و ئازاردا، لەناو گاڵتە و قسە خۆشەکانیدا پێکەنیم. گوتم:

– با ئەو جارە بمانکوژن، با ئەو جارە من بکوژن. ناهێڵم بڕۆیەوە. خوێنی من حەڵاڵی ئایدنی برات بێ.

ئەو بە خۆشییەوە گوتی:

– هەموو شتێک تەواو، لە سێیەم مانگی شەڕدا ئابی ئایدنیان برد بۆ شەڕ. لەوێ جێگای زۆر خراپ بوو. بێ مۆڵەت هاتەوە. هەرچەند هاوکاریان بوو، بەڵام ئەمنەکان زانیبوویان لە ڕێکخراوێکی تورکومانیش کار دەکات. ڕێکخراوێکی نهێنی، برادەرەکانی هەموو گیران. چەندان جار هاتنە سەرمان، خۆی نەدا بەدەستەوە. ئابی ئایدن ڕۆیشت، مانگێک زیاترە لە تورکیایە. پێش ئەوەی بڕوات لەباوەشی کردم و ماچی کردم، گوتی "زۆرم ئازار داوی، گەردنم ئازاد بکە، ئاگات لە باب و داکم بێ." زۆری بۆ گریام. زۆری بۆ گریام، بەڵام کە هەواڵمان بۆ هات گەیشتۆتە تورکیا و ڕزگاری بووە، ناخۆشیمان لەبیر چۆوە.

هەر بەو شەوە، تا وەڕز بووین بەناو کەرکووکدا سووڕاینەوە، گوێمان لە گۆرانی گرت، یەکترمان ماچ کرد، گریاین، پێکەنین. دواتر چووینەوەماڵیان لە بلاخە. عەبدولافەندی لەسەر قەرەوێڵەیەک کەوتبوو، ئینجی خاتوون چاوی پڕبوو لە ئاو، لەباوەشی کردم و گوتی:

– ئۆغڵم، ئۆغڵم.

هیچی دیکەی نەگوت.

مانگێکی تەواو نەچوومەوە سلێمانی، تەنها هەواڵم دەنارد، کە بە زۆر و سۆغرە سەربازم پێ دەگوازنەوە بۆ عەمارە و ناسرییە. لەو مانگەدا هەموو شتێک تەواو بوو. بوومە کوڕی ڕاستەقینەی عەبدولافەندی. دەستە بچووک و خرپنەکانی ئینجی خاتوونم سەد جار ماچ کرد. تاکە مەرجیان ئەوە بوو کە نابێ یوڵدزیان لێ دوور بخەمەوە و دەبێ هەر لەگەڵ ئەواندا بژین. یوڵدزنوور و دایکی ژوورێکیان بە ڕەنگی بەهەشت بۆ ڕازاندمەوە. من ئێستا ئەو ڕەنگانەم لێ بۆتە ڕەنگی ماڵی تورکومان. پەردە و دۆشەک و پشتیی نارنجی. لێفەی دەست درووی مۆر، کانتۆری ساج، ئاوێنەیەکی گەورە و کورسییەکی بچووک، بۆ خۆ ڕازاندنەوەی یوڵدزنوور.

عێراق هەمووی لە شەڕدا بوو، خوێن لە هەموو سنوورەکانیەوە دەچۆڕا، ماڵەکان ڕەشپۆش و چاوەکان غەمبار بوون، تەنها من لە بەهەشت بووم. بەهەشت وانابێ، بەهەشت تەنها خەیاڵ و خەونە، بەهەشت تەنها بۆ ئەوانەیە لە ماڵی ئینجی خاتوون نەژیاون دەنا هەرگیز خۆزگەیان بە بەهەشت نەدەخواست.

***

ئەو ڕۆژەی هاتمەوە سلێمانی، ڕۆژێکی سەخت و دژوار بوو بۆ من. ئەڵماس پرسیی:

– دەکرا هەر چۆنێک بێ سەرێک بدەیەوە، زۆر ناڕەحەت بووین بۆت.

من خۆم بە ئاسکۆڵەوە خەریک کرد، دەمویست هەموو شتێک بڵێم. ڕاستی ئاشکرا بکەم. بۆ کاتێکی گونجاو دەگەڕام. گوتم:

– فرسەت نەبوو، دڵم لاتان بوو، ئاسکۆڵەکەم خەریکی چی بوو؟

ئەو گوتی:

– ئێستاش لێی مەپرسە. خۆ نەیانخستبوویە ژێر تفەنگ، دەکرا سەرێک بدەی، تۆ دەزانی چەندە ئێمەت جێ هێشتووە؟

دەبێ قسە بکەم، ناکرێ تا دنیا دنیایە لە درۆدا بژیم، گوتم:

– پێشتر، پێش ئەوەی تۆ بناسم. پێش ئەوەی زەماوەند بکەین. دیارە قەدەر یارییەکی بۆ ئێمە داناوە، چارەنووس، چارەنووسێکی سەیر، بۆیە دەبێ تۆ بزانی.

ئەو بێ حەوسەڵە و بەپەلە پرسیی:

- چی بزانم؟ چی بزانم؟ چارەنووسی چی؟ پێشتر گوتبات، تۆ من بە چی دەزانی، هەی سەرشەقامی؟

ترسام، لە دەنگ و هەڕەشە و شەڕ ترسام. لەو داهێزرانە قووڵەی ناخم ترسام، کە هەموو جەستەمی گرتبۆوە. لە زراوچوونی ئاسکۆڵ ترسام. دەستێکم خستە کەمەری ئەڵماس و گوتم:

- دەبوو بزانی. پێشتریش دەتزانی کە تۆ شووت بە شوفێرێک کردووە. خۆ من کوڕی مەلیک فەیسەڵ نیم، کە لە ماڵێ بەرانبەر تۆ پاڵ دەمەوە. شوفێر هەمیشە بە ڕێگاوەیە.

جا هێمنتر گوتم:

- بۆ سەرشەقامی چییەتی؟ هەی ئابڵاخی مەکرباز.

بە بزەیەکی شادەوە گوتی:

- سەرشەقامی هیچیان نییە، باشن. تەنها شوفێرەکانیان نەبێ، بە تایبەتی ئەوانەی هاتوچۆی کەرکووک و بەغدا دەکەن، سەد فێڵیان لەبن سەرە.

من گوتم:

- وانییە، بەڕاستمە، دەبێ بزانی کە من پێشتر، پێش ئەوەی تۆ بناسم، جاری وا هەبووە بە مانگ و ساڵ نەهاتوومەوە ماڵ. ئەوە کاری شوفێرییە.

دوای چوونەوەم بۆ کەرکوک، لە یەکەم نیگای سیحربازانەی خەسوومدا، سیحربازانە نا، یەکەم بزەی ماناداری خەسووم، چاوە بە بریقەکانی عەبدولافەندی، زانیم هەواڵێک هەیە، یان شتێک ڕووی داوە، کە ناکرێ ناخۆش بێ. یوڵدزنوور بە دڵخۆشییەکی بێسنوور و شانازییەکی گەورەترەوە هات، دەستی گرتم، من لە زەوییەکە دانیشتبووم، ئەو بەپێوە بوو، بە ئاستەم دەستمی خستە سەر سکی، من بە چاو پرسیم و ئەو گوتی ئا. ئینجی خاتوون پێکەنی و عەبدولافەندی شوکری خودای کرد. منیش بە ئاستەم هەر لە شوێنی خۆمەوە، کاڕکەی ئەژنۆی یوڵدزم ماچ کرد. ئەو تورکومانانە ئەوەندەیان حەز لە منداڵە ئەگەر وەک کەروێشک هەر جارەی هەشت دانە منداڵیان بەسەریەکەوە ببێ، لێی تێر نابن. لەو ماڵانەدا هەموو ڕۆژێ سەرقاڵی ئامادەکاریی منداڵ بوونن. پەڕۆی نەرم و شل، سەرجەفی تازە و زیاد، قومات، بۆدرە، چنین. کاری چنینی ڕاستەقینە لە یەکەم ڕۆژی سکپڕییەوە دەست پێدەکات. لە سەروبەندی ئەو ئامادەکارییانەدا، هاوڕێیەکی هاوتەمەنم، کە ئەویش سەر شەقامی بوو، لەبەر تەکیە، لە دوورەوە هاواری کرد:

- نەگبەتی ئێمەشی گرتەوە، فوئاد گیان.

گوتم:

- نەگبەتی؟ نەگبەتیی چی؟

ئەو گوتی:

- نازانی! موالیدەکەمان بانگ کراوە بۆ سەربازی، گوێ لە ڕادیۆ بگرە.

**

گەڕامەوە سلێمانی، چوومەوە ماڵ، ئەڵماس شەکەت و ماندوو، لێم پرسی:

- زانیوتە؟

- بەڵێ، چارەمان چییە؟ چی بکەین؟

من گوتم:

چاری تۆ نا ئەڵماس، چاری هەموومان، دەچینە شەڕ، بەرانبەر کێ شەڕ دەکەین؟ ڕووبەڕووی کێ دەبینەوە؟ کێن ئەوانەی دەبێ بیانکوژین؟ لەسەر چی؟ جارێ گەنجن، تەمەنێکی زۆریان ماوە، دڵ و سی و گورچیلەکانیان لە هەرەتی کارکردندایە بۆ دەبێ بمرن؟ نە هەرگیز چاومان پێیان کەوتووە، نە قسەیەکمان لەگەڵ کردوون. کێن ئەوانەی دێن دەمانکوژن؟ ئەڵماس ئەوان من ناناسن، ئەوان نازانن دایکم ناوی چییە، گوڵچین ناناسن. کەس پرسی بە من نەکردووە. ئەڵماس من ئەو ئەسپی عەرەبانەیەم چ لە عیراق بم یان لە ئێران، دەبێ ئاغاکان سوارم بن. دەبێ نەوەکانیان ڕاکێشم. ئەڵماس ئەوان منداڵەکانی من ناناسن، نازانن چ ژنێک چاوەڕێم دەکا، تەماعی ئەوان تەنها لە سەروەت و ساماناکەمدا نییە. تەماعی ئەوان لەو چەند دینارەی باخەڵەمدا نییە، ئەوان تەماعیان لە خوێنم کردووە، ئەوان دەیانەوێ خوێنم بڕێژن. نەبەردییەک لەو شەڕەدا نییە. لەوپەڕی سەرکەوتندا مرۆڤێک دەکوژم، قەتڵێک دەکەم، خوێنێ ئەویشم دێتە ئەستۆ. من هیچم نییە لەو شەڕەدا بیبەمەوە، هیچم نییە لەو شەڕەدا بیدۆڕێنم جگە لە تەمەنم.

ناردیانم بۆ سەربازگەی مەشقی کەرکووک، هەموو ڕۆژێ خۆم دەگەیاندەوە لای یوڵدزنوور، دەمەوێت پێش ئەوەی ڕەوانەی شەڕ بکرێین، بە یوڵدزنوور بڵێم، چیرۆکەکەی بۆ بگێڕمەوە، پێی بڵێم ئەڵماسێکی دیکە لە ژیانمدا هەیە، بەڵام بەو سکەوە، کوا ئازایەتیی ئەوەم هەیە. تا سکی گەورەتر دەبوو، زیاتر دەترسام پێی بڵێم. دەترسام پێی بڵێم تووشی گەشکە بێ. ئەو ڕۆژەش کە عەبدوڵافەندی نەیدەتوانی هەستێ و نان بخوات، بە گاڵتەوە پێمگوت:

- بەنیاز بووم ژنێکی دیکەت بۆ بێنم، شێرەپیاو، هەستە نانەکەت بخۆ.

ئینجی خاتوون، کە پێموابوو هێندە دووره گوێی لە قسەکەم نەبووە، گوتی:

- عەبدوڵا بە گەنجیش ئەوەندە بێ عەقڵ نەبووە بیر لە ژن بکاتەوە.

یوڵدز بە سەرزەنیشتەوە گوتی:

- خۆت بە داکم بەکوشت مەدە.

دەنگۆی ئەوە پەیدا بوو، پێش ئەوەی مەشقەکانمان تەواو بکەین، دەمانگوازنەوە بەرەکانی شەڕ. لەگەڵ ئەو هەواڵە ژانێک کەوتە سکی یوڵدز، هاواری کرد و خۆی بەسەر پێوە نەگرت. خێرا بردمانە نەخۆشخانە، دوای دوو کاتژمێر کوڕێکمان بوو، چاوە بچووکەکانی و قژە ڕەش و باریکەکەی ڕێک بەخۆم دەچوو، پێستیشی. عەبدوڵافەندی گوتی:

- با ناوی ئایدن بێ.

ئینجی خاتوون گوتی:

- نا کەس بە ناوی ئەو ناکەم.

من قسەم نەکرد، بەڵام دەمویست ناوێک بێ لەگەڵ ئاسکۆڵدا بگونجێ. ئەوەش کێشە نەبوو، چونکە هەر کەسێک کچی ناسکی تورکومانی بەنسیب بێ، لەخۆیەوە قونی بۆ ئەوە دەخورێت کە خۆی بە برازای سوڵتان سەلیمی قانوونی بزانێ. کوردەکانیش هەر بە گاڵتەوە بەو کوڕانەیان دەگوت شوویان کردووە. ئەوە هەر بۆ خۆشی و گاڵتەی خێزان بوو، زۆر جاریش بەشێک بوو لە سەرسەختی و چاوقایمی و بێحەیایی، دەنا کورد و تورکومان ئەوەندە کەوتبوونە ژێر نەفرەت، ئەوەندە پلیشابوونەوە بۆ ئەوە نەدەبوو نەک بە دوو نەتەوە، بە دوو کەسی جیاوازیش سەیری یەکتر بکەن. زۆرجار هەستم بەوەش دەکرد، کە ئەو دوو نەتەوەیە ئەوەندە یەکتریان بوغزاندووە و ئێسقانی یەکتریان شکاندووە، بچووک بچووک بوونەتەوە و خەریکە جگە لە ڕق و قین هیچی دیکەیان لە دڵدا جێ نەبێتەوە. من وا نابم و یوڵدزنوورم بە خوێن و عەقڵ و دینەوە خۆش ویستووە و ئەو ڕق و قینە پیس و نەگریسەم بۆ ئەبەد فڕێ داوە و ژنەکەم وەک سەردار و سەروەر قبوڵە و ئامادەم عەبدوڵا فەندی بە کۆڵ هەتا مەککە بۆ حەج بەرم و خۆم لەبەر دەرگا چاوەڕێی بکەم، چونکە هەرگیز حەز ناکەم بە دەوری کەسدا بسووڕێمەوە. لەو هەرای ناونانەدا یوڵدزنوور

هیچی نەگوت. تا کۆتایی چاوەڕێی کرد، لە دوا فورسەتدا، بە نیگایەکی نەخۆش و دوو چاوی ماندوو، بەڵام دیسان سەوز و شوشەییەوە، گوتی:

- من ناوی دەنێم زەینلعابیدین.

ئافەرینیان لەو دڵە پاکەی یوڵدز کرد و عەبدولاڵفەندی گوتی:

- عەفیە قزم. با بە ناوی ئەو ئیمامە گەورەی سەر ڕێگامان بێ.

**

دوای دوو ڕۆژی دیکە ئێمەیان گواستەوە، لەو سەربازگەوە بۆ ئەو سەربازگە، لەوبەرەوە بۆ ئەوبەرە. وڵات غەرق دەبوو، وڵات لە خوێندا غەرق دەبوو. سەربازەکان گەنجە ڕەشتاڵە عەرەبەکان، نەشارەزا و شەڕنەدیوەکان بە گرووپ دەکوژران و پڕ بە بیابان هاواری دایکیان دەکرد. سەرلێشێواوترین گرووپ، سەربازە کوردەکان بوون، نەیاندەزانی لەپێناو چیدا شەڕ دەکەن، بە کۆمەڵ بەرەکانی شەڕیان جێ دەهێشت و جارێکی دیکە نەدەگەڕانەوە، چەند جار مۆڵەتم وەرگرت. زینلعابیدین ماڵەکەی ڕووناک کردبۆوە، عەبدولاڵفەندی بە لاقی باریک و لەرزۆکەوە، هەڵدەستا پێ و پێدەکەنی و دەمی بەتاڵ و گوپی قوپاوی زیاتر دەردەکەوت. هەموو جلەکانی بۆ بەری گەورە ببوون، بیجامەکانی فش فش و بەتاڵ و دەڵب بوون بە بەری. شانەکانی باریک و چاکەتەکەی وەک پەڕۆ کۆن دەکەوتە سەر ئێسقانی باریک و بێهێزی. بەوپەڕی خۆشییەوە دەگەڕامەوە سلێمانی. ئاسکۆڵم لە باوەش دەکرد و ئەڵماسم ماچ دەکرد. دەمویست ئەو درۆیە تا کاتێکی دیکەش بشارمەوە، تا ئەو کاتەی بوارم بۆ دەڕەخسێ ئەوەندە دەمێنمەوە کە کێشەکان چارەسەر بکەم، بەڵام نازانم هەر دیکۆر بووم و دڵم لە شوێنێکی دیکە لێی دەدا. خەندەم دەخستە سەر ڕووخسارم و دڵم تاریک دەبوو. دڵم بەوە خۆش دەکرد ڕۆژێک ئەو دوو خێزانە تێکەڵ کەمەوە. ڕۆژێک لە ماڵێکدا دەژین، ڕۆژێک بەڕاستی دەیانکەمە دۆست و خزمی یەکتری. هەمیشە دوو دەموچاو، دوو شکل و شێوە، دوو نیگا بەدوامەوە بوون. کێ باوەڕ بە کوردێک دەکات زەمەن ئاوا خستوویەتیە ژێر نەشتەری خۆی. بەلەمێک بووم بە دوو چارۆکەی جیاوە. کەشتییەک بووم دوو قیبلەنومام هەبوو. نا من هیچ نەبووم، هیچ هیچ، تەیرێک بووم لەوێ دەفڕیم بۆ ئەوێ بێئەوەی جورئەتی گوتنی یەک قسەشم هەبێ.

خۆم دابووە دەست ژیان، خۆم دابووە دەست دوو ژن. لەزەتی ژنی کورد و تورکومان زۆر جیاواز نییە. تەنها ئەوەندەیە ژنی کورد لە جێدا پەلەپەلیەتی و پیاو لە خۆی دوور دەخاتەوە و لینگەفرتێیەتی، بەڵام ژنی تورکومان بە ڕووتی دێتە ناو جێگاوە. ئەگەر پیاو حەوت کەسی لێمردبێ ناتوانێ ئەو هەموو گڕ و جەستە و نەرموشلییە فەرامۆش بکات. جگە لەو هەنکەهەنک و نرکەنرکەی زەوقی پیاو تا قووڵایی ئەو دنیا دەبات و کیسەی ژیانی بەتاڵ دەکاتەوە. ئەوە ئەگەر بوغز نەیگرێ. ئەگەر بوغز لێیدابێ ئەوە پێلەقە دەهاوێ و دەشێ بە پێلەقەیەک شەش مانگ گونت بەرێتەوە ناو سکت، بەڵام یوڵدز دەیزانی گونی من چ کارەساتێکی دیوە بۆیە هەرگیز ئەوەی تاقی نەکردەوە. ژنی کورد لەوپەڕی باشیدا ماکسییەکەی تا کەمەر یان زیاتر هەڵدەکات و جاری واشە نیوەی مەمکێکیی لە شوێنێکی نادیارەوە کە دەشێ بەرۆکی بێ، دێنێتە دەرێ، پیاو لەو کاتانەدا بۆی هەیە وەک منداڵ بە لێوی یەک دوو مژی لێدات. هەر بە ئاستەمیش ددانت بەری کەوێ، لەوپەڕی لەزەت و خۆشیدا بە قورسی هاوار دەکات:

- ئاخ سەرگۆیەکانت پچڕاندم، دەدانت هەڵوەرێ.

راستە من پیاوێکی بێ بەرنامە و پرۆژەم، بەڵام زۆر عاتیفی و دڵناسکم، ئاسکۆڵم خۆش دەوێت و لەبەر چاوی من تاکە فریشتەی دنیایە، بچمە هەر شوێنێ بەسەر سەرمەوە باڵ لێک دەدات و ئەڵماسیش تا پێی کراوە قوربانیی بۆ داوم و لەو باوەشە ناسک و نەرمەی هەیەتی، جێگای بۆ شوفێرێکی وەک من کردۆتەوە کە زۆرجار پێشیان دەگوتم سەرسەرییەکەی سەرشەقام، ئەو ناوەش چوارباخییەکان بەسەریاندا بڕیم و هەموو سلێمانیش دەزانێ چوارباخییەکان لە ناووناتۆرەدا ڕەحم بە برای خۆشیان ناکەن.

مـن سەربـازم، شـوفێرم، لاقێکم لە سـلێمانییە و ئەوی دیکەم لە کەرکووک، مـن چیم و چی دەکەم. ئەدی یوڵدزنـوور چرایەک بوو، چرایەکی سەوز و خودایی، ناخی تاریکی منی ڕووناک کردەوە، تەنها من نرخی ئەو چرایە نازانم. ئەوە لە ژیانی هەر کەسێکی دیکەدا بایە، تا ئەبەد لەبەر ڕووناکییەکەی دادەنیشت. پێش یوڵدزنوور مـن هەمـوو ژنێکم وەک یەک تەماشا دەکرد. تا ئەو کاتە، ژن لای من قژێکی درێژ و گەرمی و هەوەسێک بوو، لە هەر کوێیەک دەستم پێیان گەیشتبا، لەگەڵیان دەنـووسـتم. یوڵدزنـوور بێئەوەی بەو ئەتـوارە سـووک و قێزەونەی مـن بـزانێ، بێئەوەی ئەو نەخـوشییەی منی پێشتر هەست پێکردبێ، چارەسەری کردم. هەر ئەو بوو فێری کردم چاوەڕێکردنی ژنێک، تیشکی چـاوەکـانی و خۆشەویستییەکەی لە جـنس و هەوەسـبازی بەلەزەتـتر و گـرنـگترە. زەینلعابیدین ئەو مـنداڵە شیرین و ئـاسـمـانییە، هەمــوو ئیمامە شیعەکــانی لا خۆشەویست کــردم، بە دەیان جــار هەر بە یادی ئەو لای مەرقەدەکەی زەینلعابیدین دەوەستام و کێل و دیوارەکەیم ماچ دەکرد. مـن چی بکەم و لەو نێوانەدا کێ هەڵبژێرم و کێ لە دەست بدەم؟ من ئامادەی لەدەستدانی تاڵە موویەکی ئازیزانی خۆم نەبووم.. دەشمزانی کەسێک بیەوێ لە خانەی ساختەبازی بپەڕێتەوە، دەبێ ئەوەندە بوێر و سەرکەش و ئازابێ، ڕاستییەکان بڵێت و ڕووبەڕووی قەدەری خۆی ببێتەوە. من تازە ناشکێم لە دڵشکانی ئەوان دەترسام، دڵنیابووم ئەوان هەر هەموویان شوێنێکی دڵیان دەشکا، ئەو شوێنەی دڵیان کە بە منەوە گرێ دراوە. ڕاست ئەو شوێنەی کە من نامەوێت بشکێ. هەمیشە بە خۆم دەگوت:

- قوربانییەکانی ئەڵماس لەبیر مەکە، متمانەکەی، ئەو شوێنەی بۆ منی کردبۆوە.

بە خۆمم دەگوت:

چرایە یوڵدزنوور، دەکرێ ئەو چرایە تا ئەبەد لە پشت سەرت بێ.

- ئاسکۆڵی فریشتە و باڵ سپیم.

بە خۆمم گوت:

- چی لە بیر بکەم؟ زەینلعابیدین، ئەو نوورە بەسەر مردوودا بڕژێ، زیندووی دەکاتەوە.

- ئاخر چیم خودایە، هێندەت پێ بەخشیوم خەریکە وێرانم بکەن.

مـن لە کوێ ئەو بیرانە دەکەمەوە، لەنـاو پـاسـم، لەنێوان کەرکووک و بەغدا، بە جلی سەربـازییەوە. پاسەکە هەمـووی سەربازن. جەنگ، جەنگ لە هەموو شوێنێ. نەک هەر سنوورەکانی، خوێن و تووڕەیی و بوغز تا ناوکی عیراقییەکان هــاتــووە. شەڕ لە بــازگەکــان و ئـــوتــومبیلە سەربـــازییەکــانەوە دەچۆڕێت. مەیدانی ڕاســـتەقینەی شەڕ، شـــاشـەی تەلەفـزیۆنەکـانە، هـاواری بێژەرە دڵڕەقەکـان، دەنگیان بەسەر لاشەی لەتـوپەتی سەربـازەکـانـدا بـاز دەدات، خـوێن لە دەمیانەوە دەپژێ، ئاگر و دڵڕەقی و سووتان دەگەیەننە هەموو ماڵێک. هەموو کەس تاوانبارە، هەموو کەس شەڕکەرە، هەموو کەس سەرباز و خوێنڕێژە. هەموان بوونە دوژمنی ئەو خوێنەی بەناو دەمارەکانی زیندوویەکدا دێت و دەچێ. جگە لە تەرم، جگە لە شەهیدی سـووتـاو و کەمئەندام، ماڵەکان ئێسقانی سـووتـاو و کەللەسەری سەدپارچە و لاق و دەستی بێ پەنجەش وەردەگرنەوە. کوڕەکانیان بێ لاق و بێ دەست دەدەنەوە. کەس چاوەڕێی ئەوە ناکات مژدەیەک، خۆشییەک لە دەرگا بدات.

بۆ یەکەمـجار لە ژیانی سەربـازیمدا، لە قەڵەمی فەوج بـانگیان کـردم. لە نـووسینگەی فەرمـانـدە دانیشتم. چەنـد کەسی دیکەی لێبوو. بـاسی سەرکەوتـن و شەڕ و بەزین و کـوژراو، بـاسی پـرسە و مـاتەم. دڵم تـوونـد بـوو وەک بەردێکیان خستبێتە ناو. بەردەستەکەی فەرمانده هاتە دەر:

- بەخێربێی فوئاد.

نەمتوانی وەڵامی دەمەوە، ئەوەندە بەسۆزەوە بەخێرهاتنی کردم.

فریام کەوت و گوتی:

– فەرماندە بانگی کردووی، بچۆ ژووریّ.

چوومە ژووریّ، بەرپرسی ئیداریی فەوجەکەمان، زەرفێکی دامیّ و گوتی:

– ئەوە مۆڵەتەکەت و مووچەی ئەو مانگەت، دەتوانی بڕۆیەوە.

نەک من، تەواوی سەربازەکان و ئەفسەرەکان دەیانویست مۆڵەتی هەمیشەیی، وەرگرن. بۆ ئەوەی زانیارییەکم دەست بکەویّ گوتم:

– بۆ مۆڵەت تەنها بۆ من؟ برادەرەکانی دیکەم سەرەیانە.

ئەو سارد و دڵتەنگانە گوتی:

– سەرێکی ماڵەوە بدە، لە کەرکووک. بەداخەوە دەبیّ بڕۆیەوە، لە کاتی خۆیدا وەرەوە.

ئەژنۆکانم لەوە بێهێزتر بوون ڕامگرن، بەڵام سەرباز دەبیّ لە کاتی مردنیشدا ئیرادەی هەستانەسەرپێی هەبیّ. چوومە دەریّ، ئەو کاتە ئێمە لە بەرەکانی دواوەی شەڕ بووین. پێش ئەوەی بگەمەوە لای هاوڕێکانم، لە پەناداریێک دانیشتم. قسەی بەرپرسەکە لە مێشکمدا دەنگی دەدایەوە، "سەرێکی ماڵەوە بدە" دەنگدانەوەیەک وەک شەپۆلی دەریا بڵاودەبۆوە بە بێئەوەی کاڵ بێتەوە. لە سەربازی کەس بە کەس ناڵیّ سەرێکی ماڵەوە بدە. کەس ئەو مافەی نییە. لای سەرباز ماڵەوە مانای سەرجێکردن و خەوتنە. تەنها لای ئەو مندالانەی تازە دەیانهێنن ماڵەوە بە مانای گریان و دایک و خوشکی بچووک و غەریبی دیّ. ئەو وشەی ئەژنۆی شکاندبووم لەناکاو لە مێشکمدا تەقییەوە "بەداخەوە"، بۆچی؟ هاوڕێکانم وەک شتێکیان زانیبیّ هاتنە لام، یان لە دەموچاوی مندا شتێکیان خوێندبێتەوە. مات و مەلوول، لە باوەشیان کردم "بەخێر بتبینینەوە". هەرکە لەناو پاسەکە دانیشتم وشەی "کەرکووک" وەک چەکوچێکی هەزار کیلۆیی بەر تەپڵی سەرم کەوت. گێژ گێژ بووم. مێشکم بەدوای شتێکدا دەگەڕا، بەڵام ئەو بەردەی کەوتبووە ناو دڵم نەدەجووڵا.

***

دوو باڵ، چەند شیرینە مرۆڤ دوو باڵی هەبایە، ئەویش بۆ کاتێکی ئاوا، دەبیّ زەینلعابیدین شتێکی لێنەهاتبیّ؟ نا، هەرگیز کێشەی منداڵێک سوپا ناچار ناکات مۆڵەت بە سەربازەکانی بدات. نەموێرا بیر لە یوڵدز بکەمەوە، بەڵام نا، دەیان وێنەی بە بەرچاومدا تێپەڕی. وێنەی هاوار، وێنەی ترسناک. بۆ ئەوەی بەرگەی ئەو ڕێگایە بگرم کە ماومە، بەغدا و کەرکووک، بیرکردنەوەم گۆڕی. ئەوەیانم پیّ خۆش بوو. یوڵدزنوور بیری کردووم، زۆری بیر کردووم، بەسەر عەبدوڵافەندیدا گریاوە. ئەویش بەزەیی پێدا هاتۆتەوە، دەیان دۆست و برادەری هەیە. ئەو تورکومانانە هەموویان سەروقوونی یەکترن. لە هەموو شوێن و لە هەموو ئیدارەیەکدا هەن. هەموو شتێکیان پیّ دەکریّ. ئا، هەروایە. یوڵدز بەسەر عەبدوڵافەندیدا گریاوە. ئەویش چۆتە لای هاوڕێ کۆنەکانی و تەکبیرێکیان بۆ کردووە. فێڵێکیان بۆ دروست کردووە، کتابێکی ساختەیان بۆ فەوجەکەم کردووە و چیرۆکێکیان داتاشیوە، هەر بۆ ئەوەی بێمەوە. سەرباز نییە دەیان چیرۆکی فێڵاوی و درۆی بۆ خۆی دروست نەکردبیّ. ڕۆژانە بابیان دەمرێت و داکیان جەڵدە لێی دەدا و منداڵیان بەر سەیارە دەکەویّ. ئەوەش شتێکە وەک هی ئەوان. ئەو قسەیە زۆر ڕێگای تێدەچوو، بەڵام بەردەکەی ناو دڵم جێگای لەق نەدەبوو. ئەگەر وابیّ شەڕێک بە یوڵدز دەفرۆشم ئەوسەری دیار نەبیّ، ئەگەر وابیّ دوای شەڕەکە یەک خولەک لایان گیر نابم و ڕاست دەگەڕێمەوە بۆ سلێمانی. ئەگەر وابیّ خۆم توورە دەکەم، بەزمێک دروست دەکەم، بۆشم بگونجیّ دەیکەمە بیانوو مەسەلەی ئەڵماس و ژنهێنانەکەمی پێدەڵێم. هەر دەبیّ بیزانیّ. چەند خۆشە زیندەلعابدین هەڵگرم و بیبەمەوە سلێمانی، خۆ نامکوژن، دوو ڕۆژ توورە دەبن. نا، ئەوە نە گاڵتەیە و نە خۆشەویستی، ئەوە کوشتنە. خودایە دەبیّ چی بووبیّ؟ ئەو خەیاڵانەم باش بوون، بەڵام هەر ئەوەندە تا بتوانم لە پاسەکە دابەزم.

بەناو تاریکیدا چووینە ناو کەرکووک، دادەبەزم. دەگەمەوە لای ماڵێ، دەنگی ئەو پیاوە لە ناکاو بەر کەللەی سەرم کەوت "بەداخەوە". بۆ چرکەیەک چاو دەنووقێنم. هەموو غایەلەیەک لە مێشکمدا فڕێ دەدەمە دەرێ. کەچی بەردەکەی ناو دڵم دەبێتە دوو ئەوەندە.

سەر کۆلانی ماڵی خۆمان. وایەرێک لە ماڵەکەی بەرانبەرمانەوە بۆ بەردەم ماڵی عەبدولافەندی ڕاکێشراوە و گڵۆپێکی سەیار بەناوەندەکەیەوە شۆڕ کراوەتەوە. خەڵکێک لە شێوەی ڕەشاییدا لەبەردەم ماڵە هاوسێکەمان ڕاوەستاون. بێدەنگن. کە من دەردەکەوم، بە تورکومانی دەنگیان لێوەدێ. دەزانم باسی گەیشتنی من دەکەن. کەس نابینم بیناسم، جگە لە هاوسێکەمان کە لە هەمان کاتدا گۆرانیبێژیشە، لە تەلەفزیۆنی کەرکووک گۆرانیی تورکومانی و قۆرییات دەڵێ، دەنگی زۆر شیرین و خۆشە و زۆرجار عەبدولافەندی لەگەڵی دەڵێتەوە. منیش زۆرم حەز لە دەنگیەتی، لە دەنگیدا هەموو ئەو ڕەنگانە دەبینم کە یولدز و دایکی ژوورەکەمانیانی پێ ڕازاندبۆوە. ئەو تۆزێک بە تەمەنە، بەلام خۆشڕوو، قسەخۆش و ئاوەدانە. ویستم بلێم چی بووە، بە چاو گوتم. ئەو دەستی گرتم و گوتی "وەرە". بردمیە ژوورێ. لەبەردەم ژوورەکەی لای چەپی دەرگاکە، چەند کچ و ژنی کامڵ وەستابوون. بە جۆرێک بۆیان ڕوانیم نەمزانی خۆشەویستییە، یان نەفرەت. بەزەییە، یان ڕق. هەرزەکارێکیان قسەیەکی توندی کرد، هەر گوێم لە وشەی "چورد" بوو، بەلام ئەو کچە کراسێکی ئاوریشمی خەنەیی لەبەردا بوو، کراسەکەی ئەوەندە جوان بوو نەمتوانی خۆشم نەوێت.

عەبدولافەندییان خستبووە سەر کورسییەکی چەرخدار. زەینلعابدین کە تازە پێی گرتبوو، لە باوەشیدا بوو. جلکەکانی دوو هێندەی جاری پێشوو بە بەری گەورەتر ببوون. بە دەنگێکی نووساو و ترساوەوە گوتی:

– تەواو هەموو شتێک تەواو.

گریا. بە دەنگەوە، وەک پیرەئەسپێک گریا. بە پێچەوانەی جارانەوە، بە پێچەوانەی هەموو پیرە پیاوانی دنیاوە کە چاویان هەمیشە پڕ فرمێسک و ئاوە. ئەو لەگەڵ گریانەکەش تەڕایی بە چاویدا نەهاتە خوارێ. چاوەکانی بەو کانییانە دەچوون وەختی خۆی ئاوی زولاڵیان پێدا هاتبێ. بە چاڵ و چۆڵەکانی دەوروپشتی دەتزانی جاران ئاویان تێدابووە. زینلعابیدین تەنها دەنووزایەوە.

عەبدولافەندی ڕوونتر گوتی:

– تەواو، تازە هەموو شتێک تەواو. یولدز نوور و دایکی تەواو بوون.

بەردەکەی لەبەردەم نوسینگەی فەوجەکەم کەوتبووە ناو دڵم. کە هەر هێندەی مستی پیاوێک دەبوو، بەلام بە کێشی قورقوشم. بە کێشی مس و ئاسن و ژەقنەبووت، داکەوت. بەردەکە داکەوت و هەرچی هاتە پێشی، لەگەڵ خۆی بردی. بەردەکە هیچی نەهێشتەوە ئەوەی کەوتە پێشی، لوولی دا و بردی. ئەوەی جەنگ و کوشتن پێی نەبرابوو ئەو بردی. بە دڵێکی بەتاڵەوە، وەک فەردە کایەک، وەک کەلاکی بێ ئێسکی ورچێکی ناوتورکە کەوتم. لەسەر زەوییەکە کەوتم. خۆم بە دانیشتنەوە ڕاگرت. وەک گۆرانیبێژە کۆست کەوتووەکان، یان ژنە مێرد و برا مردووە غەمگینەکان سەرم بە ئەژنۆم کرد. دنیا لەبەرچاوم بووە خاڵێکی بچووک، ئەوەندە بچووک نەبینرێ. عەبدولافەندی دەستی گرتم بە دەمێک لە بیابان وشکتر، گوتی:

– تەواو تەنها کوڕەکەت دەرچوو.

– ئەی ئەوان؟ ئەی یولدز نوور، ئەی ئینجی خاتوون؟ بۆ دنیا لێرەوە ڕووخاوە؟ قیامەت لە ماڵەکەی منەوە دەست پێدەکات.

نازانم دەنگم هات، یان نا سەرم بەرز کردەوە، دەستم خستە سەر دەستە هەر چەرم و ئێسکنەکانی عەبدولافەندی. ڕوانیمە چاوەکانی. ئەو چیی لە چاوی مندا دەدیت. چاوەکانی من ئەو کاتە چییان پێ گوتبوو. گوتی:

– هەردووکیان لە ماڵەکەدا سووتان، نازانم چۆن؟

ژنێکی دوو ڕەگ کە خزمایەتییەکی کۆن و دووری لەگەڵ عەبدوڵافەندی هەبوو، گوتی:

– کوڕم بەرگە بگرە. بۆریی غازی تەباخەکەیان کون ببوو، ئەوان نەیانزانیبوو، کوڕەکەت لەو کاتەدا لای عەبدوڵافەندی بووە لە بەردەرگا.

باوەڕناکەم، درۆیە، ئەو چاوە شوشەییانە جێم ناهێڵن.

کچە هەرزەکارەکە کە دواتر زانیم خوشکی ژنەکەی ئایدنە و لە ئاوچییەکانە، ئەوەی کراسە ئاوریشمەکەی لەبەر بوو، هەر لەبەر ئەوەش نەمدەتوانی ڕقم لێی بیت، گوتی:

– چورد هەروا دڵڕەقن. یوڵدز خۆی بەقوربانی کێ کردووە!

لەبەر دەرگا بووە دەنگەدەنگ. گۆرانیبێژەکە دەنگی دێ، دەڵێ:

– ئەوە ماڵی منە. لە ماڵی مندا کەس بۆی نییە دەستی بۆ بەرێ.

– تۆش ناتوانی بیپارێزی، کە ئایدن لێرە نییە، ئێمە هەین.

عەبدوڵافەندی تووند دەستی گرتم و گوتی:

– هەستە بڕۆ، هەر ئەوانە بوون، ژیانی خۆت فەوتاند و ماڵی منیشت وێران کرد، هەستە بڕۆ، کوڕەکە بەرە و بڕۆ، من ویستم کوڕی من بی، خودا نەیویست.

ئەگەر واش نەڵێ، من بەرگەی ئەو چاوە قووڵ و پڕشکستانەی، ئەو دەموچاوە غەمگین و بێ ژیانەی ناگرم.

ژنە دووڕەگەکە دەستم دەگرێت. زەینلعابیدین لە باوەش دەکەم. ئەو بەو مندالییە دەزانێ چ چەقۆیەک ژیانی لەت کردووە، دەستە بچووکەکانی بەرەو ماڵە تەرمەکەی خۆمان درێژ دەکات. هاوسێ گۆرانیبێژەکە، سەرقاڵی گەنجەکانە. لە تاریکییەکەدا بۆنی ئەوانە دەکەم کاتی خۆی هەڵیانواسیم و فەلاقەیان کردم. ئەو فریا دەکەوێ دەستێک لە شانم بدات و بڵێ:

– بێ ئومێد مەبە. چاوەڕێی شتی قورستریش بە لە ژیان.

من هیچ، چاوەڕێی ئاسودەییم تەنها لە مردن هەیە، نەک ژیان. بەو شەوە، لە شەقامە چۆڵ و ترسناکەکانی کەرکوک دەگەڕێم. تەنها ئوتۆمبیلی سەربازی دەبینم بەپەلە دێن و دەچن. سروشت، هەوای فێنک و بۆنداری شەو زۆر هەوڵم لەگەڵ دەدەن ژیانم بیرخەنەوە. هەر بەپێ دەچمەوە بەر تەکیە و گەراجی سلێمانی، لەو ڕێگا دووورودرێژەدا زەینلعابیدین ناگریە و خامۆشە وەک پرسەی بۆ دایکی دانابێ. لەوە گەورەترە چاوەڕێم دەکرد. دەتوانێ بوەستێ و چەند هەنگاوێک بڕوات. لە هەمان ئەو شوێنە دادەنیشم کە پێشتر تەکسیم لێ ڕادەگرت. بەرانبەر ماڵە کۆنەکەی یوڵدزنوور، بە هەمان نیگای جارانەوە سەیری دەرگا کۆنەکەیان دەکەم. درۆ دەکەم گەر بڵێم ئێستا ئومێدی ئەوەم نییە بێتەدەرێ، درۆ دەکەم ئەگەر بڵێم چاوەڕێی ناکەم، دەیبینم لەوسەری کۆڵانەکەیانەوە دەردەکەوێ، هەمان عەزیەی گوڵ گوڵی لەبەردایە. بە دزییەوە پێدەکەنێت. تەنها من کشانی لێوەکانی دەبینم لەوسەری کۆڵانەکەیە، بە بێئەوەی هەنگاوێک نزیک بێتەوە، لە تاریکیدایە، ڕووناکی وردەوردە وێنەکە کاڵ دەکاتەوە. لۆرییەکی پڕ لە پیاز لە بەردەمم دەوەستێ، شوفێرەکە سەر دەردێنێ و دەڵێ:

– دەچی بۆ سلێمانی؟

– بەڵێ.

سەردەکەوم. بە ئـاسـانیی دەرهێنانی دڵ لە ڕۆبۆتێک کەرکووک جێ دەهێڵم، وەک ئەوەی بۆ هەمیشە جێی بهێڵم، وەک ئەوەی بۆ هەمیشە کـارم بە دڵم نەمـابێ. بۆ هەمیشە لەبیر چێتەوە، وەک ئەوەی جـاجـمێک بە سەرچـاوی مـردوویەکدا هەڵکێشم. کابرای لۆری گوتی:

- دەڵێن دوێنێ خەڵکێکی زۆر لە فاو کوژراوە.

من دەڵێم:

- بەس لە فاو؟

ئەو دەپرسێ:

- بۆ لە شوێنی دیکەش کوژراون؟

من دەڵێم:

- لە هەموو شوێنێک خەڵک کوژراوە. زۆر کوژراوە.

ئەو دەڵێت:

- هەموو کوڕی ئەو میللەتەن.

لە دڵی خۆمدا دەڵێم "میللەتی ژنکوژ" ئەو دەڵێ:

- ژمارەیەکی بێشوماریش دیل ڕەمی کراون.

من دەڵێم:

- سووتاویشن.

ئەو دەڵێ:

- چەکی فسفۆڕییان بەکار هێناوە؟

من دەڵێم:

- غازیش.

شوفێرەکە دەستی بۆ کوڕەکەم ڕاکێشا و پرسیی:

- ناوی چییە؟

گوتم:

- زەینلعابیدین.

گوتی:

- لای ئێمە ئەو ناوە قورسە نایڵێن. هەر دەڵێن زەینەڵ.

منیش گوتم:

- با زەینەڵ بێ. ئاسانتریشە.

قژێکی لوول و باریک و چڵکن لەژێر کڵاوەکەیەوە هاتبووە دەرێ، تەڕ و لووس بە ناوچاوانیەوە نووسابوو. دوو چاوی خەمۆک و مات کە نەدەکرا باوەڕ بکەی ئەوانە چاوی شوفێرن. چاوی شوفێر هەمیشە فراوان و بە ئاگاو زیتن. لەلای چاخانەیەک وەستاین. دەموچاوی زەینەڵم شوشت، گەڵوقونیم شوشتەوە. شیر و هێلکەوڕۆنم دایە. ڕەنگی هاتبۆوەبەر و دەیویست بگریا. چەند بۆنی دایکی دەدا. توووند بە خۆمەوە کوشی هەروەک ئەوەی یوڵدز هێشتا زیندوو بێ لە خۆم دەپرسی بۆ کوێی بەرم؟ بچمەوە ماڵێ و ڕاستەوڕاست هەموو چیرۆکەکە بۆ ئەڵماس بگێڕمەوە و بڵێم:

- ئەوەتا ئاسکۆڵ برایەکی هەیە.

بۆ ئەوان برایەک و بۆ من دڵشکان و وێرانەیەک، بەڵام نا، ئیدی ناتوانم بچمەوە سەر ئەو برینە، دەمەوێت کارەساتەکە بنێژم، خۆم وەک سەگێک دێتە بەرچاو، کە بۆ ڕزگاربوون لە چیرۆکێک، ڕزگاربوون لە شەرمەزاری و تەنگەتاوییەک، خەریکە بە مردنێک ڕازی و تۆزێکیش ئارام دەبمەوە دەڕوانمە کوڕەکەم زەینەڵ، یان کوڕەکەی یوڵدزنوور، هەر تۆزێک گەورەتر با، لەسەر ئەو کارەساتەی بەسەر دایکی هات و ئەو بیرکردنەوە شەیتانییەی من، مافی ئەوەی هەیە بمخنکێنێ و سەد تف لە ناوچاوانم بکات.

نا من ئەو بەرد و دارە نیم، من فوئادی مەلا فازیلی کونجم کە دەکەوم و هەڵدەستمەوە، ڕاستیی چیرۆکەکەیان پێدەڵێم، ئەو خەمە قووڵە دەهێنمەوە سەر دەموچاوم و ئەوەندەی دەکرێ دەگریەم و ئەگەر بە نەعلەتیشم بکەن، پرسەیان بۆ دادەنێم و شینیان بۆ دەگێڕم.

دەگەمە کۆڵانە پێچاوپێچەکانی کانێسکان. چ ئارامییەک لەو کۆڵانە باریکانەدا هەیە! ئارامییەک لەو دیوارە گڵ و سواخدراوانە پێشوازیم لێدەکەن. لە پرسەدا ئارامی پێویستترە لە هاتوهاوار. لە بەر دەرگای خۆمان ئەڵماس و زولێخا وەستاون.

دەمبینن، دەحەپەسێن، جارێک بە ترس و جارێک بە پەشۆکاوی تەماشام دەکەن.

ئەڵماس دەڵێ:

- فوئاد، فوئاد، چیت بەسەر هاتووە، ئەو منداڵە کێیە؟

زولێخا گوتی:

- ئەو منداڵە بۆ وا ڕەنگی پەڕیوە، لە شەڕەوە هێناوتەتەوە.

قوڕگم پێچی خوارد و قسەم بۆ نەهات. دڵم داخرا و نەکرایەوە. منداڵەکەم دایە دەستیان.

زولێخا گوتی:

- چ کوڕێکە! نەفرەت لەوانەی لە دایکتیان کردی.

ئەڵماس دەستی لە شان و مل و پشتم دەدا، دەیگوت:

- خۆ بریندار نیت. دەڵێی هەموو دنیایان لە بەرچاوی تۆ سەربڕیوە! ئەو منداڵەت چۆن دەست کەوتووە، چۆن هێناتەوە؟

زولێخا گوتی:

- هەروایە. شارێک سووتاوە، لەو شەڕانە گوندێک وێران کراوە. فوئادیش ئەو منداڵەی ڕزگار کردووە، ئەوان یەکتر دەکوژن و کورد منداڵەکانیان ڕزگار دەکات.

ئەڵماس پرسیی:

- جا شتی وا دەبێ؟

زولێخا گوتی:

- زۆریش. ئەو شارانەی شەڕیان تێدا دەبێ وێران دەبن. خەڵکەکەی یان دەکوژرێن، یان ئاوارە و سەرگەردان دەبن.

ئەڵماس بەجۆشتر:

- جا بۆ کەسوکاری ئەو منداڵەیان کوشتووە؟

زولێخا:

- هەر هی ئەو نا. هی هەزارانی وا. منداڵەکانیش بەردەکەون. بزانە فوئاد چۆن ڕزگاری کردووە.

ئەڵماس گوتی:

- نا. ئەوە هی خۆمانە جلک و بەرگی، دەموچاوی کوردە. کوردی خۆمان.

مـن کـاس و کەڕ بـووم. چـوومە ئەودیوی دەرگـاکە لەسەر پلیکانەکـان دانیشتم. هەنـدێ لە ژن و پیاوی گەڕەک لە بەردەرگا کۆبوونەوە. باسی منداڵەکەیان دەکرد. لەو دەست دەچووە ئەو دەست. شوکری خانی سستەر گوتی:

- بیدەن بە من با تەماشای کەم. شەڕی چی؟ ماندووش دیارە. بزانە کێ فڕێی داوە.

دایکی زولێخا گوتی:

- کێ دڵی دێ منداڵی خۆی فڕێ دا؟ من وەک گوڵ بەخێوی دەکەم.

ئەو هەمـوو ژنە هیچیان نـابنە یولدزنـوور بۆ تۆ. مـنداڵی بەسـتەزمـان تـازە تۆ نـوورێکت لەدەسـت داوە بە خۆریش پڕ نابێتەوە. لە دەستت چووە، تازە دایکت نایەتە خەونیشت.

تـاکە کەس ئەڵماس گومـانی هەبـوو، ئەو تـرسێکی لە چـاوەکـانی مـندا خـوێندبۆوە، ئەمڕۆ نـا، ڕۆژانی زووتـر، ژن لەوە بەهەسـتترە شـتی لێ بشاریتەوە. جا ئەگەر ئەو شـتەش پەیوەنـدیی نەک بە دڵ و بە خۆشەویستییەوە هەبێ. ژن وەک هەڵۆ لە سەرەوە بۆ دڵی پیاو دەڕوانێ. زەحـــمەتە هیچی لەو دڵەدا لێ ون بێ. ئەڵماس لە بەرچـــاوی خەڵکی گەڕەک دووجار بەهێواشی سنگی ڕاوەشاندم و گوتی:

- بە هۆش وەرەوە فـوئـاد. چیت لێقەومـاوە؟ پێم بڵێ ئەو مـنداڵە کێیە؟ لە کـوێت بـووە؟ کە دۆزیوەتەتەوە بـا بچین بانگەوازی بۆ بکەین. دایکی ئێستا لە تاوانی شێت بووە.

وەک باوکێک دڵی لەتلەت بووبێ، لەتلەت بووبێت و هەر لەتەی کەوتبێتە دەست کەسێک، دەستم برد، زەینلعابیدینم لێ وەرگرتنەوە و گوتم:

- بانگەوازی چی؟ کە ئەو منداڵە لەوماڵەدا جێگای نەبێ، کەواتە منیش نیمە.

ڕەنگی گۆنـاکـانی ئەڵماس سەرەتـا سـوور و دواتـر ڕەش داگەڕان. بە بێئومێدییەوە سەیرێکی کـردم. هێواش لەسەر بەردەکەی بەر دەرگا دانیشت. ئاسکۆڵ تازە دەهاتە دەرێ. دیاربوو خەوی لێکەوتبوو. منداڵەکەی بە باوەشمەوە دیت. خۆی پێدا هەڵڕۆسکاندم "بابە، بابە" ئەو سێساڵی تەواو کردبوو. لە بەردەمی دانیشتم، ئەو سەیری منداڵەکەی کرد و گوتی:

- برات بۆ من هێناوە؟

تەنها ئاسکۆل ناوی ڕاستەقینەی ئەو منداڵەی گوت. با بڵێم بەڵێ. پێش ئەوەی دەم بکەمەوە، زولێخا گوتی:

- ئاسکۆڵ گیان، بابە ئەو منداڵەی دۆزیوەتەوە، با ببێتە برای تۆ. هەموو بۆ منیان ڕوانی، وەک حەرامزادەیەک و شەیتانێک سەیریان کردم و من گوتم:

- بە کار دەهاتمەوە کەرکووک، بە کاری سەربازگەکەم. لە بەرانبەر مەرقەدی زەینلعابیدین (کوڕەکەم بەپەلە ئاوڕی بۆ دامەوە) مارسیدیسێک لە ڕێگا لای دابوو، کەوتبووە چاڵێکەوە. نازانم چەند تەقڵەی لێدابوو، کە ئێمە گەیشتین خەڵکی دیکەشی لێبوو. دوو سێ کەسی دیکە جەنازەکانیان دەرهێنابۆوە. سواری ئەمبولانسیان دەکردن. دیاربوو زۆر بەپەلە بوون و پەشۆکابوون. ژن و پیاوێک بوون، دڵنیا نیم، خوێنیان لێدەچۆڕا، وەک مردوو بێ هەست و هۆش بوون، ئەوان بەپەلە ڕۆیشتن. ئێمە دەمانڕوانییە مارسیدیسەکە، لەسەر پشت کەوتبوو، بە گردەکەدا شۆڕ ببۆوە و زۆر دوورکەوتبۆوە. لەولای گردەکە، چەند مەترێک دوور، بەتانییەکی سووری گوڵ گوڵ کەوتبوو، تەواو لەو بەتانییەی ئاسکۆڵ بە خۆیدادەدات. کە چووم بیهێنمەوە ڕوانیم، ئەو منداڵە هەر لەوێ، لەولای بەتانییەکە لە چاڵێکدا کەوتووە.

(نەمتوانی نەگریەم، بەکوڵ گریام، گریانێک کە دەمێک بوو پەنگی خواردبۆوە) چاوەکانی ئارامتر و سۆزبارانەتر بۆیان ڕوانیم. بەردەوام بووم:

- نەمتوانی نەیهێنمەوە. منیش ئینسانم و دڵم هەیە.

(بۆ ئەو پاساوە ترسنۆکانەم، دەمویست کەسێک هەبێ و سەد شەقم تێهەڵدا)

ئەڵماس ئارامتر لە هەمیشە، گوتی:

- قوربانی ئەو دڵە نەرمەت بم، دڵی تۆ دڵی منیشە.

ئازایەتیی ئەوەم پەیدا کرد بڵێم:

- دەی با ناویشی هەر بەناوی ئەو مەرقەدەوە بێ، زەینلعابیدین.

چ قەدەرێک ئەو شتانەی ئاوا ڕێک خستووە، خۆشم هەستم بە ڕاستیی ڕووداوەکە کرد. ئا دایکی لە ڕووداوێکدا لە دەست داوە. خۆم بە باوکی دەزانی، بەڵام باوکێکی ترسنۆک و خەسیو، هەر بۆ خۆم گوتم:

- نازانم، خەڵکی بەو ناوە دەڵێن زەینەڵ.

زولێخا گوتی:

- نا، من ناوی دەنێم ئاسۆ.

***

-9-

ئەوانە خوشک و بران، ژن و مێردیشن.

دکتۆرەکە دەستــی گــرت و ویستی لە لێدانی دڵی دڵنیابێتەوە، کە کەنگێ و چۆن و بە چی وای لێهاتــووە، چــاوەکــانی کرابوونەوە. تاساو، زمان بەستراو، لێوەکانی خوێنیان تێزابوو. دکتۆرەکە گوتی:

- بیبەن ئۆکسجینی بخەنە سەر.

وەک پارچە گۆشتێک هەڵیانگرت و خستیانە سەر قەرەوێڵەیەک.

- کانولەی بۆ دانێن.

قۆڵی دەرزیئاژن دەکەن تــا دەمــاری دەدۆزنەوە. ئەو نە دەڵێ ئــاخ نە ڕادەچەنێ. بۆ بڵێ؟ تــازە ئــاخی خۆی کردووە. دکتۆرەکە دەپرسێ:

- چیی بەسەر هاتووە؟ بەسەر سەردا کەوتووە؟

- نا نەکەوتووە.

- لەسەر بانەوە بەربۆتەوە؟

- نا نەخێر.

- لەگەڵ جیرانەکان شەڕی کردووە؟

- قەت شەڕ ناکا.

- ناوی چییە؟

- ئەڵماس.

قسەیەک نەمابوو زولێخا بیکات. فوئاد هەمووی گوتبوو. لەو ماڵەی زکری خودای تێدا دەکرد، لەو ماڵەی گەشتی پێغەمبەری نازداری بۆ ئاسمان تێدا دەخوێندەوە، لەو ماڵەی هەموو فرمێسکەکانی خۆی تێدا ڕشتبوو، نزیکەی هەموو نوێژەکانی خۆی تێدا کردبوو، بێئەوەی کەس بزانێ، بێئەوەی کەس ئاگای لێبێ، خوشک و برایەک، خوشک و برایەکی خوێنی و ڕاستەقینەی یەکتری، شەو تا بەیان پێکەوە نوستوون، دەستیان لە گەردنی یەکتر و ڕانیان لەناو ڕانی یەکتر، زولێخا گوتی:

- خودایە من هەرگیز داوا ناکەم بمانبەخشی، نا، خودایە کوێر و کەڕ و کوندمان بکە. زەلیل و ئیفلیجمان بکە. سووک و ڕیسوامان بکە. خودایە سەبرمان لەسەر مەگرە و هەر لەو دونیایە کرمەڕێزمان بکە، با بە زیندوویی خۆمان چاومان لێبێت چۆن گۆشتمان هەڵدەوەرێت و مشک و مار دەیخوات.

ئەڵماس نەیدەتوانی ئەوەندەش بڵێ، خوشک و برایەکی لێک مارە کردبوو، کوڕ و کچێکی خۆی لە پاڵ یەکتری کردبوو. شەو و ڕۆژ لە بەرچاوی ئەو، لە بەرچــاوی دۆســت و دوژمــن یەکتریان دەگەوزاند. مندالیشیان لێکەوتۆتەوە. منداڵ، خــوێنی ئەو مــندالە لە ملی کێیە؟ ئەو مــندالە نەفــرەتە، چ خــوێنێکی گــونــاهــکار لە دەمــارەکــانیدا دەگەڕێت. لە کــاتی لەدایکبوونیدا هەر کەسەو ناوێکی بۆ هەڵبژارد. لە کۆتایدا ڕێکەوتن ناوی بنێن هیوا، ئەڵماس گوتبووی:

- بەهیوای گەڕانەوەی فوئاد.

ئاسۆ تۆ بڵێ زینەڵ، گوتی:

- جا لەو هیوایە خۆشتر هەیە؟

ئەڵماس چیدی بیر لەوانە ناکاتەوە. فوئاد بۆ ئەوە هاتۆتەوە ئەو ماڵە خاپوور بکات. بە پێچەوانەی هەموو پیاوی دنیا. نەبوونی فوئاد کۆڵەکەیەک بوو ئەو ماڵەی ڕاگرتبوو. ئەوکات ئەڵماس هیوایەکی هەبوو، مێردەکەی دێتەوە، کوڕ و کچێک بەخێو دەکـــات، ئـــاسۆ و ئـــاسکۆڵ دەژیان، پێدەکەنین و دەتـــریقانەوە، خۆشەویستی بە هەژارییەوە خۆشە. خۆشەویستی هەروا بە سادەیی دەشێ بەختەوەریش بێ. خۆشەویستی خوێنی ژیانە، خۆشەویستی شەکرە، هەر کە تەڕ بوو، دەتوێتەوە، هەرکە تەڕ بوو، دەتوێتەوە و ون دەبێ، دەبێ دەمارێک هەبێ پێیدا بڕوات، یا دەبێتە کەستەک و لەسەر دڵی ئینسانەکان ڕادەوەستێ. هی ئەوان توایەوە، شەکر بوو توایەوە، دەمارێک نەبوو پێیدا بڕوات، نەشبووە کەستەک لەسەر دڵیان ڕاوەستێ، بوو بە بارووت و لە ناوەندی دڵیاندا، لە ناوەند ماڵەکەیاندا تەقییەوە.

لە حەوشەکەیاندا تەنها منداڵەکە مابۆوە. ئەو منداڵەی لە سەرەتای هاتنەوەی فوئاد چاوی پێکەوت. پێیان دەگوت هیوا، چ هیوایەک! ئەو نەفرەتە، نەفرەتێک بۆ ئەو ماڵ و گەڕەک و شارە. تەنها شوکری خانی سستەر گوتی:

- تاوانی چییە؟ نەفرەتی چی؟ ئەوە هەر هیوایەکەی دوێنێتە. دەسەڵاتی چیی هەیە؟

لە چەند خولەکێکدا ئەو ماڵە کۆن بوو، کۆن و پیر، خوار و بەخۆڵ خنکاو. وشک و نەفەسگر. دیوار و دەرگا و پەنجەرەکانی ڕزیو و ژەنگاوی. هیوا گریا، گریا و هاواری کرد، شوکری خان چەندین جار لە دەرگای ئەو ژوورەی دا ئاسکۆڵ لەسەر خۆی داخستبوو، لەو کاتەوەی فوئاد قسەکانی کردبوو، ئەو نوتقی گیرابوو، نەیڕوانی بۆ کەس و خۆی لەو ژوورە بەند کردبوو. کە شوکری خان بێئومێد بوو لە کردنەوەی دەرگاکە، شکاندی، شکاندی و هاواری کرد، هاواری کرد و ڕژایە سەر عەرزەکە. چەند کەس هاتن، ئاسکۆڵ خۆی بە پانکەی بنمیچی ژوورەکەوە هەڵواسیبوو. شۆڕ ببۆوە و ملی لار ببۆوە.

لەناو ئەو هەموو بۆنی دیتۆڵ و دەرمانە، زولێخا بۆنی کرد، بۆنی ئاسکۆڵی کرد. ڕەنگی کراسە شینەکەی ناسییەوە، لەودیو پەنجەرە گەورەکەی نەخۆشخانە، لەسەر قەرەوێڵەیەکی چەرخدار فڕاندیان. هەستا و بانگی کرد:

- چی بووە؟ ئەو ژنە چیی لێهاتووە؟

- خۆی هەڵواسیوە.

هەر ئەوەندەی بیست.

زولێخا چاوەڕێی هەواڵێکی وابوو، چاوەڕێی کۆست بوو، بۆیە جەرگی ژانی کرد، بەڵام نەکەوت، نەکەوت و نەپەشۆکا. ئەڵماس لە جێگاکەی هەستابوو، هەر بە هەمان چاوی تاساو و هەڵواسراوەوە، پرسیی:

- چی؟ ئاسکۆڵ خۆی هەڵواسیوە؟

زولێخا گرتی تا نەکەوێ، لە باوەشی کرد و گوتی:

- چۆن ئەو قسەیە دەکەی؟ کەس ناوی ئاسکۆڵی نەهێناوە.

- بۆنی ئاسکۆڵ دەکەم، بمبە لای.

ئەڵماس دەیتوانی هەستێ. هەستێ و هەنگاو بنێ. لە بەر دەرگای ئەو هۆڵەی ئاسکۆڵیان بۆ برد، گوێیان لێبوو دکتۆرێک بە شوکری خان دەڵێ:

- بۆچی خۆی هەڵواسیوە؟

- گوناهێک کە تەنها خودا ئاگای لێیە.

دکتۆرەکە گوتی:

- دڵی هێشتا لێدەدات. ئۆکسجینی بۆ دانێن.

ئاسکۆڵ نەمرد، پەتەکە شۆڕ ببۆوە و پێیەکانی بە ئاستەم گەیشتبوونە سەر زەوییەکە. لە یەکەم چاوکردنەوەدا بە دکتۆر و سستەرەکەی بەردەستی گوت:

- ئێوەش خوشک و بران؟

کە زولێخا و ئەڵماس گەیشتنە لای، دەستیان گرت و نێوچاوانیان بۆ شێلا ئەو گوتی:

- ئێوەش.

ئەڵماس گریا و لە باوەشی کرد، ئەو گوتی:

- ئێوەشم دیوە،ماڵتان هەر لێرەیە.

دکتۆرەکە گوتی:

- ماوەیەک ئۆکسجین بۆ مێشکی نەچووە. هەندێ خانەی مێشکی تەمبەڵ بوون یان لەکار کەوتوون. دەشێ بێتەوە سەرخۆی. ئاسکۆڵ نەهاتەوە سەرخۆی. دەیتوانی بێت و بڕوات. دەیتوانی نان بخوات و ئاو بخواتەوە، پێبکەنێ و بگری، بەڵام نەیتوانی بێتەوە سەر خۆی، نەیتوانی کەس بناسێتەوە. نەیتوانی جارێکی دیکە بانگی منداڵەکەی بکات و دایکی لە باوەش بکات. بە کراسێکی شینەوە، وەک سێبەری فریشتەیەک، لە هەموو کچ و کوڕ و ژن و پیاوێکی دەپرسی:

- ئێوەش خوشک و بران؟

زۆرجار دەگریا و هاواری دەکرد:

- هەش بە سەرم خەڵکی ئەو شارە هەموویان خوشک و بران.

هێشتا جوان بوو، هێشتا پیاوی ئەو وڵاتە دڵی نییە بۆ ژن، حەزی هەیە، کە یەکێکیان هەوڵی دەدا بیباتە لایەک و دەستی بگرێت و هەلیگڵۆفێ، ڕایدەکرد و دەیگوت:

- خۆ تۆ برام نیت!

بە شەقامەکاندا دەسووڕایەوە، بانگی کەسێکی نادیاری دەکرد. کەسێک لە تاریکیدا بە چەقی نیوەڕۆ. دەیڕوانییە شوێنێکی نادیار. ئەو ڕۆژانەی ئاسکۆڵ کەوتبووە سەر جادە، هێشتا ئاسۆ تۆ لەگەڵ فوئاد بڵێ زەینەڵ، لە شاردا مابوو، بەرگەی گرتبوو، سەد نیازی لەسەر دابوو، بەڵام کەمترین نیازی ئەوەی نەبوو بێتەوە ماڵ و ئەوان ببینێتەوە، یان کۆیان بکاتەوە. ئێوارەیەک لە کۆڵانی بەردیدەکە ئاسکۆڵی دی. بە هەمان کراسی ڕۆژی قیامەتەکەی فوئاد لەگەڵ خۆی هێنابۆوە. سەرەتا بەترسەوە نزیک بۆوە، پاشان چووە بەردەمی و ئەو سەیری نەکرد. زیاتر لێی نزیک بۆوە. ئەو ڕووی وەرگێڕا، لێی پرسی:

- چی دەکەی لێرە؟ هەستە بچۆوە ماڵێ.

ئاسکۆڵ گوتی:

- چاوەڕێی براکەم دەکەم

ئاسۆ دووبارە لێی پرسییەوە:

- براکەت ناوی چیە؟ دەیناسی؟

ئاسکۆڵ گوتی:

- ئا دەیناسم. ئەو مێردیشمە.

ئاسۆ ئازایەیتیەکی لەبن نەهاتووی پێویست بوو تا بەرگە بگرێ. ئەگەر ئەو کچەی وەک خوشک ناسیبا. چ بێ شەرمییەکە فوئاد بێ. درۆزن و هیچ و پوچ بێ. نەفرەتی لە جەستەی خۆی دەکرد. لە دەستی کە دەستی بۆ بردبوو. لەباوەشی کردبوو. نەفرەتی لە سنگی خۆی کە سنگی ئەوی کەوتۆتە سەر، لە چاوی، لە گەردنی، لە لێو و زمانی، ئا، نەفرەتی لە لاق و ڕان و پێست و مووی لەشی خۆی دەکرد، کە هەر بە هەست نەیزانیوە ئەو کچە پارچەیەکە لە خۆی و نابێ بە سەریدا بڕشێتەوە.

شەو چووە مزگەوتەکەی مەلا شەفیقە کۆڵە. هەموو ڕۆیشتن و ئەو نەڕۆیی، هەر لەوێ، لەو شوێنەی تاتەشۆر و دارەمەیتیان لێ دانابوو، دانیشت. دەستی لە ئەژنۆی ئاڵاندبوو. نیوەشەو فەقێیەکی کاملٔ کە پێدەچوو سەرپەرشتیی مزگەوتەکەش بکات، لە ژوورێک کە تاکە ژووری ئاوەدانیی شەوانی مزگەوتەکە بوو هاتە دەرێ، ئەو پیاوە ئەو ڕەشاییەی لەوێ، لەو تاریکە دی. سەرەتا ترسا و تۆزێک کشایەوە. کۆکەیەکی بۆ کرد و ئاسۆ نەجووڵا. بانگی کرد و ئاسۆ سەری بەرز کردەوە، بردیە ژوورەکەی خۆی. ئاسۆ مات، ماتتر لەوەی چاوەڕێی قسەی لێبکرێ، فەقێکە گوتی:

- من چیرۆکی تۆ دەزانم. چیرۆکی تۆ وەک چیرۆکی لافاوەکەی نووحە، وەک چیرۆکی قەومی لووتە. چیرۆکی تۆ وەک چیرۆکی خیانەتکارانەی برایەکانی یوسفە. وەک چیرۆکی کوڕەکەی شەممەرە، ئەوەیان کە لاقەی کچەکەی یەعقوبی کرد. نەک من، نابێ خۆشت پەنجە لە خۆت بدەی، تۆ بەنەفرەت کراوی. هەزاران شەیتان لە پێستی تۆدایە، کاریان خەڵەتاندنی دڵ و جەرگ و مێشک و دەست و چاوی تۆیە. دەبێ تۆ خاوێن کرێیەوە. خاوێنکردنەوەی تۆ وەک خاوێنکردنەوەی نیوەی دنیا وایە لە پیسی. وەک جیاکردنەوەی گۆشت و خوێنە لە یەکتر.

-10-

بۆ یەکەمجار کە فوئادم دی، هەر ئەو ڕۆژە بوو کە هەموو خەڵکی گەڕەک بۆ بەخێرهاتنەوەی ڕژابوونە ماڵی ئێمە. من لە ناوەڕاستی هەرایەکەوە گەیشتبوومەوە، جارێ نەمدەزانی چی ڕووی داوە. لەناو خەڵکەکەوە تەماشام دەکرد، هیچ هێزێک هانی نەدەدام پڕی دەمێ و خۆی پێ هەڵواسم. ئەو سەرسام و شاگەشکە. پێستێکی وشکی بەسەریەکدا کەوتوو، من پێشتر نەمدیبوو، ناتوانم بڵێم پیر ببوو یان نا. نا لە بەرچاوم هەر ئەو پیاوە بوو کە زولێخا و ئەڵماس بۆیان باس کردبووم. سۆزم هەبوو بۆی، یەکەم لەبەر ئەوەی ئەو پیاوە منی هەڵگرتۆتەوە و لەناو خوێنەوە هێناومیەوە ماڵەکەی خۆی، دووەم ئەوەیە، کە ئێستا بوومە زاواشی. واتە ئەو هەموو پەیوەندیی منە بە دونیاوە. هەر چۆنێ بێ، ئەگەر دونیا سۆزێکی تێدابێ، هی ئەوان بووە بۆ من. جگە لەوانە ئومێدێکیش بوو، دەشێ سۆراغێکی کەسوکاری نەماوم لەگەڵ بکات. بە قسەی زولێخا ئەو دەزانێ لە کوێ باوک و دایکم وەرگەڕاون و بۆ کوێیان بردوون. دەشێ بەهۆی جۆری ئۆتۆمبێلەکەیانەوە یان شارەزایی خۆی کە پێشتر لە کەرکووک کاری کردووە، بتوانێ سەرەداوێکم بۆ بدۆزێتەوە. هەموو ئەو خەیاڵ و کەڵەکانە هی ئەو کاتەن کە جارێ فوئاد قسەی نەکردبوو. هەر ئەوەندەی ئاسکۆڵی دی و لە باوەشی کرد، هەر ئەوەندەی گوتی کچەکەم گەورە بووە. هەر ئەوەندەی زانیی کچەکەی شووی کردووە و منداڵێکیشی هەیە. هەر ئەوەندەی زانیی شووی بە من کردووە و هیوا کوڕی من و ئاسکۆڵە، ڕێک لەو کاتەدا بوومەلەرزەیەک لە سلێمانیی دا و شاری ڕاچڵەکاندا و تەنها و تەنها ماڵی ئێمەشی وێران کرد. زانیم ئەو پیاوەی چەندان ساڵە باسی دەکەن، چیرۆکی درۆی هەڵبەستووە، ئەو پیاوەی منی هێناوەتەوە باوکمە. هەتا لە خەیاڵیشمدا بۆ چرکەیەک وەک باوک لام نەمایەوە. وەک باوکێکی ون باوەشی پێدا نەکردم. لەگەڵ ئاشکرابوونی نهێنییەکە، شووشەی ژیانی من لەتلەت بوو، پارچەکانی هەموویانی وێران کرد. تەقی و هەزاران شیشۆقی سەدنووک کەوتە ناو دڵی منیش. هەر ئەو ئێوارەیە، هەر ئەو کاتە فوئاد، کە ناتوانم بە باوک بانگی بکەم، ون بوو. دەشێ خۆی خستبێتە ئاوی دوکانەوە، دەشێ چووبێتەوە ئەو ژەهری مارەی لێیەوە هاتبۆوە. ئەو تەنها بۆ ئەوە هاتبۆوە ژیانی ئێمە هەپروون بەهەپروون بکات.

ئەڵماس تاسا و ئەبڵەق بوو. دەمبەستراو و پەشێو. منیش نەمتوانی سەیری هیچ کەسێک بکەم و لەناو خەڵکەکەدا خۆم ون کرد. تا ئەو ڕۆژەی ئاسکۆڵم وەک شێت لەسەر شەقامەکانی سلێمانی دیتەوە. ئەو سزای خۆی دابوو، ڕاستە نەمردبوو، بەڵام وەک دیاربوو هەموو شتێکی مێشکی سڕابۆوە. ئەو ڕۆژەش کە لای بەریدەکە دیتم، چوومە لای قسەم نەکرد بۆ ئەوەی بزانم دەمناسێتەوە. نا نەیناسیمەوە. کە پرسیاریشم لێکرد و گوتی چاوەڕێی براکەم دەکەم، زانیم یادەوەریی لەدەست داوە. ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو، ئەوە بوو، تەنها یەک زانیاری لە مێشکیدا مابوو، ئەویش ئەوە بوو کە براکەی مێردیشیەتی. زانیم ئیدی ژیان تامێکی بۆ من نەماوە، ناکرێ من لە فوئاد بەختەوەرتر بم. تا ئەو کاتە نەمدەزانی کۆتاییهێنانی ژیان چ ئازایەتییەکی گەورەی دەوێ.. تا ئەو شەوەی فەقێ ڕەش لە مزگەوتەکە منی دیت و بردمیە ژوورەکەی خۆی. من تاسابووم، ئەو گوتی:

– من چیرۆکی تۆ دەزانم.

ئەو زۆری گوت، هەموو قسەکانیشی ڕاست بوون. ئەو گوتی:

– خودا فەرمانی پێکردووم تۆ بکوژم، دەستم سەوز دەبێ.

– هەموو باوەڕدارێک مافی ئەوەی هەیە تۆ سزا بدا.

– خوێنت ئەوەندە پیسە بە هەر کەسێک بکەوێت پاک نابێتەوە.

ئازایەتیم کۆکردەوە، بڕیارم دا و بڕیارەکەی خۆشم بە فەقێ ڕەش گوت:

– من ئەو تاوانەی سەرشانم دەسڕمەوە و خۆم دەکوژم.

ئەو گوتی:

– ناتوانی، تۆ ناتوانی سزای خۆت بدەی. ئەویش تاوانە. تۆ پیسی، گڵاوی. دەبێ مامۆستایەکی ئایینی فتوات بۆ بدات. دەشێ فتوای کوشتنت بدات، بەڵام نەک بە دەستی خۆت.

ئەوەشی گوت:

– تازە جەستەی تۆ بۆ خوداپەرستیش نابێ.

بۆ بەیانییەکەی منی بردە مزگەوتێکی گەورە و ئاوەدان و قەڵەباڵغ، کە لام وابێ ناوی جیهاد بوو. ئەو پێی گوتم قسە لەگەڵ کەس نەکەم. خۆم نەناسێنم.

مزگەوتەکە لەسەر شەستییەکە بوو، منیش پێشتر ئەو شوێنەم نەدیبوو. بردمیە ژوورێک و دەرگەی لەسەر داخستم. نیوەڕۆیەکی کشومات بوو، پیاوێکی بالابەرز بە ڕیشێکی ماشوبرنج و دەرپێیەکی سپی و جوبەیەکەوە دەرگاکەی کردەوە و بە بێئەوەی سڵاوم لێبکات، گوتی:

– دوام بکەوە.

بە ڕاڕەوێکدا بردمیەوە ژێرزەمینێکی فراوان و گەورە. لەوێش چەند ژوورێکی لێبوون کە دەرگای هەموویان داخرابوون. لە دەرگای دوا ژووردا مۆڵەتیان دا بچێتە ژوورێ. دوو لاکێشی لێ ڕاخرابوو. مەلایەکی باریک و درێژ کە ئەویش ڕیشێکی ماشوبرنجیی درێژی هەبوو. سمێڵی تا بن لووتی تاشیبوو. کڵاو و جامەدانی لەسەر بوو، لەسەر دۆشەکێک دانیشتبوو، چەند کتێبێکی لەپێش بوو. ئەویش گوتی:

– جائیز نییە قسەی لەگەڵدا بکرێ، جائیز نییە لە ژوورێکدا بم لەگەڵیدا. شەیتان داگیری کردووە، نووری ئیسلام لە ڕووحیدا نەماوە.

باسی منی دەکرد بێئەوەی ڕووم تێبگات. ویستم بڵێم من ئاگام لە هیچ نەبووە، ئەو گوتی:

– سەر داخە و قسە مەکە. کەمترین هەناسە بدە. لە بەیانییەوە بەدوای بابتدا دەگەڕێین، دیار نییە. تاوانباری گەورە ئەوە.

ئەو پیاوە دەرپێ سپییەی منی هێنابوو گوتی:

– قوربان ئامادەیە تۆبە بکات.

– بەڵێ، دەبێ تۆبە بکات. تۆبەی ئەو هەر بە زمان ناکرێ. بەدەست خۆی نییە. ئەو جەستەی تاوانبارە. دەستێک بۆ خوشکی خۆتی درێژبکەی، دەبێ لێبکرێتەوە. چاوێک دەبێ دەربهێنرێ، لاقێک، زەکەرێک. دەبێ ئەو مەخلووقە پیسە لەسەر زەوی پاک بکرێتەوە. نابێ لە گۆڕستانی موسڵمانان بنێژرێ. نابێ هیچ موسڵمانێک پەنجەی بەر پەنجەی بکەوێ.

من ترساو لە پەڕاندن و لێکردنەوە. لەو کاتەوەی ناوی زەکەری هێناوە، تک تک میز لە زەکەرمەوە بەردەبێتەوە. سرینەوە لەسەر زەوی ئاسودەم دەکات. ئەوەی بۆ خۆم ناتوانم بیکەم ئەوان با بیکەن. من هەر هێندەم پێدەکرێ دوعای خێریان بۆ بکەم. ڕاستە من شایانی ژیان نیم. لەو کاتەدا چەند مەلای ڕیشدار و توکمە و نوورانی، بەرگی مەلایەتییان لەبەر نەبوو، هاتنە ژوورێ. دیاربوو هەر بۆ ئەو مەبەستە بانگ کرابوون. توانیبووم تکەی میزەکەم ڕاگرم، هەمووی چەند دڵۆپەیەک بوو. هەموویان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە ناکرێ هیچ موسڵمانێک سەیری ناوچاوی من بکات و لەگەڵم بژیت. هەموویان کۆک بوون کە تۆبە بۆ من نابێت و من جەستەم تاوانبارە. یەکێکیان کە هەر ئەویشیان جلکی مەلایەتیی لەبەرە، بە تەمەن و لەرزۆک، گوتی:

– دەرگای تۆبە و پاکبوونەوە، هەتا بۆ یەزیدیش دانەخراوە.

ئەو مەلایەی یەکەمجار لەوێ بوو پێیان دەگوت مەولای، گوتی:

– کاری ئەو لە کاری یەزیدیش خراپترە. یەزید ڕابەرێکی موسڵمانان بوو ئەوەی بۆ ئەو گونجاوە بۆ کەسێکی ئاسایی نەگونجاوە.

مەلا بەتەمەنەکە گوتی:

– تۆبەیەک کە من بۆی دادەنێم، تۆش ڕازی دەکات.

هەستم کرد خودا زۆر لەو مەلایەوە نزیکە. هەستم کرد خودا لە ڕێگای ئەو مەلایەوە دەیەوێ یارمەتیم بدات. لە ڕێگای ئەو مەلایەوە دەمدوێنێ و دەملاوێنێتەوە.

مەولای پرسیی:

– چ تۆبەیەک؟

ئەو کە لە هەموو کاتێک زیاتر هەستم بە نزیکیی خودا کرد لێیەوە، گوتی:

– یەکەم، لە کاتی هەر نوێژێکدا دە جەڵدەی لێبدرێ. دووەم ڕۆژانە تەنها دەڵێ ئەستەغفیروڵا، ئەوە بۆ ماوەی چل ڕۆژ. دواتریش دەبێ سێ مانگی تەواو ڕیازەی دینیی پێبکرێت و موسڵمان بکرێتەوە.

مەولای ڕازی بوو کە لەجیاتی هەموو ڕکاعەتێک سێ جەڵدەم لێبدرێت و ماوەکەشی کردە پەنجا ڕۆژ. یەک ساڵیش ڕیازەتی دینی بکێشم. ڕۆژی یەکەم، فەقێ ڕەش و ئەو مەلایەی پێشنیازەکەی کردبوو، لەگەڵ بانگی بەیانی دەرگایان کردەوە و بردیانمە ژوورێک، کە دیاربوو ژووری مردووشوشتن بوو. لەوێ لەسەر سەکۆیەک کە بە ئەندازەی باڵام

بوو، دیاربوو مردووویان لێ درێژ دەکرد، درێژیان کردم. فەقێ ڕەش کراسەکەی هەڵدامەوە و تا ناو شانەکانمی هێنا، چوو لە پشت دەرگایەکە، کە بەستەدارێکی تەڕ و ئەستوور و لووسی لێبوو، یەکێکیانی بەدڵ وەک بۆ برای خۆی هەڵبژێری، بۆ هەڵبژاردم. چەند جارێک دەستی پێدا هێنا و گوتی:

– فەرموو، جەنابی مامۆستا.

دواتر زانیم ئەوە مەلا ڕەسوڵ دووگایە. چەندی بڵێی پیاوێکی بە نفووس و ئەنگێوە. چ خەتاکارێک دەستی دەکەوێ، بە لوتفی ئەو پاک دەبێتەوە. مامۆستا قەڵەمێکی بە پشتمدا هێنا، زبر و تیژ بوو، بەو مەبەستەی شوێنی لەسەر بەجێ هێڵێ، گوتی:

– لێرەوە. ئەو شوێنە تەواو ئەو شوێنە بوو کە دۆخین و قایشی لەسەر دەبەستی. خەتێکی تووندتر و تیژتری بەبن شەپیلکم، یان ئیسکە پانەی پشتمدا هێنا و گوتی:

– لێدانەکەت لەنێوان ئەو خەتە دەرنەچێ.

لەگەڵ ئەو قسەیە چەندان هێڵی زبر و تۆزێک ساردی بە ناو پشتم و قەپرغە و کەلەکەمدا هێنا. بە دارە تەڕەکەی دەستی کە لەوە دەچوو دارهەناری تازە براو بێ، یەکجێ چوارداری تووندی لە بەتاڵایی کەلەکەم دا. ئەگەر من نەبام، هەر کەسێکی کە بایە، بۆ هەتاهەتایە دارهەناری بە نەحلەت دەکرد، بۆ هەمیشە سەیری کوڵوکەکەشی نەدەکردەوە. بۆ هەتاهەتایە دەنکە هەنارێکی نەدەخوارد، بەڵام من نا، من دەمرم و قەرزداری دارهەنارم. وردەوردە ئەو ئازارە قورسەی چووبووە ناو دڵم و ناو گیانم و ناو پێستم لەسەری سووک دەکردم. من دەمویست نەک هەر لێم دا، بەڵکو تا شەکەت دەبێ ڕەحمم پێنەکات.

دوو داری دیکەشی بە هەمان تووندی و ئازایەتییەوە لەوسەر و سەری پشتم دا و بە فەقێ ڕەشی گوت: بیبەوە تا نیوەڕۆ، هەر بۆ خۆم دێمەوە.

نیوەڕۆ چوار ڕکاعەتە دەبێ دوانزە جەڵدەم لێبدرێ. بردیانمە هەمان ژوور و لەسەر هەمان تاتەشۆرە کاشییەکەیان درێژ کردمەوە. کە فەقێ ڕەش کراسەکەی هەڵکردمەوە و پشتم دەرکەوت، بە مەلا ڕەسوڵی گوت:

– دەستت خۆش بێ. جێگای دارەکان بە تەواوەتی هەستاون.

مەلا ڕەسوڵ بە هەمان شارەزایی و بەرەکەتی بەیانییەوە، دوانزە داری دیکەی لێدام و گوتی:

– مژدەت لێبێ هەروا زوو شەیتانەکان دەستیان بە هەڵاتن کرد. بە دەنگێکی بەرز گوتم "ئەستەغفیروڵا".

لە سێ ڕۆژی یەکەمدا سەدوپەنجاوسێ داریان لێدام. ڕاستە ڕووحم سووکتر و گیانم ئاسوودەتر بوو، بەڵام هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی هەستم و پشتم بجووڵێنم. ناخۆشترین شت ئەوە بوو پشتم ئارەقە بکاتەوە، وەک ئەوە وابوو بە دەیان دەرزی پێکەوە بە پشتمدا بچن. فەقێ ڕەش بە مەلا ڕەسوڵی گوت:

– ناتوانێ لە جێگای خۆی بجووڵێ. پێستی قاش قاش بووە. خوێنی تێدا نەماوە. مەلا ڕەسوڵ دووگا بە چرپەوە، گوتی:

– ئەگەر بمرێ، شەهیدە بە کەس مەڵێ. مادام بە ڕەزای خۆیەتی، لەو ڕۆژەوە لێرەیە بۆی بە غەزا حسابە. ئەوە حیکمەتی خودایە. ئەگەر بیەوێ هەر دەمێنێ.

ئەو ڕۆژە پێیان نەچووم بۆ سەر تاتەکە، فەقێ ڕەش لە ژوورەکە پەنجا و یەک داری لە ڕانەکانم دا. کە دە ڕۆژ تێپەڕی، شوێنی برینەکان ببوونە گرێی پتەو و بێ هەست. لە دوای پازدە ڕۆژ، هەموویان لە جێبەجێکردنی سزاکە و بەرگەگرتنی من و شوکرانەبژێریم خۆشحاڵ بوون. شەوی شازدەهەم فەقێ ڕەش گوتی:

– بەپێی قسەی هەموان و حاڵی خۆت، ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە کوفر و گوناهکاری دوور دەکەوییەوە. بڕیاریان داوە بەیانی بتنێرن بۆلای ئەبوودوجانە. ئەو ڕێگای تۆ دەزانێ.

من- نازانم- ئەبودوجانە کێیە، بۆشم- نییە بپرسم- تەنها ئەوەندەی ئەو هەموو زانا- و خۆبەخشانەی خودا منی بۆلا دەنێرن و باوەڕیان بەوە، دیارە کەسێکی پیرۆز و بە بەرەکەت و نفووسە. هەر بەیانی دوای ئەوەی فەقێ ڕەش شەش دارهەناری لە ناوشانم دا، سوار بووین. ئەوەی بۆ من گرینگ بوو، ئوتۆمبیلەکە نەچووەوە ناو شار و هەر لەو مزگەوتەوە، شەستی و شەستی، بە دەوری سەیوانددا سووڕایەوە و کەوتینە دەری شار. من نامەوێ هیچی سلێمانیم بیر بکەوێتەوە. نامەوێ ئەڵماس و زولێخا و فوئاد و نا.. هیچکەسی دیکەم بە مێشکدا نایە. من بێکەسترین مەخلووق، یان جانەوەری ئەم دونیایەم و بۆ بێکەسێکی وەکو منیش تەنها خودا کەسە. لەناو هەموو گەلا و سەوزاییەکدا خودام دەدی، خودا نا، هێز و ڕووناکییەکەی، جوانی و لوتف و سۆزەکەی. ئەو فەقێ ڕەشەی هاوڕێم کە تائێستا بۆ یەک داریش خیانەتی لە فتوا و ئەمری خودا نەکردووە.

ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە مەنزڵمان. بە چەند کۆڵان و شەقامێکدا تێپەڕین، ئەو شارە زۆر جیاوازە. بەشی هەرە زۆرەی پیاوەکانی ڕیشیان هەیە، گەنجەکانی جامەدانی لەسەر و تەسبیح بەدەست و ماتن. ژن نابینی، ئەوە گەورەترین خۆشیی منە، چونکە لای من ژن کوفرە. جلکی ڕەنگاوڕەنگی ژنانە، هەتا منداڵانەش سوور و سەوز و زەرد و مۆر هەر نەبوو. جلکی بۆر و ڕەش و هەندێ جار قاوەیی، دیسانەوە ڕەش، چەند ئارامبەخش بوون بۆ دەروون. من ئەو شارە دەناسم دوای ئەو بەڵا گەورەیەی بە سەریان هات، دوای ئەو هەموو وێرانە و بۆردومانکردنە، ئەوەتا خودا ئێستا خەڵاتی کردوون و ئیمانی بە نسیب کردوون. من بەهۆی قسەکانی فەقێ ڕەشەوە هەموو ئەوانەم زانی. بێئەوەی مەبەستم ستایش و ڕیایی بێ، گوتم:

– تۆ هەرگیز فەقێ ڕەش نیت، تۆ فەقێی نوور و ئیمانی.

ئەو زەردەی نەهاتێ، ڕەزامەندیشی نیشان نەدا، تەنها گوتی:

– با جوانییەکانمان بشارینەوە شەیتان بۆمان لە بۆسەدایە.

ئەو شەوە فەقێ ڕەش، لە مزگەوتێکی ئەوسەری ئاوایی، دیاربوو جێگا و مەنزڵی کاری تایبەتیانە، بە بەرنامەیەکی تازە بۆ بەجێهێنانی فەرمانی ئیمامەکانی، سەرسامی کردم. لەگەڵ نوێژی خەوتنان، ڕوووی تێکردم و گوتی:

– ئەمڕۆ تەنها جەڵدەکانی نوێژی بەیانیم لێداوی و چل و پێنج جەڵد قەرزدارین.

منیش کە هەرگیز قسەم لە بەرنامەی سزادانەکەی خۆمدا نەدەکرد، بێدەنگ بووم. ئەو هەستا نوێژی خەوتنانی کرد و منیش لە پەنایەوە ڕاکشام و پشتیشم تا ناو شانم ڕووت کرد. ئەو دوازدە داری بە دارێک لێدام کە زۆر لە دارهەنارەکە ئەستوورتر و گرێنتر بوو. ئەوەندە زانایانە، ئەوەندە بڕائیمانانە، دارەکە وەک بچێتە ناو هەوێر، لەناو پشتم جێگای خۆی دەکردەوە، ئەو وەک ئەوەی لەسەر هەوور و هەڵم کاری خۆی بکات، وەک هەلاج بێت و کوتکەکەی بەناو لۆکەی شیبووەوەدا ڕاوەشێنێ. ئەو عارەقەیەکی زۆری کردبوو، سەیری نەدەکردم، منیش چاوم نوقاند و تەنها ئەستەغفیروڵام دەکرد. ئەو شەوە، هەرچەند فەقێ ڕەش زۆر ماندوو ببوو، بەڵام نەخەوت و هەر کاتژمێرە جارێک، یەکێک لە نوێژە بەسەرچووەکانی دووبارە دەکردەوە و بە ئەندازەی خۆی جەڵدەکاریی دەکردم. شەوی ئەو مزگەوتە، شەوێکی پڕ لەزەتی ئیمان بوو. من دارەکانم بەسەریەکەوە خواردبوو، هەندێ داری شەونوێژیشم بەرکەوتبوو. لەهۆش خۆم نەچووبووم، دەشێ چووبم، بەس لەسەر هەست بووم، بەڵام نەمدەتوانی قسە بکەم و خۆم بسووڕێنم. نەمدەتوانی چاو هەڵێنم و سوپاسگوزاریی فەقێ ڕەش بم. دیسانەوە شەوەکەی باش نەبوو، کەس وەک من نازانێ شەیتان چ هێز و توانایەکی هەیە. من ئەو شەوە هێز و توانای شەیتانم ناسی. نیوەشەو نازانم خەوتبووم، یان بێهۆش، یان بەئاگا، ئاسکۆڵ هات کراسێکی سووری بریقەداری لەبەر بوو، بەڕادەیەک بریقەدار چاوم بۆ هەڵنەدەهات، هات و لەپەنام دانیشت. کراسەکەی هەڵدامەوە، کراسەکەم خوێن گرتبووی و بە پەشتمەوە نووسابوو. لە ڕوومەتی خۆی دا و بسکی خۆی ڕنییەوە. ڕوانییە فەقێ ڕەش لەوێ خەوتبوو، زمانی خۆی دەرهێنا و زۆر بە ئاسانی گریی دا. لە

جانتاکەی دەستیدا، هەر ئەو جانتا سپییە بچووکە بوو کە بۆ خۆم، لە بالەیەکی گەورەی لەنگەدا بۆم هەڵبژاردبوو، شووشە کرێمێکی سپیی دەرهێنا. پشتی پێ چەور کردم، پەنجەکانی درێژ و سپی و نەرم، زۆر خۆش برینەکانی بۆ تیمار کردم. هەڵیگێڕامەوە سەر پشت و خەریک بوو زیرە بکەم، زمانی منیشی دەرهێنا و قوڵفەیەکی لێدا. جا سینگ و بنباڵ و سکی بۆ شێلام و بۆی چەور کردم. برینی ڕانەکانمی خاوێن کردنەوە. من دەمزانی خەتایەک ڕوودەدات، لە خەوەکەمدا دەمزانی ئەوە ئاسکۆڵی خوشکمە، ئەوە ژنیشمە، دەمزانی سزا دراوم و نابێ بۆی بڕوانم. ئەو بۆ نازانێ من برای ئەومە! دەبێ فوئادێکی دیکە بۆ ئەوە بێتە خوارێ. ئاخر ئەو چۆن بزانێ خۆ خەونی ئەو نییە. ئەو جوانتر دەستی دایە چەورکردنی گونەکانم. بۆ خۆشی خۆی ڕووت کردەوە. مەمکە قیت و توندەکانی کە هەروەک جاران سپی بوون، خستە ناو دەمم. من دەمزانی حەرامە، دەمزانی کوفرە، ئاخر دەشمزانی فەقێ ڕەش لەوێیە و سزام دەدات، دەشمزانی خوشکمە کەچی هەر بۆم مژی. زیاتر و زیاتر، مەمکی، زمانی، ڕانی هەموو شوێنێکیم مژی. ئەو هیچی لەبەر نەمابوو، ڕووت ڕووت بوو، بن پێست و ناودەمی پڕ ڕووناکی و نوور بوو، لە خەونەکەمدا پێمگوت:

– بەسە، بەسە. تۆ خوشکمی ئەوەیان نا.

ئەو پرسیی:

– کامەیان

من دەستم لەسەر گۆی مەمکی نا، لەسەر شوێنێکی دیکەی دانا و گوتم:

– ئەوەیان نا.

ئەو گوتی:

– حەزیش دەکەی هەی شەیتان.

ئیرادەیەکی پۆڵایینم هەبوو بۆ بەرگریکردن، دەنا توانام نەدەبوو خۆمی لێبپارێزم. لەگەڵ ئەوەشدا وەک مێشکم ئیدی پەیوەندیی بە جەستەمەوە نەمابێ، خەریکبوو خۆم بەدەستەوە دەدا. دەشێ ئەو قسەشم درۆ بێت، چونکە ئاسکۆڵ ڕاستی دەکرد، من سەد ئەوەندەی ئەو حەزم دەکرد، حەزم دەکرد بەئاستەم دەست بە بەر موسڵدانیدا بێنم، ئەویش تەزوویەکی ئەوەندە گەرم و لەناکاوی پێدا بێت دەستم بلەرزێنێ. کە بانگی بەیانیی دا، زمانی لە دەممدا بوو، زمانی کانیاوێک بوو لە ئاو، لە لینجاو، لە شەربەت و هەنگوین، لە لیمۆی گوشراو. من لە خەوەکەشمدا تینوو بووم. هەر دەمیم دەمژی و دەمژی و دەمژی، ئەو دەیویست زمانی ڕزگار بکات و بڕوات، من بەرم نەدەدا. زمانی درێژ، درێژ ببوو. کە لە ژێرەوە سەیری دەموچاویم کرد، دیتم خۆ ئەوە ئاسکۆڵ نییە. ئەوە زولێخایە. هاوارم کرد:

– جێم مەهێڵە زولێخا.

ئەو لەگەڵ دەنگی بانگەکە ڕۆیی، من هەر هاوارم دەکرد:

– زولێخا. زولێخا، مەڕۆ زۆر زۆر تەنهام. من لەو دونیاش نەمزانی تۆ ژنم بووی یان ئاسکۆڵ.

کە چاوم هەڵێنا، دیتم فەقێ ڕەش ئاو لە دەموچاوم دەپژێنێ. هێشتا زمانم قوڵفەی لێدرابوو، بەزەحمەت کردمەوە. فەقێ گوتی:

– ئەو شەو نەتهێشتووە بنووم. ئەو هاوار هاوارەت لە چی بوو؟

پێش ئەوەی جەڵدەکانی بەیانیم لێدات، هەرکە کراسەکەی هەڵکردم، گوتی: – ئەوە چیە؟ هەزار جار شوکر بۆ حیکمەتت خودایە. خۆ پشتت چاک بۆتەوە. ئەو لەخۆشیان شاگەشکە ببوو، بە موعجیزە و بەرەکەتی دەزانی. دەیویست پشتم

ماچ بکات. من ناتوانم فێڵ لە خودا بکەم. تازە من کەسێکی دیکەم. نا ناتوانم فێڵ لەو برادەر و مامۆستا تازانەم بکەم، کە خەریکی ڕزگارکردنی منن، من لە گریان، بەرائەت و جوانی و باوەڕی ئەو پیاوەی خودا سەرسام بووم گوتم:

– براکەم وەرە، وەرە با هەموو شتێکت بۆ باس کەم.

ئەو بێ هەست سەیری چاوەکانی کردم، من بەردەوام بووم:

– من خەوم دی، لە خەونمدا ئاسکۆڵی خوشکم هات بۆلام، پشتی چەور کردم، هەموو لەشی چەور کردم. منیش هەموو لەشی ئەوم مژی، کە ڕۆیشت، لەگەڵ بانگی بەیانی ڕۆیشت، زانیم ئاسکۆڵ نییە و زولێخایە.

وەختێک ئەو، دەستی دابۆوە دارەکە و شوێنی دارەکەی لەسەر پشتم خۆش دەکرد، گوتی:

– ڕەنج بەخسار خۆم. هەرچی کردمان شەیتان تێکی دایەوە.

فەقێ ڕەش ڕەنگی ببووە ئەو ڕەنگەی کە دەبوو ببێ. چاوی داخست و چەند ئایەت و وێردی خوێند، گوتی:

– زۆرت ماوە، ڕێگای دوورودرێژمان لەبەرە.

من ئەوەندەی لەگەڵیان بووم، زانیم جەستەم بۆتە مەنزڵی شەیتانەکان. زانیم ئەو برادەرانە بە دارکاری و وێردخوێندن و نزا دەریان دەکەن و ئەوان دێنەوە. هەر ئەو ڕۆژە فەقێ ڕەش بردمی بۆ شارێکی دوورتر، بەڵام بچووکتر، لەوێ چووینە ماڵێکی پەڕگەی شار، بردمیە لای سۆفییەکی کورتەباڵای بەتەمەن، پتەو و ئەستوور، هەموو خەوەکەم بۆ گێڕایەوە، سۆفییەکە گوتی:

– فەقێ ڕەش تۆ ئینسانێکت نەهێناوە، تۆخودی شەیتانت هێناوە.

سەیری ناوچاوی کردم، چاوەکانی من بێ سیما و بێ خوێن و بێ هێز بوون، ئەو گوتی:

– ئەو گەنجە هەر کەس بێ، خۆی نەماوە.

ئەو سۆفییە ڕاستی دەکرد، من خۆم نەمابووم. من شتێک بووم دەیان مەخلوقی بچووک بچووک، بە خۆیان و تەور و پاچەوە، هەڵیاندەکۆڵیم. مەخلوقی سەیر سەیر، شەیتانی بچووک بچووک، یەکێکیان بەدەموچاوی مەیموونی و لەشێکی مشک ئاساسای بێمووی تەڕەوە، لەلای جگەرمەوە بە پاچێکی نووک پانی تیژەوە خەریکی هەڵکۆڵین بوو، یەکێکی دیکەیان بە دەموچاوی ڕێوییەک و دوو باڵی پێستنی شەمشەمەکوێرەوە لەلای چەپی سەرمەوە، بە قەڵەمێکی ئاسن خەریکی کونکردن بوو. شوێن نەمابوو لە جەستەم شەیتانێکی بچووک هەڵینەکۆڵیبێ.

سۆفی کە بە سۆفی خدری قاسن ناسرابوو، هێمنتر گوتی:

ئەگەر تۆ لەگەڵی ماندوو نەبووبای، من دەمزانی چیی لێدەکەم. ڕێگایەکی سەختی لەپێشە، دەبێ پێش جەڵدەکاری شەیتانەکان نارەحەت بکەی، ئەو بەستەزمانە تەندووری هەراسانکردنی نەدیوە، جا تێکدانی ماڵی شەیتانەکان، جا دەرکردنیانە. تۆش نارەحەت مەبە، فەقێ ڕەشی برام، تۆ شەڕی خودی شەیتانت کردووە. بیبە بۆ سوورێن. مەلا بوخارای قەندەهار لەوێیە.

فەقێ ڕەش بەو هەموو دەسەڵاتەی خۆیەوە، شەرمەزار و ناموراد گوتی:

– سۆفی برام، هەر ئەوەندەم پێکراوە. بۆ سەرکەوتنی ڕێبازی خودا دەبێ یارمەتیم بدەی.

ئەو شەوە سۆفی خستمیە ناو تەندووری هەراسانکردنەوە، ئەو گوتی:

– ئەوە بۆ هەراسانکردنی تۆ نییە، بۆ هەراسانکردنی شەیتانەکانە.

قاڵبێک تۆزێک لە بەرمیل درێژتر، سەرەکەی بە قەپاغێکی ئاسن دادەپۆشراو بەگیرەیەک دەبەسترا، لە ڕاستی سەرمەوە چەند کونێک هەبوون کە نەمدەتوانی بیانبینم، چەند ئایەتێکی بە دەنگی شیرینی عەبدولباست لێدا، دوایی بە چەند شیشێکی ئاسن لە هەموو لایەکەوە لە بەرمیلەکەیان دا و ناخی سەرم خەریکبوو لێبێتەوە، جا بەپەلە هێنایانمە دەرێ و دارکارییان کردم. توونۆ لە هەموو شوێنێکەوە. سۆفی هاواری دەکرد، ئەوەتا شەیتانێک بە پشتیەوەیەتی، ئەوە ئەوەیان بە ئەژنۆوەیەتی، یەکێکیان ئەوەتا هەڵات خۆی بە پەنجەرەکە دادا. ئاگر بکەنەوە، ئاگر با بییانسووتێنی، هاواری دەکرد، ئاوی گەرم بەو داماوەدا بکەن با شەیتانەکان نەگەڕێنەوە سەری. من تێنەدەگەیشتم ئەوان چ کارێکی گەورە دەکەن، سێ جار، ئەوەیان دووبارە کردەوە، هەموو لەشم بە ئاوی گەرم و دارکاری پەنمابوو، ئەستور ببوو، لەگەڵ ئەو هەموو ئازارە هەستم بە ئاسوودەیی دەکرد. سێ شەو لەوێ مامەوە، هەموو شەوێ هەمان خەون و هەمان چەورکردن و چاک بوونەوە.

من وەک نەخۆشێک دەیان شێرپەنجە گەمارۆی دابێ. هەستم بە بۆگەن و ڕشانەوە و تاعون دەکرد. دەیان شەیتان لە ناخی مندا پاچکارییان دەکرد و بۆ چرکەیەک پشوویان نەدەدا و بەسەریەکیاندا دەڕووخاندم.

پێش ئەوەی بگەینە سووریێن، فەقێ ڕەش چاوی بەستمەوە، چەند خۆشە ئیدی چاوم نەکرێتەوە. ئیدی ڕووناکی نەبینم. ئیدی کۆتایی پێ بێت و هەڵنەستمەوە. بەو هەموو تاوانەوە بۆ کوێ بچم. چۆن بەو هەموو تاوانەوە ڕووبەڕووی پەروەردگار ببمەوە. ئەو برادەرانەش تەنها خەمی توێشوی ڕێگای بەهەشتی منیانە.

کە چاویان کردمەوە، لە ژێرزەمینێکی فراوان و بەرز بووم کە دیاربوو لە ژێر شاخەکەوە هەڵیانقەندووە. ئەوەی ئێرەی نەدیبێ نازانێ ئیمان بەخودا چ موعجیزەیەک دروست دەکات. لە زۆر شوێنەوە دیوارەکان هەر شاخەکە بوون. شوێنی تاشین و هەڵقەندن و بڕینیان پێوە دیاربوو. سەربازگەیەک بوو کە جێگای سوپایەک دەبۆوە. هەندێک منداڵ و مێردمنداڵ بە ڕووحێکی سووک و ئازادەوە قورئانیان دەخوێند. هەندێکی دیکەیان کە هەرگیز ڕیشیان نەتاشیبوو، گەندەمووەکانیان ئەوەندەی دەکرێ درێژ ببوونەوە، مەشقی سەربازییان دەکرد و وانەی خوداپەرستییان دەخوێند. بۆ یەکەمجار پەلاماری دەستی فەقێ ڕەشم دا، ماچم کرد و گوتم:

– منت بەو هەموو پیسییەوە بۆ هێناوەتە ئێرە. تکایە بمکوژە.

ئەو پیاوە جوامێرە هەرگیز لەو هەموو پیسییەی من سڵی نەکردەوە. ئەو لە ئیمانی خۆی، لە باوەڕ و پاکیی خۆی دڵنیا بوو. لە بەردەم ژوورێک ڕایگرتم کە هەر لە شاخەکە هەڵقەندرابوو. وەک هێلانەی هەڵۆ لەناو شاخەکەدا بوو، گوتی:

– ئەوە ژووری مەلا بوخارای قەندەهار. ئەو پیاوە هێندەی سەد وەلی نوور و بەرەکەتی هەیە. کە ڕێگای دا بچیتە ژوور، بە هیچ شێوەیەک سەیری ناکەی، تەنها بڕوانە بەرپێت. خۆت مەسووتێنە. کەسێک زنجیری لە دەست و پێ کردم و لام وەستا. فەقێ ڕەش چووە ژوورێ. دوای تاوێک منیشیان برد. فەقێ لەسەر چۆک کەوتبوو. ئەژنۆکانم لەرزین، کەوتمە سەر چۆک. زنجیرێکیان لە دیوارەکەوە ڕاکێشا و خستیانە بن باڵم وەک جلکێک بە تەنافەوە هەڵواسرام، یان وەک پەیکەرێکی گەچین پشتم بە دیوارەکەوە دا. مەلا بوخارای قەندەهار کە پێیان دەگوت، موفتی، گوتی: (ڕوو لە فەقێ ڕەش)

– تۆش بێخەتا نیت. کێت هێناوەتە ناو ڕیزی بڕواداران؟ ئەو ئیبلیسە دەبێ شارێکی تەواوی لەگەڵ وێران بکرێ. تۆش تاوانباری فەقێ ڕەش، دەبێ سەدویەک جەڵدەی لێبدرێت، دواتریش زەکەری سزا بدرێت. ئەو خوشکە فاحیشەشی هەرچی زووترە لەناو ببرێت.

کەم کەس هەیە بەرگەی سەدویەک جەڵدە بگرێت، بەڵام من گرتم. بەو توانا و هێزەوە گرتم کە لە فەقێ ڕەشم وەردەگرت. سزادانەکەی زەکەرم ناگێڕدرێتەوە. ئەو سزایە خەسان نییە. لێکردنەوە و فڕێدانی پارچە گۆشتێک نییە کە دونیای منی تاریک کردووە. لە ڕێگای کەلەپچەکردنی گونەکانم بە گیرەیەکی دروستکراوی خۆیان، هۆشم لەدەست دا و بۆ چەند ڕۆژێک وەک مردوو و فڕێ درام. کە بە هۆش هاتمەوە، ئازارێک لە شوێنێکی زۆر قووڵەوە دەهات و بە هەموو لەشمدا بڵاو دەبۆوە، سەرم دەسووڕا و دەڕشامەوە، دووبارە بێهۆش دەبوومەوە.

دیسانەوە نەمردم، فەقێ ڕەش گوتی:

- مزگێنی هاوڕێ تۆ سەرکەوتی. تۆ شەیتانت بەزاند و بوویەوە خاوەنی ئیمانی خۆت.

ڕێگایان دام خۆم بشۆم، کەلەپچەکانیان فڕێ دا. ئەوانەی لەوێ بوون، پیرۆزباییان لێکردم و جلکی تازەی وەک ئەوانم لەبەر کرد. بردیانمەوە لای موفتی، دیسانەوە ڕەنگم بووەوە بە گەچ. ئەو باڵابەرز و ڕیش درێژ، ڕیشی تاک تاک مووی سپیی تێکەوتبوو، بەڵام پێستی بێ خوێن و بێ گۆڕان بوو، ڕیشیشی لەبەر چەنەگەیەوە لوول و لێکئاڵقابوو، گوتی:

- بیبەن بۆ ڕیازەتی ڕووحی. هەر لە ئێستاشەوە بیخەنە ڕشتەی شەهیدانەوە.

لە ڕیازەتی ڕووحیدا زۆر خێرا بەرەو پێش چووم، ئەوان جەستەت بچووک دەکەنەوە و ڕووحت گەورە. پەیوەندییەک لەنێوان مێشکم و زەکەرمدا نەمابوو. هەستم نەدەکرد نێرم یان مێ. مووی بن باڵ و سینگم هەڵدەوەری. بەکێوی ئیماندا هەڵدەگەڕام. هەر هەنگاوێکی بەسەد هەنگاوی بڕینی کێوی دنیا هەیە. لە کێوی ئیماندا چوونەسەر هەیە و هاتنەخوارەوە نییە. چەند ڕێگای زیاتر ببڕی، چەند بەرەوپێش بچی، چەند بەرز ببیەوە، دنیا و شارەکان و مرۆڤگەل بچووکتر دەبنەوە. من بوومە خاوەنی شتێک کە ژیان نەیدامێ، کە کەسوکار نەیدامێ، من بوومە خاوەنی شتێک کە کەسابەت و ئیش و کار نەیدامێ. بوومە خاوەنی شتێک کە نە دەکڕدرێت و نە دەفرۆشرێت، نە زایە دەکرێت و نە وەردەگیرێت، شتێک کە کەس ناتوانێ لێتی بستێنێتەوە، من بوومە خاوەنی خودا، بوومە خاوەنی خودای خۆم، بوومە خاوەنی خودا و ئیمانی خۆم. ئیدی ناترسم، ناترسم و باکم بەو دونیایە نییە، باکم بە نەبوونی زەکەر و ژن نییە، من بەهەشتم بەدەست هێناوە، من بوومەتە ئاغای حۆرییەکان.

لەدوا ڕۆژەکانی ڕیازەتی ڕووحیدا، جەنابی موفتی بە هەموو بەرەکەت و هەیبەتی خۆیەوە هاتەوە لامان و گفتوگۆی لەگەڵ کردین و لەسەر بەردێک بەرانبەرمان وەستا و وتەی بۆ داین و پرسیی:

- ئێوە چین؟

ئێمە بە هەموو دەنگمانەوە، گوتمان:

- مێرووولەین.

موفتی پرسییەوە:

- بەرەو کوێ ملتان ناوە.

- بەرەو کێوی ئیمان.

ڕووی لە من کرد و پرسیی:

- هەموو ژنانی دنیا چیی تۆن؟

من گوتم:

- خوشکمن.

ئەو پرسیی:

- زەماوەند و ژنهێنانت لە کوێیە؟

من گوتم:

- ئەو دونیا، لەگەڵ حۆرییەکانم.

گوڵاو و عەنبەریان بەسەردا کردم، وەک زاوا بم، پیرۆزباییان لێکردم.

ئەو ڕووی لە هەموان کرد و گوتی:

– ئەو قسانەی کرد، کە دەبێ هەموومان لەسەر پەڕەی دڵمان بینووسینەوە، ئەو قسانەی لە زاری ئەوەوە دەرهاتن، جارێکی دیکە ناگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و دنیا بەرەو عاقارێکی دیکە دەبەن. هەتا دونیا دونیایە دەبێ شانازی بەو وشانەوە بکات. ئەو قسانەی کردنی، کۆتایی و سەرەتای هەموو شتێکن. گەورەترین شانازیی ژیانم ئەوەیە، کە ڕاستەوخۆ بۆ خۆم گوێم لەو قسانە بووە و بە گەرموگوڕی هاتوونە ناو دڵم. موفتی گوتی:

– نەک تەنها بۆ ئەو شەهیدی خودایە، بۆ هەمووتان دنیا غەفڵەتێکە، دنیا چاوتـرووکانێکە. شانازی بە گەنجی و جەستەی خۆتانەوە مەکەن، خودا دەیکاتە خواردنی نزمترین و هیچترین مەخلوقەکانی خۆی، دەیکاتە خواردنی مشک و مار و مێروو. شانازی بە خێزان و عەشیرەت و نەتەوەکەتانەوە مەکەن، خودا ڕیسوایان دەکات. شانازی بە ماڵ و گەڕەک و شار و وڵاتتانەوە مەکەن، خودا وێرانیان دەکات. تەنها و تەنها شانازی بە ناوی پیرۆزی خۆیەوە بکەن. شانازی بە لەفزی موبارەکیەوە بکەن. وەک مێرووله سەر کێوی ئیمان بکەون، تا ببینن ئەو دونیا و مرۆڤایەتییەی گەمژەکان شانازیی پێوە دەکەن، چ ڕیسوایی و سوکییەکە.

فەقێ ڕەش گوتی:

– ئێستا تۆ سەرکەوتی، هەر ڕۆژێک بانگت بکەن و بتنێرن دەچیت و ناگەڕێیتەوە، بەشێک لە ژیانی گومڕاکان وێران دەکەی. ئێستا تۆ یەکێکی لە شەهیدانی خودا. شەهیدێک کە دەڕوات و قسە دەکات، دەنوێت و لەناو ئێمەیە.

من گوتم:

– باوەڕ ناکەم پاک بوومەوە. باوەڕ ناکەم بەو مەنزڵ و پایەیە گەیشتم. من شەهیدی خودام. هەموو لە بەخشندەیی خودا و ماندووبوونی تۆوەیە.

ئێستا کە فەقێ ڕەش دەست بەرز بکاتەوە، کە دەست بەرزکردنەوەکەی بۆ ئاو خواردنەوە، یان سڵاوکردن بێ، پێستی پشتم کرژ دەبێت و دڵم ڕادەچڵەکێت نەک شەیتانێک، جندۆکەیەک لە پەنایەکەوە خۆی فڕێ بداتە ناو ئاگرەوە.

ئەو سەربازگەیە، کە قوتابخانەی ڕووح و دەروونیش بوو، ماڵ و شار و وڵاتم بوو. چەندان ژوور و هۆڵ و مەیدان هەر لەناو شاخەکە ساز کرابوون. ڕیازەتی ڕووحیی ئێمە، شەهیدان، بەردەوام بوو. ڕیازەتی هەرە قورسم، قورس نا، هەرە بەسوود و بەرەکەتم، لەژێر شاخێکی یەک مەتر بەرز، پازدە ڕۆژی ڕێک دەستیان بەبن میچەکەوە بەستمەوە، پازدە ڕۆژ بە پێوە نووستم و نانم هەر بە پێوە خوارد، شاگردێکی گوێڕایەڵ بووم، تەنها ناوی خودام لەسەر زار بوو. لە دوای ئەو پازدە ڕۆژە، قتوویەک هەنگوینیان دامێ و گوتیان هەر لێرە بە، دەبێ ئەو هەنگوینەش بەشی پازدە ڕۆژت بکات، بەڵام دەستم کرابۆوە و لەسەر زەوی بووم. دوای چەند کاتژمێرێک سەدان و هەزاران مێرووڵەی جۆراوجۆر، قالۆچە و کرمی بچووکی توکدار وەک داوەت کرابن، بە بۆنی هەنگوینەکەدا هاتن و بوونە شەریک و هاودەمم. من دەبوو بزانم ئەم هەنگوینە تەنها بەشی من نییە و ڕسقی هەموومانە. هەزار جار داوای لێبوردنم لە مێرووڵەیەک دەکرد کە بەر ددانم کەوتبا یان کرۆژتبام. ئەو ڕیازەتی ڕووحییە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەنگی دونیاپەرستیی بە ڕوومەوە دەبرد، ڕەونەقی لێدەستاندم، بەڵام ئارامی و ئاسودەیی و نوورێکی هێمن و نەبڕاوەی لە دەروونمدا دادەگیرساند، مەشق و پێگەیاندنی ئێمە بەردەوام بوو، تا ئەو ڕۆژەی بەرەو کاری دیاریکراوی خۆت نەتنێرن، ڕۆژبەڕۆژ مەشقەکانت قووڵتر و گرنگتر دەبن. تا بەو قوتابخانەی ئیمانەدا تێنەپەڕی، نازانی ئەو مەخلوقگەلەی لەو گوندوشارانە سەریان کردۆتە ناوگەلی دونیا، چەند بێ مێشک و ناحاڵی و پووچن. ئەوان لە ڕەنگی زەرد و چاوی وشکی من تێناگەن و ڕەنگی سوور و قەڵەو و تەڕ و حەیابەرەی خۆیان لاجوانە. هەر گۆشت و بەز و خوێنێک بوو، هەموویم دانایەوە، هەموویم دایەوە دونیا. هەموو بەرگێک بۆ من گەورە بوو. دەموچاوێکی تەنک و باریک، تەنها پێست و ئێسقان، چەند تاڵەموویەکی غەرقی عیبادەت. گوێکانم بە هەموو دەنگێک بێزار بوون، هەتا دەنگی ئەو ئیماندار و برا بڕوادارانەی

خەریکی ئەزموونی سەربازی و چەکبازی بوون. ئیدی گوێم چ کاری بە دەنگێک جگە لە دەنگی خودا نەمابوو، دەنگی خوداش هەرگیز بە گوێ نابیسترێ. من لەوپەڕی چلێپ و پیسییەوە هاتووم، هاتووم بەرەو کێوی تۆبە باڵ دەکوتم.

سێ مانگی تەواو لە ڕیازەتی سەبردا بووم. مەشقی سەبر و ئارامگرتن جوانترین ئاکار و شێوازی ژیانی فێر کردم. بەرزبـــوونەوە و نـــووسینی نـــاوت لەسەر لەوحەی ڕەزا کۆتـــایی تۆ نییە، بەڵام کۆتـــایی دنیایە. چـــاوپۆشین و فەرامۆشکردنی هەموو لەزەتێکە. دانەوەی خۆتە بە دونیا بەبێئەوەی هیچت لێی بوێ.

ئەویشیان لە ڕێڕەوی گەورە ئیمانـداران خـواسـتووە، سێ کۆڵەکەی هەیە، ئەوەنـدە بخۆ و بخۆوە بەس تـا نەمـری، ئەوەندەی نیشتنەوەی پەپوولەیەک بنوو، دەنگت نەبیستری. دەبێ هەمیشە بەئاگا بی تا ناوی خودا زۆرترین جار بە مێشک و زمـــان و دڵتدا ڕابـــووری. کە وانەکەی، ئیدی جیاوازیت چییە لەگەڵ ئەو ورچە پیرەی تەنـــها دەخـــوات و دەخواتەوە و دەنوێت.

لەگەڵ وشەی شەهیدی خـودا ڕاهـاتـبووم. شەهیدیم فڕین بـوو بەرەو بەرزی، بەرزیی بێ کۆتـا. فڕینێک بێ سەنـگ و سـووک. دوای مەشقی سەبـر، ڕیازەتی هەرە گـرنـگمان دەسـتی پێکرد، کە بۆ مـن تەنـها یەک وشە بـوو لەسەر زاری فەقێی ڕەشەوە پێمگەیشت، ئەویش فڕین بـــوو. ڕیازەتی فڕین و بەهەشـــت یەک بـــوو. لە ڕۆژی قیامەت، لە بەردەم فەخری کائیناتدا، لەناو جەنجاڵی ملیاردەها کەسی ڕووت و بێچارە. ملیاردەها هاوار و دەنگ و سەدا. ملیاردەها دەست و لاق و چاو. ملیاردەها ملیاردەها ئینسانی شەرمەزار و ڕیسوا و پەشیمان، چۆن دەرباز دەبی، چۆن لەوێش خۆت بە لقی ئیمانەوە دەگـری. چۆن لە ئـاگـری ژێرپێت ڕزگـار دەبی و لە مەنـجەنیقی سەرسەرت، کە خۆر بە ئەمـری خـودا ئەوەندە دێتە خوارێ خەریکە شاپەڕی بە ڕووخساری مەردوومەکان بکەوێت.

فەقێ ڕەش کە هەر باسی ئەو وانەی قیامەت و بەهەشتەی بۆ دەکردم لەرزی دەهاتێ و دەیگوت:

– ئێمە هەموومان وانەی بەهەشتمان خوێندووە، ئەو ڕۆژە دەچینەوە بەردەم خالق.

کە ئەو ناوی خالقی دێنا، من دەلەرزیم. ئەو دەیگوت:

– بلەرزە. تا دەتوانی لەبەر خەوفی خـالـق بلەرزە. لەو ڕۆژەدا بە سەر پردی سیراتدا تێدەپەڕین. ئەو پردەی لە مـوو باریکتر و لە مووس تیژترە. بەڵام خۆ پێویست ناکات تۆ ئەو وانەیە بـخوێنی شەهیدی خـودا، چونکە ئەو ڕۆژە تۆ بە دوو بـاڵ لە نـوور، دوو بـاڵ لە خۆشەویستیی خـودا، دوو بـاڵ لە ئیمان دەفڕیت و دەرگـاکـانی بەهەشـت بۆ تۆ لەسەرپشتن. تۆ لەسەر دەستی فریشتەکانی بەهەشت دەڕۆی. هەنگاو بە سەر بەرەدەستی ئەواندا هەڵدەنێی. مەنزڵی تۆ مەنزڵی وەلی و پیاوچاکانە. منزڵی مەلەکووتە. تۆ شەهیدی خودای تاک و تەنهای. تەنها من لە ڕیازەت و مەشقی تەرکی ژن و نەفرەتی مێ بەخشرام.

فەقێ ڕەش گوتی:

– تۆ پێویستت بەو وانەیە نییە.

دەبوو ژن بە نەفرەت بکەی. هەم وەکو جەستە حەزت بۆی نەچێت و بێزی لێبکەی، هەم لە ڕووحی خۆت بیبوغزێنی.

لەو سەربازگەیەدا نە ماڵێک هەبوو بیدزی، نە حەز و تەماحێک هەبوو بۆ خواردن، نە ژن و ڕەنگ هەبوو. من ویستم وانەی بەهەشت بخوێنم، چونکە پێشتر تەنها بەشی قیامەتم خوێندبوو. فەقێ ڕەش گوتی:

– بۆ تۆ وانەی بەهەشت تەنها وشەیەکە. تۆ بەرەو شەهادەت دەڕۆی.

ئەوەی بە ڕێگای شەهادەتدا بڕوات، فریشتەکان لە ئاسمان ڕێنوێنیی دەکەن. من دەمزانی ئەوان مەبەستیان چییە. ئەوە مەبەستی منیش بوو. مـن دەبوو بەو ڕووحە سـووکەمەوە، لەدوای ئەو هەمـوو مەشـق و پاکبوونەوەیە، کە بە قسەی ئەوان خودا قبوڵی کردبوو، بڕۆم و چەندی دەکرێ لەو مەخلوقگەلەی سەر دونیا، ناو تونێلەکانی هەوەس و پارە و

خواردن و ژن، قڕ بکەم و لەگەڵ خۆم بەرم، بەڵام دیسانەوە بەلای منەوە ڕیازەتی بەهەشت هەر گرینگ بوو. فەقێ ڕەش گوتی:

– من وانەی ڕیازەتی ڕووحیی ڕێگای بەهەشتم خوێندووە. دەبێ قۆناغی مردن ببڕی. لەناو قەبرێکدا خۆت بەند کەی. توانای خۆوەرگێڕانت نەبێ، تاریک بێ، ڕۆژی شەش کاتژمێر لەوێدابی.

من پرسیم:

– بۆ ماوەی چەند؟

– ماوە دیاری نەکراوە. تا ئەو گۆڕە تەنگ و تاریکەت بۆ ڕووناک دەبێتەوە، تا ئەو گۆڕەت بۆ فراوان دەبێ. تا دەتوانی بە کەیفی خۆت خۆی تێدا هەڵسووڕێنی.

ئەو گۆڕانە زۆر بوون، هەبوو بە شاخێکەوە هەڵقەنرابوو، هەشبوو لەسەر زەوییەکە بوو. فەقێ ڕەش ڕاستی کرد، شەش کاتژمێر مامەوە، گۆڕەکە بۆ من تەنگ نەبوو، بەڵکو فراوان و بەرین بوو. هەستم نەکرد تاریک بێ، من پێویستم بە چاو نەمابوو، بەدڵ، بە ڕووناکیی دڵ دەمدی.

ئەو گوتی هەنگاوی دووەم لەو ڕیازەت و ئەزموونە وێڵبوونە. هەستانەوەیە لە گۆڕ، ڕاکردنە بە پێخواسی بەناو خۆڵەمێشدا، بالگرتنە بەناو دڕک و ئاگردا، وەستانە ڕووبەڕووی بای گڕدار، هەروەک ڕۆژی حەشر و هەستانەوە.

فەقێ ڕەش ڕاستی کرد، من ئەو وانەیەم پێویست نەبوو. پێستم ئیدی هەستی بە گەرمی و دڕک و خۆڵەمێش نەدەکرد.

لە وانەی بەهەشتدا هەنگاوەکانی گۆڕەوشار، هەستانەوە لە گۆڕ، ڕۆژی قیامەت و ڕۆیشتن بەسەر ئاگردا دەخوێندرا، تا پەڕینەوە لە پردی سیرات. فەقێ ڕەش گوتی:

– پردی سیرات کاری ئیمانە.

من پرسیم:

– جا من ئەو ئیمانەم هەیە؟

ئەو پرسیی:

– ڕۆژی چەند کاتژمێر دەنووی، چەند لە خودا غافڵی؟

گوتم:

– هەر ئەوەندەی خەو پێمبوێرێ. ئەویش لەسەر هەستم.

پرسیی:

چەند دەخۆی؟

گوتم:

– هەر ئەوەندە سکم ئازاری نەمێنێ و زەینم مەشغوڵ نەکات.

– چەند دەخۆیەوە؟

– هەرگیز ئاو ناخۆمەوە. تەنها لێوم تەڕ دەکەم.

- تۆ لە مەنزڵێکی زۆر گەورەدای، دەتوانی چەند بتەوێ لەو مرۆڤە بێئاگایانەی ناو شارەکان لەگەڵ خۆت بەری. تۆ بەو باڵە نوورانەت بەسەر پردی سیراتدا دەفڕی.

من گوتم:

- فەقێکەم، مامۆستاکەم! من دەترسم. من لە دیداری ڕووحی خودا زراوم چووە.

ئەو گوتی:

- بترسە. تا دەتوانی بترسە. سیفەتی ئیماندار ملکەچی و ترسە. نووری خالق لەو ڕۆژەدا ئیماندارانیش دەسووتێنێ. هەرچی لە دونیات بردووە، بەو نووره دەتوێتەوە. ئازاری توانەوەی هەر زەڕەیەکی ئەوەندەی ئازاری ڕووحکێشانە.

من گریام و دەستەکانی فەقێ ڕەشم ماچ کرد، کە سەدان داریان لێدابووم. ئەو دەستە موبارەکانە هەموو لەشی منیان لەو چەند ساڵەدا ئەنجن ئەنجن کردبوو. بەسەر دەستەکانیدا گریام. لە دەستی خۆم زیاتر بەر پشت و سک و ڕان و سەروپێم کەوتوون. ئەوەی من پێوەی دەفڕم باڵ نییە، ئەو دەستانەیە. گوتم:

- گەورەم بەرگەی ئەو نووره ناگرم.

ئەو وەک هەمیشە دڵ ئارامکەرەوە و هێمن، گوتی:

- تۆ چیت پێیە هی دونیابێ؟

گوتم:

- هیچ نە گۆشتی دونیام پێیە، نە ماڵی دونیا، نە خۆشیی دونیا.

ئەو پرسیی:

- ئەی خەون و خەیاڵی دنیا؟

گوتم:

- نا. هیچ خەون و خەیاڵێکی دونیام لە سەردا نەماوە.

ئەو گوتی:

- تۆ لەو نووره دڵشاد بە، خۆشنود بە، بەئازارترین توانەوە لە بەردەم ئەو نوورەدا، توانەوەی خەون و خەیاڵی دونیایە.

فەقێ پرسیی:

خەون و خەیاڵی تۆ چییە؟

گوتم:

تەنها ئیسمی خۆی.

***

من ئامادەم و هەموو پلەکانی شەهادەتم بڕیوە. فەقێ ڕەش گوتی:

– دەبێ بچینەوە بەردەم موفتیی بوخارا، ئەو بڕیار دەدات.

من لە هەر هەنگاوێکی ڕیازەتدا، پلەیەک یان مەودایەک لە خۆم، لە ڕووناکی، لە مرۆڤ دوور کەوتبوومەوە. چووبوومە قوولایی تاریکی. نووری ئیمان لە تاریکیدا دەدرەوشێتەوە. بۆ قوولایی شاخەکەش چووبووم. ئەو شاخە لە هەموو لایەکەوە هەڵقەنرابوو، ژووری گەورە و بچووک، هۆڵ و عەمباری دووورودرێژ. ئەوە هەمووی کاری کوڕ و پیاوانی ئیمان بوو. کە بێپەروا بە سەدان و هەزاران کاتژمێر کاریان دەکرد. بۆ هەندێکیان مەشق و ڕیازەتی ڕووح، هەڵقەندن و تاشینی ئەو شاخە سەختە بوو. لە هاتنەوەدا خەڵکێکی زۆرم دیت، ڕێگای عەزابیان هەڵبژاردبوو، عەزابی جەستەی خۆیان دەدا، لەسەر دونیا تــوانەوەی خۆیان هەڵبژاردبـــوو لە پێناوی خـــاوێنبوونەوە و هەڵگەڕان بە کێوی ئیمانـــدا. نەمدەزانی لەو سەفەری باوەڕدا بۆ قوولایی ئەو شاخە چەندمان پێچووە، بەڵام کە هاتینەوە سەربازگەکە، یەکەمجار ڕووناکی، دواتر دەنگ و بینین ئازاریان دەدام.

چووینەوە بەردەم هەمان دەرگا، کە لەوێ زنجیریان کردم. ئەمجارە بێ پرس و دڵەڕاوکێ چووینە ژوورێ. فەقێ ڕەش کە ئەمجارە نەچووبووە سەرچۆک، گوتی:

– هاتووینەوە بەردەم بەرەکەتی ئێوە. گوناهکارەکەی جارانین، هەوڵیشمان داوە.

بۆ منی ڕوانی و گوتی:

– ئەویش هەوڵی..

جەنابی موفتی، مەلا بوخارا گوتی:

– مەیلێ، نهێنیی دڵی ئەو بەندەی خوایە مەڵێ. من دەیبینم. ئێستا هەر لەسەر جلکەکانیەوە، ڕووحی شەهید دەبینم، ئەو بۆ خودا ڕووحی خۆی کردۆتە نەزەر، ئەو بۆ خودا تواوەتەوە. دەیبینم لە ڕیزی ئیماندارانە.

سەری بۆ لای من سووڕاند و گوتی:

– کوڕم ئەی شەهیدی خودا سەر بەرزبکەوە.

مــن وەک مێرووولەیەک، بەڵام بە هەیبەتی بــاوەڕدارێکەوە سەرم بەرزکــردەوە و تەواو بۆ دەمــوچـــاوە پڕ بــاوەڕ و باوکانەکەی جەنابی موفتیم ڕوانی. هەمان باڵای بەرز و پتەو، هەمان ڕیشی لوول و تێکچرژاو، تەنها ژمارەی مووە سپییەکانی زیاتر ببوون، ڕووخساری سپی و چاوی کاریگەر و قووڵ، گوتی:

– من ناتوانم هیچ بڕیارێک بەسەر تۆدا بدەم، ئەوەتا ڕووحی خۆت بڕیاری فەنابوونی داوە. تەنها دەڵێم، ئەوەندەی دەکرێ سەرزەوی لە فەساد پاک بکەوە، ئەوەندەی دەکرێ بەرانبەر گوناهکاران دڵڕەق بە، لەگەڵ ئیمانداران تووند بە، ژنان ببوغزێنە و گەنجان تەمبێ بکە. سەرزەوی موڵکی خودایە، ئێوەش لە باشترین واریسەکانی خودان. هەرچی مرۆڤی گومڕا و خەتاکار و جاهیل لە سەری بنیات ناوە، وێرانی بکە. ئەوە نە خەتایە و نە نادادپەروەری، ئەوە ئەرک و مـافی ئێوەیە. هەر کـافرێک، هەر گـومڕا و لەدین دەرچـوویەک، هەر غەیرەدینێک، هەر مەسـت و فـاحیشەیەک، بە دەسـتی تۆ لەنـاو ببرێ، ئەوەنـدەی ئـازار و عەزاب و هـاواری ئەوان، فریشتە و مەلائیکەتەکـانی سەرزەوی و هەمـوو ئـاسمانەکـان سڵاو و درووودت بۆ دەنێرن. مـن لە ئێستاوە دەبینم، ڕووحی تۆ لەنـاو دەسـتی ئەوانـدا بەرەو بەهەشـت، بەرەو ئاسودەیی و باخچەکانی خودا دەڕوات. هەر منداڵێک یان ئیماندارێک لەو کاتەدا کە تۆ خەریکی پاککردنەوەی سەرزەویت، خودا ڕەحمی پێبکات و بکەوێتە پەنای تۆ و بەرکەوێت، بەهۆی تۆوە لەناو بچێ و لاشەی فانیی بکەوێتە سەرزەوی و بمرێ، ئەوە ڕووحی لەسەر باڵەکانی تۆ بەوپەڕی شادمانییەوە نزات بۆ دەکات و بەهۆی بەرەکاتی تۆوە دەچێتە بەهەشت.

لەگەڵ ئەو وتـانەی مـوفتی وەک گـومڕاکەی ئەوەڵجار، وەک خەتـابـارەکەی پێشتر، هەمـوو لەشـم لەرزی و کەوتـمە بەرپێی. ئەو زاتە موبارەکە بە گەورەیی خۆی داهاتەوە و شانی گرتم. من نازانم بێهۆش بووم، یان حاڵ گرتبوومی، کە

چاوەکانیم بەو نزیکییە لەسەر ڕووخساری خۆم دی، هێزی هەموو دونیا هاتە ناو ئێسقانە باریک و گۆشتە پووتەکەم. کە هەستامەوە، ئەو گوتی:

– سوێند بەخودا، کە دەستم بەر شانەکانی ئەو زاتە کەوت، هێز و جەزبەیەک چووە ناو دڵمەوە، کە تا ئەمڕۆ هەرگیز هەستم پێنەکردووە.

***

لە سزا و تۆبە و ڕیازەتکێشاندا زیاتر لە سێ ساڵم پێچووبوو، لەو سێ ساڵەدا سەربازگەکە فراوانتر و گەورەتر ببوو. گۆڕانێکی دیکەی ئەوە بوو لە لاتەریکێک بەشی ژنیان کردبۆوە. من تەنها بە بۆنێک کە لەوێوە دەهات سەد نەفرەتم بۆ دەناردن. هەرچەندە من بۆ ئەبەد کارم بەسەر توخمی ژنەوە نەماوە. فەقێ ڕەش گوتی:

– ئێمە لە دەرێ بین یان لێرە، لە تۆبە و مەشق بین، یان لە جیهاد و خەریکی شەڕی خۆمان بین، شەڕی ئێستامان تەنها خوداپەرستییە، شەڕی نەفسە. تۆ نابێ دڵت بەوە خۆش کەی کە ئارەزووت بۆ ژن نەماوە. شەیتان لە خەیاڵێکەوە، لە نیگایەکەوە، خۆی بە جەستەدا دەکات. تۆ وریابە، تۆ شەهیدی خودای و چاوەڕێی فەرمانی.

***

من و فەقێ ڕەش لە ژوورێکی بچووک، لە دامێنی شاخەکە، کە بە بەرزێکەوە هەڵقەندرابوو، دەماینەوە، ژوورەکە سێ لای تەواوی شاخ بوو، تەنها لای پێشەوەی بە بەردی سەخت و لووس هەڵچنرابوو. لەوێوە مەیدانی سەربازگەکە دیار بوو، نیوەڕۆیەک، وەختێک لە بەردەم ژوورەکە وەستابووم، فەقێ ڕەشم دیت، لە پەرگەی ژنان لەگەڵ ژنێکی ڕەشپۆشی باڵابەرز، قسە دەکات. چوومە ژوورێ دەستم کرد بە نوێژکردن، نزا و پاڕانەوە، "خودایە تا زووە فەرمانم بۆ دەرچێ و بڕۆم، بڕۆم و ڕووحم لەکەدار نەبێتەوە". فەقێ ڕەش هاتە ژوورێ و وەستا، وەستا تا نوێژەکەم تەواوکەم، من تەواو نابم. تەواو نابم و با فەقێ دوای ئەو دیدارە هەناسە و بۆنی کەسم بۆ نەهێنێ، با یەکسەر قسە لەگەڵ من نەکات. چەند جارێک بۆڵەی دێت، من تەواو نابم. سەر دەخەمە سەر سوجدە، بەڵام درۆ دەکەم و جگە لە باڵای ئەو ژنە هیچی دیکە بە مێشکمدا نایە، سەرم لەسەر سوجدە هەڵناگرم. فەقێ ڕەش گوتی:

– خوا خێرت بنووسێ..

من سەرم بەرز کردەوە، سەلامم دایەوە، چاوم هەر لە سوجدە بوو، ئەو گوتی:

– دەیەوێ قسەت لەگەڵ بکا.

– نامەوێ.

– دەزانی کێ دەڵێم؟

– هەر کەسێکە.

فەقێ چووە دەرێ. چەند هەنگاو دوورتر لە دەرگایەکە، چرپەچرپێکی کرد. دەنگێکی دیکە. دەنگێک کە ناخ و بوونمی پێکەوە هەلاهەلا کرد، دەنگێک کە بەربەستێکی نەهێشتەوە تێکی نەشکێنێ. دەنگێک کە هەموو پردەکانی ئیمانی بەسەردا ڕووخاندم، ئەو دەنگە منی کردەوە سەگێک، تەڕتەڕ، لە هەر شوێنێک خۆم ڕاوەشێنم موسڵمانان لەنوێژ دەبەم. من دەترسم، لە توانەوەی خەون و خەیاڵم دەترسم. ئەو دەنگە نەک ئیمانی من، ئیمانی شەهیدانی ئوحودیش بەبا دەدا. دەنگێک لەناو کۆڵان و شەقامەکانی کانێسکان دەنگ دەداتەوە و تا کانێسکان ماوە، نوێژێکی لێ بەرناکەوێ. لە دڵەوە گوتم "بەنەفرەت بی زولێخا" فەقێ ڕەش کە ڕەنگی نەک ئیماندار ئینسانی بە بەرەوە نەمابوو گوتی:

– مەحرەمی جەنابی موفتی هاتووە.

من گوتم:

– لەوە بێ کەڵکترم کەس ببینم، من چاوەڕێی فەرمانی ڕۆیشتنی یەکجاریم. فەقێ گوتی:

– ئەو داوای لە موفتی کردووە شەهیدی خودا ببینێ، داوای کردووە پێش ڕۆیشتنت چاوی پێت بکەوێ، خودی ئیمان و باوەڕ ببینێ.

لەو قسانەدا زولێخا کە هەموو لەشی داپۆشیبوو هاتە ژووری، گوتی:

– من دەمەوێ ئەو کەسە ببینم خۆی لە دونیا پاک کردۆتەوە و بەرەو بەهەشت دەچێ.

لە پەڕەسیغارێک تەنکتر بووم بۆ گڕکرتن. سەرم دانەواند و قسەم نەکرد. گوتی:

– من بۆ بینینی نووری ئیمان هاتووم. من لە تاوانی ئەو شارانە هەڵاتووم، من لە ڕووڕەشی هەڵاتووم، نەمتوانی چیدی بەرگەی ڕیسوایی بگرم.

ویستم بڵێم تۆ لە هەر شـــوێنێک بی، شەیتان لەوێیە. تۆ لە هەر شـــوێنێک بی، ئیمان لەوێ دوور دەکەوێتەوە. نەکـــرا سەرهەڵبڕم. ئەو گوتی:

– خۆم خستە سەر پێیە موبارەکەکانی جەنابی موفتی، نینۆکەکانیم ماچ کرد.

من بێئەوەی بمەوێ سەرزەنشتی کەس بکەم، ڕوانیمە فەقێ ڕەش، فەقێ گوتی:

– ڕاست دەکات، شەش مانگ پێشتر، کە ئێمە هێشتا نەهاتبووینەوە، هاتۆتە ئێرە و خۆی بەسەر پێیەکانیدا داوە، گریاوە و خاکی ژێر پێی خواردووە، جەنابی موفتی دەستی گرتووە هەڵیستێنێتەوە، بەیەکتری کەوتوون، بۆ دوورخستنەوەی خەتا و کرینەوەی ئەو ژنە لە گوناه و تاوان، گەورەمان مارەی کردووە. من نامەوێ سەیری زولێخا بکەم، چونکە پێشتر پێیان گوتبوم برینێک لە دڵیەتی، برینێک بەتاڵ و سارد.

***

سەربازگەکە ڕۆژبەڕۆژ گەورەتر دەبوو، بە ڕادەیەک گەورە ببوو، واتدەزانی تەواوی شاخی سووریێنی گرتۆتەوە. کاری تازە و ئەرکی تازە. خەندەق و دروستکردنی ژووری تازە. سەربازانی ئیمان بێپەروا لە تێپەڕبوونی کات، بێپەروا لە نەمانی ئەبوجەهل، شەڕی جەهل و نەزانینیان دەکرد. وانە و وتاری بەردەوام، مەشقی چەک و تەقینەوە و ڕیازەتی ڕووحی و سزادانی تاوانباران. دوای حەوت ڕۆژ لە هاتنی زولێخا بۆ ژوورەکەم، فەقێ ڕەش، گوتی:

– سبەینێ پێش نوێژی عەسر خوشکانی ئیماندار سزای سێ ژنی تاوانبار دەدەن، مۆڵەتت هەیە بێی بۆ تەماشا:

– من لە هەموو شتێک زیاتر پێویستم بە تاعەتە، ڕۆژەکانی من دیاری کراون، ناکرێ خوداپەرستی بە ڕوانینی قامچیی خوشکانی بگۆڕمەوە.

ئەو گوتی: ئەوەش هەر تاعەتە.

ئەو ژنە تاوانکارانەی دەیانهێنانە سەربازگە بۆ سزادان و پاکبوونەوە بوو، نەک ڕەجمکردن، ئەوەیان دەبوو لە شاردا و لە بەرچاوی خەڵک و کەسوکاریان بکرابایە. لەوەتەی لەو سەربازگەیەم، هەرگیز لە کاتژمێرێک زیاتر نەخەوتووم. دەبوو سزای ژنە تاوانبارەکان بدرێ، ویستم خەوەکەم بخەمە ئەو کاتە.

ڕاکشام و چاوم لەسەریەک دانان. بە جووڵە و ترپەی خاک، هەستم کرد لە ژوورە دوور و قووڵەکانەوە، لە هەر چواردەوری شاخەکەوە، لەو ژوورانەی کەوتبوونە ترۆپک، ئیمانداران بە ڕەوتی مێرووڵە دەهاتنە ناو مەیدانەکە. دەمویست بنووم و تەنها بیر لە حەق و خالق بکەمەوە، بەڵام دەنگی پێی ئەو حەشاماتە نەیدەهێشت بۆ چرکەیەک

ئارام بم. وەسوەسە گەورەترین دەردی ئیمانداره. وەسوەسە جوانترین ڕێگای پەرستنە، بەڵام بۆ من کە ڕەگم خەتایە، وەسوەسەیەک ئارامی لێهەڵگرتم. هەستام و هەر لە دەرگاکەوە ڕوانیمە مەیدانی سەربازگەکە. تاتێکی لووس و درێژیان بۆ سزادانی ژنەکان سازکردبوو، لە چواردەورەوە بە تەواوی دیار بوو. کە من تەماشام کرد، ژنی یەکەمیان سزا درابوو، ژنی دووەم بۆ خۆی تاتەکەی دەسرییەوە. من تائێستا بەردێکم بە جوانیی ئەو بەردی سزادانە نەدیوە. سوورێکی تۆخ، یان قاوەییەکی بەڕەونەق بوو، تەواو وەک ڕەنگی ئەو گڵە سوورەی هیندییەکان خۆیانی پێ سواغ دەدەن. ژنی دووەم تەنها سیوشەش جەڵدەیان لێدا، دوو کەس هەڵیانگرت و بردیانە ژوورێکی لای ڕاستی بەردەکە، ژنی سێیەم هەردووک دەستی بەسترابوونەوە و پەتێکی بەرینیشیان لە هەردووک پێی کردبوو، تا بتوانێ هەنگاو بنێ. هیچ جێگایەکی دیار نەبوو. وەک مەڕێک بۆ ئەو کارە خولقابێ، لەسەر تاتەکە ڕاکشا. ئەو ژنەی کە ئێستا مەحرەمی موفتییە و ڕۆژێک دەرویش و دوعاخوێن بوو، ئا، ئەو زولێخا، دوانزە جەڵدەی زۆر بەپەلە و لەناکاوی لێدا. ئەو ژنە نە دەنگی هات و نە هاواری کرد. فەقێ ڕەش بە دار بڵالووکێکی تازەوە هاتە پێشێ و ئەویش دوازدە داری لێدا. ژنە وەک نووزەی بێ، بەئاستەم جووڵایەوە. ژنە تۆزێک لەو دارە ئەستوورتر بوو کە پێیان لێدەدا. من نەمویست بیری ئەو ڕۆژانە بکەمەوە کە دارکاری دەکرام. سەدویەک جەڵدەیان لەو ژنە دا، بێئەوەی ئازاری ببیسترێ. نازانم بێهۆش بوو یان مرد، وەک فەردەیەک لە ئێسک و پرووسکی تێکشکاو ئەویشیان بردە هەمان ژوور.

ئەوەی نەدەبوو بیبیستم، بیستم. ژنە ئیماندارێک گوتبووی:

– دەبوو ڕەجم بکرێ. نەدەبوو ئێرەی پێ پیس بکەن. تا نووزەی تێدا بوو گوتی: "هەمووتان برامن هەمووتان مێردیشمن".

من ئەو ڕۆژە پرسەم دانا، ئێوارە لە لێواری خۆر، پەڵە تیشکێکم لە ئیمان بۆ ڕاخست، بە دوو دەست تەنها لە نووری خودا ئەو خوشکەی خۆم هەڵگرت، کە بە کێوێکدا کە تەنها نوور و پرشینگ بوو سەرکەوتم. ڕاست بەرەو پەڵە تیشکەکە چووم کە لە دامێنی خۆر بۆم ڕاخستبوو، لەو ئاسمانە بەرزە، لەسەر ئەو تیشکی ئیمانە درێژم کرد، لە هەر چوارلاوە لچکی تیشکەکەم بەسەر دادایەوە، ئەو سەر ئەوسەریم گرێ دا. لە بەردەم خۆر تیشکێک لە ژنێکەوە پێچراوە کە تەواوی جەستەی بە ڕەنگی خۆرەوە دیارە. لە هەر شوێنێکەوە ئێواران سەیری ئاسۆ بکەی، تەرمی ئەو ژنە دەبینی لە دەسماڵێکی بە ڕەنگی خۆرەوە پێچراوە و هەورەکان هەڵیانگرتووە. ڕووم تێکردو گوتم:

– من دەزانم تۆ شەهیدی خودای خوشکە خۆشەویستەکەم، ئاسکۆڵەکەم. ئەو تاوانباری گەورەیە، فوئاد. بەڵام فوئاد ئێستا لە کوێیە؟

پرسەی من، پرسەی برایەکە بۆ خوشکەکەی، پرسەی من، پرسەی هاوەڵێکە بۆ هاوەڵەکەی ژێر لێفەی. پرسەی من، پرسەی منداڵێکی کز و بێ باوک و سەرمابردوویە بۆ خوشکە دڵگەش و لێوبەخەندە و بەدبەختەکەی. ئەو شەوانەی کانێسکان، شەوە درێژەکان زستان، کە بە بێبەزەیی و تووندەکەی یەک لەسەریەک خۆی بە پەنجەرە بێ شووشە و بەنایلۆن داپۆشراوەکەدا دەدا. هەناسەی گەرمی ڕووی ساردی ئەو خوشکەم نەبوایە، کوا ئەو جەستە لاواز و بێ خوێن و غەریبەم بەرگەی ئەو سەرما و ترسەی دەگرت. ئێمە هەردووکمان لەژێر یەک گەورە بووین. لێفەیەک، ڕاستە لە چەند جێگاوە کون کون بوو، بەڵام بۆ ئێمە چەتر و نوای پادشا بوو. کە بەفر دەباری، ئاخر بەفری ئەو ساڵانەی کانێسکان، ساڵانی هەشتاکان، زۆر دڵڕەق و بێبەزەیی و سەخت بوو لەگەڵ ئێمەی منداڵ و هەتیو. بەفر بۆ کەسانێک خۆشە، کە خوێن نەک هەر لە دڵیاندا، نەک هەر لە دەمارەکانیاندا لە سەر ڕوومەت و ژێر پێستیشیان فڕکانی بێ. خوێنی ئێمەی هەتیو، ئێمە هەمیشە هەتیو بووین، خوێنمان پێویستی بە ڕاچەنین و گەشکەیە تا جێگای تەزیوی تۆپە بەفرێک لەسەر ڕوومانم یان دەست و لاقمان گەرم بکاتەوە. ئەو خوشکە چاو و دڵفراوانەم نەبوایە، کوا خوێنی من دەستە تەزیوەکانمی پێ گەرم دەکرایەوە. کە لە قوتابخانە دەهاتمەوە، بەتایبەت ئێوارانی زستان، ئەو پەنجە بچووک و باریک و بێ گۆشتەکانمی دەخستە ناو دەستەکانی خۆی، ئەوەندەی خودا هەناسەی پێدابوو کووی دەدان. خودایە بمبەخشە، تائێستا هیچ هەناسە و گەرمییەک ئەوەندەی هەناسەی ئەو ئارامبەخش نەبووە بۆ من، ئەوەندەی هەناسەی ئەو گەرمیان نەکردوومەوە. تەنها کوودانی ئەو وردەوردە ژیانی بۆ پەنجەکانم دەگێڕایەوە. ئاخر سەرمای سلێمانی

پەنــجە و كـوڵمی دەوڵەمەنـدەكـانی سـوور دەكـردەوە و هی ئێمەی ڕەش دادەگەڕانـد. دەسـتەكـانی بەدەوری گـوێ سووربووەكانمدا دەكردە پەرژین و دیسانەوە هەناسەی سپیەكانی خۆی پێدا دەكرد.

كە ئەڵماس لە شەكەتی و دەردەداریی خۆی خەوی لێدەكەوت، ئەو خـوشـكە نەشمیلەم تـوونـد لەبـاوەشی دەكـردم و دەیگوت:

– ئاسۆ، گەورە بین ئاگرێكت بۆ دەكەمەوە، ئەوەندەی گومەزەكەی كاكە ئەحمەدی شێخ بەرز بێتەوە.

من بە دەیان شەو بە گەرمیی ئەو ئاگرەی خوشكەكەم بۆی دەكردمەوە، خەوم لێدەكەوت، لە خەویشدا بە دەوری ئەو ئاگرەدا دەسووڕامەوە. ئەو خوشكە شیرینەی منداڵیم قەت نەبوو لە قوتابخانە پسكیتێك بكڕێ، نیوەی بۆ من لە بنی جـانـتاكەیدا نەشـارێتەوە. پـرسەی مـن بۆ خـوشـكەكەم، پـرسەی لەتێك پسكیتە بۆ لەتەكەی دیكەی. پـرسەی پەنـجە باریكەكانمە بۆ هەناسە گەرمەكانی.

من تۆم چۆن ناسی، من تۆم هەر نەناسی خوشكە جوانەمەرگەكەم. خوشكە كوژراوەكەم، خوشكە داركاریكراوەكەم، تۆم هەر نەناسی. یەكەم وێنەی تۆم لەو كاتانە لەیادە كە قەیتانەكانی پێڵاوەكەمت بۆ دەبەستمەوە، قژت دەكەوتە سەر پشتەپێم، هەر بە هەڵترووشكانەوە چاوە قاوەییەكانت بۆ هەڵدەبڕیم و دەتگوت "دەبڕۆ خێراكە با دوا نەكەوی" خۆزگە دوا كەوتبام، دوا كەوتبام و هەرگیز نەگەیشتبام. دوا كەوتبام و گەورە نەبووبام، ئاخر بۆ دەبوو گەورە بین. نەفرەت لە گەورەبوون. هەردووكمان هەر بەو تەمەنە منداڵییەمـانەوە لەو حەوشە قوڕ و دڵگەرمەدا گەورە نەبووبـاین، تـا ئەو فوئـادە تـاعـوونە كە گـوایە بـاوكمانە دەهـاتەوە. ئێمە گەورە نەبـووبـاین و ئەو هـاتـبایەوە. یان ئـاخ خـودایە تۆبە، هەر نەهاتبایەوە، پیاوێك بەو هەواڵە شوومەوە چۆن دەكرێ هەژدە ساڵ دواكەوێ؟

درەنگانی شەو چـوومە شـوێنی جەڵدەكـارییەكە، هێشتا خـوێن بەسەر بەردەكەوە مـابـوو. چەنـد دڵۆپە خـوێنێك منیان بەرەو ژوورەكەی لای ڕاسـت بـرد. ژنێك كە دەمـوچـاوێكی مـنداڵانەی هەبـوو، تۆزێك لەولای دەرگـایەكە دانیشتبوو، ئەوەندەی دەكرێ سەرم شۆڕ كردبۆوە خوارێ.

– شەهیدی خودا، لێرە كارێكتان هەبوو؟

من گوتم:

– من كارم بە كەس نییە، كارەكانی من لەم سەرزەوییە تەواو بوون.

ئەوەی پرسیارەكەی لێكردم، ئەو ژنە منداڵانە نەبوو كە لەوێ دانیشتبوو، زولێخا بوو، مەحرەمی تازەی جەنابی موفتی. لە پشتەوە بەرەولای من دەهات. من هەر سەیری بەرپێی خۆم دەكرد، بەڵام نەمدەتوانی پێڵاوە شینە تۆخەكانی نەبینم كە لەژێر عەبا ڕەشە قورسەكەیەوە دیار بوون. ئەو گوتی:

– ڕاستە جەنابی شەهید، بەڵام مەبەستی هاتنەكەشت بۆ ئەم دنیات زۆر گرنگە.

من بێدەنگ بووم، ئەو گوتی:

– گەر دەتەوێ، دەتوانی ببینی.

ئەو ڕێنوێنیی كـردم بۆ ژوورەكە، بۆنێكی سـارد و قـووڵ و خەسـت ژوورەكەی پڕ كـردبـوو. بەڕادەیەك خەسـت كە زەحمەت توانیم ببیرم و بچمە ناوی. هەرسێك سزادراو لە پاڵ یەكتری درێژ كرابوون. كەسیان بەرگەی داركارییەكەی نەگرتبوو، یەكەیەكە مردبوون. زولێخا گوتی:

– ژن بۆ خۆشی دوای داركاری حەز ناكات هەستێتەوە.

هەرسێکیان داپۆشـرابـوون. بۆنەکە چین چین لە سەریان هەڵدەسـتا و لە بنمیچەکە پەنگی دەخـواردەوە. هەنـاسەیان وەستابوو، دڵیان خەوتبوو، بەڵام زیندوویەتی لە جەستەیاندا مابوو، وردەوردە دەمرد و بۆنی مردن لە هەموو بۆنێک زووتـر خۆی ئـاشـکرا دەکـات. کـپ و مـات و خنکێنەرە. دیاربـوو، ئەو سێ ژنەش، دەیانـویست لە ڕێگای ئەو بۆنەوە پەیوەندییان لەگەڵ ژیان تا ئەو جێگایەی دەکرێ، درێژە پێبدەن.

زولێخا یان مەحرەمی تازەی جەنابی موفتی گوتی:

– دەبێ ئەو بۆنە تەواو بێت، جا دەیاننێژین. ئەوە بۆگەنی تەرمی ئەو شەیتانانەیە کە ڕازی نەبوون تا مردن جەستەیان جێهێڵن.

دڵۆپە خـوێنەکـان منیان بـردە سـەر تـەرمی سێیەم، هەرسێک تەرمەکە داپۆشـرابـوون، زولێخا لای تەرمی یەکەم وەسـتا. دەمزانی تەرمی سێیەم ئاسکۆڵە. بە دوودڵییەوە ڕوانیمە دەستکێشە شینەکانی دەستی، کە تەواو لە ڕەنگی پێڵاوەکانی بوو. سارد، ساردتر لە شین و سەهۆڵ، لە خوارەوە عەبای سەر تەرمی یەکەمی ڕاکێشا. لەگەڵ دەرکەوتنی ڕوخساری گوتی:

– شایانی ئەو کۆتاییە نەبوو.

ئیدی نەمـتوانی درێژە بەو ئـاراميیە درۆیینەم بـدەم، درۆیینە نـا، ئەو ئـارامییە کەڵەکەبـووەی نـاخـم، بە هەمـوو دەنگی خۆمەوە هاوارم کرد.

– ئەڵماس.

کەوتم، کەوتمە سەر ئەژنۆ. من بۆ دەبێ بۆ ڕاگرتنی چەند دڵۆپە خوێنێک ئەو هەموو ئازارە بکێشم! بۆ یەکەمجار وەک دایک مـردوویەک گریام، گریام و سەری خۆم بە دار و بەردداد کێشا. مـن لەوە سـووکترم هیچ بۆ تۆ بڵێم ئەڵماس. مـن دەبـوو تـا ئەو دونیا تۆ لە کۆڵ بـکەم. ئەو دونیایە وێران دەکەم، ئەو دنیایە وێران دەکەم ئێوەی کـردە تـاوانـبار و فاحیشە، ئەو خەڵکە پیس و بۆگەنە پارچەپارچە دەکەم. من هیچترم لەوەی ئەرکی خاوێنکردنەوەی دنیا بگرمە ئەستۆ. ئەو سـاڵانەی ئەڵماس ئێمەی تێدا بەخێو کرد و ئەرکی بۆ کێشاین، وەک گەڵای ڕزیو، با بردنی. هەمـوو کەس دەتوانێ پێیان لێنێ و وردیان کات.

زولێخا هاتە لای تەرمی سێیەم و پرسیی:

– دەتەوێ ڕوخساری ببینی؟

مـن سەیری زولێخام نەکـرد و نەمـتوانی وەڵامیشی بـدەمەوە، ئەو عەبـا ڕەشەکەی سـەر دەمـوچـاوی لادا. خـوێنم لەوە هێواشتر و مەیيوتر و ساردتر بوو ڕاچەنیم. چاوم بۆ چرکەیەک داخست و ناخ و قووڵایی مێشکم ڕەش ڕەش داگەڕا.

ئەو بە هەمان دووچاوی قاوەیی، کە لە کاتی بەستنەوەی قەیتانی پێڵاوەکانی منداڵیم بۆی هەڵدەبڕیم، تەماشای کردم. ڕوانینێکی تـاسـاو، نەجووڵاو، بێبن، تەنـها ڕەنگی چـاوی هی خۆی بـوو. شـوێنەوارێک لە ڕەنگی پێستی، لە قژە بـاریکە خـورمـاییەکەی نەمـابوو. کـوڵمەکـانی، لێوی، مـلە بـاریک و بەرزەکەی لە شـوێنێکی دیکەی دونیا لێ بەجێمابوو. زولێخا دەسـتی بـرد، لەبن عەبـاکەی دەسـتە نووقاوەکانی گـرت، شـتێکی تـووند لە مسـتی گـرتـبوو، زولێخا هەوڵی دا دەسـتی بکاتەوە نەیتوانی. تـووندتر پەنـجەکانی ڕاکێشا. گوێم لە تەقەی شـکانی پەنـجەی بـوو. لێواری کـاغەزێک دەرکەوت، مـن نـاسیمەوە، کـاغەز نەبـوو، لێواری دوا وێنەی هیوای کـوڕمـان بـوو، کە هەر لای وێنەگـری یادگـار گـرتـبوومـان، لە یادی دوو سـاڵەی لەدایکبوونیدا. من ڕووم سووڕاند و چەند هەنگاوێک دوور کەوتمەوە. زولێخا بانگی کردم:

– وەرە، با ئەو وێنەیە لای تۆ بێ.

من بێئەوەی بتوانم ئاوڕ بدەمەوە گوتم:

- بیخەوە ناو دەستی ئەو لە من ئارامترە.

من دەزانم هیچ شتێک لە خودا ون نابێ. لە من ون دەبێ، بەڵام لەو نا، ئەو ڕۆژانەی من لەگەڵ ئاسکۆڵ ژیام، ڕۆژانی منداڵی و شەوانی ژێر لێفە، کە دڵم دەیویست بەرەو گەورەبوون، باڵقبوون، حەزە شەیتانییەکان بڕوات، من ئاگادار بووم، هەموو خەیاڵە خراپەکانم دەسڕییەوە و هەزار جار ناوی خودام بەدەمدا دێنا، بەڵام ئاخ ڕووڕەش خۆم، ناوی موبارەکی بە دڵمدا نەدەهات. باوەڕ ناکەم ناوی خودا بە شوێنێکدا ختوورە بکات زولێخای لێبێ. زولێخا و ڕەنگی چاوەکانی ئاسکۆڵی لێبێ با مردوویش بێ.

من داوای لێبوردن دەکەم خوشکە ئازیزەکەم، کچە نازدارەکەی ئەڵماس، گەوهەرە ونەکەی فوئاد. من داوای لێبوردن دەکەم، چاوەکانی تۆ چاوی مردوویەک نەبوو جەڵدەکاری کرابێ. چاوی مردوویەک نەبوو لە ژووری سارد و پڕبۆنی شەیتان و لە پەنا دایکی و مردوویەکی دیکە ڕاکشابێ. نا چاوە قاوەییەکانت هەر هەمان چاو بوون، هەر هەمان چاوی زیندوو بوون، کە لەماڵەکەی زولێخادا پەخسیریان کردم. خودایە ئیدی تۆبەش دادی من نادات. با مەولاناش گوتبێتی ئەگەر هەزار جار تۆبەت شکاندووە، جارێکی دیکە وەرەوە. ئاخر ئەگەر شەیتان نەبێ، ئەو پێڵاوە شینانە چییە لە بیرم بەرێتەوە کە من پیاو نەماوم و خەسیوم. من دەبێ فەقێ ڕەش ببینمەوە، ئەوەندەم دارکاری بکات تا هەرچی شەیتانی دنیا هەیە، بەهێجگاری بار دەکەن. دەستەکانی ماچ بکەم و هەموو خەیاڵە حەرامزادەکانی خۆمی بۆ بگێڕمەوە. ئەو چاوە قاوەییانە هەر بەدوامەوەن، لەپڕ گەڕامەوە، هێشتا ژنە منداڵکارەکە لەبەر دەرگای مردووەکان بوو، چوومە ژوورێ، مەیتەکان بە هەمان عەبای خۆیان داپۆشرابوونەوە، لە بەردەم ئەوەی ناوەندیان وەستام.

یەکەمیان ئەڵماس، سێیەمیان ئاسکۆڵ. ئەوەی نێوانیان کێیە؟ لە ناخی دڵەوە گوتم:

دەبێ تۆ بی، دەبێ تۆ بی کە هەمیشە لەنێوانیان بووی. عەبایەکەم ڕاکێشا، عەبای سەر مەیتی دووەم، زولێخا بوو، بە هەمان ڕووخساری ئەو ڕۆژەی بردمی بۆ قوتابخانە. کڕنۆشم برد "سەد شوکر خودایە، سێ ژن کە منیان بە دنیاوە دەبەستەوە، بۆ ئەبەد جێیان هێشتم". ئەو ڕۆژە سەرم لێتێکچوو، هەر دەمگوت "تۆ دەبوو لێرەبای، لە ناوەندیان".

دەچمەوە ژوورەکەی خۆم، پشت بە خودا دەبەستم، هێمنترم. هەموو شتێک لە شوێنی خۆیدایە. بەرنامە دادەنێم، فەقێ ڕەش بێتەوە هەموو شتێکی بۆ باس دەکەم، ئەو زولێخایە کێ بوو جەڵدەکاری کرابوو؟ ئەوەیان کێیە بۆتە ژنی موفتی؟ خەوم لێدەکەوێ، خودا خەوێکم پێدەدا کە لەو ساڵانی کۆتاییدا هەرگیز نەمدیوە. لە پڕ ڕادەپەڕم، لە لەرزینی شاخەکە ڕادەپەڕم، بورکانی گڕ و ئاگر و تەقینەوە. دەنگی ئەڵڵاهوئەکبەر بەرز دەبێتەوە. منیش بە هەموو هێزم دەڵێم ئەڵڵاهوئەکبەر، نەک هەر دڵم، تەقینەوەکە تەواوی شاخی سووڕێن و ناوچەکەی گرتەوە. دونیا کپە، تەنها دەنگی گرمە دێت، دونیا ژێر و ژوور دەبێ. کەس نەبوو دەنگی بە کەس بگات. ئەوە چ هێزێکە ئەو شاخە ڕادەوەشێنێ؟ ئەوە چ سیحرێکە ئاگر لە تاشە بەرد بەردەدات؟ من دڵنیا بووم ئەو فەسادەی ئەو ڕۆژە لە دڵی مندا سەری هەڵدابۆوە، خودای تووڕە کردووە و ڕۆژی وێرانکردن و کۆتایی دنیای پێش خستووە. هیچ کەسێکیش دیار نییە پێچەوانەکەیم بۆ بسەلمێنێ. ئەی بۆ من نامرم و کۆتاییم نایەت؟ ئەوەتا لە بەرچاوم شاخ و زەوی و ئاسمان ژێر و ژوور دەبێ. نەک لەبەرچاوی من، لەگەڵ هەر تەقینەوەیەک ژوورەکان، ژوورە بەرد و شاخەکان، بەسەریەکدا دەڕمێن و لەت دەبن. بەڵێ ئەوڕۆ قیامەت هەستاوە.

ژووری جەنابی موفتی ئاسەواری نەماوە. مەیدانی مەشقی ئیمانداران بۆتە چاڵێکی قووڵ و گەورە. لەوەش زۆر دڵنیا نیم، چونکە تۆز و غوبار و دوکەڵ هەموو شتێکی داپۆشیوە. تەنها دەمەوێ بزانم ڕۆژە یان شەوە گرمە و تەقینەوەکان نامێنن. بەسەر دیواری ڕووخاو و تاشەبەردی لەتبوودا هەنگاو دەنێم. تەنها لە شتێک دڵنیام کە من جارێ زیندووم و هەناسە دەدەم، کەواتە نەفخی سوور لێی نەداوە و جارێ قیامەت بە تەواوی هەڵنەستاوە.

چاوم لەوە بێڕەحمترە کارەساتەکان نەبینێ، چاو جگە لە ئارەزوو شتێکی دیکە نییە. ئارەزووی دیتنی شەیتان و ئارەزووی دیتنی ملشکان و کەوتنی ئەوانی دیکە. چ دەبینم؟! چەند هەنگاو لەولاترەوە، فەقێ ڕەش کەوتۆتە ژێر تاشەبەردێک، تاشە بەردەکە کەوتۆتە سەر هەردووک لاقی، تا ئەژنۆکانی پان کردۆتەوە، خوێن لە دەم و لووتی دێ.

سەری بەرز دەکەمەوە، دەیخەمە سەر کۆشـم. ڕیشی مـاش و بـرنجیی، سـووریشی تێکەوتـووە. دەسـت بەسەر قـژە پەرش و بڵاوەکەیدا دێنم.

- مامۆستای ئازیزم. فەقێکەم، کاتی ڕۆیشتن نییە. هەستەوە، کارم پێتە.

ئەو بێئەوەی چاوەکانی بکاتەوە، گوتی:

- برۆ، لێرە برۆ. بۆردومان دەکرێین. من تازە ناتوانم هەستمەوە.

من توونـد دەستەکانی دەکوشم:

- نا، من بێ ئەو دەستانەی تۆ ناتوانم یەک هەنگاو بنێم، کێ بمپارێزێ؟

گوتی:

- خۆت، تۆ ئێستا دڵی شەهیدی خودات هەیە، تۆڵەمان بکەوە؟

هەستام و بە دەنگەوە گریام. ناترسم. لە تەقینەوە و ڕمانی شارەکە ناترسم، لە وەستانی دڵی فەقێکەم دەترسم. هەوڵ دەدەم بەردەکە بەرز کەمەوە. زۆر لە توانای من قورسترە. هەردوو دەستم دەخەمە بن هەنگڵی و ڕایدەکێشم. توونـدتر ڕایدەکێشم. ئەو دەنگێکی کپ و وەک خەنـجەری لەدەم دێتە دەرێ. بەرزی دەکەمەوە، خۆزگە نەمکردبـا، هەردوو لاقی لە ئەژنۆیەوە لەژێر بەردەکە جێ دەمێنێ. بەردەکە نـــا، کەرتە شـــاخە وەک چەقۆیەکە. خـــوێن بە جۆگەلە لە هەردوو ئەژنۆیەوە دێتە خوارێ و ئەو بە نووزەوە دەڵێ:

- ئەو چاکەیەم لەگەڵ بکە گوللەیەک لە سەرم دە، یان چەقۆیەک لە دڵم..

ئەو پێویستی نە بە گـوللـە، نە بە چەقۆیە. دەنگی دەبڕێت و سەروچـاوی ڕەش ڕەش دادەگەڕێ. هەردوو دەسـتەکـانی توونـد ماچ دەکەم و دەڵێم:

- توخوا لەگەڵ خۆتم بەرە.

ئەو بەتەواوی شـل بـووە و مـن لەو قـسەیە پەشیمان دەبـمەوە. دوور دەکەومەوە، دوورکەوتـنەوە لە سەرچــاوە و ڕێبەری ئیمانم لەناو ئەو دووکەڵەدا قورسە.

هێشتا زەویی ژێرپێم دەلەرزێ و ڕاسـت و چەپـم لێ تێکچووە، هەمـوو شـتێک لێڵ و تـاریکە. تـاتەبەردە قـاوەییەکەی چەڵدەکاری دەناسمەوە، هێشتا خوێنی پێوە مەییوە. دەشێ هەر خوێنەکەی ئاسکۆڵ بێ. ئا وەک خوێنی خۆم وایە. بە منداڵی دەیان جار کەوتووە و دەست و لاقی بریندار بووە، تا من خوێنەکەیم بۆ نەلستبایەوە، وشک نەدەبوو و ئازاری نەدەشـکا. ڕەنگی تەواو وەک خـوێنی کەروێشکە. مەیتی دیکەش زۆر لەولاو لەولا کەوتـوون. دەسـتێک زۆر دڵڕەقـانە ئەوانی پـارچەپـارچە کردووە. وا تێکەڵ بـووبـوون، بۆ خۆشیان سەروپێی یەکـتر نـانـاسـنەوە. ژوورەکەی ئـاسکۆڵ و ئەڵماسیش ڕووخـاوە و تەرمی ئەوانیش تێکەڵ بـوون و کەوتـوونە ژێر بەرد و دار و پـارچە و ئـاسنی وەک چەقۆ تیژ. ژنە مـنداڵکارە پـاسەوانەکە هەر لەوێ گـرمۆڵە بـووە و هەر ئەوەنـدەی چنگێکی لێ مـاوەتەوە. ئـاسکۆڵ و ئەڵماس دوو بەختیارتـرین کەسی نـاو ئەو سەربـازگەیەن، ئـاخـر ئەوان هەسـتیان بە ئـازاری لەتـوپەت بـوونی خۆیان نەکـردووە. دەسـتێک لەولاترەوە کەوتـووە، دەسـتێکی نـووقـاو، تەنـها تـا ئـانیشکیەتی. پەنـجە گەورەی شـکاوەتەوە، هێشتا لێواری وێنەکەی هیوا دیارە، هەمان دەنگم دێتە گوێ:

- ئەو وێنەیە بەرە، با لای تۆ بێ.

بە دەوروپشتی خۆمدا دەڕوانم، چەند تەرمێک کەڵەکە بوون، دوو کەس کەوتوونە چاڵێک و تاشە بەردەکەی تەنیشتیان یەکپارچە خوێنە. لەژێر دیوارە ڕووخـاوەکە لاقێک دیارە، پێیەکانی، پەنـجەکانی دەنـاسمەوە، سەرم پێکردون، گەرمیان

کردوومەوە. چاوم دەنوقێنم تەنها دەستی لێدەدەم، دەستم بەنێوان پەنجە باریک و وردەکانیدا دەگێرم، بەئاستەم ماچیان دەکەم، پەنجەکانی ئەڵماس بە کوێریش دەناسمەوە. لەولاترەوە چاوەکانی ئاسکۆڵ بە هەمان کراوەیی، بە هەمان ڕەنگی خۆیانەوە بۆم دەڕوانن، دیتیانم کە پەنجەکانی ئەڵماسم ماچ کرد. بەرانبەریان دادەنیشم لە دوێنێ ئێوارەوە زیاتر کراونەوە. ئەویش بۆمن دەڕوانێ. دەست دەخەمە ناو قژی، بەو نیازەی هەندێ ئازایەتی کۆکەمەوە چاوەکانی داخەم. دەست دەبەمە سەر ناوچاوانە باریک و تەنکەکەی. برۆکانی، خاڵە قاوەییە وردەکەی سەر لووتی. ناوچاوەکانی، داناخرێن. ڕازیی دەکەم، دەست دەبەمەوە، ناو قژی و پێستی سەری بۆ دەخورێنم.

یەکێک بە ڕاکردنەوە توند دەستم دەگرێت، ڕامدەکێشێ، منیش بەدوایدا ڕادەکەم، سەرەکە بەدەستمەوە دێت، قژی ئاڵقاوەتە دەستم، هاوارێک، هاوارێک، سەرەکە دەکەوێت، بەڵام کاممان بووین هاوارمان کرد، نازانم.

موفتی کە دیارە بریندارە و دەشەلێ، بانگمان دەکات، بانگی کەسە نادیارەکانی ناو ئاگر و بوخار دەکات:

– لە سەربازگەکە دوور بکەونەوە، بۆردومانەکە بەردەوامە، بۆلای دۆڵەکە شۆڕ ببنەوە. چەند کەس بەلامدا غاریان دا. قیژەی ژن و هاواری مەشقکەرە مێرمنداڵەکان. زەوی لەرزی و لەرزی و کەوتە هەوا، دەنگێک هاواری کرد:

– ڕاکشێن، ڕاکشێن، دیسان تەقینەوەیە.

– خۆتان بۆ ڕۆژی حەشر ئامادە بکەن، قیامەت نزیکە.

گەیشت، قیامەت گەیشت. بایەک کە بەردودار دەسووتێنێ. تەقینەوەیەک ناخی زەوی دەهاڕێ، شاخەکە، دۆڵ و درەختەکان دەسووڕێن و سەروبن دەبن، چەندجار لە هەوادا تەقڵە لێدەدەم، دەکەومەوە سەر عەرزەکە، چەند کەسێک کەووتونە سەرم، شل و خاو بە سەرمدا شۆڕ بوونەوە. دیسانەوە دەنگێک هاوار دەکات:

– خێراکەن، لێرە دوور بکەونەوە، خێراکەن.

دەمەوێت هەستم، کەسەکەی سەر پشتم ناجوولێ، خوێن بە لاملمدا دێتە خوارێ، ئەوەی تەنیشتم مەیتەکەی سەر پشتم لادەدات.

لێمدەپرسێ:

– تۆ سەلامەتی؟

دەمم پڕە لە خۆڵ، شان و ملم خوێنە، ناتوانم هەستم.

– تۆ سەلامەتی؟

دیسانەوە دەنگەکەی کانێسکان، دیسانەوە ژن و شەیتان و خەتا.

ئەو دەستم دەگرێت، یەکێکی دیکە یارمەتیم دەدات. دەمکاتە کۆڵی، هەردوو دەستم دەخاتە سەر مەمکی خۆی، "خۆزگە مەیتەکەی نێوانیان تۆ بای"، مەمک لە سارووخ و تۆماهۆک و بوردومان گەرمترە، لە ئاگر و تەقینەوە لەرزهێنەرترە، بۆ شەهیدێکی خودا وێرانکەرتریشە.

من خەسیوم، ئەوەش باشترین نیعمەتە بۆ ئیماندارێک. مێشکم هەمیشە لەبیری دەچێتەوە. مێشکی وەک هی من کەر لە دنیادا نییە. هی فەقێ ڕەشیش هەروا بوو، دوای ئەوەی پێیەکانی لەبن کەرتە شاخەکە بەجێ مان، پێش ئەوەی بمرێ، دەیگوت بنە پێم بۆ بخورێنە. پێیەکانی نەک بڕابوونەوە، پان پان ببوونەوە. نەک مێشکم، زولێخاش هەروا کەرە و نازانێ خەسیوم. لەناو ئەو چەرە دوکەڵەدا چاوەڕێی لە مردوویەکە، کە بە شانیەوەیەتی، دار عەسایەکەی هەستێت و لە پشتی چەقێ. ناتوانم بڵێم زولێخا زۆر درەنگە، زۆر.

***

یەکێک دەست بە سەروچاومدا دێنێ:

- برینەکەی سووکە، هەر بووراوەتەوە. هیچ نییە.

بەئاگا دێمەوە. برینەکەم دەپێچێ. چاو هەڵدێنم. نازانم لە کوێم، بۆ بزانم؟ دادەنیشم. زۆر باشم. بەڕاستی من شەهیدی خودام، هیچم لێنایە.

چەند خانوو لە دەوری ئەشکەوتێکی دامێنی گردێک. گوێم لە ئەبوودوجانەیە.

- هاوڕێکانی خۆمان خیانەتیان لێکردین. ئەوان ئاشکرایان کردین.

موفتیی بوخارا، مێردەکەی زولێخا گوتی:

- خودامان لەگەڵە. با هەموو دنیا دوژمنمان بێ. خۆشەویست تاقەکەسێک بوو، (هەموو سڵاواتیان لێدا، سڵاوات هێزت دەداتێ) تەنها خودای هەبوو.

چەند چەکدارێکی خۆمان دەرکەوتن، سۆفی خدری قاسن گوتی:

- خودایە جەنگاوەرانی ئیمان بپارێزی.

چەند کەسێکیان پێش خۆیان دابوو. سۆفی دیسانەوە گوتی:

- خوبەیب، شێری خودا وەرە ئێمە لێرەین.

گەیشتن، خوبەیب لە پێشیانەوە بوو، من پێشتر ئەوم لە سەربازگەکە دیبوو، زووتر هات، چووە لای جەنابی موفتی، گوتی:

- ئەو چەکدارانە هی حزبە کافرەکانن لەو دەوروبەرانە گرتومانن.

ئەبوودوجانە گوتی:

- نەفرەتی خودایان لێبێ. وایانزانیوە هەموومان کوژراوین، هاتوون تاڵان ببەنەوە. خوبەیب گوتی:

- دەڵێن پۆلیسین، بۆ پاراستنی ژینگە لێرەین.

ئەبوودوجانە گوتی:

- من خەڵکی ئێرەم، باش دەیانناسم، بە بیانووی پاراستنی ژینگەوە ڕاوی ئیمانداران دەکەن. ئەوەی سەرپەڕیان، مووسوورەکەیان ئامۆزای خێزانەکەمە.

موفتیی بوخارا بەوپەڕی لوتف و سۆزەوە گوتی:

- بەداخەوە، ناخۆشترین حاڵەت ئەوەیە کە دەبینین خۆشەویست و خزمانمان گومڕا دەبن.

موفتی داوای لە خوبەیب کرد مووسوورەکەیان بێنێ، دیارە لەبەر خاتری ئەبوودوجانە خیانەت لە باوەڕ و خودا دەکات و چاو لە دادپەروەری دەپۆشێ. هێنایان، لێی پرسی:

- ناوت چییە؟ پۆلیسی ژینگەی ڕاوکەری موسڵمانان.

- ئازاد.

خوبەیب گوتی:

- نەقیب ئازاد.

نەقیب ئازاد سەیری ئێمەی نەکرد، نەشیرِوانییە جەنابی موفتی و ئەبوودوجانە.

سۆفی خدری قاسن گوتی:

- لەبەردەم جەنابی موفتی بکەوە سەرچۆک، هەی گومرِا.

ئەو نەیبیست. خوبەیب گوتی:

- گوێت نییە؟ نابیستی؟

ئەو سنگی زیاتر بەرز کردەوە، وەک بیەوێ باڵای بەرزتر نیشان دا. پێم وابوو بە خزمایەتییەکەیەوە دەنازێ. نەمزانی ئەو بۆنی مەرگی خۆی کردووە.

خوبەیب لە دواوە پێلەقەیەکی توونەی لە بەتاڵایی ئەژنۆی دا، ئەو کەوت، نا، نەیهێشت، ئەژنۆی ڕاستی دادا و ویستی هەستێتەوە، پشتە کەڵاشینکۆفێکیان لە شانی چەپی دا، کەوتە سەرچۆک، ئەو لە دواوە دەستی بەسترابوو.

ئەبوودوجانە لێی پرسی (هەر بۆ ئەوەی کارئاسانیی بۆ بکات):

- پەشیمانی کە دژی قورئان شەڕت کردووە؟

ئەو گوتی:

- من سەر بە یەکەی سنوورپارێزم، بۆ وڵاتەکەم شەڕ دەکەم.

ئەبوودوجانە گوتی:

- وڵاتەکەت بەرنامەی شەیتان جێبەجێ دەکات. تۆ خۆت لە پێناو شەیتان زایە دەکەی.

نەقیب ئازاد بە دەنگێکی گەورە و هەندێ جار نووساو، سروودێکی خوێندەوە. من پێشتر ئەو سروودەم گوێ لێبووبوو، لە قوتابخانەکان دەگوترایەوە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە فاحیشەکانیان زووزوو بڵاویان دەکردەوە. من، زۆربەی ئیمانداران، هەردوو گوێی خۆمان گرت، تا دەنگی نەگریسی نەچێتە ناو دڵمان. خوبەیب لە دواوە نێزەیەکی بە پشتیدا کرد. ئاهێکی کرد و لەسەر سروودەکە بەردەوام بوو. خوێن فیچقەی کرد. جەنابی موفتی بە دەنگێکی نەرم و بەخشندانە، لە کاتێکدا تیخێکی باریک و تیژی بۆ ئەبوودوجانە ڕاگرتبوو، گوتی:

- ئەو خزمەت، با زیاتر ئازار نەکێشێ سەری ببڕە.

نەقیب ئازاد هێشتا لەسەر چۆک بوو، کە ئەبوودوجانە لە دواوە چەنەگەی گرت، تیخە ئاگرەکەی لەناکاو بە ملە درێژە باریکەکەی داهێنا من چاوم نوقاند و گوێم لێبوو دەیانگوت "فیچقەی خوێنە گڵاوەکەی دوو مەتر پەڕیوە".

کە چاوم کردەوە ئەو بەری دابوو، دەمەوڕوو کەوتبووە سەر زەوی، با لە قژە سوورەکەی دەدا و دەیلەراندەوە، لەژێر چەنەگەیەوە خوێن هەڵدەقوڵی. دەستە بەستراوەکانی لەسەر پشتی هێشتا دەجووڵانەوە. جەنابی موفتی گوتی:

– دەبوو سەرەکەیت لێکردبایەوە، پەیڕەوی ئێمە ڕێگا نادات قوربانییەکان لە کاتی سزاداندا ئازار بچێژن. با گومڕا و کافریش بن. بە پێچەوانەی حەیوانات و باڵندەوە، مرۆڤ وا باشترە لەدواوە سەر ببڕدرێت، لای ئێمە هیچ شتێک بێ حیکمەت نییە. مرۆڤ تاقانەی گیاندارانە ڕەگەکانی ژیانی لە پشتەملیدان.

من لەو هەموو دادپەروەری و سۆز و ئارامەی موفتییەکەمان هەتا بەرانبەر دوژمنانی خودا، سەرم سووڕ مابوو.

سێ دیلەکەی دیکە بێ پێگوتن کەوتنە سەرچۆک. گریان و قرووسکەیان دەهات. یەکێکیان خۆی بەسەر پێڵاوەکانی ئەبوودوجانەدا دابوو، گوتی:

– مەلا سلێمان گیان. من دەبمە عەبدی تۆ، ئێمە هاوسێ بووین. من سیروانم، سیروانی مامۆستا کەریم، قوربانی پێڵاوەکانت بم. دوژمنی قورئان بووم و تۆبە دەکەم. تۆبە لە سەر دەستی موبارەکی تۆ.

ئەبوودوجانە، کە ئەو گومڕایە پێی دەگوت مەلا سلێمان، تیخەکەی کە هێشتا خوێنی لێدەچۆڕا، بە سەری خاوێن کردەوە. لاقی ڕاپوسکاند بۆ ئەوەی لە دەستی دەربێنێ و ئەوەندە ماچی نەکات، ئەوەندە بەهێز گرتبووی، تا لەقەیەکی لێنەدا و هەموو ددانەکانی پێشەوەی هەڵنەوەرین بەری نەدا.

لە وەختێکدا لە سۆز و میهرەبانی بۆ ئەو هاوسێ کۆنەیان، چاوەکانی ئەبوودوجانە تەڕببوون، ڕووی خۆی وەرگێڕا و دەستی بەرزکردەوە و گوتی:

– پەنام بە تۆ خودایە، ئەرکێکی سەختت پێ سپاردووم.

تیخەکەی بە پشتە ملیدا هێنا و هەندێ دەنگی ناسازی لێوەهات، بە لاق و پێ ڕاوەشاندن ئەژنۆیەک عەرزەکەی هەڵدڕی. ئەبوودوجانە گوتی:

– من عەبدێکی ڕووڕەش، عەبدم بۆچییە؟ تۆ دەبێ عەبدی خودابی.

بەنیازی میزکردن چوومە ئەودیو ئەشکەوتەکە. هەر ئەوەندەی خۆم تەنها دیت، فرمێسک وەک باران لە چاوەکانم هەڵڕژان. گریانێکی بە قوڵپە و بێسنوور لە گەروومەوە هێرشی هێنا. نەمزانی بۆ گریان هێرش بۆ من دێنێ لە کاتێکدا شتێک لە ژیانی مندا نەماوە شایانی ئەسەف و فرمێسک بێ.

دوو دیلەکەی دیکە هێمن ببوونەوە. چوارمەشقی دانیشتبوون، ئەبوودوجانە خەریکی کاری ئەوان بوو، تەڵقینی دەدان، ئەو ئیماندارە گەورانە برسیی خزمەتی خودان. لەو تەنگانە و لەناو ئەو هەموو ئاگرەدا لە خەمی ئەوەن ئەو دیلە گومڕایانە کەمێک ئیمان لەگەڵ خۆیان بەرن. خەریکی تەڵقینی ئەوان بوو.

ئەبوودوجانە گوتی:

– خوا یەکە و تاقانەیە.

ئەوان، هەردووکیان، گوتیان.

– خوا یەکە و تاقانەیە.

ئەبوودوجانە گوتی:

– پێغەمبەر، محەمەد، نێردراوی ئەوە.

– پێغەمبەر، محەمەد، نێردراوی ئەوە.

من لە دڵەوە و بێدەنگ لەگەڵیانم دەگوتەوە.

- قورئان کتێب و بەرنامەی ژیانمە.

- قورئان کتێب و بەرنامەی ژیانمە.

ئەبوودوجانە بە دەنگێک کە هەر سۆز و باوەڕ بوو گوتی:

- باوەڕم بە قەزا و قەدەر، بە مردن، بە زیندووبوونەوە هەیە.

- باوەڕم بە قەزا و قەدەر، بە مردن، بە زیندووبوونەوە هەیە.

خوێنی ئەو دوو دیلە ئارامتر و هێمنتر لەگەڵ زکری خودا و تەکبیر و شەهادەی هەمواندا ڕژایە سەر عەرز و بە قەڵش و تیکەکاندا چووە خوارێ.

موفتیی بوخارا دەستی خستە سەر سەری ئەبوودوجانە و گوتی (لە وەختێکدا ئەبوودوجانە لە بەردەمی کەوتبووە سەرچۆک):

- خودایە پشتی ئیمانداران بگرە. ئەو زاتە بخە ژێر لوتف و کەرەمی خۆت.

- خودایە لە گوناهکاران خۆش بە.

دواتر دەستەکانی ئەبوودوجانەی گرت و بەرزی کردنەوە و گوتی:

- هەر کەسێک بەو دەستە موبارەکانە سەر ببڕدرێت نەک سزا با وابزانێ خەڵات کراوە. لەگەڵ ئەو قسەیە ئازارێک لە ڕەگی ملمەوە هەستا نەمزانی ترسە، یان حەزە بۆ سەربڕین. هەموومان، یەکەیەکە دەستە خوێناوییەکانی ئەبوودوجانەمان ماچ کرد. تیغەکەش کە هێشتا خوێنی لێدەتکا وەک خەڵات بە منیان بەخشی.

***

من گوتم:

- نایەم، تازە بەرگەی ژیان ناگرم. لەو دنیا چاوەڕێم دەکەن. دەمێکە ڕۆژەکانی من لێرە بەزایە دەچن.

زولێخا ئەو قسانەی منی بۆ موفتی گێڕابۆوە. ئەو بانگی کردم و گوتی:

- تۆ لەسەر زەوی بی یان لەو دنیا، تازە شەهیدی خودای. دەبێ نەفسی خۆت لە پێناو ئیماندا بەخت بکەی. ڕاستە فریشتەکان، حۆرییەکان چاوەڕێتن. پەلە مەکە. نابێ بە هیلاک چی.

ڕۆیشتین و سنوورمان پەڕاند. چەند کەسی چەکدار بە بەرگی مەردەنییەوە بەرەوپیرمان هاتن. بردیانینە سەربازگەیەکی گەورە. ئەبوودوجانە لەگەڵیان چووە ژوورێ، لەگەڵ سەرۆکەکەیان ڕاوێژی کردبوو. دڵنیای کردبۆوە کە لە دەستێکی پارێزراودان. ئەبوودوجانە کە هاتەوە گوتی:

- لێرە ئازادین، بەڵام دەبێ چەکەکانمان دانێین. تا سەربازگەی خۆمان بۆ دەکەنەوە، لەوێ مەشقمان پێدەکەن و چەکی تازەمان دەدەنێ.

دواتر گوتی:

- سوپاسی خودا بکەن کە سەلامەتن، ئەو ئێرانییانە بەڵای خودان، ورد و زانان، نهێنیی دنیا لە باخەڵی ئەواندایە، ئەوان زانیویانە ئێمە بۆردومان کراوین. دەڵێن بە ساروخی تۆماهۆک لێتان دراوە، ساروخەکانیان لە دەریای سوورەوە هەڵداوە. ساروخەکانیشیان دوژمنی خودا و باوەڕدارانن. ئەو ئێرانییانە گوتیان گومانمان هەیە، دەشێ بە لێزەریش

لێیان دابن. بەس خودا پاراستوونی. گوایە گرووپێکیان بەنهێنی ناردووە بۆ سەربازگەکەمان بۆ لێکۆڵینەوە و زانیاری کۆکردنەوە. سۆفی خدری قاسن گوتی:

– دەشێ ئەوانەی گرتبوومانن ڕەسەدی ئەوان بووبن.

موفتی گوتی:

– چی دەکەن با بیکەن. با شاخ و کێو وێران بکەن. ئیمان لە دڵماندایە. خودا سەرمان دەخات.

ئێرانییەکان زیرەک بوون. وانەی وردیان لەسەر چەک و تەقەمەنی و تی ئێن تی پێگوتین. مەشقەکانیان دوو جۆر بوون. مەشقی جەستەیی و زانیاریی شەڕ. بۆ خۆشمان ڕیازەتی ڕووحیمان هەر هەبوو. هەموویان موڵەتیان وەردەگرت و جارجار دەچوونە ناو شارەکان. من ناڕۆم.

ڕۆژێک ئاخوندێک هات و گوتی:

– من وانەی ئیمانتان پێدەڵێم.

ئەبوودوجانە تووڕە بوو هاواری کرد:

– کەس ناتوانێ وانەی ئیمان بە ئێمە بڵێ، ئێمە خودی ئیمانین.

ئاخوندەکە ڕەنگی نەگۆڕا، پێشنەکەنی، هەر بە دەنگی خۆیەوە گوتی:

– وانەکانی ئیمانی ئێمە جیاوازن. ئیمانی ئێوەش دەبێ تەواو بکرێ.

موفتی بڕیاری دا وانەکان بخوێنین. وانەی یەکەممان لەسەر ناوی دوانزە ئیمامەکە بوو، ئاخوندەکە گوتی:

– هەر کەسێ ناوی ئەو دوازدە ئیمامە وەک ناوی خۆی نەزانێ، ئیمانی تەواو نییە. یەکەیەکە ناوەکانی نووسی. عەلی کوڕی ئەبو تالیب، حەسەن موجتەبا، حوسێنی شەهید (لێرە دەنگی گڕ بوو گریا)، عەلی کوڕی حوسێن ناسراو بە زەینلعابیدین.

من ناوەکەی خۆمم بیرکەوتەوە، ئا، دایکم بەناوی ئەو پێشەوا بەناوبانگەیەوە کردووم. دەشێ ئەویش شیعە بووبێ. بۆ یەکەمجار ئەو ناوەم لە فوئاد بیست. لەو ڕۆژەوە نەمدیوەتەوە. گوتی ناوی یوڵدزنوورە. ئا، یوڵدزنوور، هیچ بیرەوەرییەکم بۆی نییە. ئاخوندەکە خەیاڵی پچڕیم و گوتی:

– پێنجەم ئیمام، محەمەدباقر کوڕی عەلی، شەشەم جەعفەری سادق، حەوتەم ئیمام موسای کازم. عەلی کوڕی مووسا ناسراو بە ئیما ڕەزا، محەمەد جەواد، عەلی هادی و حەسەن عەسکەری. ئاخوندەکە گریا، بۆ ئەو هەموو ئیمامە غەدرلێکراوانە گریا. بە گریانەوە گوتی:

– دوا ئیماممان، دوازدەهەم ئیمام. ئیمامی ون. ئیمام مەهدی ساحیب زەمانە. ئێمە هەموو چاوەڕێی ئەو دەکەین. ڕزگاربوون بە دەستی ئەوە. ئەو فریادڕەسی هەموومانە. ئەو ناتەواویی دنیا تەواو دەکات. ئەو ئیمانی ناتەواومان تەواو دەکات. ئەو دێت دادپەروەری بڵاو دەکاتەوە و مونافیقەکان سزا دەدات.

بەکوڵ گریا و مستێکی بە سنگی خۆیدا دا و گوتی:

– نەفرەتمان لێبێ، گەر ئێوە ئەی نوورە ئەبەدییەکانی خودا، هەرگیز لەبیرتان بکەین.

وەک پەیامەکەی گەیاندبێ، داوای لێکردین:

– هەموو لەگەڵ من بیڵێنەوە "نەفرەت لە یەزید".

ئەبوودوجانە هەستا پێ و گوتی:

– ئێمە نەفرەت لە هیچ پێشەوایەکی ئیسلام ناکەین.

ئاخوندەکە گوتی:

– ئەو جەللادی سەری موسڵمانان بوو، خودا بە نەفرەتی کردووە.

ئەبوودوجانە گوتی:

– کەس لەلای خوداوە نەهاتۆتەوە.

ئاخوندەکە سارد و هێمن گوتی:

– بەداخەوە، لەجیاتی بەرگری لە ئیمامە گەورەکان، بەرگری لە کافر و بەدناوان دەکەن.

ئەبوودوجانە توورە بوو، هەستا پێ و گوتی:

– بەداخەوە من. ئیمانم بۆ خودا و پەیامبەرەکەی لە قسەکانتدا نەدی.

من ئەو کاتە لە ژوورێک لە تەنیشت ژوورەکەی موفتیی بوخارا و زولێخا دەژیام. زۆرجار خزمەتی جەنابی موفتیم دەکرد و هەمیشەش خۆم لە دەنگ و دیداری زولێخا دەدزییەوە. زولێخا لە هەر تەمەنێکدا بێ، نەک بۆ منی خەسیو، بۆ بەردێکیش مەترسیی هەیە.

هەر ئەو ئێوارەیە، ئاخوندەکە و بەرپرسی سەربازگەکە، کە هەر بە جەنابی ئاغای سەرهەنگ بانگیان دەکرد و ناوی عەلیڕەزا سیستانی بوو. هاتنە دیدەنی موفتی. ئەوان هێمن و ڕووگرژ بوون. سەرهەنگ گوتی:

– ئێمە سەربازی ئیمامەکانمانین. خۆم و هەموو ئیماندارانی ئێرانی و دنیا فیدای ناوی بچووکترین ئیمام دەکەین. ڕازی نابم کەسێک لەسەر خاکی پیرۆزی ئێران ناحەقییان بەرانبەر بکات.

موفتیی قەندەهار بە ڕوویەکی خۆش و دەنگێکی وشکەوە گوتی:

– جەنابی سەرهەنگ، ئیمامە گەورەکانی ئێوە ڕێبەر و ئیمامی ئێمەشن. ئێمە بۆ پارێزگاری لە ناوی ئەوان، لە کەلیمەی حەق، چەکمان هەڵگرتووە. جەنابی ئاخوندەکە قوڕگی پڕ ببوو لە گریان، چاوەکانی تەڕتەڕ بوون، گوتی:

– ببوورە، پیاوەکانی تۆ، لە دژی ئیمامە شەهیدەکانی ئێمە بەرگری لە شەیتان دەکەن. چەند جارێ دەنگی نووسا. بەری لە فرمێسکە زۆرەکانی پێنەگیرا، بەکوڵ گریا. بە جۆرێک خەریکبوو سەری لەگەڵ هەڵقەندرێ. وەختێک هەوڵی دەدا فرمێسکەکانی بسڕێتەوە، لەبەر خۆیەوە گوتی:

– هەی نەفرەت لە عو...

سەرهەنگ عەلیڕەزا سیستانی قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

– شەیتان بەنەفرەت بکە.

جەنابی موفتی قسەی نەکرد، ڕەش هەڵگەڕا. سەرهەنگ دیسانەوە گوتی:

– بەیانی ئەو پیاوە دەبەین بۆ مەجلیسی ئیمامەکانی شار، تکایە یارمەتیمان بدە.

دیسانەوە موفتی بێدەنگ بوو، خوداحافیزییان کرد، جەنابی موفتی جگە لەوەی لە جێگای خۆی هەستا قسەیەکی دیکەی نەکرد.

ئەو شەوە بەشی هەرە زۆری جەنگاوەرەکانی ئێمە هاتنە ژوورەکەی موفتی. بەڕیز لەسەر ئەژنۆ دانیشتبوون. ئەبوودوجانە بە ڕەنگ و ڕوویەکی تووڕە و ئاگراوییەوە لەوسەری ژوورەکە دانیشتبوو، وەک ئەوەی خوێنی هەموو ئەو کەسانەی هێنابێتەوە کە سەری بڕیبوون.

موفتی گوتی:

– ئێمە لێرە جێمان کراوەتەوە، بەناوی هاوکاری و پشتگیرییەوە دژی کافران، بەڵام وابزانین دیلین، دیلین لە دەستی دوژمندا، دوژمنی سەرسەختی ئێمە ئەو مونافیقانەن، ئەوانە لە ئێمە نا، لە خودا هەڵگەڕاونەوە.

خودا ناپەرستن ئیمام دەپەرستن. ئەوان دەڵێن جوبرائیل خیانەتی کردووە. ئێمە ڕێزی ئیمامەکانی ئەوان دەگرین تەنها وەک موسڵمانێک و باوەڕدارێک نەک وەک شەریکێک بۆ خودا.

هەموو بە یەک دەنگ گوتیان لائیلاهەئیللەڵلا، یەکێک گوتی تەکبیر و هەموو سڵاواتیان لێدا.

بەیانییەکەی وەک جاران لە خەو هەستاین، کەس نەچوو بۆ مەشق و وانەخوێندن. نانی بەیانیمان وەرنەگرت و ناردمانەوە. سەرهەنگ سیستانی بە هەمان دەموچاوی ساردەوە، بەرەو مەیدانەکەی ئیمە هات، ئێمەش هەموومان بە یەک ڕیز وەستاین. بەرانبەرمان وەستا و گوتی:

– لای ئێمە سیستەم هەیە، ئەرک و ماف هەیە. ناکرێ لەسەر هەڵەی کەسێک هەمووتان مان بگرن.

دەنگێک لە پشتمانەوە لە شوێنێکی بەرزەوە، گوتی:

– جەنابی سیستانی ئەو کەسێک نییە. ئەو جەنگاوەری خودایە لە پێناو ئیماندا جەنگاوە.

سەرهەنگ گوتی:

– موفتیی بەڕێز، هەموو پیاوکوژێک نابێتە جەنگاوەری خودا.

موفتی بە هێمنیی باخەوانێکەوە کە بیەوێ بێت و هەنارێک بۆ میوانەکەی لێکاتەوە، هاتە بەردەم ڕیزەکەی ئێمە و بەرانبەر جەنابی سەرهەنگ وەستا. برینداربوونی لە بوردوومانەکەی شاخی سوورێن لەنگینێکی سەنگینی پێ بەخشیبوو، گوتی:

– جەنابی سەرهەنگ ئیدی ئێمە قسەیەکمان لەگەڵ ئێوە نەماوە. ڕێگا بدە لە وڵاتەکەت بچینە دەرەوە.

من لەوە بچووکترم قسەم هەبێ، بەڵام ئەوە ئەو قسە بوو، کە من دەمویست بیکەم. سەرهەنگ گەڕایەوە و سەربازەکانی لە ئامادەباشیدا جێهێشت. ئێوارەکەشی نانەکەمان گێڕایەوە.

ئەبوودوجانە پێشنیازی ئەوەی کرد، ئەو بەدەستەوە بدەن بەرانبەر ئەوەی ڕێگا بە ئەوانی دیکە بدرێ بگەڕێنەوە، یان بڕۆنە هەر شوێنێ کە خۆیان دەیانەوێ. موفتی ڕازی نەبوو، بەڵام ئەبوودوجانە چووە لای سەرهەنگ و ئەویش بەیانییەکەی بردی بۆ شار و دایە دەست لیژنەی پارێزگارانی خودا.

ئەو سێ مانگ نەهاتەوە، گوایە جەنابی موفتی ئاگای لێیەتی، نەک هەر ئەوە سەردانیشی کردووە. ئەو ڕۆژەی ئەبوودوجانە هاتەوە، ڕۆژێکی هەتاویی خۆش بوو. جل و پێڵاوی بۆ هەموان هێنابوو. ڕەنگ و شێوەی قسەکردنی گۆڕابوو، بەڵام موویەک لە ئیمانی کەم نەبووبۆوە. لە دوای ئەو سەفەرەی، ئەبوودوجانە زووزوو ون دەبوو، چەند فیداکارێکی لەگەڵ خۆی دەبرد و دەڕۆیی. هەستم کرد دەچنەوە شارەکانی خۆمان و کاری فیداکاری دەکەن. لەو

بێبەشبوونەی خۆم شەرمەزار بووم. زۆرم لە خۆم کرد و شەوێک چوومە ژوورەکەی جەنابی موفتی، زولێخا هاتە بەردەمم و گوتی:

– داوای چوونەوەی لێنەکەن. تۆ دەبێ لێرە بی.

من گوتم:

– زۆر دەمێکە چاوەڕێم. زیاتر بەرگە ناگرم.

زولێخا گوتی:

– خوداپەرستی لەسەر زەویش دەکرێت. بۆ هەر دەبێ تۆ خۆت فیدا بکەی؟

من گوتم:

– فیداکاریی من سەرەتا فتوای مامۆستاکانم بوو بۆ من، بەڵام ئێستا من خۆم دەمەوێ چەند زووترە سەر دونیا جێ بهێڵم، من دەمەوێ بە ئیمانەوە بڕۆم.

ئەو گوتی:

– من هەوڵت بۆ دەدەم، فتواکەیان پێ بگۆڕم، کاری باشترت لەدەست دێ.

من گوتم:

– فتوای ئەوانت پێ دەگۆڕدرێت، بەڵام خەتاکانی منت پێ پاک ناکرێتەوە. ئیمانی منیشت پێ ناگۆڕدرێت.

بردمی بۆ ژوورەکەی خۆی، من نەک لە ژوورەکەی، لە دەنگ و هەناسە و بۆنی دەترسام. لێی پرسیم:

– بۆچ ئەوەندە سووری لەسەر ئەوەی خۆت بتەقێنییەوە، بۆ چ دوای مردن دەکەوی؟

من گوتم:

– ژیان هەزاران ڕەنگی درۆی هەیە، مردن تاکە ڕەنگێکی ڕاستەقینە. بۆ تاوانباری بەسە ئەوەندەی هەناسە بدەی. بۆ هەڵوەرینی ئیمان بەسە ئەوەندەی ببینی. کوێرەکان چەند جوان بیر دەکەنەوە، دڵخۆشن بە نابینایی. ئەوان دەزانن ئەو هەموو هەستەی مرۆڤ هەیەتی زیادەن، هەر هەموویان تەڵەن بۆ تاقیکردنەوە و هەڵخەڵەتاندن. هەموویان پردن بۆ دۆزەخ. نابینا پردێکی نێوان خۆی و دۆزەخی ڕووخاندوە، کوێر و کەڕیش بی، واتە دوو پردت ڕووخاندووە.

ئەو پەچەکەی هەڵدایەوە، ڕوانییە چاوەکانم و گوتی:

– کوڕی کانێسکان وا بیر ناکاتەوە، لەوپەڕی مەترسیدا هێشتا ژیانی خۆش دەوێ.

بۆنی، ئەو بۆنە ژنانەی من لە هەموو کەس باشتر دەیناسم، توێ توێ ئیمان و خۆشنوودیی ڕیازەتی ڕووحیی لەسەر هەڵدەگرتم. دەیخستمە سەر هەلەکەسەمای ژیان. ژیان جگە لە چاوەڕێکردنی مردن هیچی دیکە نییە. من چاوەڕێ ناکەم و بەپیریەوە دەچم، نەک بەپیریەوە دەچم، خۆم فڕێ دەدەمە ناوی. نەرمتر گوتم:

– کاری باشی من ئەوەیە ژیان بە مەترسی دەزانم. چاوەڕێ ناکەم چەند لەشپیس و بێ نوێژێک بمخەنە ناو تەختەیەکەوە و بمبەن بۆ گۆڕستان. چاوەڕێ ناکەم لە چاڵێکدا بمشارنەوە، نا. من دەفڕم و دەست بە ئیمانەکەمەوە دەگرم و دەڕۆم بۆ تاقی ئاسمان، من لە فیردەوس چاوەڕێم دەکەن چ کارم بە بۆگەنی دنیایە؟

ئەو لەوپەڕی بێڕەحمیدا گوتی:

- کێ چاوەڕێت دەکات؟ ئاسکۆڵ؟ ڕۆژ نەبوو دەیان سەرخۆش و چەورە لە کۆلانی بەریدەکە سواری نەبن. لەبەر ئەو پاسەوانەکانی بازاڕ شەڕیان لەسەر نۆبەتی شەو دەکرد. درەخت نەماوە لەو سەیوانە ئەویان لەپاڵ درێژ نەکردبێ. ئەوەی لەگەڵ تۆشی کرد، ئەوە هەر ناشۆردرێتەوە. بەو منداڵییە جارێک نەهاتە ناو کۆڕی زکرمان. من کوێر بووم ئەو کاتە ڕووحی ئیمانم نەدۆزیبۆوە، ئێستا دەزانم چ شەیتانێک خۆی لە پشت ئەو کچەوە شاردبۆوە.

ناتوانم پێی بڵێم ئاسکۆڵ خوشکی منە و تۆ هەرگیز لەوە تێنەگەیشتی، ناتوانم پێی بڵێم ژیان بۆ من مانای نەماوە، لەو دونیا حورییەکان چاوەڕێم دەکەن.

ئەو قسە ڕەقانەی، ئینسان چ کائینێکی بێ تاریفە، هێشتا هەزاران دیواری شووشە ماوە لە دڵی مندا بشکێن، دیوارە شووشە و ڕەنگاوڕەنگ و ئابڕووبەرەکان لەبن هەموو ڕەگ و دڵۆپە خوێنێک خۆیان دەشارنەوە. ئەو ژنە لەوەتەی هەیە لە مێشکی مندا پاچکاری دەکات. لە شوێنێکی دیکە کون لە پەنگاوی حەزە شاراوەکان دەکات و بەسەر خۆیدا دەڕێژێ، لەلایەک هەستە نهێنیەکان دەدۆزێتەوە و ڕیسوام دەکات.

دەمباتە سەر جێگاکەی خۆی، لەسەر دۆشەکێک درێژم دەکات کە سێ ساڵ دەبێ من لە شوێنێ وا نەرم ڕانەکشاوم. شەرم لە خۆم، لە ئیمانم، لە خودا و لە باوەڕداران، لە فەقێ ڕەش و جەنابی موفتی دەکەم. شەرم لە جەستەیەک دەکەم لەسەر لۆکە ڕاکشێت کە باش دەزانێت لە گڵ دروست کراوە و دەشبێتەوە بە گڵ. من هەمیشە لە بێئیمانیم و لە کاتی باوەڕداریشمدا، وەک مەڕێک، مەڕێکی گێژ دوای ئەو ژنە کەوتووم. لە پشت سەرم دادەنیشێ، لێم دەپرسێ:

- چەند ڕۆژ نانت نەخواردووە؟

- هەفتەیەکە چوومەتەوە ناو ڕیازەتی ڕووحی و ڕۆژی تەنها سێ دەنکە خورما و سێ چا و سێ کاکڵە گوێز دەخۆم.

هەر ئەوەندەم پێ دەگوترێ. دەستی دەجووڵێنێ وەک ئەوەی خستبێتیە ناو قژە چەور و تەنک و بەسەریەکدا تلساوەکەی من. دەڵێ:

- تۆ هەر منداڵەکەی دوێنێی. ئاسۆ شەرمنەکەی ماڵە دوو ژوورییەکەی کانێسکانی. تۆ منداڵە باوک ونەکەی. کوڕە شیرینەکەی گەڕەکی. تۆ کوا خەتات کردووە؟ تۆ کرێکار و خەباتکاری ماڵی ئەڵماس بووی. بەخێوکەر و فریادڕەسیان بووی. تۆ دڵەکەی من بووی. تۆ فریشتەکەی من بووی. سەبووری و ڕووناکیی ڕووحی من بووی.

من هەست دەکەم، تەنها هەستێک، وەک ئەوەی کە لە خەونمدا خەونێکی دیکەم دیبێ. لە خەیاڵمدا خەیاڵێکی دیکەم کردبێ. لە سەرابێکدا سەرابێکی دیکە خولقابێ. دەست دەخاتە ناو قژمەوە، دەست بە ڕوومەتە قوپاو و زەردەکەمدا دێنێ، برۆ و بژۆڵە پرەکانم شانە دەکات. ئاهـ هەر لە خەونمدا کە خەوێکی دیکەم دیبێ، دەرگا دادەخات و قۆپچەی کراسەکەم دەکاتەوە، دەست بە سینگی بێ موومدا دێنێ، سکە قوپاوەکەم، پەراسووە دەرپەڕیوەکانم. دەستی ئەو ژنە لەوەتەی هەیە جارێک دەستی دایکمە و جارێک دەستی شەیتان. لەوەتەی هەیە نەک ئەمڕۆ، جارێک دەستی فاحیشەیە و جارێک دەستی فریشتە. من نازانم دەملاوێنێتەوە، دڵی بۆم دەسووتێ، یان هەوەسبازی دەکات. دۆخینەکەم هەر بۆ خۆی شلە، دەست دەباتە ژێری، تووکەبەرە تەنک و درێژەکەم، کەلامسە پووچاوەکان لەبەر دەستی دەخلیسکێن. من لەو خەونەمدا کە لەناو خەونێکی دیکەدایە، نازانم خەسیوم، نازانم خەسیوم و تەواو بووم، بەڵام ئەو دەزانێ. ئەو هەر ئەو ڕۆژە بۆی دەردەکەوێ، پێشتر من شاردبوومەوە، ئەو دەست دەباتە خوارتر، شتێکی باریک و بێ هێز و ساردی وەک چڵمی عەلەشیشێکی سەربڕاوی دەکەوێتە ناو دەست. ئەو لەو ساردی و گۆڕانی قەبارەی ڕادەچڵەکێ. دەستی دەکەوێتەوە سەر گونە پووچەکانم، باوەڕ ناکات و بەڕادەیەک ڕایاندەکوشێ کە من لە هەردووک خەوەکەم بەئاگا دێم، وەک ئەوەی دوو کفنم دڕیبێ، لە تویکڵی دوو هێلکە هاتبمەدەر.

ئەو بەسەر خۆی ناهێنێ، وەک کۆستێکی کەوتبێ، سەر دەخاتە سەر ئەژنۆی خۆی، وەک بگریەت، هەرچەند من فرمێسکی نابینم، ئاخر زولێخاش برینێک لە دڵی بوو، برینێک بە تاڵ و سارد، قووڵیش.

هەڵدەستێ، دەرگاکە دەکاتەوە، هەر لەوێوەوە دەڵێ:

- دەتوانی بچیە لای جەنابی موفتی تەنهایە.

دەچـــمە لای، ئەو سۆفییانە سەری بەرداوەتەوە، ڕیشە پڕەکەی لەسەر سنگی کەپـــڕۆکەی کـــردووە. دەڕوانێتە کتێبە پانەکەی بەردەمی، لەخۆی کۆنتر، کۆنێک فێنکایەتی بەدڵدا دێنێ، شوێن پەنجە و هەڵدانەوەکانی لەسەر لاپەڕەکە دیارە. سەیرم ناکات، ئەو هەموو شتێک بەدڵ دەبینێ.

- تۆ دەتـــوانی بڕۆی. لەگەڵ ئەبـــوودوجـــانە، پیاوی خـــودا و پیاوی شەڕ بڕۆ. هەر کـــارێکی ویست بیکە. ئەو ڕۆژی دیاریکراوت پێدەڵێ. تـــا ئەو ڕۆژە تۆ ئەمـــانەتی خـــودای لای ئەو، ئەمـــانەتی خۆشەویستی لەسەر زەوی. چـــاوەڕێی ئازایەتیتم، دڵیان لەتلەت بکە. لەگەڵ چوونە ئاسمانی تۆ، هەواڵم دەدەنێ.

دڵم پەلەپەلیەتی بۆ "ڕۆژی وادە" ئەوانە مەئـــموورەکـــانی خـــودان بۆ مـــن لەسەر زەوی. ئەوان ڕۆژەکـــانی مـــن، کـــاتـــژمێرەکـــانی کۆتـــایی ژیانـــم دیاری دەکەن، بەڵام دیسان بە سەیر و حیکمەتەوە. چۆک دادەم و ســوپـــاســگوزاری دەردەبڕم و سوجدەیەکیش بۆ خودا دەبەم. بە دەنگێکی هێمن و فریشتانە، یەکڕیتم و گەرم و نزم دەڵێ:

- تۆ لەو ماوەیەدا جگە لە ناوی خودا هیچ ناوێکی دیکە، هیچ قسەیەکی دیکە، هیچ هەناسەیەکی دیکەت بە دەمدا نایە. کە لێرە دەچیتە دەرێ نوورێک لەسەر سەرتە، کە دەخەوی ئەو ناخەوێت، لە شەیتان دەتپارێزێ، لە دڵەڕاوکێ دوورت دەخاتەوە. ڕووحی خۆت تەسلیمی ئەو نوورە دەکەی.

بەو هەمـوو هەیبەت و حیکمەتەوە، هەسـتا و هـاتە پشـت سەرم، مـن هێشتا لەسەر چۆک بـووم، ئەویش دەسـتی، لەپی دەستی خستە سەر سەرم، وەک لەگەڵ نوورەکە یان کەسێکی نادیار بدوێ، لەبەرخۆیەوە گوتی:

- تۆ حەقی، تۆ مـوبـارەکی، ئەو بەنـدەیەش لەبەر نـاوی تۆ، دنیای پیس فڕێ دەدات و بۆ لای تۆ دەگەڕێتەوە، نیازەکەی قبوڵ کە، کاری ڕاست بێنە.

هێز و ئـارامییەک پێکەوە هـاتنە نـاو مێشک و خـوێنم، هێزی تـووندوتیژی و هەڵەشـەیی نـا، هێزی ئارامی و هێزی دڵ و هێزی دەست لەخۆشـوشتن. تا هەم لێرە، لە دنیای دیکەش ئارامی و دڵنەوایی ئەو دەستە لەگەڵ خۆم دەبەم و هەرگیز فەرامۆشی ناکەم.

مـن چاوم نوقـاندبوو، دەسـتی نـوور و بـریسکەی لەسـەر ڕووخسارم و نـاوچەوانم جێ هێشتبوو، ئەو ڕۆیشتبوو، مـن تەنها لە ژوورەکە مابوومەوە، هەستام، چوومە دەرێ، لە بەردەرگا خوبەیب دەستی خستە سەر شانم:

- با بڕۆین، چاوەڕێمانن.

زولێخا لەبەر دەرگاکە وەستاوە، ڕووی تێکردم و گوتی:

- تۆ فریشتەی خودای، دیدارت دڵ خاوێنکەرەوەیە. من دیداری تۆ بۆ ئەبەد هەڵدەگرم.

چاوە گەورە و ڕەش و فراوانەکانی تەڕتەڕ بوون. ئەو تەنها چاوەکانی بەدەرەوە بوون، دواتر گوتی:

- تۆ بەختەوەری، خۆزگە هەمان ڕۆژی تۆ، ڕۆژی منیش بایە.

***

لەگەڵ خوبەیب لە سەربازگەکەوە چووینە دێیەک، ئەبوودوجانە و هـاوڕێکانی لەوێ بوون. دیاربوو چەند بار چەکیان بۆ هـاتبوو، چەکەکـانیان لەبەر یەک هەڵدەوەشـانـد و دەیانکردنەوە. لە چەنـد شـوێنەوە دەکرانەوە و کیس و نـایلۆنی بچووکیان لێدەردەهێنان. چەندان پشتێن و بەلەکپێچیان دروست کردبوو، ئەو کیسە بۆدرە و دەرمانانەیان لە گیرفانەکانیان دەکردن، سێ پشتێن و دوو بەلەکپێچیان لە من بەست. لە زۆر لە بازگەکان من و خوبەیب دادەبەزین و دێ بە دێ دەڕۆیشتین تـا لە شـوێنێکی دیاریکراو کە خـوبەیب دەیزانی، یەکـترمـان دەگـرتەوە ڕاسـتە مـن هەمـوو

ئارەزووییەک لە ناخمدا مردووە، بەڵام هەر دەمەوێ بەرەو سلێمانی برۆم و حەزێکی نهێنی بەرەو کۆڵان و جادەکانی هەڵیدەگرتم. من ناپرسم، ناشمەوێ هیچ بزانم. کەچی هەر زانیم بەرەو هەولێر دەڕۆین. دەڵێن هەولێر گۆڕاوە. بۆ من جیاوازیی نییە. پێش گۆڕانەکەشی من هەر نەمدیوە، پێشتر دەیانگوت کۆنە و ئێستا دەڵێن بۆتە شار.

خوبەیب دەڵێ:

– لەو شارە و لە هەموو شارەکانی دیکەش دۆست و برادەری زۆرمان هەن.

– من یەک دۆستم هەیە، ئەویش خودایە.

خوبەیب دەڵێ:

– ئەوانیش دۆستی خودان. دۆستەکانمان بە ترومبێل دێنە دوومان، لە بازگەکان ڕایانناگرن و کەس تەماشای چاویشیان ناکات.

من بێئەوەی قسە بکەم دەڕوانمە ئەبوودوجانە، ئەو گوتی:

– کاری تۆ لە هەولێرە. تۆ دڵ لەتلەت دەکەی.

چووینە دێیەک، نازانم چۆن، بە لاڕێ و جادەی خۆڵ و هەورازدا چووینە دێیەک، دێیەکە لە چاڵێکدا بوو، تا نەکەوتبایە سەری نەتدەدی، دوو پیاو، یەکی کامڵ و یەکێکی زۆر گەنج، چاوەڕێیان دەکردین. گەنجەکەیان ڕیشە درێژ و جێ جێکەی کە دیاربوو هەرگیز مووسی پێنەکەوتووە، بێ هێز و پانتۆڵ کورت بوو. خوبەیب لەپێش ئێمەوە گەیشتبووە لایان. بێئەوەی ڕاوەستن بەرەو گوندەکە سووڕانەوە و ئێمەش دوایان کەوتین. بردیانینە ماڵێک کە یەک تاقە ژنی هێندەی دنیا پیری تێدابوو. ژنە تەشیی دەڕست و چەند موویەکی سپیی ئەستوور و درێژ لە چەنەگە و ئەملاولای ڕوومەتی درێژ ببوونەوە. پیاوە کامڵەکەی لەگەڵمان بوو گوتی:

– مریەم با ئەوانە لێرەبن بۆ خۆم نانیان بۆ دێنم.

خوبەیب لە ژنەکەی پرسی:

– دایە هەر بە تەنها دەژیت؟

ئەویش گوتی:

– نا، بە تەنهاش نا. خوداشم لەگەڵە.

بۆ ئەوەی خوبەیب تەریق نەبێتەوە براکەی سۆفی خدری قاسن گوتی:

– دایە مریەم، مەبەستی ئەوە نییە. ئەو مەبەستی لە کەسوکارتە.

ژنەکە گوتی:

– کەسوکارم نییە.

ئەبوودوجانە پرسیی:

– هەر کەست نییە؟

ژنەکە خەریکی تەشی ڕستن بوو، گوتی:

- مێردەکەم، بەبیرم نایە کەنگی مردووە. کوڕەکەشم ها لەسەر ئەو باسکەیە.

خوبەیب پرسیی:

-ماڵی خۆی هەیە؟

ژنە وەختێک تاڵە مووەکان ڕدێنی دەلەرینەوە گوتی:

- ئا.

ئێمە هەموو ڕوانیمانە ئەو باسکەی ئەو پەنجەی بۆ ڕاکێشا. ئەبوودوجانە پرسیی:

- شوانە؟

باسکەکە تەواو ئەو شوێنە بوو، کە ئێمە پێیدا هاتبووین. ژنە گوتی:

- گۆڕەکەی لەوێیە، ئەو مردووە.

بە لاپاڵی باسکەکەوە دوو بەردی خڕ وەک کێلی قەبر سپی دەچوونەوە، ژنە گوتی:

- تەیارەی بەعس لێی دا، ئەو شوان بوو، حکومەت دێیەکانی ئەو دەوروبەرەی ڕادەگواست، خەڵکەکە بەو گرد و باسکانەدا بڵاو ببوونەوە، کۆفتەر سەری لە دوو نابوون. کوڕەکەشم هەر لەوێ مەڕی دەلەوەڕاند، هەر بەپێوە تەقەی لە کۆفتەری کرد. لێرەڕام زۆر هاوار کردێ نەکا. کردی. ئەویش ساروخی لێدا و کردیە دوو لەت. هەر لەوێشیان ناشت.

ئەبوودوجانە گوتی:

- ئێمەش کوڕی تۆین.

ژنە گوتی:

- نا ئی من تەقەیەک بوو، ئەویش مرد. ناشیەتەوە.

پشتێن و بەلەکپێچەکانمان نەکردنەوە. هەروا تاوێک نووستین. خوبەیب ڕاستی کرد، تەواو نانمان نەخواردبوو، برادەرەکانمان هاتن. دوو ترومبێلی گەورە، ناوی خۆیان و ئەڵایان وەک نیشانە لەسەر دەرگاکان نووسرابوو. ئێمە سوار بووین. ڕێگایەکە هەمووی بەست و چەو و جێگا چۆم و ئاوی باران بوو. دوای سێ چارەکە سەعات گەیشتینە سەر شەقامی قیرتاو، بەرین و ساف و ڕەش. خەڵکەکە هەموو هەر خەریکی پەڕۆ هەڵدان و هۆڕن لێدان و بەزم و ڕەزم بوون، شوفێرەکە گوتی:

- بۆ گومڕابوون، بیانوویەکیان هەر دەست دەکەوێت لەخودا یاخییانە.

ئەبوودوجانە گوتی:

- ئەو خەڵکە بە کەڵکی ئەوە نەماون قسەیان بۆ بکەی دەبێ وەک بۆق سەریان پان کەیەوە.

خوبەیب گوتی:

- خودایە لە شەڕ و گوناهی ئەو خەڵکە بمانپارێزە.

من زیاتر دەزانم، لە سلێمانی گەورە بووم و دەزانم شارەکان کانگای خراپە و خەتان. کانگای بێشەرەفی و نامەردین. نەک ژنە ڕووتەکانیان، ژنە خۆپارێزەکانیان، ئەوەندەی خەریکی ئەوەن سمت و مەمکیان لەبن جوبە و عەباوە دەرکەویت نیو ئەوەندە خەریکی خۆداپۆشین نین. ئەبوودوجانە لەسەر زاری ئەبوهوریرەوە حەدیسێکی گێڕایەوە، بەو مانایەی سەردەمێک دێ، تەنها خۆپاراستن لە خراپە غەزایە. خوبەیب گوتی:

– غەزای من خۆپارێزی نییە، دەبێ تەخت و تاراجیان هەڵگێڕینەوە.

من سەرم داخستووە و ناڕوانمە هیچ. من نامەوێ گوناهـ ببینم. با چیتر خەتا لەو ڕووحە بەستەزمانە بار نەکەم. ئێمە دابەزین، ترومبێلەکە دەچێتە ماڵێکەوە. شوفێرەکە دەرگاکە دادەخاتەوە، جا ئێمە دادەبەزین. لە ناوێدا خانووەکە گەورەیە. پشتێنەکانمان دەکەینەوە. پیاوێکی باڵابەرزی ڕیش ماش و برنجی، برۆ پەیوەست و درێژ دێتە ژووری. کوڕێکی باڵا ناوەنجیی چاوڕەش لەبەر دەرگاکە وەک پاسەوان وەستا. لەگەڵ ئەبوودوجانە دەستموچانێ دەکات و ئەبوودوجانە دەڵێ:

– مەلا محەمەدی سەفی گڵەزەردە، هەمووتان بیناسن. من و ئەو برای خوێنین. لە باوک و دایکێک نا، بەڵام خوێنمان تێکەڵ بووە، هەر لە وەختی شەڕی ناوخۆ، لەو هەولێرە مەلعوونێک بە گوللەیەک هەردووکمانی بریندار کرد.

مەلا سەفی گوتی:

– من هەر وامدەزانی ئەبوودوجانە بریندار بووە. دەورەمان گیرابوو، بەڵام تەقە وەستابوو، لە پشت سەنگەرەکەی خۆمان دانیشتبووین. لە کوێڕا ئێمەیان دیبوو؟ گوللەیەک دەستی ئەو وشانی منی پێکا. لەگەڵ ئەو قسانە، وردەوردە پشتێنەکانی ئێمەیان کردەوە و کیسە بچووکە پڕ وردەبۆدەر و بۆن قورسەکانیان دەرهێنا و هەر لە دیوارەکەدا کاشییەکیان دەرهێنا، کە تایبەت دانرابوو، کیسە بچووکەکانیان تێکرد و دایانپۆشییەوە. تەنها لە پێشتێنەکانی مندا سێسەد و دە دانە لەو کیسە بچووکانە هەبوو. قونداغی تفەنگەکان و هەندێ لە گوللەکانیش لەو کیسانەیان تێدابوو. مەتارەکانی ئەبوودوجانە کە من هەر وامدەزانی ئاویان تێدایە، پڕ بوون لەو کیسانە.

ئێوارە، هەر لەو ژوورەدا نوێژمان کرد و نانمان خوارد و نووستین. پێش بانگی بەیانی لە خەو هەستاین. هەر لە ژوورەکە، فەرشەکەیان هەڵدایەوە و دەرگایەکیان کردەوە، بە پلیکانەی نهێنیدا چووینە خوارێ. ژێرزەمینێکی گەورە و فراوان. پڕ لە چەک و تەقەمەنی. دوو کوڕی سپی سپی کە دیار بوو هەر لەوێ دەژین، بە بینینی ئێمە سڵاواتیان لێدا. لە بەرانبەر پێستی وەک کاغەزیان ڕیشیان هێندەی دیکە ڕەش دیاربوو. مەلاسەفی گوتی:

– دوو ساڵ زیاترە هەتاویان وێنەکەوتووە. من کە نیگەران بم، دەستی ئەوان ماچ دەکەم. کە تووڕە بم، بۆن بە ڕیشی ئەوانەوە دەکەم. کە لە خەڵکی دڵتەنگ بم، سەیری ڕووخساری ئەوان دەکەم. بۆنی کەوسەر و بای بەهەشتیان لێدێ.

مەلا محەمەدی سەفی ڕاستی دەکرد، تەنها دیداریان فێنککەرەوەی دڵ و مێشک بوو. ئەوان جمک بوون عومەر و عوسمان. باب و داکیان لەو پێناوەدا چووبوون. هەر لە تەمەنی دە ساڵییەوە مەلا سەفی گرتبوونیە خۆی. تا ئەوانت نەدیبا، نەتدەزانی ئەو مەلاخانە خوێیەمان چەند کاری گەورەی لە دەست دێ. لە هەر سوورەت و لە هەر ئایەتێکدا تەنها تاکە وشەیەکت گوتبا، ئەوان سەرەتا ئایەتەکە و دواتر سوورەتەکەیان بە تەواوی دەخوێندەوە، جارێک بە ئاسایی و جارێک بە تەجوید. لە قسەکردندا، لە نانخواردندا، لە نووستن و کارکردندا پەیڕەوی سونەتیان دەکرد و بۆ چرکەیەک لەخودا غافڵ نەدەبوون.

ئەبوودوجانە ڕووی لە من کرد و گوتی:

– تۆ لێرە لای ئەو دوو فریشتەیە دەمێنیتەوە. ئەوان کاری خۆیان دەزانن. ئەوەش بەختەوەرییەکە بە تەنیشت دوو مانگی ئاسمانەوە بی.

من گوتم:

- هێندە لە یەکتر دەچن ناتوانم جیایان بکەمەوە.

ئەوەی تەنیشتی مەلا سەفی گوتی:

- هەر کە باسی کارەکەی ئێستات و شارەزایی لە تەقینەوەت بۆ کرا، بزانە منم عومەر.

ئەوی دیکەیانی گوتی:

- هەر کاتێک باسی دنیای دیکەت بۆ کرا، جوانییەکانی، ئاسودەیی و خۆشنوودییەکانی بزانە منم عوسمان.

ئەوانی دیکە ڕۆیشتن، هەر ئەو سێیەمانماینەوە. عومەر گوتی:

- ئەو کارتۆنە دەبینی، تی ئێن تی تێدایە، ئەوانی تەنیشتی جۆرەکانی دیکەی داینەمیتن. ئەو بەرگ سوورەیان تەرەقە و کەپسوولن. ئەو بەرمیلانەش، ساچمەن.

عوسمان گوتی:

- من جگە لەوەی باسی ئەو دونیات بۆ دەکەم، دەشێ ئەو شتانە بەجۆرێکی دیکە ناوبێنم. بۆ نموونە (دەستی لە تی ئێن تییەکە دا) ئەوە بۆدەری بەهەشتە. تەرەقەکانیش پولی ئەو دونیان. (هەردووکیان بەخۆشییەوە زەردەیان هاتێ).

عومەر گوتی:

- ئەو تی ئێن تییە، تا ئاوا تەنهایە، دەستی لێبدە، تەیەمومی پێ بکە، زیانی نییە.

ئەو زۆر شارەزابوو، لەسەر کارتۆنێکی گەورە، لەوانەی لە سەردەمی جەهالەتدا دەمانکردنە نەشرەی قوتابخانە، نەخشەیەکی ورد و سەرنجڕاکێشی پشتێنێکی ئامادەکراوی کێشابوو. ئەو گوتی:

- ئەو پێشتێنە چواردە خانەیە، بە خەیاڵی دەمانچەی چواردە خۆر دروستم کردووە. خانەکانی لە ناوەوە پێک گەیەندراون، ئەو هێڵە سوورە باریکەی بە سەریاندا دەڕوات، ئەوەیان هی ترەقەکەیە. لای ئەو خاڵە مۆرەی ناوەند بەیەک دەگەن.

گوتم:

- واتا من دەست بەو دوگمە مۆرەی ناوەندا دەنێم.

ئەو گوتی:

- نا، ئەوەیانم ناو ناوە ڕێگای ناچاریی بەهەشت.

لەگەڵ ئەو قسەیە، هێندە شیرین پێکەنی تەواو وام هەست کرد بەرانبەر فریشتەیەکی خودا دانیشتووم و لە بەهەشتم.

دەستی برد کاتژمێرێکی دەستیی هێنا و گوتی:

- ئەو کاتژمێرە لە دەستت دەکەی. لەگەڵ خوێنت کار دەکات. ئەگەر دڵنیابی تا شوێنی مەبەست دە خولەکە، ئەوە میلە ڕەشەکەی دەخەیتە سەر دوو، بۆ خۆی لە دوای تێپەڕینی دە خولەک پشتێنەکە دەتەقێتەوە. ئەگەرنا، لە هەر شوێنێک دەست بە قورمیشەکەیدا بنێ بۆ ناوێ، کاری خۆی دەکات و هەموو شتێک کۆتایی پێ دێنێ.

عوسمان کە وەک منداڵێک پاک و بێگەرد گوێی گرتبوو، نەرم و شیرین گوتی:

– من نازانم تۆ گوێت لە زرمەیەک دەبێ یان نا، بەڵام تۆ بەخێرایی دەنگەکە دەڕۆی، بەرەو ئاسمان دەڕۆی، درەخت و گوڵ و باڵندەکان ئیرەییت پێدەبەن. تۆ دەڕۆی بۆ بەهەشتی خلود و ئەوان بۆ ڕزین جێدەهێڵی. بەلای هەر هەورێکدا تێپەڕی، لە شەرمەزاری و ئیرەیی خۆی فرمێسک دەڕێژێ و دەبێتە باران بێئەوەی بکەوێتە سەر زەوی. ئەو هەورانە کە لە داخ و ئیرەییدا فرمێسک دەڕێژن، خودا سزایان دەدات و هەرگیز نابنەوە باران و ناگەڕێنەوە ناو دەریاکان و سەر زەوی، لەناو دەچن.

عومەر گوتی:

– کە دەستت بە قورمیشەکەدا نا، دەبینی خەڵکانی جاهیل و دوژمن بە خودا، وەک مشک و مار پارچەپارچە دەبن و دەکەونە سەر یەکتر. لەگەڵ دەنگی تەقینەوەکە تۆ ڕووحی شەهید و فریشتەت بە بەردا دەکرێ و دنیا لەسەر ڕاستەقینەی خۆی دەبینی. ئینسانەکان لەسەر شێوازی ئەو گیاندارە پیس و پۆخڵانە دەبینی کە لە دەروونی خۆیاندا شاردوویاننەوە. دەور لە پارچە جلک و پێڵاوەکانت و دەست و لاقت دەدەن، بەڵام تۆ لەو سەرەوە گاڵتەیان پێدەکەی. خانووەکانیان وەک مقەبا و تەختەی سووتاو دەکەونە سەر یەکتر. چەند زۆرتر وێران بکەی، ڕووبەری کۆشکی بەهەشتی تۆ ئەوەندە فراوانتر دەبێ. چەند سەگ بتۆپێنی حۆری و کەنیزەت هەزار ئەوەندە زیاد دەکات.

من هەرگیز چاوم لە حۆری و کەنیزەی ئەو دوو ئیماندارە نەبوو، تەنها دەمویست چەندی زووە بمرم و ئەو جەستە نەگریسەم نەبینمەوە. من خۆم ناوێ. ئا، چاویشم نییە لە ڕەزامەندیی خودا و پاکبوونەوەی ئەو هەموو تاوان و زینایەی کردوومە. تەنها دەمەوێت ئارام بگرم، ئارامگرتنێک تەواو وەک زەریای هێمن.

عومەر گوتی:

– لەگەڵ تەقینەوە و وێرانکردنی شوێنەکە، دەشێ تەواوی دنیاش بڕووخێ و نەفخی سوور لێبدرێ. من دڵنیام لەگەڵ یەکێک لە تەقینەوەکانمان دنیا کۆتایی دێ.

من هیچ ناڵێم و عوسمان گوتی:

– تۆ گوێت لە کەڕەنای پێشوازی دەبێ. ئەو پێشوازییەی کە لە هیچ پادشا و شاهنشایەک نەکراوە. تۆ بەسەر باڵی فریشتەکاندا دەڕۆی. فریشتەی یەکەم، کە یەکەم هاوەڵی ئەو دنیاتە، باڵی شۆڕشۆڕ دەکاتەوە. باڵێک جێگای نیوەی دنیای لەسەر دەبێتەوە. لەگەڵ تەقینەوەکە و بەرزبوونەوەی ڕووحی تۆ، باڵی لەنگەر دەگرێت و هەڵتدەگرێ. هەرگیز ناهێڵێ ڕووحی بەرزەوەبووت بکەوێتەوە ناو خەتا و گوناهی مرۆ لەسەر زەوی. فریشتەکان شەڕیانە لەسەر هەڵگرتنی ڕووحی تۆ، ئیرەیی بە یەکتر دەبەن.

لە دڵەوە گەشکە و خۆشنوودی دەمگرێ. ئەو برا ڕاستەقینەم، ئەو عوسمانە فریشتەم، ڕاست لە دڵی منەوە قسە دەکات. من نامەوێ جارێکی دیکە بکەومەوە سەر زەوی. ئەو زەوییە ڕەق و دڵبەردە بۆ من تەنها سزا و ڕیسوایی بوو. هەر بۆ تەواوی ئینسانەکانی سەر زەوی جێگای بۆگەنکردن و ئابڕووچوونە.

عومەر گوتی:

– گوێ بگرە پیاوی خودا، کەپسول و ترەقەکان زیاد دەکەین. لە هەرە باشەکان دادەنێم، ئەوەندەی خانەکانی لەشت، ئەوەندەی ژمارەی گوناهەکانی ئەو خەڵکە ڕووڕەشە ساچمە و بۆڵبرینت بۆ دادەنێم.

عوسمان دەڵێ:

– هەر بەسەر باڵی فریشتەکانەوە، خودا شارە ڕیسواکانت نیشان دەدات، بەرگی ڕیا و خەتایان لێداکەندراوە. بە بەرگی ڕاستەقینەی خۆیانەوە، بەپێی بیروباوەڕ و نیازەکانیان دەبنە دەعبا و جانەوەری سەیروسەمەرە. تۆش بە ئاسماندا گەشت دەکەی. گەر حەز بکەی وەک پارچە هەورێک یان نوورێک تا ڕۆژی نەفخی سوور لە ئاسمان دەمێنیتەوە، بەڵام من دڵنیام تۆ دەڕۆی، دەچیە لای حۆرییەکانت، دەچی ئاوی کەوسەر دەخۆیتەوە. لەگەڵ سوپای حۆری و جارییە و

کەنیزەکەکانت دەڕۆی. لەو ڕووبار بۆ ئەو ڕووبار، لەو کۆشک بۆ ئەو کۆشک، لەو دارستان و باخچە بۆ ئەو دارستان و باخچە، لەو حەوزی هەنگوین بۆ ئەو حەوز، کۆشک و گوڵەکان زکرت بۆ دەکەن و پێشوازیت دەکەن.

من شایانی ئەو هەموو قسە و ئیلهام و بەخشندەییەی ئەو دوو پیاوە سپییە نوورانییە نیم. دەشێ ئەوان هەر بەڕاستی لەو دنیاوە بۆ نووربەخشینەوە هاتبنەوە، بەڵام من چ کارم بە حۆری و ڕووباری شەراب و کۆشک هەیە. ئەوەی ئەو دینە، ئەو خودایە بە منی بەخشیووە لە هەموو شتێک بەبەهاترە، ئەویش لێخۆشبوونە. سڕینەوەی ئەو هەموو تاوانە و لەسەر هەمووشیانەوە سڕینەوەی ئەو جەستە نەگریسەمە لەسەر زەوی.

بۆ یەکەمجار دەمم لە ڕاستیان هەڵێنایەوە و گوتم:

- ناچێتە عەقڵم ئێوە هی ئەم سەرزەمینە بن. ئێوە لەو دنیا، لە ئاسمانەوە بۆ من و گوناهکارانی وەک من دابەزیون.

عومەر بە هەمان نەرمی و شوکری خۆیەوە گوتی:

- باوەڕ ناکەی کە بڵێم من لەو کۆڵانە پیس و نەگریسانەی تەیراوا لەدایک بووم. منداڵیی خۆم باش لەبیرە، ئەو تەیراوایە بەسەر خەتادا وێران دەبێ. سەرچاوەی فاحیشە و گەرای بێناموسییە. نیوەی خوێڕی و شەلاتییەکانی ئەم وڵاتە لەو گەڕەکە سەریان دەرهێناوە. هەموو نووسەرە فاسید و خودانەناسەکان خەڵکی ئەوێن. من شارەزایانم شیعرە پۆخڵەواتەکانی خۆیانیان پێ لە قورئان، خودایە تۆبە، گرنگترە. شیوعی و مارکسی و فاسقیان پێ لە باوەڕدار و موجاهید چاکترە. ئەگەر سەردەمی پێغەمبەران بایە، خودا ئاگر و ئاسنی بەسەردا دەباراندن وەک شاری سەردوم و عامورا مەحفی دەکردنەوە.

عوسمان گوتی:

- باسی نیعمەتەکانی خودا بکە، واز لە گومڕاکان بێنە.

ئەو گوتی:

- نا، دەبێ بزانێ چ کارێکی گەورە دەکات. دەبێ بزانێ سەدوم و عامورا وێران دەکات. ڕێگام بدەن خۆم دەکەمە هەزار پارچە، هەر پارچەیەکم لە ماڵێکدا دەتەقێنمەوە.

من گوتم:

- من تەیراوام نەدیوە، بەڵام هەست دەکەم وەک کانێسکان، یان گاوران بێ.

عومەر گوتی:

- ئەو وڵاتە وێرانە. هەمووی کوفر و خەتایە. گاوران لێرەش هەیە، ئەوەتا هەردوو کیلۆمەتر لێرە دوورە. لە عەنکاوە هەرچی کافر و غەیرەدین و مەلعوون هەیە لەوێیە. ماڵەکانیان کارگەی عەرەق و شەڕاب و لەشفرۆشییە، دوکانەکانیان کۆگای فرۆشتنی زەقنەبووت و گەوادییە. هەرچی جاسووس و جوولەکەی دنیا هەیە، لەوێ خڕبۆتەوە. خودایە تۆ چەندە بە سەبری ئەو هەموو فەسادە دەبینی و وێرانیشی ناکەی.

عوسمان گوتی:

- تۆ داوای بەخشینیان بۆ بکە. تۆ بەسەر کانیاوەکانی بەهەشتدا دەفڕی. بەسەر دەریا بێسنوورەکانیدا. ڕاستە وەک دەریای ئێرە شینن، بەڵام کاڵتر، کاڵ و ڕوونتر، مرواری و گەوهەری ناوی دەبینی. وێنەی خۆت وەک فریشتە دەبینی، بە دوو باڵی سپییەوە بەناو زەریادا دەفڕیت و تەڕیش نابی. ئەگەر بتەوێ ئەو زەریا گەورەیە لە شەرمی تۆ ناجووڵێتەوە و شەپۆل نادات. تۆ بەختەوەری براکەم. پێش ئێمە ئاوی کەوسەر دەخۆیتەوە.

مـن پەلەمە بفڕم و دوور بـکەومەوە، ئـاوڕ لە زەوی نـادەمەوە. نـا ئـاوڕ نـادەمەوە و ڕووحی فڕیوی خۆم بە وێنەی پۆخڵی زەوی پیس ناکەمەوە، بەڵام حەسرەتێک لە دڵمدایە، حەسرەتێک کە ناتوانم بیدرکێنم، چی بڵێم؟ حەزدەکەم دایکم لەو سەرەوە ببینم! ئەگەر هیچ نەبێ گۆڕەکەی. دەبێ لە بەهەشــت چـاوم پێی بـکەوێ. مــن دەزانــم دەبێ بــمرم. لە مـردنیشدا، ئەو کەسەی سەری بە سنگی دایکی نەکـردبێ، سەری بە سنگی دایکی نەکـردبێ و بۆنی هەڵنەمـژیبێ، دڵێک لەو سینگەدا بۆی لێنەدابێ، هەرگیز ئارامی بەخۆیەوە نابینێ. هەرچەند گەورە دەبم، تامەزرۆم بۆ باوەشی دایکم زیاتر دەبێ. ئاخر من چۆن لەو دنیا دایکم بناسمەوە کە هەتا وێنەکەشیم نەدیوە؟ بۆ چرکەیەک شەیتان سواری سەرم دەبێ، با من لە بەهەشـت بم، بـا بە سەر گەوهەری مـرواریدا بڕۆم، بـا لەنـاو ڕووبـاری شیر و هەنگوین مەلە بکەم، لەسەر دۆشەکی قوو بنووم، کە دایکم نەبینمەوە، هەر تەنهام.

جورئەتم کرد و پرسیم:

- لەوێ کەسوکارم دەبینمەوە؟ مەبەستم دایکمە:

عوسمان گوتی:

- تۆ تەنـها داوای دەکەی، داوای بینینی ئـازیزان. تۆ شەهیدی خـودای، دڵی پڕنـووری تۆ بیری هەر کەسێک بـکات، بێ ناوهێنانی، دێتە لات.

سوجدەم برد و گوتم:

- خودایە هەزار جار شوکر، دەرگایەک دادەخەی، هەزار دەرگا دەکەیەوە.

عوسمان گوتی:

- کە دنیا دەرگاکانی خۆیت بەڕوودا دادەخات، خودا دەرگاکانی خۆیت بۆ دەکاتەوە.

## 11

ئەو شەوە تـا بەیانی نەخەوتـن. ئـاسۆ تۆ بڵێ زەینەڵ، ئیمانـدارەکـانیش دەڵێن شەهیدی خـودا، ڕاکـشابـوو، هەردووک هـاوەڵەکەی بە دەنگێکی ئاسمانی قورئانیان لەسەر دەخوێند. ئەو وەک ئەوان لە دڵەوە دەیگوتەوە. خۆشییەک تەواوی ئەنـدامەکـانی جەســتەی گـرتبۆوە. خۆشیی لەدنیادەرچـوون. دوو پشــتێنی نەرم، بەڵام پڕ و تـوکـمەیان لە کەمەری بەستبوو.

عومەر گوتی:

- ڕیازەت کەمەری نەهێشتووی، زۆر باریک بۆتەوە.

عوسمان گوتی:

- با پشتێنەکان بە سەریەکدا تێپەڕن.

ئـاسۆ وەک تـوێشووی ئەو دنیا ئـاگـای لە پشـتێنەکـان بـوو. بەشێک بـوون لە خۆی، وەک دڵ و جـگەری پێیەوە نووسابوون. تەرەقەیەک لە ناوەندیان لە ڕاستی نێوکی.

عومەر گوتی:

– ئەگەر ئەو نەبوو کە بە ئیزنی خودا دەبێ، دەست بە قورمیشی کاتژمێرەکەدا بنێ.

لە باوەشیان کرد، هەردووکیان گوتیان:

– ئێستا ئێمە بەرەکەت لە تۆ وەردەگرین.

چووە سەرێ، دەرگاکەیان لەسەر دوو کوڕە سپییەکە داخستەوە، ئەبوودوجانە لەوێ بوو، وەک ئەوەی ئەو ماوەیە هەر لەوێ چاوەڕێ بووبێ. خوبەیب هاتە ژوورێ، کوڕێکی ڕەشتاڵەی باریکی ڕوومەت کونجی جل ڕەشی لەگەڵ بوو.

ئەبوودوجانە گوتی:

– خەیبەر لەگەڵتان دێ. شوێنەکەت نیشان دەدات.

خەیبەر بە پارچەدارێک لەسەر عەرزەکە هێڵێکی کێشا و گوتی:

– مـن لای ئەو پـردە داتـانـدەبەزێنم. پێکەوە نـاڕۆن بـا خـوبەیب بـپەڕێتەوە ئەوبەر. تۆش لای تەکسییەکە دەوەسـتی. قەفەزێکت دەدەمە دەسـت، سەر ئەو پـردە هەمـوو کۆتـربـازن لە نـاویانـدا ون دەبی. ڕێک دەڕۆیە خـوارێ، بە بەردەم قوتابخانەکەدا تێدەپەڕی، کۆڵانی یەکەم نا، دووەم نا، سێیەم بە دەستە ڕاستدا، مەیدانێکە، باڵەخانەیەکی گەورەی لێیە، دەیان کەس لەوێ خڕ دەبنەوە. خۆیان ناوونوس دەکەن، مەشق بکەن و چەک وەرگرن و ئیمانداران بکوژن. تەواو لەو شوێنە، پیاوێکی سەر و ڕیش سپیی کۆماوە، خۆی بەسەر گۆچانەکەیدا دەدا. ئەو پیاوە چاوەڕێی تۆ دەکات.

ئاسۆ پرسیی:

– پیاوێکی سەر و ڕیش سپیی کۆماوە، بۆ چاوەڕێم دەکات.

خەیبەر گوتی:

– بەڵێنم پێداوە دوو کۆتر بۆ نەوەکەی بنێرم.

ئەبوودوجانە دەستی خستە سەرشانی ئاسۆ و گوتی:

– هەر لەو کـاتـژمێرەدا کە تۆ کـارەکەت دەکەی، جەنـابی مـوفتی دەسـت بەرز دەکـاتەوە، نـزات بۆ دەکـات. وەک نـوور لەسەر سەرتە، دڵت لای ئەو بێ.

بەڵام ئاسۆ دڵی لای خودا بوو، دەستی ئەبوودوجانەی ماچ کرد. سوار بوون. خەیبەر دە جاری دیکەش قسەکانی بۆ کردەوە، خوبەیب گوتی:

– یەکجار بەسە ئەو تێدەگات.

ئەو بەردەوام بوو:

– کە دابەزیت، بیرت نەچێ یەکسـەر مەڕۆ، لە سـندوقی سەیارەکەدا کـارتۆنێکی گەورەی تێدایە، خـوبەیب پێش ئەوەی بـپەڕێتەوە سـندوقەکە دەکـاتەوە، تۆش سەیری هیچ مەکە، کـارتۆنەکە بێنە خـوارێ. پری کۆتـرە، هەر لەوێ لەسەر شۆستەکەیان دانێ. خەریکیان بە تا بۆخۆم دەگەمە لات.

خەیبەر هات، کارتۆنی کۆترەکانی کردەوە، دوو کۆتری پەڕلەپێی سپیی لە کارتۆنەکە دەرهێنا. قەفەزێکی تەلی بچووکی هێنایە خوارێ و دوو کۆترەکەی خستە ناوی. دایە دەست ئاسۆ:

– ئەو پیاوەپیرە هەمیشە لەوێیە، یەکی سەروریش سپیی کۆماوە، خۆی بەسەر گۆچانەکەیدا دەدات و دەرۆزە دەکات. هەر کە کۆترەکانی لێوەرگرتی، هەر لە بەردەمی ئەو... برۆ ئیدی تۆ من ناناسی.

***

ئاسۆ بەرەوخوار بۆوە، جارجار دەستی بۆ پێشتێنەکەی دەبرد. خۆرێکی زیوین لە چاوە بێرەونەقەکانی دەدا. بایەکی نەرم دەکەوتە سەر ڕوومەتە زەرد و بێگیان و پـایزییەکەی. کۆتـرەکـان بە هەوای فێنکی ئەو بەیانییە مەسـت بـبوون. ئەوان ئـاگـایان لە بەرنـامەی وێرانـکەری ئینسانەکـان نییە. خەڵکی بە دەنگەدەنگ و هەراوە تێدەپەڕین و پەلەیان بـوو. ژنێکی وەک زولێخا باڵابەرز و توکمە بەلایدا تێپەڕی و پرسیی:

– کۆترەکانت نێر و مێن؟

ئاسۆ تۆ بڵێ زەینەڵ، وەڵامی ژنەکەی نەدایەوە، لەبەرخۆیەوە گوتی:

– نەفرەتت لێبێ زولێخا.

ویقەویقی ترومبێلی پۆلیس، هۆڕنی ماشێن، بەئاگایان هێنایەوە. نوورەکەی سەرسەری، یان خودی موفتی بوو. گوتی:

– ئاوڕ مەدەوە تۆ بەرەو دەرگای خودا دەڕۆی.

هەورەکان وەک لە پێشوازیی ئەودابن، دەهاتنە خوار، ئاسمانێکی بێگەرد چەند پەڵە هەورێکی سپی.

خـوبەیب بەرانـبەر کۆڵانەکەی ئەو دەبـوو بۆی بچێ، لەو بەرەوە لە پەنـا دارێک وەسـتابـوو، کـارتۆنی کۆتـرەکـانی لە بەردەم بوو. ئەو ئـاوڕی لێنەدایەوە. ئەوە کۆڵانەکە، ئەوە باڵەخانە گەورەکە، ئەوە دەیان گەنجی سەر ڕووت و سـووک و ڕیسوا، لەسەر نـاونـووسین لە ڕیزەکـانی گـومڕاییدا خەریکە پشـتی یەکـتر دەشکێنن. هەر لە ژێرەوە چـاوی گێڕا. سەرەتا گۆچانەکەی دیت. نووکی گۆچانەکە لە کەلێنی کاشییەک گیرابوو. کابرای سەروڕیش سپی هەموو قورسـایی خۆی خســتبووە سەر. سەروڕیشێکی ســووتــاو بەهەتــاو و دووکەڵی جــگەرە. دەمی کــابــرای پیر لە بێدەدانی و چرچبوونیدا بەسەر یەکدا کەوتبوو. لچولێوی داچۆڕاو و گوویی ئەوەندەی خوا حەز کات قوپاو، بژۆلی درێژ و ئاڵۆز. لە ژێر برۆ و پێڵووە کەوتووەکانیدا دوو چاوی ڕەش، قووڵ و کوژاوە. ئەویش سەیری دەموچاوی ئاسۆی نەکردبوو، چاوی لەسەر کۆترکان بوو، بەو هەموو ماتی و غەمبارییەوە زەردەخەنەیەک کەوتە سەر ڕووخساری.

زەردخەنەی دەمێکی بەتاڵ بۆ کۆترەکان. پێش ئەوەی ئاسۆ هیچ بڵێ:

– دەمزانی بەڵێنەکەت دەبەیە سەر.

ئەو قەفەزەکەی بۆ ڕاداشــت. ئەو نەیدەتــوانی گۆچــانەکەی بەردات و لێی وەرگــرێ. کــابــرای پیر ئــاوڕی دایەوە، بە دەنگێکی نووساو بە جگەرە، هاواری کرد:

– هیوا وەرە، ئەوە لەکوێی کۆترەکانیان بۆ هێناوی.

ئاسۆ تـاسـا، تـاسـا و خەریکبوو بکەوێ، ئـاسۆ بە دیتنی مـنداڵەکە تـاسـا، هەرچەنـدە دەنگی پیاوەکەش لە وێرانکردنیدا کەمی نەکردبوو.

ئەژنۆکانی لەرزین، دڵی لەرزی و زمانی تەلیسم لێی دا، وشک بوو. لە بیری چۆوە نوورێک بەسەر سەریەوەیەتی. لە بیری چۆوە هەورێک چاوەڕێی دەکات. لە بیری چۆوە خۆی هەڵداتە سەر باڵی فریشتەکان، کە ئەوەندە شۆڕ ببۆوە خەریکبوو لە عەرزەکەی دەدا. لەبیری چۆوە کە دەبێ ئەو خەڵکە وەک جڕ و جانەوەر لەتلەت بکات.

منداڵەکە گەیشتبووە بەردەمی، دەستیشی بۆ قەفەزەکە ڕاکێشابوو، بۆ کۆترەکان دەتریقایەوە.

ئاسۆ دەیویست دوور بکەوێتەوە، ئەو پیرەپیاوە ئیزرائیلی ڕووحی ئەو بوو، ئەو باوکە نەگریسە، ئەو فوئادە شوومە. بە کوێدا هیوای کوڕی هێناوەتە هەولێر؟

ئاسۆ نەیدەزانی لەوەتەی ئەو ڕۆیشتووە، فوئاد بۆ ئاسۆ دەژی. ئاخر فوئاد بڕیاری دابوو کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ. تەنها هیوا، تەنها هیوا لەو بڕیارە پەشیمانی کردبۆوە و ورەی ئەوەی دابوویە بەرگەی ڕیسوایی بگرێ. بەڵام دوور لە کانێسکان و سلێمانی، دوور لە سەرشەقام و خزم و کەسوکاری. لێرە لەو هەولێرە کە هەموو کەس تێیدا دەحەوێتەوە، فوئاد پەنای گرتبوو. ئەو لەودیو ڕیشێکی سپی و دەموچاوی تەپیو و دەست و لاقی خوار و بێهێزەوە، بە دوو چاوی تەڵغەوە دەیڕوانییە دنیای پڕ کارەسات و خەتا و نهێنی. بڕیاری دابوو بژی، بژی تا هیوای بێ باب و داک دەتوانێ لەسەر پێی خۆی بوەستێ. ئەو هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنەوەی، دوای گەڕانەوەی لە سەفەرێکی دوور و پڕ ئازار و ناچاری، گەڕانەوەی لە دیلیەتییەکی پڕ ڕەزالەت و ڕیسوایی هەژدە ساڵە، هەر لەو یەکەم ڕۆژەدا خێزانەکەی خۆی وەک هەنارێک بە هەموو هێزی خۆی بە تاشەبەردی ڕۆژگاردا دا و کردیە هەزار پارچە. ئەو بە قسەیەک خێزانەکەی، کوڕ و کچ و نەوەکەی، ژنە دەردەدار و خێر لەخۆنەدیوەکەی تەفروتوونا کردن و بۆ هەمیشە لەناوی بردن. نەیتوانی بۆ تاکە چرکەیەک سەیری چاوی هیچ کامێکیان بکات. فوئاد نە وەک سەرشەقامییەک، نە وەک سەربازێکی دیلی چەشتوو، هەرگیز نەیدەتوانی بەرگەی ڕیسوایی و چاوشۆڕی بگرێ. بۆ دەبێ لە پێناوی پیاڵە خوێنێک ئەو هەموو ڕیسواییە بچێژێت.

لەو هەموو سلێمانییە گەورەیەدا تاکە پیاوێکی دیکە دەبینییەوە، لەو سەرشەقامییە پڕ ژیان و حەیا و شکۆیەدا، لەناو دەرابچییەکان، لەناو قەپانچییەکان، لەناو زێڕینگەر و قەساب و نوکتەزان و سەرسەری و گەوادەکانیشدا کەسێکی دیکە دەدۆزییەوە کوڕەکەی کچەی مارە کردبێ؟ خوشک و برایەک بە بەرچاوی خەڵکەوە زەماوەندیان کردبێ؟ دەیانیان چوونە سەفەر، بەڵکو هەر نەهاتنەوە کەچی کچ و کوڕەکانیان وەک گوڵ چاوەڕێیان کردن. سەدانیان بوونە پێشمەرگە، گیران و شوێنبزر کران، ئەنفال کران و ون بوون و نامە و تەرمیشیان نەهاتەوە، کەچی بۆ خوشک و برایەک بوونە هاوسەری یەکتری؟ لەو هەڵەبجە تاریک و وێران و کیمیاوییەدا کە سەدانیان هەر لە منداڵییەوە ون بوون، کوا خوشک و برایەکی دیکەم پێ بڵێ بووبنە ژن و مێردی یەکتری؟

هیوا قەدماغەی بە هەموو ئەو برینانەی فوئاد کردبوو، ئەو ڕاست لەسەر برینێک دانیشت کە ڕیسوایی لێ هەڵدەقوڵی و بەری گرت.

فوئاد شەوێک دەستی هیوا دەگرێت و دێتە هەولێر. هەولێر ئەو شارەی هەر کەسێک پێیدا تێپەڕێ، چنگێک خۆڵ هەڵدەداتە دڵیەوە. ئەوە دووەم جارە بە خۆی و منداڵێکەوە سەرگەردان بێ. چەند شەوێک لە مزگەوتەکەی شێخ مستەفا نووست. ماوەیەک دەچێتە تەیراوا و پیسیی بەردەم عەرەبانەکانی سەوزەفرۆشان کۆدەکاتەوە. چووە ئیسکان و سێتاقان. تەنها نەچووە بازاڕ، نەک ناسیاوێک یان دراوسێیەکی کۆن بیناسێتەوە.

لە چەند ساڵی یەکەمدا ڕووخساری بە تەواوی گۆڕا، یەکەم ددانی، ددانە زێڕەکەی پێشەوە لە گورگان لەسەر کەتنی ڕادیۆکە، هەڵیانکێشا. ئەوەش یەکەم کەلێن بوو کەوتە ڕیزی سەنگەری ددانەکانی پێشەوەی، ئێستا ئەو سەنگەرە بە تەواوی تێکشکاوە و تاکە سەربازێکی تێدا نەماوە.

سەرەتا پرسیارەکانی هیوا دەربارەی دایکی، دەربارەی ئاسۆ و ئەڵماس و زولێخا، وەک بزماری ژەنگاوی دەچیقینە مۆخی، هیوا دەستی باپیری دەگرت و دەیپرسی:

- داکم کوا، کوا دایە ئاسکۆڵم؟

فوئاد خۆی نەبان دەکرد و ئەویش دیسانەوە دەیپرسی:

- با بچینەوە ماڵێ، با بچینەوە لای دایە ئەڵماس.

چـاوەکـانی فـوئـاد هەمیشە تەڕ بـوون، تەڕییەک کە بە میرات بۆ تەواوی پیران جێماوە. فـوئـاد ئێستا دەزانێ ژیانی چاوەڕوانیی ناو زیندان چەند ئاسوودە و ئارام بووە. ئەو ژیانەی نە چاوەڕوانییەکی تێدایە، نە دڵگەرمییەک.

ئێستا دەزانێ شەلاق و لەسەر سنگ ڕۆیشتنەکەی ناو زوقم و بەفر، چەند میهرەبانترە لەو شەلاق و قامچییانەی لە ڕووحی دەدرێت و لەو بەستەڵەکەی ئەو منداڵە دەیخاتە ناخیەوە.

ئـاسۆ ئـاوڕی دایەوە کەس ئـاگـای لەو نییە، گەنـجەکـان ڕژاونەتە سەر یەکتر و دوو پۆلیس لەبەر دەرگـاکە خەریکی مشـــتوومڕن، خـــوبەیب لەوبەری شەقـــامەکە لە ژێر دارێکی پیر و ئەســـتوور و پڕدا وەســـتاوە و خەریکی کـــارتۆنە کۆترەکەی بەردەمیەتی و هاوار دەکات.

- خێراکە، خێراکە...

بێئەوەی کەس بزانێ لەگەڵ ئەویەتی، ئـاسۆ دەوەسـتێ، نـاتوانێ هیچی دیکە بیر بکاتەوە. قەفەزەکە دادەنێ، دەسـتی بۆ هیوا دەکاتەوە، هیوا ئیدی سەیری کۆترەکان ناکات. سەیری ئەو پیاوە تەنک و ڕەنگ بردوو و پایزییە دەکات. فوئاد لە یەکەم سەربەرزکردنەوەیدا چاوی دەکەوێتە سەر چاوەکانی ئاسۆ، قرچەیەک لە دڵیەوە دێ و دەڵێ:

- زەینەڵ، هەمان چاوەکانی یوڵدز..

ئـاسۆ گـوێی لە هیچ نییە. فـوئـاد بەسەر پێڵاوەکـانیدا دەکەوێ. ڕیشە سـپییەکەی دەکەوێتە نـاو خۆڵەکە. تـوونـد لاقی دەگرێت و دەڵێ:

- زەینەڵ گیان تۆ دیاریی خودای، خودا بۆ ئەو منداڵە بێکەسەی ناردوویەوە، من ئیدی تەواو بووم.

هیوا وەک هێزی دنیای هاتبێتەوە بەر، خۆی هەڵدایە باوەشی ئاسۆ و هاواری کرد:

- باوکە، باوکە، دایکیشمت هێناوەتەوە؟

ئـاسۆ ترسـا، ترسـا بەر ترەقە و سەعـاتەکە بکەوێ، بۆ یەکەمجار لە تی ئێن تی و بـاروت ترسـا. ترسـا سەری بەر ترەقەکەی سەر ناوکی کەوێت. دەستی گەیاندە قژە خورماییە ئاسکۆڵییەکەی. ویستی قسەیەک بکات، قسەیەکی باوکانە. قسەی باوکێکی کانێسکانی بۆ کوڕە ونەکەی. قسەی باوکێکی شادبۆوە بە دیداری تاقانەکەی. قسەی باوکێکی خاراو بە ئازار و سزا.

ئیدی خوبەیب چـاوەڕێی نەکرد. چـاوەڕێکردن تـاوانە و پڕمەترسییە. دنیایەک هـاوکـار و بـاوەڕدار چـاوەڕێی هەواڵی ئەوانن. خۆبەیب فێری سەرنەکەوتن و فەشەل نییە. ئەو دوو برا جمکە سپی و نوورانییە، مۆرانەی تەقاندنەوە و تی ئێن تی و وردەکارین. سەد ڕێگا دەدۆزنەوە، ڕێگایەکیان نەبوو، یەکی دیکە. ئەویش نەبوو، یەکی دیکە. سێیەم، چوارەم ڕێگا، یەکێکیان هەر فـریات دەکەوێ. ئەو دوو بـرایە نـووری ئیمانیان لە دڵدا بـوو، زانیبوویان ئەو شەهیدی خـودایە دەشێ لە شوێنێک تەسلیم بێت و بچەمێتەوە. بۆیە ڕێگایەکی دڵنیا و ئاسودەشیان دانابوو، ئەویش دوگمەیەک بوو لە باخەڵی خوبەیبدا. خوبەیب هەر لەناو گیرفانیەوە وەک دەست بە زەنگی دەرگای ماڵی خۆیاندا بنێ، دەستی بە دوگمە سوورەکەی کۆنترۆڵەکەی گیرفانیدا نـا. لەگەڵ جووڵانی دەسـتی خوبەیب گرمەیەک لەناو ئاپۆڕەکە هەسـتا. گرمەیەک هەولێری لەرزانـدەوە، دڵی دایکانی شـارەکەی سسـت کـرد. لە دەسـتی پەڕیوی مـنداڵێک تـاقە کۆتـرێک هەڵفڕی، ئەوی دیکەیان کەوتـبووە ژێر سەرە قـورسەکەی فـوئـاد، کە هەرگیز ئەوەنـدە ئـاسـوودە ڕانەکشاوە. تـاقە کۆتـرێکی سـپی،

ئەوەندەی دەکرێ، باڵی کردبۆوە. هەورێک لەو نزیک دەبۆوە. هەورێک باڵەکانی لەبەر تیشکی هەتاو شۆڕ کردبۆوە، بەڵام من نەمزانی ئەو کۆترە، ئەو خەڵکە، ئەو هەموو گەنجە بەسەریەکداکەوتووە، ئەو هەموو خوێن و کۆشتنە، بە جرج و مار دەبینێ یان قوربانییانی وڵات؟ نەمزانی ئەو کۆترە بەسەر باڵی هەوردا خۆی لە مردن ڕزگار دەکات، یان ڕووحی ئاسۆ، تۆ بڵێ زەینەڵە و بۆ بەهەشت دەچێ؟

تەواو

ئەم ڕۆمانە: لە مانگی دوانزەی 2014، دەستم کرد بە نووسینی، لە 16/4/2015 سەعات 1.56ی نیوەڕۆ تەواو بوو.

ئەو پاکنووسیە لە 20/4/2015 دەستم پێکرد 18/6/2015 تەواو بوو.